# دنیای چیرۆك

## ( كۆمەڵێك دەق و رەخنە )

پێشەكی و پاچڤەی: حەمەكەریم عارف

ناوی کتێب :دنیای چیرۆك
بابەت : کۆمەڵێك دەق و ڕەخنە
دیزاینی ناوەوە :
دیزاینی بەرگ :
تیراژ:
نرخ :
چاپی یەکەم :
ژمارەی سپاردن :

## پێڕست


١- حەمەكەریم عارف پیاوێك لەبارانی.............شێركۆ بێكەس
٢- پێشەكییەك دەربارەی دەق و رەخنە......... حەمەكەریم عارف
٣- پیاوكوژان........................ چیرۆكی: هەمینگوی
٤- هەڵسەنگاندنی پیاوكوژان............ كلینت بروكس، رۆبرت بن وارن
٥- ژیانی نهێنی والتیر میتتی............ چیرۆكی: جیمز تربر
٦- هەڵسەنگاندنی ژیانی نهێنی والتیر میتتی..... رۆبرت بن وارن، كلینت بروكس
٧- گوڵێكی سوور بۆ ئیمیلی.................. چیرۆكی: ویلیام فۆكنەر
٨- هەڵسەنگاندنی گوڵێكی سوور بۆ ئیمیلی..... كلینت بروكس، رۆبرت بن وارن
٩- دژمنان.......................... چیرۆكی: چیخۆف
١٠- هەڵسەنگاندنی دژمنان............ لایونل تریلینگ
١١- پیرەمێردی سەر پردەكە............... چیرۆكی هەمینگوای
١٢- هەڵسەنگاندنی پیرەمێردی سەر پردەكە..... تیدمۆند ڤۆلیر
١٣- جەنگ.................................... چیرۆكی: بیراندیللۆ
١٤- هەڵسەنگاندنی جەنگ................. كلینت بروكس، رۆبرت بن وارن
١٥- میوان......................... چیرۆكی: ئەلبیر كامۆ
١٦-هەڵسەنگاندنی میوان.............. لایونل تریلینگ
١٧-ئەلبیر كامۆ.................... (١٩١٣-١٩٦٠)
١٨-گردەكان وەكو فیلی سپی وان........... چیرۆكی :هەمینگوای
١٩- هەڵسەنگاندنی گردەكان وەكو.......... لایونل تریلینگ
٢٠- گۆشەیەكی پاك و پڕ روناكی........... چیرۆكی: هەمینگوای
٢١- هەڵسەنگاندنی گۆشەیەكی پاك و............ والیس بان
٢٢- ماڵی سەرباز......................... چیرۆكی: هەمینگوای
٢٣- هەڵسەنگاندنی ماڵی سەرباز........... ئەریل رۆڤیت
٢٤- پێشەكییەكی كورت بۆ چیرۆكی گەردانە.................
٢٥- گەردانە............................. چیرۆكی: مۆپاسان
٢٦- هەڵسەنگاندنی گەردانە......... كلینت بروكس،رۆبرت بن وارن
٢٧-تازیە باری.......................... چیرۆكی: چیخۆف
٢٨-هەڵسەنگاندنی تازیەباری............. كلینت بروكس، رۆبرت بن وارین
٢٩-فەرهەنگۆك.......................................حەمەكەریم عارف
٣٠- ژینامەی وەرگێڕ...............................

# حەمە کەریم عارف

## پیاوێك لە بارانی وشەی بەردەوام!

شێرکۆ بێکەس

ئەو وەختەی بە عشقەوە ئەنووسیت وئەبیتە هاودەمی زمانی بەخشین وداهێنان.ئەو کاتەی هەموو ژیانت ئەدەیتە دەست قەڵەم وئەبیت بە پەروانەی دەوری وشە وچرای کتێب ورستەیەکی جوان. تۆ ئیتر لەوە دەرئەچی بە تەنها بۆ خۆت بژیت وتۆ ئیتر تەمەنت ئەبێ بە تەمەنی گەڵاوگوڵی خۆشەویستی وژیانت بە ژیانی میللەتێك وتێکەڵ بە ئایندە ئەبی ولەگەڵ باراندا ئەباریت ولەگەڵ هەتاودا هەتاو!

حەمەکەریم عارف
پیاوێك لە شەونخونی و
لە ڕێژنەی وشەو
خۆشنەردنەوەی قەڵەم و
پەنجەرەیەك بۆ خەمی کەسك و
گزنگی بەیان.
حەمەکەریم عارف
ژیێ یەك بۆ خۆشەویستی ئەبەدی
ئەدەب وچاوی مرۆڤایەتی و
گۆرانیی هەمیشە پاراوی
گەرووی ژیان!
هەشتا ئەستێرەی کتێب لەو تەمەنەدا
هەشتا جۆگەی روون لەو دارستانەدا.
هەشتا فڕین لەو ئاسمانە زیوینەدا.
هەشتا ماچی منیش لەم نووسینەدا!
ئەمشەو بە تەنها خۆم لەسەر مێزەکەم
ئەم مۆمی ڕێزلێنانەم بۆ ئەو عاشقە داگیرسان!
بە تەنها خۆم وچەند دێڕە شیعرێکی جاویدان.
بە تەنها خۆم وپەپوولەیەکی غەمگین و
چەند کاغەزێکی سپی چاوەڕوان.
بە تەنها خۆم کەوتمە هەڵدانەوەی
لاپەڕەی چاو بەشەونمی ئەو مێرگەو
خوێندنەوەی هەناسەکانی ئەو گۆمەو

گێڕانەوەی حیکایەتی باڵندەیەکی
دەنگ زامدار!
بە تەنها خۆم،نە حەمەکەریم خۆی زانی و
نە ڕۆژنامەیەك ونە گۆڤارێك و
نە شەقامێکی کەرکوك ونە مەقامێکی
عەلی مەردان،تەنها هەر خۆم ومێزەکەم
کەسی تر نا.
کەرکوکییەك
پڕ پڕ لە کوردستان و
لێوانلێو لە جیهان!
کەرکوکییەك
هەموو دنیا دێنێتە ناو ئەم پەیڤەوەو
پەیڤیش ئەبێ بە گوڵی سان.
لە دنیاوە
چەندین دەریاچەی ڕۆمانی
ڕژانە ناو ئەم وڵاتی زمانەوە.
چەندین نزاری چیرۆکی
هێنایە ناو ئەم رووبەری زمانەوە.
چەندین ئاوێنەی دیرۆکی
بە دەوونماندا هەڵواسی.
کەرکوکییەك
باخی نووسی و
کێڵگەی نووسی و ڕانەوەستا!
کەرکوکییەك..
خۆرەتاوی ناو جیهانی بۆ وەرگێڕاین
مانگە شەوی بۆ وەرگێڕاین
عەشقی گەورەی ئەفراندنی بۆ وەرگێڕاین

ئەلبێر کامۆ.ئەلکساندەر فەدایەف.هیرب میدۆ.قاسمۆف.کازانتزاکیس.چیخۆف.گوینتەر دیشنەر.فنسنت ڤان گۆگ.مالرۆ.شەکسپیر.م.گۆرکی.هۆمیرۆس.چرنیشفسکی.چایکۆفسکی.ئیدگار ئالان پۆ.جاك لەندەن.گۆگۆل.سیرۆس پرهام.بلیخانۆف.کریس کۆچرا.مەهدی حسێن.سابت رەحمان.ئەحمەد مەحموود.سەمەدی بیهرەنگی.عەزیز شەریف.نەجەف قولی پسیان. ئەشرەفی دیهقانی.مەسعود

ئەحمەدزادە.گەوهەر مراد.یەڵماز گونای..چەندین وچەندین کەژو دەریاچەو دەشت و رووباری تریش...

لە سی وپێنجساڵیدا هەشتا چراوگی
بە ژوورەکانی ئەم زمانەدا هەڵواسی.
لە سی وپێنج ساڵیدا..هەشتا رێگای تازەی
لەم نەخشەیەدا کردەوە
هەشتا تۆوی گوڵی شەست پەڕ
هەشتا پەیژە،هەشتا شەبەنگ و
هەشتا تابلۆ
لەم زمانەدا...ئەم گەرووی چریکانە دەگمەنن.
لەم رەنگانەدا..ئەم تۆنی دەنگانە دەگمەنن.
لەم هەورانەدا..ئەم بارینانە دەگمەنن.
لەم دەغلآنەدا..ئەم گوڵە گەنمانە دەگمەنن.
من ئەمشەو تەنیا هەر خۆم وچەند شیعرێ
ئەم چرای ڕێزلێنانە لە سەر مێزەکەم دائەگیرسێنم.
بۆ کەرکوکییەك کە سەر ڕێژە لە وشەو
کە لێوانلێوە لە خۆرەتاو..سلاّو ئەی بارانە
جوانەکەی زمانی کوردی.سلاّو ئەی
کەرکوکی خۆشەویست!سلاّو!

سلەیمانی ٢٠٠٩/٧/١٥

ئەدەب وهونەر/ژمارە(٦٤٣)/پێنجشەممە/٢٠٠٩/٧/٢٣

## پێشەکییەك

### دەربارەی دەق و ڕەخنە

### حەمەکەریم عارف

"١"

ئەگەر تۆزێ ورد سەرنج بدەین، دەبینین مرۆڤ لە هەرچوارنکالەوە بە دەق گەمارۆ دراوەو ڕوو بکاتە هەر کوێیەك لووتی دەتەقێ بە کۆمەڵێك دەقەوە، ئیدی لە وەزیفەی قوتابخانەو دیکۆمێنتانی کارگێڕی و دەقێن کەلتووری و زانستییەوە بیگرەو پێیدا بڕۆ بۆ دەلیلی تەلەفۆنات و مەوعیدی دەرچوون و گەییشتنی شەمەندەفەرو ترومبێل و فرۆکانەوە تا دەگاتە دەقی ئەدەبی وهونەری ، ئەمانە هەر هەموویان دەکەنە دەق و دەبێت بە جۆرێکی تایبەتی مامەڵەیان لە تەکدا بکرێت و ڕازو ڕەمزەکانیان هەڵبهێنرێن وبکرێنەوە و بخوێنرێنەوە و لێکبدرێنەوەو ڕاڤە و شرۆڤە بکرێن...هەڵبەتە لێرەدا زیاتر دەقی ئەدەبیمان مەبەستە..مرۆڤ بۆ خۆی و لە خودی خۆیدا هەم دەقە و هەم ئافەرێنەری دەقە..ئیدی دەق هەیە زۆر سخ و چڕ و چووغوردە، بە ئاسانی ڕێی نابرێتە ناو و زوو دەستەمۆ نابێت و خۆی بە دەستەوە نادات وخوێندنەوەی جیاواز و هەمە جۆر هەڵدەگرێ و وەکو شوان هەڵخەڵەتێنە خوێنەر ڕادەکێشێت و کاتێ بە خۆی دەزانێت کەوتووەتە دنیایەکی چڕە ڕەمز و ڕازی ئەوتۆوە کە هیچ جۆرە سازش و دەستەمۆبوونێك قەبووڵ ناکات ، بۆیە چاری ناچارە دەسبەرداری هەر میتۆدێکی پێشوەختە و کلێشەیی ببێت و هەوڵبدات سەرەداوە ئەبستمۆلۆجییەکانی بنەدێڕی دەقەکە بدۆزێتەوە و بە کۆمەکی ئەو سەرەداوانە میتۆدێکی پڕ بە پێستی دەقەکە بەرهەم بێنێت و بکەوێتە ڕاڤە و ئەتویل و ئیحتیمالات ، واتە خوێنەری جدی (ڕەخنەگر) هەقی بەسەر زروفی لە دایکبوونی دەقەوە نییە، بەڵکو وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری مامەڵەی لە تەکدا دەکات. زیاتر دەقایەتی دەقی مەبەستە ، ئەمەش وادەخوازێت کار بۆ کەشفکردنی پێکهاتە ئەستاتیکی و هونەری و بونیادییەکەی دەق بکات و بە شێوازێکی هوشیارانە مامەڵە دەگەڵ دەقەکە بکا و ڕەگەزەکانی لەبەر یەك هەڵوەشێنێتەوە و پێکهاتەکەی شیبکاتەوەو لە ئەنجامدا مەعریفەتێکی زانستیانەی تایبەت بە دەقەکە بەرهەم بێنێت..بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت ئەو ڕاستییەمان لە لا عەیان بێت کە دەقی ئەدەبی بە یەك مانا بارگاوی نییە ، بەڵکو بە یەك دنیا مانا ئاوس و بارگاوییە، وتا ئەقڵ بڕ دەکات مانـاو دەلالـەتانی لـە خـۆ گرتـووە.خوێنـەری جدی لـە کەوشـەن و سـنووری ئـەنتۆلۆجی دەق دەرناچێت، وەکو چۆن هەیە ، ئاوا مامەڵەی لە تەکدا دەکات.

کەواتە بەم پێودانگە دەق بەر لە هەرشتێك دەکاتە مومارەسەی نووسین ، یانی مومارەسەیەکی ڕەمزی ئەستاتیکی.جا لێرەدا هەردوو چەمکی دەق و نووسین بەڕادەیەك لێکدی نزیك دەبنەوە ، دەتوانرێت بگوترێت هیچ دەقێك لەدەرێی نووسیندا نابێت ، یانی دەق بە بێ نووسین چێنابێت..بەمجۆرە دەق وەکو بەرهەمێکی کەلتووری حوزوورێکی ئەوتۆی لە ژیانی کەلتووریدا پەیدا کردووە کە پێویستە لە چوارچێوەی زانستێکی تایبەتیدا مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت ، کە

ئەویش دەقناسییە. ئەرکی دەقناسی بریتییە لە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی دەقێکی دیاریکراو یان کۆمەڵە دەقێك و شیکردنەوەو وردکردنەوەی ئەو دەقە لە ئاستە جۆراوجۆرەکانیا.واتە رەگەزە پێکهێنەرەکانی دەقی لامەبەستە نەك سروشت و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی دەق.. بەم پێودانگە دەقناسی کەرەستەکانی خۆی لە زمان و زمانەوانییەوە وەردەگرێت و بایەخ بە دەق لە سنووری ئەنتۆلۆجی دەقەکەدا، دەدات. یانی بەم پێیە ئەرکی دەقناسی دەکاتە شیکردنەوەی دەق و هەڵسەنگاندنی گوتاری زانستە مرۆڤانییەکان لە روانگەیەکی زانستییەوە.کەواتە ئەرکی سەرەکی دەقناسی دەکاتە خوێندنەوەی خوێندنەوە ، بەو حیسابەی کە دەقی ئەدەبی لە بنەڕەتدا دەکاتە خوێندەوەیەکی هونەریانەی دنیاو واقیع..جا بەم پێودانگە چوارچێوەی کاری دەقناسی ، دەقی یەکەمە، واتا خوێندنەوەی یەکەمە.دێت ئەو دەقە یان ئەو خوێندنەوەیە ورد دەکاتەوە ،هەڵیدەوەشێنێتەوە و ماناو رەمزە نادیار و پەراگەندەکانی بندێڕی دەقەکە کەشف دەکات ودایدەرێژێتەوە و بەمجۆرە خوێندنەوەی خۆی بۆ خوێندنەوەیەك دەکات کە ئەو بەرهەمی نەهێناوە و لەم رێگەیەوە خۆی دەکات بە شەریکی خوێندنەوەی یەکەم.

دەق، بەو حیسابەی بەر لە هەرشتێك بەرهەمێکی زمانەوانییە ، بۆیە دەبێت بەر لە هەرشتێك لە رەگەزو پێکهاتە زمانەوانییەکانی دەق ورد ببینەوە و تاوتوێی بکەین ، هەر ئەمەش دەقایەتی و نادەقایەتی هەر دەقێك جیادەکاتەوە و دیاری دەکات..وژانرە ئەدەبییەکان بە چۆنیەتی مامەڵە کردنیان لەگەڵ زماندا، لێکدی جیادەکرینەوەو دەقایەتی خۆیان پەیدا دەکەن.بەم پێیە دەق دەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا تازە دەبێتەوە و دەتوانێت بازنەی شوێنکاتان ببڕێت.یانی ژیانی راستەقینەی هەردەقێك بەندە بە ڕادەو جۆری خوێندنەوەی ئەودەقەوە.دەقی کراوە ئەوەیە کە خوێندنەوەی هەمەجۆر و بێ کۆتایی هەڵدەگرێت ،بە قەد ژمارەی خوێنەرەکانی ، خوێندنەوە هەڵدەگرێت.دیارە ئەگەر قەناعەت بەوە بکەین دەق سیستەمێکی زمانەوانییە، ئەوا دەبێت باش بزانین ئەو سیستەمە زمانەوانییە سنووری دەلالەت و مانا قامووسییە سادەکان دەبەزێنێت.هەڵبەتە دەبێ ئاماژەیەکیش بۆ ئەوە بکرێت چەندییەتی دەق مەرج نییە بۆ پێناسەکردنی دەق. دەق، دەشێت وشەیەك ،ڕستەیەك، کتێبێکی گەورەی چەند بەرگی بێت.هەروەها هەندێك لە زانایان و دەقناسان پێیان وایە مەرج نییە دەق ، هەر دەقی ئەدەبی هونەری بێت، بەڵکو جوملەیەکی مۆسیقی، تابلۆیەکی شێوەکاری، فیلمێك، دیمەنێکی نمایشیش...هتد دەشێت دەق بێت.بەڵام ئێمە لێرەدا دەقی ئەدەبیمان مەبەستە، بۆیە دەبێت لە ناو خودی دەقەکەدا، بۆ ئەدەبییەتی دەق بگەڕێین و پێکهاتەو تایبەتمەندییەکانی کەشف بکەین. جا لەم ڕوانگەیەوە دەق دەکاتە زنجیرە ڕستەیەکی دوا بە دوای یەك کە جۆرە پەیوەندییەکیان لە نێواندا هەیە و هەرکاتێ ئەو پەیوەندییە نەبێت یان نەمێنێت ، دەق لە دەقایەتی دەکەوێت و شتێك نامێنێت ناوی دەق بێت.هەڵبەتە بە بۆچوونی هەندێ لە دەقناسانی شارەزا، دەق رووداوێکی پەیڤەوانیە ، رووداویش بە گوێرەی چەمکی ئەرەستۆیی نە دووبارە دەبێتەوەو نە بەرهەم دەهێنرێتەوە.بۆیە دەقی زندوو دەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا تازە دەبێتەوە نەك دووبارە..ڕاستە دەق بەرهەمێکی زمانەوانی چلۆنایەتیە، بەڵام زمان وەکو خۆی دووبارە ناکاتەوە،

بەڵکو سەر لە نوێ دەیخوڵقێنێتەوە و شەحن وچارچی دەکاتەوەو لە ماناو دەلالەتە قاموسییەکەی دووری دەخاتەوە و ڕەمزو ڕازەکانی کەشف دەکات و خۆی بە یەك دەلالەت و ماناوە نابەستێتەوە و بەمەش دەقایەتی خۆی وەردەگرێت و لە نادەق (non texte) جیا دەبێتەوە، کە هەمان زمان بەکار دێنێت، بەلأم لە یەك مانا زیاتر هەڵناگرێت و سنووری شوێنکاتی خۆی نابەزێنێت.بۆ نموونە نامەیەك لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر یان بۆ دەزگایەکی کارگێڕی ،یان خوتبەیەکی ڕامیاری، یان وتارێکی ئایدۆلۆجی ،یان وتارێکی مێژوویی ،یان کۆمەڵە دەقێکی ڕاگەیاندنەوانی، یان دەقی بانگەشەیی یان وتارێکی ڕۆژنامەوانی هەموو ئەمانە دەقن ، چونکە بە شێواز و تۆنێکی سینتاکسی و ڕەوانبێژی سفت دارێژراون، بەلأم پەیوەستن بە کات وشوێن و سات و بۆنەیەکی تایبەتەوە، هەرکە کات و سات و بۆنەکەی بەسەرچوو ، ئەویش بەسەر دەچێت و مردار دەبێتەوە. ئەمجۆرە دەقە (non texte) تەنیا یەك مانا هەڵدەگرێت ،لە دوای گەیشتنی پەیامەکەی ئیدی ماناکەی بە تاڵ دەبێتەوە و دەقەکش چونکە هیچ چڕییەکی کەڵتووری نییە،دەپوکێتەوەو پێویستی بە هیچ شرۆڤەکار یان پرۆسەیەکی هیرمۆنەتیکی نامێنێ و مردار دەبێتەوە، چونکە هەلومەرجە شارستانی و کەلتوورییەکەی بەسەر دەچێت، بە پێچەوانەی دەقی ئەدەبییەوە کە ئاراستەی یەك وەرگر ناکرێت و پەیوەست نییە بە هەلومەرجێکی شارستانی یان کەلتووری دیاریکراوەوە، بۆیە خوێندنەوەو تەئویل و لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێت و سنووری شوێنکاتی خۆی دەبەزێنێت و لە هەموو سەردەمێکا هەر بە زندوویەتی دەمێنێتەوەو لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا تازە دەبێتەوە...دیارە لە باسی تایبەتمەندی و ئەرکەکانی دەق و نا دەق دا(non texte) دەبێت ئاگاداری ئەوەبین کە کەلتوور وەکو سیستەمێك لە بەهای ئەستاتیکی و گوزارشتی شارستانی، تەبیعەت و سروشتی دەق و نا دەق دیاری دەکات.. چونکە هەر کەلەپورێکی کەلتووری بگریت، کۆمەڵێك دەقی نموونەیی خۆی هەیە کە شانازی پێوە دەکات، بەلأم لە پاڵ ئەوەشدا دنیایەك (non texte)شی هەیە کە دەبنە پاشخانی ڕۆشنبیریی و باکڕاوندی کەلتووری بۆ دەقێن ئەدەبی زندوو. دەقی زندوو هەمیشە کراوەیەو لێکدانەوەی جیاوازو هەمەجۆر هەڵدەگرێت و بە چەندین ماناو دەلالەت بارگاوییە. بەلأم دەقی مردوو( non texte) هەمیشە داخراوە ، لە یەك خوێندنەوە پتر هەڵناگرێت ،چونکە هەر یەك ماناودەلالەت لە خۆ دەگرێت..بەلأم دەقی ئەدەبی زندوو ، بۆ خۆی ڕووداوێکە ، خۆڕسك و زادەی خودی خۆی، ڕووداوێکە لە چوارچێوەی کەلەپورێکی کەلتووریدا، نە دووبارە دەبێتەوە نە بەرهەم دەهێنرێتەوە.بەلأم خوێندنەوەی هەمەجۆر و جیاواز هەڵدەگرێت و لە میانەی هەر خوێندنەوەیەکەوە تازە دەبێتەوە و لێرەدا خوێنەر لەوە دەردەچێت تەنیا مێملێکی مشەخۆری موستەهلیك بێ بەسەر دەقەوە ، بەڵکو دەبێتە بەرهەمهێنەری دەقەکە، یانی خوێندنەوە لەم حاڵەتەدا دەکاتە نووسینەوەی دەق.دیارە ئەمجۆرە دەقە، بەو گەورەییە، لە خەون و خەیاڵێکی مەحاڵ دەچێت کە زۆر زەحمەتە بێتە دی،بەلأم دەگەڵ ئەوەشدا خواستێکی بالأو حەلألی ئەدەبە..

دەكرێ دەق بشوبهێنرێ بە موجەفیرەیەكی پڕ لە نیشانە و ڕەمز و ڕاز، تەنیا بەوە دەتوانی ماناكەی هەڵبێنی كە پەیوەندییە زمانەوانی ودەلالییەكانی ڕەگەزە پێكهێنەرەكانی دەق بخەیتە بەر وردەبینی لێكۆڵینەوەوە. یانی دەتوانین لە ڕێگای بونیادە ناوخۆییەكەیەوە هەڵی بسەنگێنین و حوكمی لەسەر بدەین. واتا ناكرێ لەو ڕوانگەیەوە تەمەشای دەق بكرێ كە چەند دەگەڵ حەقیقەت یان حەقیقەتەكانی دەرێی دەقدا تێكدەكاتەوە. بەڵكو دەبێت لە میانی لۆژیكی ناوەوەی ئەو پەیوەندیانەوە كە ڕەگەزو بەشەكانی دەق پێكڤە دەبەستێ و گرێدەدات، بۆی بچیت و تەمەشای بكەی. ئەمەش بۆ خۆی جۆرە شەقلێكی ئەفسوناوی بە دەق دەبەخشێت. جا بۆ ئەوەی هەر دەقێك ئەم سیفەتی ئەفسوونكارییە وەربگرێت دەبێت جۆرە ئوتمۆسفیر و هاماجێكی هاوبەش لە نێوان دەق و خوێنەردا پەیدا ببێت. واتا دەبێت سیستەمێكی دەلالی (نیشانە ناسی) ومانایی هاوبەش لە نێوان نووسەر و خوێنەردا پەیدا ببێت و بڕەخسێت. چونكە دەق لەسەرێتی وا لە خوێنەر بكات كە خودی خۆی لە میانی جفرەی زمانەكەدا بدۆزێتەوە..ئیدی لێرەوە شتێك چێدەبێت كە پێی دەگوترێ لەزەتی دەق (ڕۆلان پارت) كە بە زەبری مومارەسەی پرۆسەی خوێندنەوە لەزەتێكی ئەستاتیكی فرە بە خوێنەر دەبەخشێت. هەڵبەتە ئەم لەزەتەش بە سەراپای دەقەكەدا بلاو بووەتەوە. لە یەك شوێندا كۆنەبووەتەوە. بۆیە بمانەوێ و نەمانەوێ دەبێت وەكو یەكەیەكی یەكپارچەی هونەری تەمەشای دەق بكەین و مامەڵەی لە تەكدا بكەین. لەزەتی دەق وەستاوەتە سەر چۆنیەتی مامەڵە كردن دەگەڵ خودی ئەو دەقەدا.. لەمەوە دەردەكەوێ كە ئەركی ئەستاتیكی پەیوەندییەكی بە تینی دەگەڵ لەزەتی دەقدا هەیە. دیارە ئەم ئەركەش پەیوەندی بە هاماج و شوێنی تایبەتییەوە هەیە، چونكە پێوەرە هونەرییەكانی دەق و مەحەك و پێوەری هەڵسەنگاندن لە كۆمەڵگەیەكەوە بۆ كۆمەڵگەیەكی دی دەگۆڕێت. هەر كۆمەڵگەیەك جۆرە ئەستاتیكایەكی هەیە و بە شێوازی تایبەتی خۆی مامەڵە دەگەڵ ئەستاتیكادا دەكات و لەزەتی لێوەردەگرێت. كەواتە هەر دەقێكی نووسراوی زمانەوانی لە سنوور و كەوشەنی كەلتورێكی دیاریكراودا، ئەگەر جۆرە جەمالییەت و جوانییەك بەرهەم نەهێنێت ،ئەدەبییەت وەرناگرێت و بە دەقێكی ئەدەبی دانانرێت. یانی ئەدەبییەتی دەق ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو ئەركە ئەستاتیكییەوە هەیە كە دەق ئەنجامی دەدات.. هەڵبەتە ئەستاتیكا و جوانیش شێوەیەكە لە شێوەكانی ئەپستمۆلۆجیا و سیمایەكە لە سیماكانی گۆڕانی كۆمەڵایەتی، جوانی یان ئەركی جوانی لە ئەركی كۆمەڵایەتی نایەتە دابڕان..ئەركی كۆمەڵایەتی دەقیش لە ناو دەقەوە دیاریدەكرێت نەك لە دەرێی دەق. دیارە هەر دەقێك بگری بە زەبری ئەو مەعریفەیەی هەڵیگرتووە ،گۆڕانێك لە بونیادی زهنیدا چێدەكات. چونكە هەر دەقێك بە جۆرە فیكرێك ئاوسە، جۆرە فكرێكی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، بە شێوەیەكی جیاواز لە دۆخە زانستی و لۆژیكیەكەی نمایشی دەكات و موناقەشەی دەكات. بەمەش بەشداری لە گۆڕینی بۆچوون و هەڵوێستی فیكری وەرگر دەكات. دیارە ئەو مەعریفەو فیكرەی دەق لە خۆی گرتووە ، شێوەو قالبی بونیادێكی هونەری وەردەگرێت وبمانەوێ و نەمانەوێ بەشێوەیەك لە شێوەكان كار لە وەرگر دەكات و تا ڕادەیەك ئەفسوونی دەكات. یانی بەم پێودانگە دەقی ئەدەبی كەرەستەو مادە مەعریفییەكە

وەردەگرێت وبە شێوازی تایبەتی خۆی دایدەڕێژێتەوە و دووبارە بینای دەکاتەوە.. دیارە ئەگەر بڕێك بە وردی لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی کە بونیادی دەق نیشانی دەدات ورد ببیتەوە، بۆت دەردەکەوێ کە دەق لەو لایەنەوە نۆرینی نووسەر بۆ جیهان و پەیوەندی نووسەر بە زمان و دەقەکانەوە دەنوێنێت و نیشاندەدات. ئیدی بەمجۆرە دەق دەکاتە رەمزێکی گەورە و لە چوارچێوەی کەلتووردا دەجوڵێت.سیستەمێکە لە رێگەی رەمزو نیشانانەوە کار بۆ بەرهەمهێنانی مانا دەکات یان کار بۆ بەرجەستەکردن و دەربڕینی بیرێکی دیارکراو دەکات.

یەکێك لە ئەرکە هەرە بنەرەتییەکانی دەق تواصل و گەیاندنە، ئیدی گەیاندنی مەعریفەیەك بێ یان زانیارییەك بێ یان وەسف و گواستنەوەی حاڵەتێك بێ بۆ وەرگر. کەواتە گەیاندن (تواصل) بەشێکی خۆڕسکە لە سروشتی دەق، هەر دەقێك ئەم ئەرکە ڕەچاو نەکات و حیسابی گەورەی بۆ نەکات ،ئەوا دەقایەتی خۆی لە دەست دەدات و دەبێت بە کۆگایەك لە نیشانانی زمانەوانی و هیچی تر.

دیارە دەق دەکاتە پردی نێوان نووسەر و خوێنەر، ئەو دووە لە رێگەی دەقەوە دەگەنە یەك و پەیوەندییان لە نێواندا چێدەبێت..جا بەم پێودانگە تواصل و گەیاندن دەکاتە کرۆك و جەوهەری دەق.هەموو تواصل وگەیاندنێکیش کارو کردەوەیە..بۆیە دەشێت بەر لە هەر شتێك بە بویەر ورووداوێکی زمانەوانی دابنرێت، جا ئەگەر هەر وشەیەك بکاتە بویەر و رووداوێك لە ژیانی زماندا، ئەوا هەر دەقێکیش دەکاتە رووداوێکی رۆشنبیری ،و لەمەوە بۆمان ساغ دەبێتەوە کە ئەرکی رۆشنبیریی بەشێکە لە سروشت و تەبیعەتی دەق.هەڵبەتە رۆشنبیری و کەلتوور تەنیا لە دەقێن هونەری و کارێن هونەری پێك نایەت ، بەڵکو زۆر بابەت و رەگەزی نا هونەریشی تێدەکەوێ. بە دەقی نووسراو و زارەکی دەوڵەمەند دەبێت و پەرەدەسەنێت.هەر هەموو ئەم رەگەزانە لە تانوپۆی دەقدا یەکانگیر دەبن و بونیادی دەق پێکدێنن...

"٣"

جا با بزانین دەق چۆن بەرهەم دێت؟ دیارە ئەگەر تۆزێك بە وردی تێبفکرین ، یەکسەر بۆمان بەدیار دەکەوێ کە بەرهەمهێنانی دەق ، پرۆسە و کارێکی ئیرادی یەجگار مەحکەمە ، هیچ دەقێك نە زادەی ئیلهامی ئاسمانییە و نە بێ بنج و بناوان و ڕەگ و ریشەیە ،و نە لە بۆشاییدا چێبووە و نە لە خۆوە وەکو کارگان هەڵتۆقیوە.هرر دەقێك بگری کەم دابێژێك پەیوەندی بە دەقەکانی پێش خۆی و سەردەمی خۆیەوە هەیە و لە کاریگەرییان بەدەر نییە.واتا دەق لە زەمینەو باکراوندێکی کەلتووری و رۆشنبیریی دیاریکراوا دەخولقێت و چێدەبێت..بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە دەق تەنیا لە دەقی ئەدەبیی ترەوە لە دایك دەبێت ، بەڵکو زۆرجار لە دەقی رۆشنبیریی نا ئەدەبیشەوە وەکو دەقی رۆژنامەوانی و زانستی و....هتد دروست دەبێت ، بە کورتی دەق، هەرگیز لە دەقە ئەدەبی و نا ئەدەبییەکانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی نایەتە دابڕان.دیارە کە نووسەر دێتە سەر ئەوەی دەقێك بەرهەمبێنێ ،ئامانجێك یان کۆمەڵە ئامانجێك لەبەرچاو دەگرێت و دەقەکە بەو ئاراستەیەدا دەخولقێنێت. کەواتە بەرهەمهێنانی دەق ، کارێکە بە هۆشمەندییەوە ئەنجامدەدرێت و بەرەو ئامانج یان کۆمەڵە ئامانجێکی دیاریکراو ئاراستە دەکرێت. بۆیە نووسەر

پێویستە دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ئەوزارو کەرەستە زمانەوانی و هونەرییەکانیدا بشکێت و دەق ببێت بە پرۆژەیەك و کار بۆ ئەنجامدانی بکات.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە کەرەستەو ئەوزاری بەرهەمهێنانی دەق چییە؟ ئایا تەنیا زمانە، هەر بە زمان بەرهەمدێت یان پشت بە دەقەکانی پێش خۆی و سەردەمی خۆیشی دەبەستێت؟

هەڵبەتە دەق،بۆ خۆی یەکەیەکی یەکپارچەی هونەرییە، لە ئەنجامی کارلێك و ئاوێتە بوون و یەکانگیری تیکڕای ڕەگەزەکانییەوە هونەرییەت وەردەگرێت ، بۆیە لە دەقدا ڕەگەزی سەرەکی و ڕەگەزی لاوەکی نییە، یان بیرۆکەی سەرەکی و بیرۆکەی لاوەکی نییە..دەق لە ئەنجامی کارلێکی هونەریانەی تێکڕای ڕەگەزەکانییەوە دەقایەتی وەردەگرێت. بۆیە دەق کە دەقایەتی تەواوی وەرگرت ، بێگومان دەقی تری لێدەکەوێتەوە ، دەق ئەو دەقەیە دەقی لێبکەوێتەوە.دیارە لەم حاڵەدا دەقی دووەم تا بۆی دەکرێت هەوڵدەدا لە دەقی یەکەم جیاواز بێت ، وەهەر دەبێ جیاوازیش بێت..هەڵبەتە دووبارەبوونەوەی یەك بابەت لە لای چەند نووسەرێك نە کێشە بووەو نەکێشەیە و نە دەبێت بە کێشەش.چونکە هەر بابەتێك لە هەمان کاتدا چەندین گوتاری جیاواز هەڵدەگرێت..بۆیە گرنگ ئەوەیە ئەو نووسەرانە چۆن ئەو بابەتە دەگۆڕن بۆ تیمە و نێوەرۆکی جیاواز و نەفەسی خۆیانی پێدەبەخشن، ومۆرکی خۆیانی پێوە دەنەن، ولە دەقێکی تازەدا بەرهەمی دەهێننەوە. بۆ نموونە بابەتی ئودیسە ، لە دەیان دەقدا بە بونیادی جیاواز بەرهەم هێنراوەتەوە . قورئان، سەدان و بگرە هەزاران دەقی لێکەوتووەتەوە، بەڵام هیچیان خودی قورئان نین.

دیارە تەنیا ئەو دەقە مەزنانە ،دەقیان لێدەکەوێتەوە کە خوێندنەوەی هەمەجۆر و جیاواز هەڵدەگرن ،کە ڕاڤە و شرۆڤە و هیرمونەتیکای جیاواز هەڵدەگرن و هەر سەردەمێك خوێندنەوەی تایبەتی خۆی بۆ دەکات . هەڵبەتە لە مێژووی تیرەی بەشەردا دەقە ئاینی و دەقە پیرۆزەکان ،زۆرترین ژمارەی دەقیان لێکەوتووەتەوە ، چونکە زۆرترین شرۆڤەیان لە ئاستێن جیاوازی ئەپستمۆلۆجی ، فیقهی ، و مێژوویی...هتد بۆ کراوە. کەواتە شەرح و شرۆڤە و ڕاڤە و هیرمونەتیکا،هەر یەکەیان شێوەیەکە لە شێوەکانی بەرهەمهێنانی دەق لە یەك دەق یان لە چەند دەقێکی ترەوە..جا لەم پێودانگەوە جێی خۆیەتی لێرەدا هەڵوەستەیەك لە ئاستی پاچڤەشدا، وەکو شێوەیەك لە شێوەکانی بەرهەمهێنانی دەق بکەین.هەڵبەتە بۆیە دەشێت پاچڤە بە شێوازێکی بەرهەمهێنانی دەق دابنرێت چونکە مەحاڵە بتوانرێت دەقێکی ناوازەی سخ و چڕ و چوغوورد بە تەواوەتی و بە وردی بێتە پاچڤە کردن.چونکە وەکو چۆن دوو کەس ئەگەر جمکانەش بن سەدی سەد وەکو یەك نین، بەو ئاوایەش هەر زمانێك بگریت چەندیش لە زمانێکی تر بچێت و لێوەی نزیکی بێت، هەر سیستەمی زمانەوانی و دەلالەت ومانایێن تایبەتی خۆی هەیە وسنووری دەلالەت و مانا قامووسییەکان دەبەزێنێت.ئەمە جگە لەوەی بونیادە شیعرییەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ناگوازرێتەوە.هەروەها جگە لەوەی کە زمان پەیوەستە بە جیهانبینی و نۆڕین و هەڵوێستی ئەو کۆمەڵگە زمانەوانیانەوە کە لە ئاستە جیاوازەکاندا بەکاری دێنن و

مامەڵەی لە تەکدا دەکەن..بۆیە ئەگەر ماناو هزریش بگوازرێتەوە ئەوا شێواز و وردەکارییەکانی گەیاندن یەجگار ئەستەمە و بگرە دەچێتە خانەی مەحاڵەوە..بۆیە ئەم پرۆسەی گواستنەوەیە کە وەرگێڕ ئەنجامی دەدات تێکست و دەقێکی تازەی لێدەکەوێتەوە..خۆ ئەگەر دەقێك لە لایەن چەند پاچڤەوانێکەوە وەربگێڕدرێت یان بگوازرێتەوە ،بە ئەندازەی ژمارەی وەرگێڕەکان، تێکستی تازەی لێدەکەوێتەوە .هەڵبەتە زاراوە زمانەوانی و بونیادە گوزارشتییەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێك دەگۆڕێت و لە هەموو زمانەکانداچوون یەك نییە، ئەمە جگە لەوەی تاك وشە کاتێ لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەگوازرێتەوە مەحاڵە لە دەستکاری و چەکوشکاری بخەلەسێت و لە قاڵبی تازە نەدرێت ، چونکە هەر وشەیەك بگری بە جۆرە ئەبستمۆلۆجیا و شارستانیەت و کەلەپوور و ماناو دەلالەت و هێمایەك بارگاوییە کە ناتوانرێت بە تەواوەتی و بە وردی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە بگوازرێتەوە.جا بەم پێودانگە پاچڤە دەکاتە کارێکی نیمچە مەحاڵ ، چونکە وەرگێڕ کاتێ دەقێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی پاچڤە دەکات، لە ڕاستیدا گوزارشت لە بابەتێکی هاوبەش دەکات بە زمان و شێوازێك کە لەوەیە لە زمان و شێوازی یەکەم باشتر یان خراپتر بێت ، چونکە هەر زمانێك خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە. ڕەنگە ئەو زاراوەو دەربڕینەی لە زمانێکدا زۆر جوان و پەسند بێت، لە زمانێکی دیکەدا بە پێچەوانەوە دزێو وناپەسند بێت. ئەمە جگە لەوەی بونیادی ڕستە و ڕستەسازی و ڕستەبەندی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی دەگۆڕێت و جیاوازە . جا لەمەوە بۆمان بە دیاردەکەوێت ئەوەی لە پاچڤەدا دەکرێت بریتییە لە گوزارشتکردن لە عومومیاتی بابەت و دەقە هاوبەشەکە ، وردەکاری و هونەرکارییەکان بەو ئاسانییە خۆ بە دەستەوە نادن . چونکە لە دەقی ئەدەبیدا هەر وشەیەك لە ئاستێکدا یان زیاتر ، بە جۆرە میتۆلۆجیایەك بارگاوییە کە ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی بونیادی زهنی بەکارهێنەرەکانیەتی..وهەر وشەیەك هەڵگری شێوازێکی شارستانی و کەلتووری و کۆمەڵایەتی تایبەتیە ، و وشە ژیانی تایبەتی خۆی هەیە . بۆیە زۆر زەحمەتە کاتێ دەقێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکەی جیاواز لە ڕووی سیستەمی بینای زمانەوانییەوە ، دێتە وەرگێڕان، وەرگێڕ بتوانێت بە تەواوەتی ئەمانەتداری بپارێزێت. چونکە هەر زمانە شێواز و چۆنیەتی دەربڕین و گوزارشتی خۆی هەیە و ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندییە یەکێکە لەو نیشانانەی کە لە زمانانی دیکەی جیادەکاتەوە.بە هەرحاڵ لە وەرگێڕاندا ئەگەر بتوانرێت ماناو دەلالەت و چەمکان ،یان بەشێك لە ماناو دەلالەتان بگوازرێتەوەو پاچڤە بکرێت ، ئەوا پاچڤەکردنی ئەدەبییەتی دەقەکە یەجگار ئەستەمە و کاری هەر وەرگێڕێك نییە ، بە تایبەتی شیعر ، کە مەحاڵە شیعرییەتی دەقە شیعرییەکە پاچڤە بکرێت ، چونکە ئەدەبیەتی دەق ، دەقایەتی دەق ، خۆی لە خۆیدا خەسڵەتێکی کەلتووریی زادەی سەردەمێکی دیاریکراوە و پەیوەستە بە حەساسیەتێکی هەرە تایبەتەوە.. بۆیە ئیتاڵییەکان نە هەقیان نەبووە کە گوتوویانە وەرگێڕ خایەنە.هەڵبەتە وەکو پێشتریش ئاماژەم کردێ ئەو دەقانە زیاتر دێنە پاچڤە کردن کە بەهایەکی کەلتووری و ئەستاتیکی و شارستانی گەرەیان هەیە . هەڵبەتە هەندێ دەقیش هەن ، ئەگەرچی ئەو بەها گەورانەیان نییە ، بە زەبری بانگەشەی ڕاگەیاندنەوانی و...هتد بۆ زۆر زمانان پاچڤە کراون.بەڵام

دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆیان نەبووە... بە هەرحاڵ ئەگەر بمانەوێ پێناسەی پاچڤە لە چوارچێوەیەکی سیمۆلۆجیدا بکەین ، ئەوا دەبێ هەمان پێناسەکەی گریماس دووبارە بکەینەوە کە دەڵێت : " پاچڤە چالاکییەکی سیمۆلۆجی دوو سەرەیە، لە سەرێکەوە پرۆسەیەکی هیرمۆنەتیکیە و لە سەرێکی ترەوە پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەقە." جا بەم پێودانگە پاچڤە لە هەمان کاتدا هەم خوێندنەوەو تەئویلە و هەم ئەوزارو ئامێری بەرهەمهێنانی دەق و تێکستانە..
جا لێرەدا پرسیارێکی بەجێ دێتە گۆڕێ : بۆچی دەقێك چەن جارێك و لە لایەن چەندین کەسەوە دێتە وەرگێران ، نهێنی ئەمە لە چدایە ؟ هەڵبەتە شتێکی بەڵگە نەویستە کە دەقی چڕ وهونەری، بە تایبەتی دەقی ئەدەبی خوێندنەوەی هەمەجۆر و جیاواز هەڵدەگرێت ، ئەمە خۆی لە خۆیدا وادەخوازێت کە تەرجەمەی جیاواز و هەمە جۆر بکرێت ، چونکە پاچڤەش بۆ خۆی شێوەیەکە لە شێوەکانی خوێندنەوە ، هەر خوێندنەوەیەکیش لە ڕاستیدا بەرهەمهێنانەوەی دەقە خوێنراوەکەیە.هەر وەرگێڕێکیش لە ڕۆژگار و سەردەمی خۆیدا ،دەق بە شێوازی تایبەتی خۆی دەخوێنێتەوە. بۆیە ئاساییە ئەو چرە دەقانەی کە بەهای ڕۆشنبیری و شارستانی وئەستاتیکی گەورەیان هەیە ، زۆرجار وەربگێڕدرێن ، چونکە ئەو دەقانە بە سروشتی خۆیان لەو دەقانەن کە دەقی تریان لێدەکەوێتەوە.یان زۆرجار وەرگێڕێك تەمەشا دەکات وەرگێڕانەکەی پێش ئەو کەم و کوڕی تیایە ، ئەمین نییە ،بۆیە بە پێویستی دەزانێ جارێکی دی پاچڤەی بکاتەوە.بە کورتی و بە کرمانجی بەم پێیە پاچڤە لە هەمان کاتدا هەم بەرهەمهێنانە و هەم خوێندنەوەیە. خوێندنەوەش شێوەیەکە لە شێوەکانی بەرهەمهێنانی دەق ، واتا خوێندنەوە پرۆسەی بونیادنانەوەی مانایە چ لە ئاستی زهنی و لە خەیاڵدا، وچ لە ئاستی نووسین و تۆمارکردنی ئەورەخنە و تێبینی و باری سەرنجانەی کە دەقێکی تایبەتی و دیاریکراو وڕووژاندوونی. جا لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونانەی سەرێ ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کە خوێندنەوە تەنیا سەر وسەختی دەگەڵ مانا یان بونیادە دەلالییەکاندا نییە، یان تەنیا پرۆسەیەکی زەینی رووت نییە ، بەڵکو گۆڕینی دەق و خوڵقاندنەوەو بەرهەمهێنانەوەیەتی لە شێوەو قاڵبێکی تازەدا..

"٤"

هەر دەقێك بگریت لە ژینگەیەکی دیاریکراودا دەخەملێ کە زۆر رەگەزی شوێن و ئەستاتیکی جیاوازی لە خۆ گرتووە کە ئەمە پێی دەوترێ هاماج . نووسەر سوور دەزانێ لە سەرێتی کۆمەلێك رەمزی دەلالی لەمەڕ رووداوە باسکراوەکان و زمانی ناراستەوخۆی کەلەپوری ڕۆشنبیری بە خوێنەر یان گوێگر،یان تەمەشاڤان و، یانی بە وەرگر بدات ،ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەوە دەگەیەنێت دینامیکییەتی دەقی گەورەو بونیادلێکدراو رەهەند و ئاراستەی جیاواز وەردەگرێت ودەبێ هاماجێك هەبێت کە ئەم دینامیکیەتە رێکبخات و کۆنترۆڵی بکات، چونکە ئەگەر وانەبێت دەق چەمك و دولالەتی خۆی لە دەست دەدات و دەبێت بە کۆمایەك لە وشەی مردوو ، نەزۆك و پەرتەوازە کە هیچ لۆژیکێکی ناوخۆیی رەگەزەکانی پێکەوە گرێ نادات ، وفرە دەلالەتی دەق دەپوکێتەوە ، کە فرە دەلالەتی خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە مەرجەکانی دەقی کراوەی بونیادلێکدراو، دیارە فرە دەلالەت بەو مانایە دێت کە دەق خوێندنەوەی هەمەجۆر هەڵدەگرێت ،

هەر خوێندنەوەیەك لایەنێك یان چەند لایەنێكی بابەتی خوێندنەوەكە لە خۆدەگرێت. هەڵبەتە فرەلایەنی و هەمەجۆری ئاستەكانی نیشانەناسی و سیمۆلۆجی بەو مانایە نیە كە هەر لایەنێك یان ئاستێك بە جیا بەسەر خۆیدا دادەخرێتەوەو لە هەرپەیوەندییەكی هونەری و تەكنیكی دیكە دادەبرێت، بەڵكو بە پێچەوانەوە بەو مانایەیە كە بەسەر لایەن و ئاستەكانی تردا، بەسەر واقیعی ەقەكەدا دەكرێتەوە. بەم پێیە هەركارێك یان دەقێكی هونەری، سەرباریئەوەی بە رواڵەت سنووردارە، كۆمەڵێك خوێندنەوە لە هەناوی خۆیدا هەڵدەگرێت ، واتە بە كۆمەڵێك خوێندنەوە ئاوس و بارگاوییە ،بۆیە ناكرێت دەق وەكو حەقیقەتێكی داخراو تەمەشابكرێت یان مامەڵەی لەتەكدا بكرێت یان بە حەقیقەتێكی داخراو بزانرێت. هەڵبەتە هەر دەقێكیش تایبەتمەندی بونیادی و پێكهاتەیی خۆی هەیە كە لە جۆرەكانی تری تواصلی جیا دەكاتەوە و چوارچێوەو سنووری هەر دەقێك بە سەرەتا و كۆتایی ئەو دەقەدیاریدەكرێت..بۆیە ئەركی سەرەكی لێكۆڵینەوەی دەق بریتییە لە شیكردنەوە نیشانە پێكهاتەیی و بونیادییەكانی دەق. دیارە سەرەتاو كۆتایی ونیشانە هەم سنووری سەرەتای دەق دیاریدەكەن و هەم لە دەقە ئەدەبییەكانی تری جیا دەكەنەوە..هەڵبەتە سەرەتای دەق یان دەستپێكی خوێندنەوە ،كاریگەرییەكی فرەی بەسەر خوێنەرەوە هەیە و جۆری مامەڵە و هەڵوێسی خوێنەر دەرهەق بەو دەقەی كە بە نیازە بیخوێنێتەوە دیاری دەكات. واتە سەرەتای بونیادی بتەو خوێنەر بۆ خوێندنەوەی دەقەكە رادەكێشێت و وای لێدەكات تا كۆتایی دەستبەرداری نەبێت و لە گەڵیدا بڕوات. دیارە بە پێچەوانەشەوە ،سەرەتای فشەڵ و سست، ئەگەر باقی دەقەكەش زۆر سفت و سخ و باش بێت، خوێنەر لە دقەكە دەتۆرێنێت و تەوەلای دەكات و ئەو زەحمەتە بە خۆی نادات لە سەر خوێندنەوەی دەقەكە بەردەوام بێت.دەكرێت سەرەتا بە كلیلی كردنەوەی دەرگای دەق دابنرێت و هەر سەرەتایە كە شەقڵی تایبەتی و سەربەخۆیی دەق دیاریدەكات. چونكە سەرەتای هەر دەقێك شەقڵێكی تایبەتی و سەربەخۆی هەیە و لە دەقی تردا دووبارە نابێتەوە ، هەڵبەتە سەرەتای حیكایەت و نەقڵی میللی فۆلكلۆری و هەندێك ژانری بچكۆلەی تر لەم رێسایە بەدەرن.وەكو: رۆژێ لە رۆژان، ساڵێ بەو ساڵگارو عەیامە، هەبوو نەبوو ، دەگێرنەوە دەڵێن..ئەمانە لە تێكڕای حیكایەت و نەقلاندا ،با سەر بە ژینگەی كەلتووری جیاوازش بن ، جێگیر و نەگۆڕن و دووبارە دەبنەوە. بە زۆری ئەو دەقانەی كە خوێنەر ڕادەكێشن و كەمەندكێشی دەكەن ، ئەو دەقانەن كە سەرەتای زۆر بتەو و جوان و ئەفسووناویان هەیە. بۆیە دەكرێت سەرەتا ئاماژەیەك بێ بۆ جەوهەرو بوون و ناسنامەی دەق. هەڵبەتە هەنێكیش پێیان وایە سەرەتا و كۆتایی لە كاری ئەدەبیدا ،ئەوەندەی سەرو سەختی دەگەڵ مەسەلەو بابەتێكی فیكری- سایكۆلۆژیدا هەیە و بایەخی دەداتێ و دەیانخاتە روو ، ئەوەندە لە خەمی خستنە رووی مەسەلەیەكی ئەستاتیكی – بەیانیدا نییە. جا بەم پێودانگە پێویستە سەرەتا زۆر وەستایانە دابرێژرێت و لە هەوەڵەوە ئاراستەو رێرەوی دەقەكە دیاری بكات. ئیدی سەرەتای دەق دەبێت بە پرد لە نێوان دنیای حەقیقەت و دنیای دەقدا. ئیدی سەرەتاش تا سەرەتا جیاوازە ، دەشێت وشەیەك ، ڕستەیەك ،پەرەگرافێك ،لاپەڕەیەك بێت ، ئیدی سەرەتای هونەریی بتەو، دەستی خوێنەر دەگرێت و بە ناو

مەملەکەتی دەقدا دەگێڕێت و چڕە دەلالەتەکانی نیشاندەدات. یانی بەم پێیە سەرەتا تۆوێکە لە هەوەڵی کێڵگەی دەقدا دەچێنرێت ، و وردە وردە چەکەرە دەکات ،گەشە دەکات و لە شێوەی دەلالەت و مانای زۆر و زەبەندا تەرز دەهاوێت و سەراپای دەقەکە دەتەنێ و خوێنەر بەرەو کۆتایی دەقەکە دەبات کە کۆتای لێرەدا سنووری دەقەکە و داخرانی دەقەکە بەسەر خۆیدا ، وەکو بونیادێکی تایبەتی و سەربەخۆ و جیا لە بونیادە زمانەوانی و تواصلی یەکانی دی ، دیاریدەکات.دیارە لێرەدا کۆتایی دەق بەو مانایە نییە کە دەقنووس نەیتوانیوە لەسەر گێڕانەوەی خۆی بەردەوام بێت ، بەڵکو بەو مانایەیە کە گێرانەوە وەکو زنجیرە ڕووداوێکی یەك لە دوای یەکی هاوپەیوەست بەرەو کۆتاییەکی دیاریکراو دەروات. جا کۆتایی لەم ڕوانگەیەوە دەکاتە هاوتای پێشبینی و چاوەڕوانی ، چونکە دەق بۆ خۆی و لە خۆیدا ریسکێکی نووسیارییە (کتابی) ودەلالەت و ماناکانی لە گەڵ کۆتاییەکەیدا دێتە زانین و کەشف بوون..هەرچەندە کۆتایی دەقی ئەدەبی بە گوێرەی خوێندنەوەی هەر خوێنەرێك و لێکدانەوەی هەر وێژەرێك دەگۆڕێت. واتا دەشێت هەر دەقێکی ئەدەبی وهونەریی بە ئەندازەی ژمارەی خوێنەرەکانی ، ڕاڤە و شرۆڤە هەڵبگرێت.واتە دەق لێرەدا دەبێت بە ژانرێکی مەجازی شرۆڤە و تەئویل هەڵگر ، پێویستە تەئویل بکرێت..هەڵبەتە جیاوازی میتۆد و بۆچوون و خوێندنەوە ڕەخنەوانییەکان لە بواری شرۆڤە و ڕاڤەی دەقێن ئەدەبیدا ،لە کرۆك و جەوهەردا دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی بۆچوونان لەمەڕ دیاریکردنی نێوەرۆك و ماهیەتی دەق و خەسڵەت و ئەرکەکانی...

"٥"

دەق، دەشێت ڕستەیەك یان کتێبێکی تەواو بێت . گرینگ ئەوەیە سەربەخۆیی تەواوی خۆی هەبێت و لەسەر پێی خۆی بوەستێت .دەقی ئەدەبی مەملەکەت و دنیایەکە لە دەلالەتان کە یەکتر هەڵدێنن و یەکتر بەرهەمدێنن ، مەرج نییە زنجیرە مانایەکی پێشوەختە دیاریکراوبێت..واتە دەقی نوێ ، دەقی مودیرن بونیادێکی ئاڵۆزی تێکچڕژاوە، نێوەرۆك و تیمە بە جۆرێ بە یەکدا دەچن و یەکتر دەبڕن، خوێنەر وا هەستدەکات کۆمەڵێك کەرەستەو ڕەگەزی پەراگەندە بە فەزاو هاماجی دەقەکەدا بە هەڵکەوت پەرتەوازە بووە ، بۆ ئەوەی لە ماناکەی بگات یان ڕاڤەی بکات، بیخوێنێتەوەو خوێندنەوەی بۆ بکات ، چاری ناچارە بەلای کەمەوە لە هزر و بیری خۆیدا ، لە دڵی خۆیدا ئەو ڕەگەز و کەرەستە پەراگەندانە کۆبکاتەوەو بیانداتە دەم یەکەوەو بەمە بەشداری لە بونیادنانی دەقەکەدا دەکات. واتە بەم پێودانگە دەق دەکاتە فەزایەکی چڕە ماناو فرە چەمك و مشە دەلالەتی کراوە کە لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا بونیادەکەی تازە دەبێتەوە.. لەم نۆڕین و بۆچوونە ڕەخنەییەدا ، حیسابی گەورە بۆ کەسایەتی دەق وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری دەکرێت . حیساب بۆ دەقایەتی دەق دەکرێت ، واتە چەند دەقایەتی وەرگرتووە..

"٦"

دەق وەکو گوراوێکی زمانەوانی، وەکو پرۆسەیەکی بەرهەمهێنانی هونەریانەی زمان، دەکاتە پاژێك لەو سیستەمە زمانەوانیەی کە لە سایەیدا بەرهەم هاتووە و لە دایکبووە، بەم پێیە دەتوانین لەو ڕوانگەیەوە تەمەشای بکەین و مامەڵەی دەگەڵدا بکەین کە گوراو و بەرهەمێکی

سیمۆلۆجیی بارگاوی و ئاوس بە مانا و چەمکانە..و ئامانجی سەرەکی هەر دەقێك ئەوەیە مانایەك لە ڕێگەی کۆمەڵێك نیشانەی زمانەوانییەوە بەرهەمبێنێ و پیشان بدات. واتە دەق هەمیشە بە مانا ئاوسە و لە زاوزێی بەردەوامدایە و خوێندنەوە دەوری مامان دەبینێت. دیارە ئەو مانا و چەمکانەش بە گوێرەی هەر خوێندنەوەیەك دەگۆڕێن ، واتە گۆڕان و تازەبوونەوە — هەڵبەتە بە گوێرەی هەر خوێندنەوەیەك — دەکاتە شەقڵ و مۆرکی هەر دەقێك. دەق لە کرانەوەی بەردەوامدایە. کرانەوە بەسەر تازەیی تازەبوونەوەو گۆڕانی چاوەڕوان نەکراودا. دیارە دەقی ئاوس، دەقی کراوە، لە ناوەوەو لە ڕێگەی دەرخستنی پەیوەندییە زمانەوانیەکانەوە تیشك دەخاتە سەر خۆی و دەقایەتی خۆی دەخاتە ڕوو ،و نهێنگەو ونگە ئاڵۆز و گۆنگەکانی ئاشکرا دەکات، تا لە دووا ئەنجامدا چەمك و مانای خۆی کەشفبکات..

"٧"

دەق، یەکێکە لە دیاردەو تەجەلیاتەکانی زمان، چونکە دەقی ئەدەبی، تەنیا بە زمان وەکو ئەوزارێکی گوزارشتکاری بەرهەم دەهێنرێت. واتە دەق جۆرە پەیام و گوتارێکە کە تایبەتمەندی خودی خۆی هەیە و بە خودی خۆیەوە بەندە و بە خودی خۆیەوە دەناسرێتەوە و لە دەقی دی جیادەکرێتەوە. جا بەم پێیە کە گوتارە، دەبێت کەسێك هەبێ بینێرێت و لەو سەریشەوە وەرگرێك هەبێت وەری بگرێت.. ئەمەش وا دەخوازێت ئەو کەسەی کە گوتار و پەیامەکە دەنێرێت زۆر بە جددی کار لەسەر زمان بکات، وشارەزاییەکی وردی لە میکانیزمی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی مانادا هەبێت تا بتوانێ بە ئاسانی بیگەیەنێت بە وەرگر. جا کارکردن لەسەر زمان و بە کەرەستەی زمان لە چوارچێوەی دەقی ئەدەبیدا، یەکێکە لە مەرجە هەرەپێویستەکانی ئەفراندن، چونکە هەر داهێنانێك، دەکاتە ڕووداوێکی گرینگ لە ژیانی ئەو زمانەدا کە کاری لەسەر کراوەو کاری تێداکراوە..چونکە کۆمەڵێك نەسەقی گوزارشتی تازەی تیا بەرهەم دەهێنێت و زندوویەتییەکی زیاتری پێدەبەخشێت.. و گوڕ و تین و بەردەوامییەکی ئەوتۆی پێدەبەخشێت کە لە ئامراز و ئەوزاری لێکدی گەییشتنەوە ، ببێت بە یەکێك لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی کەلتور و ڕۆشنبیری...جا بەم پێودانگە دەق کار بۆ کەشفکردنی خەسڵەتە گوزارشتیەکانی زمان دەکات و ئەم مامەڵە زمانەوانییە، مانا و چەمکی تازەی ئەوتۆ بەرهەم دێنێت کە پێشتر نەبووەو پەی پێنەبراوە، واتە دەق هەر مانا بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو وشەش بەرهەم دێنێت، واتە دەق پرۆژەیەکی بەرهەمهێنانی زمانەوانییە لە چوارچێوەیەکی ئەفراندنەوانی سەربەخۆدا. کەواتە دەق بە زمان و بە هۆی زمانەوە، زمان بەرهەم دێنێت، هەم زمان بەکاردێنێت وهەم زمان بەرهەم دێنێت. لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە توانا و وزە گوزارشتییەکانی زمان دەتەقێنێتەوە و نیشانەو ڕەمزەکانی وەگەڕ دەخات و،لە ئاستی بەکارهێنانی وەزیفییەوە دەیانگوازێتەوە بۆ ئاستی گوزارشتی ئەستاتیکی..

زمان، لە میانەی دەقەوە ، دەکاتە ئەوزارێك بۆ بونیادنانەوەی وشەو پێکهاتە دەلالییەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوزارێکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە کۆنەکانی نێوان وشەو پەیڤان، و گۆڕینی بە پەیوەندییانی تازە.. واتە دەق کار بۆ ئەوە دەکات سیستەمی زمانەوانی لە حاڵەتی

مەندی و وەستاوییەوە بگوازێتەوە بۆ حاڵەتی دینامیکی.واتە پرۆسەیەکی جووت لایەنەی بونیادنانەوەو هەڵوەشاندنەوەیە کە دەتوانین لە میانەیەوە خەسڵەت و تایبەتمەندییە جڤاکی ومێژووییەکانی زمان بخوێنینەوەو کەشف بکەین. چونکە هەر وشەیەك پێشینەیەکی مێژوویی خۆی هەیە و لە سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا باوبووەو بەکارهاتووە. بەو حیسابەی هەر سەردەمێك ئەوزارو ئامرازی رۆشنبیری و ئەبستمۆلۆجی خۆی هەیە و بە ئاستێکی زمانەوانی تایبەتی مامەڵە دەگەڵ دەقدا دەکات، ئەگەر بمانەوێ دەتوانین لەو رێگەیەوە مێژووی ئەم یان ئەو دەق دیاری بکەین . هەڵبەتە ئەمەش بەڵگەی گرینگی زمانە لە بواری دیاریکردنی تاریخیەتی دەقی ئەدەبیدا، دیارە ئەم تاریخیەتە لە ناوجەرگەی زمانی خودی دەقەکەوە هەڵدەهێنجرێ، چونکە هەر دەقێك بەلای کەمەوە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ شوێنەواری سەردەمی خۆی لە هەزارتوێی خۆیدا هەڵگرتووە.. جا بۆ ئەوەی تایبەتمەندی هەر دەقێك دەست نیشان و کەشفبکەین دەبێ بگەڕێینەوە سەر ئەو زمانەی کە لە دەقەکەدا بەکاربراوەو لایەن و ئەرکە جڤاکییەکەی ئەو زمانە بخەینە بەر وردەبینی شیکرنەوەو لێکۆڵینەوەوە، چونکە زمانی دەق دەمانباتەوە سەر کۆمەڵگە و هەر کۆمەڵگەیەکیش دەکاتە دەنگ و رەنگی سەردەمێکی دیاری کراو کە ئاکارو داب و نەریت و خولیا و کەڵکەڵە و زەوق و خوو و خدە و کێشەو خەمی تایبەتی خۆی هەیە کە لە سەردەمانی دیکەی جیادەکاتەوە.

به هەرحاڵ دەق بۆ خۆی و لە خۆیدا بونیادێکی هونەری پێکهاتە ئاڵۆزە، لە رێگەی کەرەستەی زمانەوانییەوە بە شێوەیەك دارێژراوە، دەتوانێت کۆمەڵە مانایەك بگەیەنێت کە بونیادی سادەو ئاسان ناتوانێت لە رێگەی کەرەستەی سادەی زمانەوانییەوە بیگەیەنێت.بۆیە دەق وەکو بەرهەمێکی زمانەوانی، تەنیا لە رێگەی زمان و بە کەرەستەی زمانەوانی دێتە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە، و لێرەدا زمانی دەق، دەبێت بە بابەتی زمانی خوێندنەوەو شیکردنەوەکە، بەڵام بە ئەرك و ئامانجی جیاوازەوە...

"٨"

....دەقی ئەدەبی پەیوەندی نێوان زمان و جیهانە، واتە بابەتی دەقی ئەدەبی دەکاتە هەموو جیهان، دەکاتە سەرانسەری گەردوون، بە گشت دیاردە و رووداوەکانییەوە، بە هەموو بوونەوەرەکانییەوە. بەڵام زمانی خوێندنەوە پەیوەندی بە زمانەوە هەیە، پەیوەندی بە زمانێکی تایبەتییەوە هەیە کە لە میانەی دەقەوە بەرهەمهاتووە. جا بەم پێیە بابەتی دەق دەکاتە هەموو دنیا، بەڵام بابەتی رەخنەو خوێندنەوە، گشت دنیا نییە، بەڵکو گوتارێکی تایبەتی و دیاریکراوە. واتە رەخنە و خوێندنەوە دەکاتە گوتار لەسەر گوتار، یانی دەکاتە زمانی دووەم یان زمانی زمان یان میتازمان وەکو رەخنەگران دەڵێن، لە میانەی زمانی یەکەمەوە( زمانی دەق) مومارەسەی بوونی خۆی دەکات، بۆیە پێویستە لە پرۆسەی رەخنەوانیدا ئەو جووت پەیوەندییە بە تەواوەتی لەبەرچاو بگیرێت و رەچاوبکرێت، یانی پەیوەندی زمانی رەخنە بە زمانی دەقەوەو پەیوەندی زمانی دەق بە جیهانەوە رەچاوبکرێت..بەکورتی و کوردی جیهان هەیەو نووسەر باسی دەکات، لە رێگەی زمانەوە مامەڵەی لە تەکدا دەکات، بەڵام بابەتی رەخنە شتێکی جیاوازە، جیهان بابەتی

رەخنە نییە، بەڵکو ئەو شتە بابەتی رەخنەیە کە دەربارەی ئەم جیهانە گوتراوە، واتە بابەتی سەرەکی رەخنە زمانە، و لە رێگەی زمانەوە پەیوەندی دەگەڵ زماندا دروستدەکات، بەم پێیە دەکاتە زمانی دووەم کە گەلێك لە رەخنەگران پێی دەڵێن میتازمان.جا چونکە مامەڵەی خەڵکی دەگەڵ دەقدا، چ لە ئاستی تێگەییشتنی دەقەکەو چ لە ئاستی وەرگرتنی دەقەکەو چ لە ئاستی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی دەقەکەدا، جیاوازە، بۆیە دەشێت دەقێکی ئەدەبی چەندین دەقی رەخنەیی لێبکەوێتەوە، چ لە قۆناغ و سەردەمی خۆیدا و چ لە قۆناغ و سەردەمانی دواتردا. کەواتە لێرەدا روو بە رووی دوو دەق دەبینەوە، یەکەمیان دەقی ئەدەبییە و دووەمیان دەقی رەخنەییە. هەردووکیان سەروسەختیان دەگەڵ زماندایە، بە زمان و لە ناو زماندا، مومارسەی بوونی خۆیان دەکەن و بەرجەستە دەبن، یانی زمان ئامراز و ئەوزاری هاوبەشە لە نێوانیاندا، ئەوەی لە یەکتریان جیا دەکاتەوە چۆنیەتی مامەڵەکردنیانە دەگەڵ زماندا.. زمان لە دەقی ئەدەبیدا وەکو یادگە و وشە و پەیڤ و خوازەو خواستن بەکاردەبرێت و لە دوا ئەنجامدا دەق لۆژیکی تایبەتی خۆی دەخوڵقێنێت و بەرهەم دەهێنێت. بەڵام مامەڵەی دەقی رەخنەیی دەگەڵ زماندا مامەڵەیەکی لۆژیکی پێوانەییە و، وشە و پەیڤ وەکو ئامرازێکی وەزیفی بەکاردەبرێت. هەڵبەتە دەقی ئەدەبی پێش دەقی رەخنەیی دەکەوێت، و ئەوەی کۆیان دەکاتەوە ئەوەیە کە یەك بیر و بیرۆکە بەرجەستە دەکەن، بەڵام بە شێوازی جیاواز، یانی جیاوازییە بنەرەتییەکەیان لە جیاوازی سروشت و تەبیعەتی خودی زمانەکەدایە. ئەگەر دەقی ئەدەبی بەپشتیوانی زمان، وێنەیەکی گوزارشتی و ئەستاتیکی بەرجەستە بکات و نیشانبدات، ئەوا دەقی رەخنەییش بە زەبری زمان و لە رێگەی زمانەوە ئەو میکانیزمە زمانەوانی و دەلالیانەمان بۆ شیدەکاتەوەو پیشاندەدات کە دەقە ئەدەبییەکە بەکاری بردووە. کەواتە ئەرکی میتازمان، یان وەکو دەڵێن زمانی زمان، بریتییە لە باسی دەلالەتەکان، و پەیوەندیشی بە زمانی دەقی ئەدەبییەوە، واتە بە زمانی یەکەمەوە لەودایە کە زمانی دەقی رەخنەیی، ناتوانێت بە بێ زمانی دەقی ئەدەبی، یانی لەغیابی زمانی دەقی ئەدەبیدا، مومارەسەی بوونی خۆی بکات، و هەڵبەتە مامەڵەیان لەگەڵ هەمان ئەوزاری هاوبەشدا، واتە دەگەڵ زماندا، لە ئاستی جیاوازدایە..یانی بەم پێیە ئەگەر دەقی ئەدەبی، پەیامی خۆی لە موجەفیرەیەکی زمانەوانیدا بەرجەستە بکات، ئەوا ئەرکی دەقی رەخنەیی بریتییە لە هەڵهێنان و کردنەوەو خوێندنەوەی ئەو موجەفیرەیە، هەڵبەتە لە رێگەی میتازمانەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا جیاوازی هەردوو سیستەمە زمانەوانیەکەی دەقی ئەدەبی و دەقی رەخنەیی نیشاندەدات. کەواتە میتازمان، بریتییە لە زمانێك، کە باسی زمانێکی دیکە دەکات، باسی دەلالەت و پێکهاتە و پەیڤ و فۆنەتیك و دەنگی زمانێکی دی دەکات. واتە بەم پێودانگە کۆمەڵێك پەیوەندی لە نێوان دەقی ئەدەبی و دەقی رەخنەییدا، یانی لە نێوان زمان و میتا زماندا هەیە ، لەوانە: دەقی ئەدەبی هەمیشە پێش دەقی رەخنەیی دەکەوێ، واتە دەقی رەخنەیی بە بێ دەقی ئەدەبی ناتوانێت مومارەسەی خودی خۆی بکات، یانی بەند و پەیوەستە بە دەقی ئەدەبییەوە. دەقی ئەدەبی پەیامی خۆی دەکات بە مۆرس و جفرە و لە شێوەو قاڵبی جفرەدا دەیگەیەنێ، بەڵام دەقی رەخنەیی، ئەو موجەفیرەیە دەکاتەوەو هەڵدەهێنێت، هەروەها

پەیوەندییەکی ڕاڤەکاریی هیرمۆنۆتیکیش لە نێوان هەردوو دەقی ناڤبریدا هەیە، بەو حەساوەی دەقی ئەدەبی نووسینە و دەقی ڕەخنەیی خوێندنەوەیە، خوێندنەوەی ئەو نووسینەیە. جا لێرەدا دەکرێ بڵێین دەقی ئەدەبی کێڵگەی مانایانە، کێڵگەیەکە سەرانسەری بە تۆوی مانا داچێنراوە، تۆوی مانا بە سەرانسەریدا کراوەو زۆرجاریش ئەو تۆوە بۆ هەموو کەسێك دیارو ئاشکرا نییە، بۆیە ڕەخنە تەنیا سەرو ساختی دەگەڵ لایەنە دیارو گوتراوەکانی دەقی ئەدەبیدا نییە، بەڵکو خۆی لە قەرەی نادیارو نەگوتراوەکانی دەقیش دەدات، سیستەمە زمانەوانییەکەی دیاری دەکات، پەردە لەسەر لایەنە گۆنگ و ئاڵۆز و نادیارەکانی لادەبات و تەلیسمی ڕەمز و ڕازەکانی دەکاتەوە و لە شێوەیەکی تازەدا بونیادی دەنێتەوە..هەڵبەتە هەر دەقێکی ڕەسەنی ئەدەبی، پێویستە بەر لە هەر شتێك ڕێزی خۆیبوونی خۆی بگرێت و خۆی لە هەر شێوە ئایدۆلۆژیابازییەك بپارێزێ، و تەنیا دەنگی ڕاستەقینە و دەنگدانەوەی خۆی بێت، چونکە هەر دەنگێکی تری بەسەردا زاڵ بێت، ئەدەبییەتی خۆی لە دەست دەدات و، دەرگا لە ڕاڤەو شرۆڤەو لێکدانەوەی ئەوتۆ دەکاتەوە کە فڕی بە دەقەکەوە نییە..لە کاتێکا هەموو دەزانین کە گرینگی میتازمان لەوەدایە کە بە پشتیوانی زمانی دەق و لە ڕێگای زمانی دەقەوە، ئۆتمۆسفێر و هاماجی جڤاکی- کەلتووری دەقەکەمان بۆ ڕوونبکاتەوەو زەمینەی کردنەوەو خوێندنەوەی جفرە هونەرییەکانی دەقەکەمان بۆ خۆشبکات.

هەڵبەتە وەکو چۆن دەشێت لەباری زمانەوانییەوە، هەر زمانێك ببێت بە بابەتی زمانێکی تر، واتە میتازمان، بەو ئاوایەش لە ڕووی ئەدەبییەوە هەر دەقێك چەندین خوێندنەوەی جیاواز چ لەسەردەمی خۆیدا و چ لە سەردەمانی دیدا هەڵدەگرێت، و هەر خوێندنەوەیەکیش پەیوەستە بە هەلومەرج و بارودۆخ و زروفی سیاسی و ئەبستمۆلۆجی خۆیەوەو، هەر ڕەخنەگرێکیش بە ئەوزاری ڕەخنەوانی و بۆچوونی شیکاریانەی جیاوازەوە مامەڵە لە تەك دەقدا دەکات. دیارە جیاوازی بۆچوون و شیکردنەوەی ڕەخنەگران دەربارەی دەق، خۆی لە خۆیدا نیشانەو بەڵگەی بە بڕستی و دەوڵەمەندی دەقە نەك بە پێچەوانەوە. چونکە دەقی کراوە، دەقی فرەلایەن، ئەو دەقەی خوێندنەوەی هەمەجۆر و جیاواز هەڵدەگرێت، بە سروشتی خۆی بارگاوی و ئاوسە بە زمانی ڕەخنە، یانی زمانی ڕەخنەیی خۆی، لە خۆیدا هەڵگرتووە، چونکە نە چاوی لەوەیە چارەسەر بۆ ئەم کێشەیە یان ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە یان ڕکابەری هیچ گوتارێکی ئایدۆلۆژی بکات و نە ئەوەش بە ئەرکی خۆی دەزانێت، بەڵام دەرگاکانی دەق دەخاتە سەر گازی پشت بێئەوەی جەوهەرو کرۆکی دەقەکە کەشفبکات، یان دوا حەقیقەت بخاتە ڕوو، چونکە دەقی ئەدەبی، نە حەقیقەتی موتڵەقی پێیەو، نە دوا حەقیقەتیش دەخاتە ڕوو، خەمی دەقی ئەدەبی، ئەدەبییەت و دەقایەتییە..بەم پێیە دەق لە هەمان کاتدا هەم ئەوزارە و هەم ئامانج.دەقایەتیش لە خۆڕا و لە ڕێگەی زمانێکی شاش و سواو پواوەوە یان ئینشابازییەکی جەلەبی و بازاڕییەوە چێنابێت، بەڵکو لە ئەوزارە سەرەکییەکەی دەقەوە کە زمانە چێدەبێت. ئیدی زمان وەکو پێکهاتەی هونەری و وەکو شێوازی بەکارهێنان و وەکو ئامرازی بەرهەمهێنانی ماناو دەلالەتان لە

ناو دەقەکەو بە دەقەکەو بۆ دەقەکە...بەو پێوەرو پێوانەیەی کە دەق بریتییە لە کۆمەڵێك نیشانەی زمانەوانی و ئەستاتیکی و کۆمەڵێك مۆرس و جفرەی کەلتووری و رۆشنبیریی..

"٩"

بەم پێیە هەر دەقێك، بە حوکمی ئەوەی ئەرکێکی کاریگەرییانەی هەیە، بە شێوەیەك لە شێوەکان دەکاتە رەوانبێژی و بەلاغە. یانی بەلاغە رێگەیەکە بۆ تێگەییشتن لە دەق. رەوانبێژی دەکاتە کۆی ئەو یاساو رێسایانەی بەشداری لە چۆنیەتی دارشتن و رێکخستنی ماناکانی گوتار و ناسککاری و هونەرکارییە دیارو نادیارەکانیدا دەکات..و دوای ئەمە نۆرە دێتە سەر راڤە و شرۆڤە بەو حەساوەی کە خوێندنەوەو هەوڵە بۆ دۆزینەوەو کەشفکردنی مانا دوورەکان...

هەر دەقێك درەنگ خۆی بە دەستەوە بدا و بە ئاسانی نەچێتە ژێرباری رەخنەو جەوهەر و کرۆکی خۆی لەگەڵ یەکەم خوێندنەوەدا بە دەستەوە نەدات ، خوێنەر ناچار دەکات پەیجۆری بکات و خۆی لە پێناوی دۆزینەوەو بە دەستهێنانی جەوهەرو کرۆکەکەیدا ماندووبکات.چونکە ئەمجۆرە دەقە پرسیار لای خوێنەر دەوروژێنێت، زەینی دەجولێنێت، چونکە تەم و مژێکی ئەستاتیکی و راز و نهێنییەکی هونەری دەوریان داوە.ئەمەش بۆ خۆی سەرەتایە بۆ لە دایکبوونی رەخنە، واتە هەر دەقێکی رەسەنی ئەدەبی وەکو گوراو وبەرهەمێکی زمانەوانی، بەزمانی زمان یان میتازمان بارگاوی و ئاوسە. هەڵبەتە دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت کە خوێندنەوە (رەخنە) بەندە بە سروشت و تەبیعەتی خودی دەقەو، دەقی وەها هەیە ئەوەندە بە زەقی و روونی ماناکانی خۆی هەڵخستووە کە شرۆڤە و راڤە هەڵناگرێت و شرۆڤەکردنی دەکاتە نووسینەوەو نمایشکردنەوەی دەقەکە بە شێوەیەکی تازە و رەخنەگر تەنیا ماندووبوونەکەی بۆ دەمێنێتەوە، بەڵام هەندێ دەق هەن بە بێ هەڵوەستە و رامان و تێفکرین خۆ بە دەستەوە نادەن، چونکە ماناو چەمکی زۆر ورد و هەستیاریان لە خۆدا حەشارداوە، و بوون بە کانگەیەکی لە بن نەهاتووی چەمك و مانایان..ئەمجۆرە دەقانە خوێنەر دەوروژێنن و ناچاری دەکەن خۆی ماندوو بکات بۆ ئەوەی بگاتە مانا ورد و شاراوەکان و ، کە رازە هونەرییەکان و مانا شاراوەکانی دۆزییەوە هەنگێ هەست بە شادی و لەزەتێکی ئەستاتیکی زۆر دەکات، کە پێی دەگوترێ لەزەتی خوێندنەوە.دیارە دەقی کاڵ و کرچ و جەڵەبی ئەمجۆرە لەزەتەی لێ چاوەروان ناکرێت، چونکە خوێندنەوەی هەمەجۆر و لێکدانەوەی جیاواز هەڵناگرێت و خەرمانەیەکی ئەستاتیکی بە دەورەوە نییە و دوورە لە هەر نهێنییەکی هونەری. بەڵکو ئەمە تەنیا لەو دەقە رەسەن و مەند و فرەمانایانە چاوەروان دەکرێت کە دوای رامان و وردبوونەوەو تێفکرینی زۆر ئەوجا خۆ بە دەستەوە دەدەن. لەمەشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامگیرییەی کە کاری رەخنەوانی جددی، کارێکی یەجگار دژوارو قورس و هەستیارەو هیچی لە دژواری و سەختی و هەستیاریی کاری فلیڤانی (ابداعی) کەمتر نییە.

"١٠"

هەڵبەتە هەر میتۆدێکی رەخنەیی هەڵوێستی خۆی لەمەڕ ئەو دەقە هەیە کە مامەڵەی لە تەکدا دەکات. واتە رەخنە قاڵبێکی ئامادەو حازر نییە، هەر دەقێك بگری و لەو قاڵبەی بدەیت ، ئەگەر

پڕ به قاڵبەکه بوو ئەوا دەقی باشه و ئەگەر له قاڵبەکه بچووکتر یان گەورەتر بوو ئیدی ئەوه دەقی باش نییه. بۆیه پرۆسەی رەخنەوانی دەبیٚ حیسابی ورد بۆ تایبەتمەندی هەر دەقێك بكات، چونکه هەر دەقێك فەردانیەتی خۆی هەیه و له دەقی تری جیادەکاتەوه، بۆیه به ئاسانی هەر قاڵبێکی ئاماده قەبووڵ ناکات، و پرۆسەی له قاڵبدانی زۆرەکی بیٚ ئاکام دەبێت و هەموو بەها ئەستاتیکی و دەلالی و مانایيەکانی دەق به فیرۆ دەدات، چونکه دەق به هەموو لق و پۆپەکانییەوه، به هەموو راز و رەمزەکانییەوه، به گوتراو و نه گوتراوییەوه، به دیار و نادیارییەوه، کەرەسته و سەرچاوەی سەرەکی کاری رەخنەوانییه.هەڵبەته بەم پێیه دەقی کراوه به تەبیعەت و سروشتی خۆی، فره دەلالەت و مانایه، بۆیه به حوکمی فرەمانایی و فره دەلالەتی خۆی، خوێندنەوەو شیکردنەوەی هەمەجۆر و جیاواز هەڵدەگرێت، بۆیه ئاساییه هەر دەقێکی ئەدەبی رەسەن و والآ، خوێندنەوەی جیاوازی ، له گۆشەنیگای جیاوازەوه بۆ بکرێت، ئیدی ئەو خوێندنەوه جیاوازانه له یەك سەردەما بن یان له قۆناغ و سەردەمانی جیاوازدا بن. هەڵبەته خوێندنەوه چەندیش ورد و قووڵ بیٚ ناتوانێت پەی به گشت راز و رەمز و ڕەهەند و رەگەز و ونگه و نهێنگه و دەلالەته حەقیقی و ئیحتیمالییەکانی دەقی والآ و کراوەی فره دەلالەت بەرێت و ، ئەنجام و ئاکامێکی یەکجارەکی و بنجبڕی لەبارەوه به دەستەوه بدات، بەڵکو ئەوپەڕەکەی دەکاته شێوەیەك له شێوەکانی خوێندنەوەی دەقەکه.. بەڵام رەنگه هەوڵی گەڕان و دۆزینەوەی ئەدەبیەتی دەق، خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو میتۆده رەخنەییەکان بێت، بەو حیسابەی دەکاته گەڕان به دووی ئەو رەگەزانەدا که دەق دەکەن به دەقێکی ئەدەبی جیاواز له دەقێن دی..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه:
*- لذة النص،رولان ثارت/ ترجمة:منذر عياشى/مركز الانماء الحضارى ،٢٠٠٢
*- الاثر المفتوح،امبرتو ايكو /ترجمة :عبدالرحمن بو على /دار الحوار للنشر والتوزيع ،٢٠٠١
*-نظريات القراءة من البنيوية الى جمالية التلقى /ترجمة :د. عبدالرحمن بو على /دار الحوار للنشر ولتوزع ،٢٠٠٣
*- التحليل البنيوى للقصة القصيرة /رولان ثارت /ترجمة :الدكتور نزار صبرى / مراجعة مالك المطلبى / الموسوعة الصغيرة ١٩٨٦

## پیاوکوژان
## چیرۆکی: ئێرنیست هەمینگوای

دەرکەی خواردنگەی هنری کرایەوەو دوو پیاو وەژوورکەوتن و لە پشت پێشخوانەکە دانیشتن.

جۆرج لێی پرسین: چ دەخۆن؟

یەکێکیان گوتی: نازانم، ئال. تۆ دەتەوێ چ بخۆی؟

ئال گوتی: نازانم. بەڕاستی نازانم چ بخۆم.

لەدەرێ را دنیا تاریك دەبوو. روناکی شەقامەکە لە پشت پەنجەرەکەوە دەیدا لە ژوورەوە. ئەو دوو پیاوەی لە پشت پێشخوانەکە دانیشتبوون تەماشای لیستی ناوی خواردنەکانیان دەکرد. نیك ئادامز لەوسەری پێشخوانەکەوە تەماشای دەکردن" کە ئەو جووتە وەژوورکەوتن ئەو دەگەڵ جۆرج دا سەرگەرمی قسان بوو.

یەکەمیان گوتی: من تکەی بەراز بەساس و سوپی پەتاتەوە دەخۆم.

– هێشتا ئامادەنەبووە.

– ئەدی بۆ لەم کاغەزەدا نووسیوتانە؟

جۆرج بۆی روونکردەوە: ئەمە شامە شام، سەعات شەش ئامادە دەبێ.

جۆرج روانییە سەعاتەکەی پشت پێشخوانەکە.

– سەعات پێنجە.

پیاوی دووەم گوتی:– ئێستا پێنج و بیست دەقیقەیە.

– ئەم سەعاتە بیست دەقیقە لە پێشە.

پیاوی یەکەم گوتی: بابە بەردێکی بخەسەر. چیتان هەیە بۆ خواردن؟

جۆرج گوتی: هەموو جۆرە سەندەویچێکمان هەس. ژامبون و هێلکە، نەرمەی بەرازو هێلکە، قەلی و گۆشتی بەرازو ئەستیك.

– کەواتە مریشکی سورەوەکراو لەگەڵ نۆکی فەرەنگی و سوسی کرێم و سوپی پەتاتە بێنە.

– ئەمەش هی شێوە.

– ئێمە هەرچییەك داوا دەکەین هی شێوە. ئەمە چ کاروکاسبیەکە دەستت داوەتێ؟.

– ئەوەی ئێستا هەمانە ژامبون و هێلکە، رۆستی بەرازو هێلکە، جگەرو..

ئەو پیاوەی کە نێوی ئال بوو گوتی:– من ژامبون و هێلکە دەخۆم. کابرا کڵاوێکی رەنگینی لەسەرو پاڵتۆیەکی رەشی لەبەربوو کە تا سەری سەرەوە دوگمەکانی داخستبوو. وردیلەو سپیکەلەبوو، جوتێ لێوی قەیتانی هەبوو. شاڵەکەی ملی ئاوریشمین بوو و دەستکێشی لەدەست دابوو.

پیاوەکەی تر گوتی:– من رۆستی بەراز و هێلکە دەخۆم. لەقەدوباڵای ئالدا بوو، سیماو چارەیان جیاوازبوو لێ وەکو جمکانان جلیان پۆشی بوو. پاڵتۆکانیان زۆر تەنگ بوو. خۆیان بەپێشا بردبوو و ئانیشکیان دادابووە سەر پێشخوانەکە.

ئال پرسی:- ئەدی خواردنەوە چیت هەیە؟
جۆرج گوتی:- بیرەی سپی، بیڤۆ، ئاوجۆی زەنجەبیلی.
- شتی باش چیت هەیە؟
- هەر ئەوانەیە کە گوتم
پیاوەکەی دی گوتی:- چ شارێکی بەقوڕ گیراوە، ناوی چییە؟
- سامیت.
ئال لە هاوڕێکەی پرسی:- قەت ئەم ناوەت بیستبوو
هاوڕێکەی گوتی:- نەخێر
ئال پرسی: (شەوان لێرە چ دەکەی؟.
هاوڕێکەی گوتی:- شام دەخۆن. هەموو لێرە خڕ دەبنەوەو شام دەخۆن
جۆرج گوتی:- چ عەیبێکی هەیە؟
ئال روویکردە جۆرج و گوتی:- پێت وایە عەیبی نییە؟
- هەڵبەتە
- کوڕێکی زۆر زرینگی
جۆرج گوتی:- هەڵبەتە
پیاوە وردیلەکەی دیکە گوتی:- من پێم وا نییە. تۆ چ دەڵێی ئال؟
ئال گوتی:- گەمژەیە رووی کردە نیک:- تۆ نێوت چییە؟
- ئادامز
ئال گوتی:- کوڕێکی زرینگی دیکە. ئەم کوڕە زرینگ نییە. ماکس؟
ماکس گوتی:- ئەم شارە تا حەزکەی کوڕی زرینگی هەس
جۆرج دوو قاپی لەسەر مێزەکە دانا.
قاپێک ژامبون و هێلکەو قاپێکی دی رۆستی بەرازو هێلکە. دوو قاپی پەتاتەی سورەوەکراویشی بۆ دانان و دەرکەی ئاشخانەکەی گرت.
لە ئال-ی پرسی:- کامەیان هی تۆیە؟
- هەروا زوو بیرت چوو؟
- ژامبوون و هێلکە.
ماکس گوتی:- کێ دەڵێ تۆ زرینگ نیت! ئال بەپێشا دانەوییەوەو قاپە ژامبون و هێلکەکەی هەڵگرت. هەردووکیان، دەستکێش لەدەست، نانیان دەخوارد. جۆرج تەمەشای دەکردن. ماکس چاوی بڕییە جۆرج:- تەماشای چ دەکەی؟
- هیچ
هیچ و ژەهری مار. نانخواردنەکەی من عەنتیکەیە؟
ئال گوتی:- رەنگە ویستبی شۆخی بکات ماکس
جۆرج پێکەنی.
ماکس پێی گوت:- عەنتیکە نییە. پێکەنین هەڵناگرێ.
جۆرج گوتی: (هیچ مەبەستێکم نەبوو.

ماکس روویکردە ئال و گوتی:- بەخۆی دەڵێ هیچ مەبەستێکی نییە. باشە ئیدی، هیچ مەبەستێکی نییە.

ئال گوتی:- بەڵێ، دوور نییە. درێژەیان بەخواردن دا.

ئال لە ماکس-ی پرسی:- ناوی ئەو کوڕە باشەی کە لەو سەری پێشخوانەکەیە چییە؟

ماکس بە نیک-ی گوت:- ئەهای کوڕی باش، بڕۆ ئەوسەری پێشخوانەکە لای هاوڕێکەت

نیک پرسی:- دەتەوێ چ بکەی؟

- نامەوێ هیچ بکەم

ئال گوتی:- بەزمانی خۆش دەڵێن بڕۆ ئەولا، کوڕی باش

نیک چووە ئەودیوی پێشخوانەکە.

جۆرج پرسی:- دەتەوێ چ بکەی؟

ئال گوتی:- ئەم لالەوەڕیانە بۆ تۆ نەهاتووە. کێ لە ئاشخانەکەدایە؟

- کاکەڕەش

- کاکەڕەش کێیە؟

- کاکەڕەشی ئاشچی

- بڵێ بێتە دەرێ

- چ کارێکت پێیەتی

- گوتم، بڵێ بێتە دەرێ

- وا دەزانی ئێرە کوێیە

ماکس گوتی:- هەر جەهەننەمێك دەبێ بابێ، چما ئێمە قەدو قەلافەتمان لە شێتان دەچێت؟.

ئال پێی گوت:- قسەکردنت لە شێتان دەچێت، ئاخر بۆچی مشت و مڕ دەگەڵ ئەم بابایەدا دەکەی؟. بەجۆرجی گوت:-

گوێ بگرە، بە کاکەڕەش بڵێ بێتە ئێرە.

- چ کارێکت پێی هەیە؟.

- هیچ، تۆ خۆت بڵێ زیتەڵە کوڕ، دەبێ ئێمە چ کارێکمان بە بابایەکی وەکو کاکەڕەش هەبێ.

جۆرج ئەو دەرکەیەی، کە بەسەر ئاشخانەکەدا دەکرایەوە، کردەوەو گازیکرد:- سام، دەققەیەك تا ئێرە وەرە.

دەرگای ئاشخانەکە کرایەوەو کاکەڕەش هاتە دەرێ و پرسی:- چییە؟.

دوو پیاوەکەی پشت پێشخوانەکە نیگایەکیان کرد.

ئال گوتی:- گوێ بگرە، کاکەڕەش، لە جێی خۆت بوەستە.

سامی ئاشچی کە بەرهەڵبێنە لەپشت وەستابوو، روانییە دوو پیاوەکەی پشت پێشخوانەکەو گوتی:- بەچاوان، قوربان.

ئال لەسەر چوارپایەکەی هاتەخوارێ. گوتی:- من دەگەڵ کاکەڕەش و ئەم کوڕە زرینگەدا دەچمە ناو ئاشخانەکە (موبەق.،) بگەڕێوە بڕۆ ناو ئاشخانەکە کاکەڕەش. تۆش لەگەڵیاندا بچۆ کوڕی زرینگ. کابرای ئەندام وردیلە بەدوای نیك و کاکەڕەش دا خۆی وە ئاشخانەکەدا کرد. دەرگاکەیان لێداخرا. ئەو پیاوەی کە ناوی ماکس بوو لە پشت پێشخوانەکەوە بەرانبەر جۆرج

دانیشـتبوو. نەیدەڕوانییـە جـۆرج. بـەڵکو دەیڕوانییـە ئـەو ئاوێنەیـەی کـە سەرانسـەری پشـت پێشـخوانەکەی تێدا دیـار بـوو. خوارنگـەی هنـری سـەردەمانێك مەیخانـە بـوو کـە پاشـان وەکـو ئێستایان لێکردبوو.

ماکس کە دەیڕوانییە ئاوێنەکە، گوتی:– ئێ، کوڕی باش، بۆ شتێك ناڵێی؟.

– ئەم کارانە مانای چییە؟.

ماکس بە دەنگی بەرز گوتی:– ئەهای ئال، ئەم کوڕە زرینگە دەیەوێت بزانێ ئەم کارانە مانای چییە؟.

دەنگی ئال لە ئاشخانەکەوە هاتە گوێ:– بۆچی خۆت پێی ناڵێی؟.

– خۆت چۆنی لێ دەگەی؟.

– نازانم.

– گوتم چۆنی لێ دەگەی؟.

– چوزانم.

– ئەهای ئال، زیتەڵە کوڕ بە تەمانییە بڵێ چۆنی لێ دەگات.

ئال، لەنێو ئاشخانەکەوە گوتی:– دەنگت باش دەژنەوم.

ئەو دەلاقەیـەی کـە قـاپی خـواردنی لێوە دەدرایە دەرێ بە شوشـەیەك ساسـەوە کردبووەوە. لـە ئاشخانەکەوە بە جۆرجی گوت:

– کەمێ بڕۆ ئەولاترەوە، ماکس، تۆش کەمێ بڕۆ لای چەپەوە.

لە وێنەگرێك دەچوو کە بیەوێت وێنەیەکی دەستەجەمی بگرێت.

ماکس گوتی:– بزانە چ دەڵێم کوڕی زرینگ. پێت وایە چ ڕوداوێك لە قەوماندایە؟.

جۆرج متەقی نەکرد.

مـاکس گـوتی:– کەواتـە گـوێ بگـرە، ئێمـە بەتـەماین کەسـێکی سـوێدی بکـوژین. سـوێدییەکی کەتەو زەلام بەناوی ئال ئەندرسون دەناسی؟.

– بەڵێ.

– چما هەموو شەوێك بۆ شێوخواردن نایەتە ئێرە؟.

– هەندێ جار سەردەدات.

– سەعات شەش نایەت؟.

– ئەگەر بێت با.

ماکس گوتی:– ئێمە هەموو ئەم هەواڵانە دەزانین، کوڕی باش. با باسـی شتێکی دیکە بکـەین. قەت دەچیتە سینەما؟.

– هەندێ جاران.

– پێویستە زیاتر بچیتە سینەما. سینەما بۆ کوڕێکی زیتەڵی وەکو تۆ زۆر شتی تیایە.

– بۆچی بەنیازن ئال ئەندرسون بکوژن؟ چی لەگەڵ کردوون؟.

– هیچی لەگەڵ ئێمەدا نەکردووە. تەنانەت نەشمان دیتووە.

ئال لە ئاشخانەکەوە گوتی:–

هەڵبەتە قەرارە تەنیا یەکجار بماندینێ.

جۆرج پرسی:– ئەدی بۆچی دەتانەوێ بیکوژن؟.

– لەبەر هاوڕێیەکەمان. هاوڕێیەکەمان داوای لێکردوین، کوڕی زرینگ.

ئال لە ئاشخانەکەوە گوتی:– دەمت داخە. خەریکە زیاد لەسەری دەڕۆیت.

– ئاخر پێویستە ئەم کوڕە زرینگە مژول بکەم. وا نییە کوڕی زرینگ؟.

ئال گوتی:– خەریکە قسەی زیاد دەکەی، ئەم کاکەڕەش و کوڕە زرینگەی لای من خەریکن خۆیان خۆیان مژول دەکەن. من هەردووکیانم وەکو دوو دەستەخوشکی دێر پێکەوە بەستووە.

– من دەڵێم خۆتیش ماوەیەك لەدێر بوویت.

– چوزانی؟.

– تۆ لە دێری جولەکاندا بویت. من دەیزانم.

جۆرج سەری هەڵبڕی و نیگایەکی سەعاتەکەی کرد.

– ئەگەر کەسێك ڕێی کەوتە ئێرە پێی دەڵێیت ئاشچییەکە بە مادونی ڕۆییوە، و ئەگەر هەرسوور بوو، بڵێ خۆت وە ژوور بکەوەو خواردن لێ بنێ. حاڵی بوویت، کوڕی زرینگ؟.

جۆرج گوتی:– باشە، ئەدی نیازتان وایە چ لە ئێمە بکەن؟.

ماکس گوتی:– وەزعەکە دەزانێ. دەبێ بزانین چ ڕوو دەدات.

جۆرج سەری هەڵبڕی و سەیرێکی سەعاتەکەی کرد. شەش و چارەك بوو. دەرگای سەر شەقامەکە کرایەوە. شوفێری ترامواییەك خۆی وە خواردنگەکەدا کرد. گوتی:– سڵاو جۆرج. شێوت هەیە؟.

جۆرج گوتی:– سام چوویتە دەرێ. نیو سەعاتی دی دەگەڕێتەوە.

شوفێری ترامواییەکە گوتی:– کەواتە دەچمە ئەو سەری شەقامەکە.

جۆرج ڕوانییە سەعاتەکە. شەش و بیست دەقیقە بوو.

ماکس گوتی:– چاکت بەڕێ کرد زیتەڵە کوڕ. بەتۆ دەڵێن پیاوی تەواو.

ئال لە ئاشخانەکەوە گوتی:– ئاخر دەیزانی کە مێشکیم دەپژان.

ماکس گوتی:– نە بابە، لەو جۆرە خەڵکانە نییە. ئەم زیتەڵە کوڕە ئاقڵە. کوڕێکی بەئاوەزە. من خۆشم دەوێ.

سەعات حەوت کەم پێنج دەقیقە بوو جۆرج گوتی:– ئیدی پەیدا نابێ.

تا ئێستا دوو کەسی دی هاتبوونە خوارنگەکەو ڕۆیشتبوون.

جۆرج کە چووبووە ئاشخانەکە تا سەندەویچی ژامبون و هێلکە دروست بکات و بیداتە دەست مشتەرییەك تا بیبات، ئال-ی لە ئاشخانەکەدا دیتبوو کە کڵاوە ڕەنگینەکەی بە پشتا بردبوو، لەسەر چوارپایەك-ی کەنار دەرکەکە دانیشتبوو، تفەنگەکەی کە دوو لولەکەیان کورت کردبۆوە لەسەر ڕەفەکە هەڵپەسارد بوو. نیك و ئاشچییەکەی لەسوچێکا بینی بوو کە پشتیانی نابوو بەیەکەوەو دەمی هەریەکێکیانی بەخاولییەك بەستبوو. جۆرج سەندەویچەکەی دروست کردبوو، لە کاغەزێکیەوە پێچابوو، لە زەرفێکی نابوو و هێنابووی و کابرا پارەکەی دابوویێ و ڕۆیی بوو.

ماکس گوتی:– تۆ زیتەڵە کوڕێکی هەمەکارەی. ئاشچێتی و زۆرکاری دی دەکەی. هەر کیژێك بکەوێتە بەر دەستی تۆ دەبێ بەژنێکی تەواو، زیتەڵە کوڕ.

جۆرج گوتی:– عەرزی خزمەتتان بێ کە ئال ئەندەرسون-ی دۆستتان تازە پەیدا نابێت.

ماکس گوتی:- دە دەققەیەکی دی چاوەڕوانی دەکەین.

ماکس روانییە ئاوێنەکەو سەعاتە دیوارییەکە. میلی سەعات حەوتی تەواوی نیشان دەدا. ئەوجا حەوت و پێنج دەققە.

ماکس گوتی:- وەرە ئال. باشترە بڕۆین. نایەت.

ئال لە ئاشخانەکەوە گوتی:- وا باشە پێنج دەققەی دیکەش سەبر بکەین.

دوای پێنج دەققە پیاوێك وە ژوورکەوت و جۆرج گوتی کە ئاشچییەکە نەخۆشە.

پیاوەکە گوتی:-

بۆ ئاشچییەکی دیکە ناگرن؟ کەواتە ئەم خواردنگەیە داخەن.و وەدەرکەوت.

ماکس گوتی:- وەرە ئال.

- تەگبیری ئەم دوو زیتەڵە کوڕەو کاکەڕەش چییە؟.

- ئێمە کارمان بەمانەوە نییە.

- بەم ئاسانییە؟.

- بەڵێ، بابە ئیدی چ کارێکمان لێرە نییە.

ئال گوتی:- من پێم خۆش نەبوو. تۆ ناتوانی دەمت بگری.

ماکس گوتی:- لە قەبری بابیان بەم. خۆ مرۆڤ ناتوانێ مۆن بکات و قوڕوقەپ دانیشێت.

ئال گوتی:- پێم گوتی کە تۆ ناتوانی دەمت بگری. لە ئاشخانەکە وەدەرکەوت. بارستایی تفەنگە دوو لوولە کورتکراوەکەی لەژێر کەمەری پاڵتۆ تەنگەکەیەوە دەبینرا. پاڵتۆکەی خۆی بەدەستە دەستکێش دارەکانی ساف کرد. بە جۆرجی گوت:- خوا حافیز. بەختێکی چاکت هەیە.

ماکس گوتی:- راست دەکات. بڕۆ لە پێشبڕکێیاندا گرێو بکە، زیتەڵە کوڕ.

هەردووکیان لە دەرکەکەوە چوونە دەرێ. جۆرج لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەکردن کە بەژێر عامودی کارەباکەدا رەت بوون و چوونە ئەوبەری شەقامەکە. بەو پاڵتۆ تەسك و کڵاوە رەنگینانەوە لە گروپی دوو نەفەری نمایشی کۆمیدی دەچوون. جۆرج لە دەرگا سپرینگدارەکەوە خۆی بە ئاشخانەکەدا کردو نیك و ئاشچییەکەی کردەوە.

سام-ی ئاشچی گوتی:- قەت حەز ناکەم بەڵای وام بەسەر بێت. قەت حەز ناکەم بەڵای وەهام بەسەردا بێت.

نیك هەستاو وێستا. هەرگیز خاولییان لە دەمی نەپەستابوو.

گوتی:- بڵێ بزانم، چ ناماقوڵییەکیان کرد؟ زۆر قسەی زلی دەکرد. هەوڵی دەدا خۆی شێلو نەکات.

جۆرج گوتی:- نیازیان وابوو ئال ئەندەرسون بکوژن. بە تەمابوون کاتێکە وەژوور دەکەوێ بۆ شێوخواردن بەر گوللەی بدەن.

- ئال ئەندەرسون؟.

- بەڵێ.

ئاشچییەکە بە دوو قامکان گۆشەکانی زاری پاك کردەوە.

پرسی:- هەردووکیان رۆیشتن؟.

جۆج گوتی:- بەڵێ، هەردووکیان ڕۆیشتن.

ئاشچییەکە گوتی:- حەز ناکەم شایەدی ئەم شتانە بم. بە هیچ جۆرێ حەز ناکەم شایەدی ئەم شتانەبم.

جۆرج بە نیک-ی گوت:- گوێ بگرە. وا چاکە بچی بۆ لای ئال ئەندەرسون.

- لاریم نییە.

سام-ی ئاشچی گوتی:- من ڕام وایە کارت بەم کارانەوە نەبێ. من دەڵێم دەست بە کڵاوی خۆتانەوە بگرن.

جۆرج گوتی:- ئەگەر حەز ناکەی مەڕۆ.

ئاشچییەکە گوتی:- خۆتان تێکەڵی ئەو کارانە مەکەن کە بە هیچ کوێڕا ناگات. دەست بە کڵاوی خۆتانەوە بگرن.

نیک بە جۆرج-ی گوت:- ماڵی لە کوێیە، من دەچمە سۆراخی.

ئاشچییەکە ڕووی وەرگێڕا.

گوتی:- تەنانەت منداڵانیش ئەم شتانە دەزانن.

جۆرج بە نیک-ی گوت:- لە یەکێك لە ژوورەکانی سەرەوەی میوانخانەی هیرشدا دەژی.

- دەچم بۆ ئەوێندەر.

لە دەرێ را ڕوناکی گڵۆپی بانیژەیەك لە نێو لق و پۆپی ڕووتی درەختێکەوە دەدرەوشایەوە. نیک ملی شەقامەکەی گرت و بە پیاسە بە کەناری هێڵی ئاسنی تراموایەکەدا ڕۆیی و کە گەییە یەکەمین عامودی کارەبا خۆی وە شەقامێکی لاوەکیدا کرد. قاتی سێیەمی میوانخانەی هیرش بوو.

نیک دوو پلە سەرکەوت و دەستی بە زەنگەکەدا نا. ژنێك هاتە بەردەرگا.

- ئال ئەندەرسون لێرەیە؟.

- کارت پێیەتی؟.

- بەڵێ، ئەگەر لەماڵەوە بێ.

نیک بە دووی ژنەکەدا پلەیەکی دی سەرکەوت و ئەوجا گەییە کۆتایی ڕاڕەوێك. ژنەکە لە دەرکەیدا.

- کێیە؟.

ژنەکە گوتی:- یەکێك هاتۆتە دیدەنیت ئاغای ئەندەرسون، ناوی نیك ئادامزە.

- وەرە ژوورێ.

نیک دەرکەکەی ڤەکردو وە ژوورکەوت. ئال ئەندەرسون بەجلەوە لەسەر تەختەکەی ڕاکشابوو. زوو لە بواری کێشی قورسی بۆکسێن دا خەڵاتی وەرگرتبوو. تەختەکە لە باڵای کورت تربوو. دوو پشتی لە ژێر سەریدا بوو. نیگای نیک-ی کرد. پرسی:- چی بووە؟.

نیک گوتی:- من لە خوارنگەی هنری بووم. دوو نەفەر هاتنە ژوورەوەو من و ئاشچییەکەیان بەستەوەو گوتیان دەیانەوێت تۆ بکوژن.

قسەکانی پێکەنیناوەر دەهاتنە بەرچاو. ئال ئەندەرسون هیچی نەگوت.

نیک لەسەری ڕۆیی:- ئێمەیان بردە ئاشخانەکەوە. بەتەمابوون کە بۆ شێوخواردن هاتیتە ژوورەوە، بە گوللە بتکوژن.

ئال ئەندەرسون ڕوانییە دیوارەکەو هیچی نەگوت.

- جۆرج گوتی کە بێم بۆ ئێرەو ئاگادارت بکەمەوە.

ئال ئەندەرسون گوتی:- من ناتوانم پێشیان بگرم.

- دەتەوێ پێتان بڵێم کە چۆن قەدو قەلافەتێکیان هەبوو؟.

ئال ئەندەرسون گوتی:- نامەوێ بزانم چ قیافەیەکیان هەبوو.

ڕوانییە دیوارەکە- مەمنونم کە هاتی و هەواڵت دامێ.

- ببوورە من کارێکم نەکردووە.

نیک ڕوانییە ئەو پیاوە توندو تۆڵەی کە لەسەر تەختەکە ڕاکشابوو.

- ناتەوێ بچم خەبەری پۆلیس بدەم؟.

ئال ئەندەرسون گوتی:- نەخێر، فایدەی نییە.

- کارێ خزمەتێ بەمن دەکرێ؟.

- نەو، هیچ کارێك ناکرێت.

- ناشێ فشەیان کردبێ؟.

- نەخێر، فشەیان نەکردووە.

ئال ئەندەرسون ڕووەو دیوارەکە تلی دا.

ڕووەو دیوارەکە گوتی:- قۆڕی کار لەمەدایە کە ناتوانم عە\زمم جەزم بکەم و بچمە دەرەوە. لە بەیانییەوە تا ئێستا لێرەم و پێم نەچۆتە دەرێ.

- چۆنە لەم شارە بڕۆیت.

ئال ئەندەرسون گوتی:- نەخێر، لە دەربەدەری و ئاوارەیی بێزاربووم.

ڕوانییە دیوارەکە.- ئیدی چ کارێك ناکرێت.

- ناکرێ مەسەلەکە بەشێوەیەك لە شێوەکان حەل و فەسڵ بکەی؟.

بە هەمان دەنگی یەکدەست گوتی:- نەخێر، من کارێکی نادروستم کردووە. هیچ چارێکی ناکرێ. ڕەنگە چەند دەققەیەکی دیکە هەستم و بچمە دەرێ.

نیک گوتی:- کەواتە منیش دەچمەوە بۆ لای جۆرج.

ئال ئەندەرسوون گوتی:- خوا حافیز، ڕوانییە نیک.- مەمنونم کە هاتی بۆ ئێرەو ئەزیەتت کێشا.

نیک وەدەرکەوت. کە دەرکەکەی دادەخست ئال ئەندەرسون-ی بینی کە ڕووەو دیوارەکە، بەجلەکانییەوە لەسەر تەختەکە ڕاکشاوە.

ژنە میوانخانەچییەکە لە قاتی خوارەوە گوتی:- لەبەیانییەوە تا ئێستا لە ژوورەکەیدایە. پێم وایە حاڵی باش نەبێ. پێم گوت، ئاغای ئەندەرسون هەستە بڕۆ دەرێ لەم هەوا خۆشەی پاییزدا پیاسەیەك بکە، لێ پێدەچوو تاقەتی نەبێ.

- بەتەما نییە بچێتە دەرێ.

ژنەکە گوتی:–زۆرم پێ ناخۆشە کە حاڵی باش نییە. پیاوێکی زۆر چاکە. دەزانی سەردەمانێ بۆکسەربووە.

– دەزانم.

ژنەکە گوتی:– مرۆڤ کە سەیری دەموچاوی دەکات ئەمەی بۆ دەردەکەوێ.

لەنێو دەرگاکەدا وێستابوون و قسەیان دەکرد:– با ئەوەشت پێ بێژم کە بنیادەمێکی نەجیبە.

نیک گوتی:– باشە، خواحافیز هیرش خانم.

ژنەکە گوتی:– من هیرش خانم نیم، هیرش خانم خودانی ئێرەیە. من تەنیا کاروبارەکانی ئێرەی بۆ بەڕێوەدەبەم. من نێوم بیل خانمە.

نیک گوتی:– باشە، خوا حافیز بیل خانم.

ژنەکە گوتی:– خواحافیز.

نیک ملی شەقامە لاوەکییە تاریکەکەی گرتەبەر تا گەییە گڵۆپەکەی سیلەی شەقامەکە. ئەوجا بەکەنار هێڵی ئاسنی ترامواپەکەدا رۆیی و خۆی وە خواردنگەی هنری دا کرد. جۆرج لە پشت پێشخوانی خواردنگەکە بوو.

– ئال–ت بینی؟.

نیک گوتی:– بەڵێ، لە ژوورەکەی خۆیدا بوو، گوتی ناچمە دەرێ.

کە ئاشچییەکە گوێی لە دەنگی نیک بوو، دەرکەی ئاشخانەکەی کردەوە. گوتی:– من هەر گوێیش ناگرم.و دەرکەکەی داخست.

جۆرج پرسی:– مەسەلەکەت پێی گوت؟.

– هەڵبەتە پێم گوت، بەڵام خۆی ئاگای لە هەموو شتێکە.

– بەتەمایە چ بکات؟.

– هیچ.

– ئاخر دەیکوژن.

نیک گوتی:– منیش پێم وایە.

– بێگومان کە لە شیکاگۆ بووە کەتنێکی کردووە.

نیک گوتی:– پێم وایە.

– کەتنێکی خراپ و چەپەڵ بووە.

– کەتنێکی زۆر چەپەڵ بووە.

چ قسەیەکیان نەکرد. جۆرج دەستی درێژکردو خاولییەکی هەڵگرت و پێشخوانەکەی پاک کردەوە.

نیک گوتی:– نازانم چ کەتنێکی کردووە.

– بێگومان خیانەتی لە کەسێك کردووە، دەستی بڕیوە. لەسەر ئەو شتانەیە کە ئەمانە پیاو دەکوژن.

نیک گوتی:– من واز لەم شارە دێنم و دەڕۆم.

جۆرج گوتی:– بەڵێ، کارێکی چاك دەکەی.

- من تەحەمولی ئەوە ناکەم ببینم کەسێك لە ژوورەکەی خۆی دانیشتووەو چاوەڕوانە بێن سەری بە گۆما بکەن. زۆر ترسناکە.

جۆرج گوتی:- باشە، چاکتر وایە هەر بیری لێ نەکەیتەوە..

**هەڵسەنگاندنی چیرۆکی پیاوکوژان**

**نووسینی: کلینت بروکس/ رۆبرت بن ڤارن**

سەبارەت بە تەكنیكی ئەم چیرۆكە پێویستە پەنجە بخرێتە سەر چەند خاڵێكی رۆشن. چیرۆكەكە دابەش كراوە بەسەر یەك دیمەنی درێژو سێ دیمەنی كورتدا. لە راستیدا رەوتی چیرۆكەكە بەجۆرێ لە دیمەنێن جیاواز پێكهاتووە كە ئەو مەیلەو پردانەی كە دیمەنەكان پێكەوە دەبەستێ لە سێ- چوار رستە تێ ناپەڕن. شێوەی گێڕانەوەی چیرۆكەكە بابەتییەو هەر هەموو زانیارییەكان بە كۆمەڵێ گفتوكۆی سادەی ریالستی بەدەستەوە دەدرێ. لە دیمەنی یەكەمدا كەشف بوونی ماموریەتی تاوانكاران بە چەند وردەكارییەكی گرینگ ئەنجام دەدرێ:

ئەو حەقیقەتەی كە تاوانكاران بە دەستكێشەوە خواردن دەخۆن (تا جێ پەنجەیان دەرنەكەوێت)، ئەو حەقیقەتەی كە چاو لە ئاوێنەی پشت پێشخوانی بارەكە ناگوازنەوە، و ئەو حەقیقەتەی كە پاش بەستنەوەی نیك و ئاشچییەكە، تاوانكارە تفەنگ بەدەستەكە، لەپشت دەركەی ئاشخانەكەوە، جێی دۆستەكەی خۆی و جۆرج وەكو (وێنەگرێك كە بیەوێ وێنەیەكی دەستەجەمی بگرێت) رێك دەخات، هەر هەمووی بەر لە روون بوونەوەی سروشتی تایبەتی ماموریەتی تاوانكارەكان نیشان دەدرین.

وردبوونەوە لە تەكنیكی (پیاوكوژان) كۆمەڵە خاڵێكی دیكە روون دەكاتەوە، یەكێك لەم خاڵانە وەستایی و مەعلانییە لە لێكدان و دروستكردنی چیرۆكەكەدا، خاڵێكی دیكە ئەو وردەكاری و دیققەتەیە كە بەكاربراوە تا بە كۆمەكی شۆخی و سوعبەتێن تاوانكارەكانەوە، حاڵەتی چاوەڕوانی لە دیمەنی یەكەمدا بە پایەداری وەمێنێ و پاشان لە دیمەنی دووەمدا بچێتە ئاستێكی دییەوە. ئەم خاڵانە هەرچەندە بایەخی خۆیان هەیە، لێ وەڵامی ئەم پرسیارەیان پێ نییە كە لای خوێنەر دروست دەبێت، واتە ئەم چیرۆكە دەربارەی چییە؟

بایەخی وەڵامی سەرڤەسەرڤەی ئەم پرسیارە ئەوەمان بۆ روون دەكاتەوە كە خوێنەرێك لە هەوەڵەوە وا هەست دەكات كە (پیاوكوژان) هەر لە دیمەنی یەكەمدا تەواو دەبێ و دەبڕێتەوە. یان بە وتەیەكی وردتر، دیمەنی یەكەم بە روونی خۆی نانوێنێ یان (پەیامێكی) نییە. خوێنەرێكی دی لەوەیە وا بزانێ كە دیمەنی یەكەم لە هەقیقەتدا سەرەتایە كە بۆ دیمەنی دواتر كە لەوێدا ئال ئەندەرسون هەوڵ نادات لە دەستی تاوانكاران هەڵێ، بەپێچەوانەوە دەیەوێ بەر لە (دەربەدەری) خۆی بگرێت. ئەم خوێنەرە هەستدەكات كە دەبێ چیرۆكەكە لە هەمان شوێندا كۆتایی بێت. پێی وایە ئەو چەند لاپەڕەیەی كۆتایی چیرۆكەكە زیادەو پێی سەیرە كە نووسەر بۆچی درێژەی بە چیرۆكەكە داوە. خوێنەری یەكەم لەوەیە وا تەسەور بكات كە (پیاوكوژان) چیرۆكی پۆلیسییە، واتە لەبەردەم چیرۆكێكی پڕ رووداوی وەهادایە كە خۆی نیشان نادات. خوێنەرەكەی دی كە وردترە (پیاوكوژان) بە چیرۆكی ئال ئەندەرسون لێكدەداتەوەو دەزانێ، هەرچەندە لەوەش سەراسیمە دەبێ كە چیرۆكەكە تا ئەم ئەندازەیە بە تەرزی ناراستەوخۆ دەگێڕدرێتەوەو بەپچڕپچڕی بەردەوام دەبێ. بەگوتەیەكی دیكە، ئەم خوینەرە ئارەزوو و حەزی ئەوەی لا پەیدا دەبێ لە بری ئەو پرسیارەی كە ئەم چیرۆكە دەربارەی چییە، ئەم پرسیارە بكات كە (پیاوكوژان) چیرۆكی كێیە. واتە قارەمانی چیرۆكەكە كامەیە؟ جا لێرەدایە كە ئەم حەقیقەتەی بۆ دەردەكەوێ كە هەمینگوای نەویستوویەتی چیرۆكی پۆلیسی (تاوانكاران) دەربڕێ و نە چیرۆكی ئەندەرسون. بەڵكو ویستویەتی چیرۆكی شاگردانی خوارنگەكە پیشان بدات. تۆ سەرنجی دوا رستەێن

چیرۆکەکە بدە:

نیک گوتی: من واز لەم شارە دێنم. دەڕۆم.

جۆرج گوتی: بەڵێ، کارێکی چاک دەکەی.

- (من تەحەمولی ئەوە ناکەم ببینم کەسێك لە ژوورەکەی خۆی دانیشتووەو چاوەڕوانە تا بێن سەری بەگۆما بکەن. زۆر ترسناکە).

جۆرج گوتی: (باشە، چاکتر وایە بیری لێ نەکەیەوە).

بەمجۆرە، لەنێوان دوو شاگردەکەی خواردنگەکەدا، نیک کوڕێکە کە چیرۆکەکە کاریگەری بەسەر ئەوەوەیەو لەبەر ئەوەی جۆرج لەکاتی خۆیدا کەنارکەوتووەو هاتۆتەڕەدا، بۆیە لەراستیدا چیرۆکەکە چیرۆکی نیک-ە. لەلایەکی دیکەوە، چیرۆکەکە دەربارەی کەشفی چەپەڵییە. ئەم ناوەڕۆکە، لە روویەکەوە هەمان نێوەڕۆکی هاملیت یان نێوەڕۆکی (دەمەوێ بزانم بۆچی)ی شروود ئەندەرسن-ە.

ئاشکرایە کە نێوەڕۆکی چیرۆك، تەنانەت ئەگەر بەرواڵەت پەسەندیش بێ، دەبێ دەگەڵ وردەکارییەکانی بونیادی چیرۆکەکەدا بگونجێت و بسازێ. هەم لە هەڵسەنگاندن و هەم لە دەرکی چیرۆکدا، ئەو لێهاتووییەی کە بە هۆیەوە نێوەڕۆکی نێوبراو لە چیرۆکەکەدا چنراوە دەبێ مایەی سەرنج و بایەخدان بێ، دەبا دیقەتی دوا بەندی چیرۆکەکە بدەین:

جۆرج گوتی: (باشە، چاکتر وایە هەر بیری لێ نەکەیەوە).

و ئەم پرسیارە بخەینە ڕوو:

ئایا ئەم پەرەگراف یان بەندە، لە یەکەم نیگادا، هەندێ وردەکاری روون دەکاتەوە کە رەگ و هەوێنی لە واقیع دابێ؟

ئەگەر نێوەڕۆکی چیرۆکەکە بە کەشفی چەپەڵی و پیسی بزانین ئەوا ئەو وردەکاریانەی نێومان بردن لە چیرۆکەکەدا نیشانەو مانای خۆیان دەدۆزنەوە. تاوانکاران دەست و دەمی نیک- یان بەستووەو جۆرج ئازادی کردووە.

نیک هەستاو وێستا. هەرگیز خاولییان لە دەمی نەپەستابوو.

گوتی:( بڵێ بزانم، چ ناماقوڵییەکیان کرد؟ زۆر قسەی زلی دەکرد).

هەولی دەدا خۆی شێلو نەکات.

بەستنی دەست و زاری کەسێك کارێکە کە لە چیرۆکێن پۆلیسیدا دەبینرێ. بۆیە یەکەمین کاریگەری ئەم کارە هەستی هەڵچوونێکە کە کەم دابێژ حاڵەتێکی پیاوانە بە نیک-ی نەوجەوان دەبەخشێت.

(بەم جۆرە، دەشێت ئەم خاڵە شایستەی سەرنجدان بێ کە بڵێین هەمینگوای بە ئانقەست وشەی (خاولی) بەکار دەبات نەك وشەی گشتی (دەم بێن). چونکە وشەی (خاولی) هەم لەرووی هەستەوەرییەوە لە (دەم بێن) بالاترە، چونکە زبرەو ئاوی دەم وشك دەکات و زبری کاری تاوانکارەکان نیشان دەدات و هەم هەقیقەتی دەمبێن کە لە چیرۆکی پۆلیسیدا وێنەیەکە لێرەدا شێوەی واقیعی وەردەگرێ. نیشان دانی ئەم رووداوە" (هەرگیز خاولییەکیان لە دەمی نەپەستابوو)، بە نیشاندانی یەکێك لەو وردەکارییە واقیعییانە دەشکێتەوە کە رێی دوا کەشفی چیرۆکەکەمان پێ نیشان دەدەن.

شۆخی و سوعبەتی تاوانکارەکان دەربارەی چوونە سینەما، یەکێکی ترە لەم وردەکارییانە.

(پێویستە زیاتر بچیتە سینەما. سینەما بۆ زیتەڵە کوڕێکی وەکو تۆ زۆر شتی تیایە).

ئاماژەکردن بەچونە سینەما کە دووجاران لە چیرۆکەکەدا دێت و ڕێك پاش ئەوە دێت کە تاوانکاران کارێن خۆیان لە خوارنگەکەدا تەدارەك دیوە، حوکمی روونکردنەوەی ناراستەوخۆی لە چیرۆکەکەدا هەیە: خوێنەر لە هۆو شێوەی کاری تاوانکارەکان ئاگادارە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم ئاماژانە لە ئاستێکی دیدا، ئەوە دەردەخات کە پێکدادانی ناواقیعی چیرۆکێن سامناکی سینەماکان لە حەقیقەتەکانی دەوروبەری ئێمەوە وەرگیراون.

ئەو کوڕەی کە تاوانکارەکە قسەی دەگەڵ دەکات لە قسەکانی دەربارەی سینەماو چوونە سینەما حاڵی دەبێت، بۆیە خێرا دەپرسێت:

(بۆچی بەنیازن ئال ئەندەرسون بکوژن؟ چی لەگەڵ کردوون؟)

و تاوانکارەکە وەڵامی دەداتەوە:

(هیچی لەگەڵ ئێمەدا نەکردووە، تەنانەت نەشمان دیتووە).

بەمجۆرە، کابرای تاوانکار ئەو هەلومەرجە قەبوڵ دەکات کە تێدا دەژی. تەنانەت شانازی بەو هەلومەرجەوە دەکات کە جیهانی شارۆچکەکەی دەوروبەری ئەو بەرز دەکاتەوە. کابرای تاوانکار لەسایەی ڕێسایەکدا زنەگی دەکات کە لە مەسەلەێن وەکو دۆستایەتی و دژمنایەتی شەخسی بالاترە. ئەم ڕێسا ناواقیعییە (ناواقیعیی بەو بەڵگەیەی کە توخمێن شەخسی و ئاسایی ژیان نەفی دەکات) وەکو دەم بێنە کە لەپڕ شێوەی واقیعی وەردەگرێت. ئەم چۆنیەتییە ناواقیعی و نمایش ئاسایە لەوەسفی تاوانکارەکاندا کە خوارنگە بەجێ دێڵن ڕەنگ دەداتەوە. بەژێر عامودی کارەباکەدا تێدەپەڕن و دەڕۆن بۆ ئەو بەری شەقامەکە:

بەو پاڵتۆ تەسك و کڵاوە ڕەنگینانەوە لە گروپی دوو نەفەرەی نمایشی کۆمیدی دەچوون.

ناواقیعیەت تەنانەت دزەی کردۆتە ناو گفتوگۆکانیانیشەوە. ئەم گفتوگۆیانە پڕن لە حاڵەتی بێ گیان و هەرزە وێژی و سوعبەتێن گەوجانەی ئەوان. لەڕوویەکەوە، بەراوردی دوو تاوانکارەکە لەگەڵ گروپی نمایشی کۆمیدیدا، پوختەیەکی ئاشکرای ئەو وردەکاریانەیە کە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ نمایشی پیشان دراون. لە ڕوویەکی دییەوە چۆنییەتی تاقەتبەرو دەستکردانەی سوعبەت و شۆخی تاوانکارەکان ئاماژەیەکی ترسناکی گرتۆتەخۆ، ئاماژە بۆ پیشەی بەڕێکەوتی ئەوان کە بەلای کوڕەکەوە دڵتەزینەو لەلای ئەوان وەکو هەر پیشەیەکی دی بەکارێکی ئاسایی دێتە ژماردن. تاوانکارەکان حەقارەت ئامێزو تاقەت بەرن و بینەری ناشی و بێ تەجرەبەش هەستیان پێدەکات. گواستنەوە لە جیهانی دەستکردی فیلمێن ترسناکەوە بۆ جیهانی واقیعی مرۆڤ دەهەژێنێ. لێ خاڵی هەژێنەرتر بەلای نیك-ەوە ئەم حەقیقەتەیە کە ئال ئەندەرسون، واتە ئەو کەسەی بەدوایەوەن تا بیکوژن، شتەکە ئاسایی وەردەگرێت. ئال ئەندەرسون سەبارەت بەو هەواڵانەی کە نیك بۆی هێناون زۆر بێ موبالات و خەمساردەو هیچ کاردانەوەیەك نیشان نادات: خەبەری پۆلیس نادات، هەڕو گیڤی تاوانکارەکان بە فشە نازانێ و لەشار نارەڤێ، کوڕەکە (نیك) دەپرسێت:

(ناکرێت مەسەلەکە بەشێوەیەك لەشێوەکان حەلوفەسڵ بکەی؟!)

- (نەخێر، من کارێکی نادروستم کردووە.)

وەکو چۆن پێشتر دیقەتمان دا، ڕەنگە پەیامی چیرۆکەکە بۆ خوێنەرێك لەهەمان جێگەدا پەنهان بێ و چیرۆکەکە بەلای ئەوەوە تەواو بووبێ. ئەگەر بمانەوێ ئەم بابەتە خوێنەرە قەناعەت پێ بکەین کە کاری درێژەپێدانی چیرۆکەکە لەلایەن نووسەرەوە کارێکی بەجێیە، دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە:

بایەخی ئەو ڕووداوە لاوەکییە ئارامەی کە بەرواڵەت لێك دابڕاوەو پاشتر دێت چییە؟ بەگوتەیەکی دی، گفتوگۆ دەگەڵ بیل خانمدا چ کارێك لە چیرۆکەکەدا ئەنجام دەدات؟

ڕەنگە بگوترێت کە بیل خانم کارێکی ڕونکاری ئەنجام دەدات کە تۆزێ دواتر پیشاندراوە یان تەنانەت بیل خانم کە هاوسۆزی دەرهەق بە ئال ئەندەرسون دەردەبڕێ، کە بەڕای ئەو (پیاوێکی زۆر چاکە) ویستویەتی بەوە شتێك بخاتە سەر چیرۆکەکە. لێ ئەم وەڵامە خوێنەری هۆشیار ڕازی ناکات و هەقی خۆیەتی ئەم ڕونکردنەوەیە ڕەفز بکات. بیل خانم، لە هەقیقەتدا، هەمان دەرگاوانی دەروازەی دۆزەخە لە نمایشنامەی مەکبس دا. ئەو جیهانی ئاساییە کە ئێستا لەبەر ئەوەی کە ڕەوتی ئارامی خۆی درێژە پێدەدا هەژێنەرە. ئال ئەندەرسون لەڕوانگەی بیل خانمەوە، وێڕای ئەم حەقیقەتەی کە لە کاری بۆکسێن دا بووە، تەنیا پیاوێکی چاکە. دەبێ بچێتە دەرێ و لە ڕۆژێکی وەها خۆش و جواندا پیاسە بکات. ئەو ئاماژە بۆ فەردیەتی ئاسایی ئال ئەندەرسون دەکات کە کەوتۆتە بەرانبەر خواستێن ڕێسایێن بێ ڕوح و گیان. وێڕای ئەوەی کە ترسی ناواقیعی فیلمێن ترسناکی سینەمایی شێوەی واقیعی وەرگرتووە، وێڕای ئەوەی نێچیرەکە لە قاتی سەرێ و لەسەر تەختەکەی ڕاکشاوەو دەکۆشێت لە جێ هەستێ و بڕواتە دەرێ، لێ بیل خانم هەر بیل خانمە. ئەو هێرش خانم نییە، هێرش خانم خودانی میوانخانەکەیە. بیل خانم میوانخانەکە دەگێڕێت و بەم شێوەیە کارێکی دە ئەستۆیە، ئەو بیل خانمە.

نیك لە ئاستانەی دەرگای میوانخانەکەدا تووشی بیل خانم بووە– جیهانی ئاسایی لەو ڕووبەڕووبوونەوە تەنز ئامێزەدا کە ئەم دیمەنە نیشانی دەدات ئاگادارە. نیك لە گەڕانەوەیدا بۆ خواردنگەکە دەگەڕێتەوە ناو دیمەنی پێشین" دیمەنێك کە لە بەزاندنی ترس ئاگادارە. ئێرە هەمان خواردنگەیە بەهەمان جۆرج و هەمان ئاشچییەوە کە مژولی ئەنجامدانی ئەرکی خۆیانن. ئەوان، بەپێچەوانەوەی بیل خانمەوە، دەزانن چی ڕوویداوە.

لەگەڵ ئەمەشدا، تەنانەت ئەوانیش بەدەگمەن لەکاری ڕۆژانەی خۆ غافڵ بوون. جۆرج و ئاشچییەکە دوو لایەنی جۆراو جۆرو جیاوازی کاردانەوە دەرهەق بەڕووداوێك نیشان دەدەن و دەنوێنن. ئاشچییەکە لە سەرەتادا نەیویستووە بەشداری تێدا بکات و کاتێ کە دەنگی نیك لە گەڕانەوەدا دەژنەوێ دەڵێت:

– (من هەر گوێش ناگرم).

و دەرگاکە دادەخات.. جۆرج کە پێشتر پێشنیازی کردبوو نیك بچێت ئەندەرسون ببینێ و گوتبووشی: (ئەگەر حەز ناکەی مەڕۆ). پاش گەڕانەوەی نیك، دەڵێت: (کەتنێکی زۆر چەپەڵ بووە).و بەمجۆرە جۆرج–ش لە ڕوویەکەوە ڕێساکەی پەسند کردووە، کاتێك کە نیك دەڵێت: (نازانم چ کەتنێکی کردووە).

جۆرج بەتۆنێك کە دەڵێی دەنگدانەوەی دەنگی سەرڤەسەرڤەی تاوانکارانە دەڵێت: (بێگومان خیانەتی لە کەسێك کردووە. لەسەر ئەو شتانەیە کە ئەمانە پیاو دەکوژن).

رووداوەکـە بـەلای ئاشپەزەکەشـەوە ئەوەنـد هەژێنـەرو بەسـامە کـە ئاسایشـی ئـەوی خسـتۆتە مەترسـییەوە. جـۆرج ئاگـاداری ئاماژەکـانی دیکەشـە" لەگـەڵ ئەمەشـدا هـەقی بەسـەریانەوە نییـە. بەمجۆرە رووداوی نێو براو نەبۆ جۆرج دەکاتە کەشفی چەپەڵی و کەتن نە بۆ ئاشچییەکە. ئەم کەشـفە تـەنیا بـۆ نیـك دێتـە دی چونکە ئـەو هێشـتا فێـر نـەبووە کـە ئـەزموون و دەرس و پەنـدی کەسێکی تەمەنداری وەکو جۆرج بەدەست بێنێ:

- (باشە، چاکتر وایە هەر بیری لێ نەکەیەوە).

باسـەکەمان دەربـارەی (پیـاوکوژان) تـا ئێرۆکانـە بوونیـادی چـیرۆکەکەو پەیوەنـدی نێـوان رووداوەکان و هەروەها روانینی قارەمانەکانی گرتۆتە خۆ. بەڵام هێشتا پرسیارێن گرینگش بێ وەڵام ماوەتەوە:

روانینی هـەمینگوای سەبارەت بەمادەی کارەکەی چییە؟ ئەم روانینـە چـۆن خـۆی دەنوێنێ و گوزارشتی خۆی دەدۆزێتەوە؟ رەنگە ئەگەر سەرنجێکی خێرای ئەو رووداوو قارەمانانە بدرێ کە هـەمینگوای مامەڵـەی لەگەڵـدا کـردوون، وەڵامێکـی سـادەی ئـەو پرسـیارانە بـە دەسـتەوە بـدات. زۆربـەی رووداوەکـان دژوارو زبـرن: جیهـانی بـێ سـەروبەری مـەیل و ئـارەزووی سێکسـی و مـەیخۆری بـێ مـەرزو سـنوور لـە هـەتاو هەڵدێتـەوە؟ جیهـانی ئاڵۆزو تونـدو سـەختی جـەنگ لـە ماڵاوایی لە چەکدا، زەنکی مەرگی کێ لێدەدرێ، یا (ئەو رێیەی کە تۆ نایگریتە بەر.)" جیهانی خەتەرناك و هاروژێنەری گابازی لە هەتاو هەڵدێتەوەدا، مەرگی پاش نیوەرۆ، (لەپێ نەکەوتوو)و (پەنجادانە هـەزاری)" جیهانی تاوانباری (پیاوکوژان)، هـەبوون و نـەبوون، یا (قوماربـاز، راهیبـەو رادیـو) مرۆڤانی نموونـەی بەرهـەمێن هـەمینگوای بـەزۆری خـەڵکانی سەرسـەختن و لـەو جیهانـە دژوارەدا کە دەژین تەجروبەیان هەیەو بەرواڵەت بێ هەستن: ملازم هنری لە ماڵاوایی لە چەکدا، راوچییەکە لە (بەفرێن کلیمانجارو)، روبرت جردن لە زەنگی مەرگی کێ لێدەدرێ یان تەنانـەت ئەندەرسون-ش لەو بابەتە کەسانەن. ئەمانە لە هەمان کاتدا خەڵکانی شکست خواردوون، لەگەڵ ئەمەشـدا لەسـایەی هـەمان شکسـتدا هـەوڵیان داوە شـتێك نـەجات بـدەن. لێـرەدا ئـەو رووداوو خەڵکانـە دەبیـنین کـە لـە تەبیعـەتی خـودی هەمینگوایـەوە نـزیکن: خـەڵکانی نـاو بەرهەمـەکانی هـەمینگوای لە دەرێی هەلومەرجی خۆیاندا شکستیان نەخواردووە" هەندێکیان تەنانەت لەگەڵ شکسـتدا نـەردی ئەشـق و خۆشەویسـتیان دۆڕانـدوەو ئەوانـە بەیـەقین لـە ناوجەرگـەی شکسـتی خۆیانـدا، جیهـانی دڵخـوازی خۆیـان، چ بـە سـازگاری و چ بـەنا سـازگاری دروسـت کـردووەو لەسـایەیدا ژیـاون. گۆشـەنیگای هـەمینگوای لـە روویەکـەوە، لـە گۆشـەنیگای (رابـرت لـوییس استینفسـن) دەچێت کە باوەڕی وایـە ئـەو جیهانـەی ئێمـە تیایدا دەژیـن ترسـناك و بـێ مانایـە. خەڵکانی ناو بەرهەمەکانی هەمینگوای بەلای کەمەوە دەست دەدەنە هـەوڵێکی بوێرانە تا جیهانی خۆیـان لـە ئـاڵۆزی و بـێ مانـابوون رزگـار بکـەن. هەوڵـدەدەن بـێ سـەرو بـەری ژیـانی خۆیـان بەشێوەیەك لە شێوەکان ریك بخەن، واتە ماقوڵیەت بەژیانی خۆیان بدەن و لە هەراو هەنگامە رزگاری بکەن. تەکنیکی کاری گابازی یان وەرزشوان، نەزمی کاری سەرباز، رێسای تاوانکار، لەگەڵ هـەموو قەساوەت و نامرۆڤانی بوونێکیاندا، بنەمای ئەخلاقی خۆیان هەیە. (ئەندەرسون بـێ ئـەوەی چـارە بەیەکـدا بـدات دەرمانەکـەی خـۆی هەڵـدەدا، مەکسـیکییەکەی نـاو چـیرۆکی (قوماربـاز، راهیبـەو رادیـو) کـە لـە حـاڵی مـەرگ و گیانەڵادایـە، هـیچ ئیعترازێك ناکـات هەرچـەندە

پۆلیسەکە پێی دەڵێ: (مرۆڤ دەتوانێ بەشانازییەوە روو بەڕووی دوژمن بوەستێ) بەم شێواز یان نەزم یان ڕێسایەوە ناتوانرێ جیهان رام بکرێ بەڵام دەکرێ بە پابەندی سەبارەت بەوانەوە بە جورئەتەوە لە شکستدا پێیان بگەی. پێشتر گوتمان کە خەڵکانی نموونەی ناو بەرهەمەکانی هەمینگوای سەرسەخت و بەڕواڵەت بێ هەستن، لێ بەرواڵەت بێ هەستن" چونکە وەفاداری و پابەندی بەرێسا بە نەزمەوە، پێدەچێت ئاماژە بێ بۆ هەستەوەرییەك کە کەسەکان وای لێ دەکات جار جارێ حاڵی نالەباری خۆیان ببینن. لە هەندێ ساتدا، بەتایبەتی لە ساتی نیگەرانی دا، بەبۆچوونی هەمینگوای ئەم خەڵکە سەرسەختە، ئەم مرۆڤە پەیڕەوی ڕێساو نەزمەو بەراستی ئاگاداری تراژیدی دەبێت. قارەمانی هەمینگوای ئەوە فێربووە کە تاقە ڕێگەیەك کە مرۆڤ بتوانێ شانازی بەفەردییەتی خۆیەوە بکات و سەربەرزانە ڕووبەڕووی هەراو هەنگامەی دڕندانەی جیهان بوەستێتەوە و بیگەیەنێتە جۆرە نەزمێکی مرۆڤانە ئەوەیە کە لە سایەی ڕێسایەکدا بژی کەخۆی دایڕشتووە.

قارەمانانی هەمینگوای لە دەربڕینی پێگەو حاڵی خۆیاندا پەنا وەبەر چەنەبازی و قسەی زل نابەن بەڵکو بەشێوەیەکی تەنزئامێز هەقیقەت پەنهان دەکەن. ئەم پەنهان کردنەی حەقیقەتە کە زادەی پێکدادانی سەرسەختی و حەساسیەتە، کە زادەی کارلێکی توندی و حەساسیەتە لایەنێکی شێوەی چیرۆکنووسینی هەمینگوای نیشان دەدات. ئەمە جگە لەوەی کە لە شکستی قارەمانانی هەمینگوای دا سووکە سەرکەوتنێکیش بەرچاو دەکەوێ، لە دنیای کێوی و دژواری ئەوانیشدا سووکە حەساسیەتێك دەبینرێ. ئەم خاڵە پێگەی سەراپا نائومێدی و قارەمانانی سەراپا نائومێد-ی چیرۆکەکانی ئەو دەخاتە روو، ئەندەرسون یەکێکە لەو قارەمانانە. هیچ گلەییەك ناکات، ئاخ و ئۆف ناکات، دەرمانەکەی خۆی بەهێمنی دەخوات لێ چیرۆکی ئەندەرسون لەناو چیرۆکێکی گەورەتردا پەنهانە، چیرۆکێك بەدەوری نیك دا دەسوڕێتەوە. جا با بزانین نیك ئادامز لە چ شوێنێکی ئەم جیهانەی هەمینگوای دایە؟ هەمینگوای بناغەی ئەو پێگەیەی کە دەیەوێت نیشانی بدات لەسەر دوو ئاستی چیرۆکەکە بینا دەکات: لە ئاستێکی چیرۆکەکەدا، مرۆڤێك هەیە کە قۆناغی ئاشنایی رەت کردووەو ڕێسایان نەزمی خۆی لەناو جیهانێکدا هەڵبژاردووە کە جگە لەوە چارێکی دیکەی نییە. لە ئاستێکی دیکەدا، رەت بوون بەقۆناغی ئاشنایی، قۆناغی کەشفی پیسی و بێ نەزمی و یەکەمین هەنگاوێن ڕێگەی گەییشتن بە نەزمی فەردی، دەست پێدەکات، جا حیکایەت و چیرۆکی نیك لێرەدایە.

گوتمان کە قارەمانی نموونەی بەرهەمێن هەمینگوای سەرسەخت و بەڕواڵەت بێ هەستە. ئەم قارەمانە لەهەمان کاتدا سادەشە. ئەو فاکتەرەی کە هەمینگوای بەرەو سادەیی کێشاوە هەمان فاکتەرە کە شاعیرێکی رۆمانتیکی وەکو (وردزورث)ی بەرەو سادەیی بردووە. (وردزورث) هەستی دەکرد کە ئەو گوندییان یان منداڵە سادانەی کە لە زۆربەی شیعرەکانیدا بەدی دەکرێن لە کاردانەوەی خۆیاندا لە مرۆڤی پێگەییوو زانیارترو راستگۆتر و شاعیرانە ترن. جا لەبەرانبەر گوندییانی نموونەی بەرهەمێن وردزورثدا، لە چیرۆکەکانی هەمینگوای دا گاباز، سەرباز، شۆڕشگێڕ، وەرزشوان و تاوانکار دەبینین، هەروەها لەبەرانبەر منالانی بەرهەمێن وردزورثدا، نەوجەوانانی وەکو نیك دەبینین.

جیاوازی سەرەکی نێوان ئەم دوو هونەرمەندە پەیوەستە بە جیاوازی جیهانی ئەوانەوە. جیهانی هەمینگوای لەچاو جیهانی سادەو بێ رتووشی وردزورث، ئاڵۆزترو سەختترە" بۆیە حەساسیەتی قارەمانانی هەمینگوای لەرووبەڕووبوونەوەی سروشتی جیهانی ئەودا بەرچاوی ترە. ئەم بابەتە لە بەرهەمێن هەمینگوای تەنزێك دەخولقێنێ کە لەبەرهەمێن وردزورثدا بەرچاو ناکەوێت. هەمینگوای بەم کارەی حەساسیەتی نێو براو کەم بایەخ دەنوینێو بەیاسای سەرسەختی پەردەپۆشی دەکات، واتە لە قاڵبی سەرسەختی دەگرێت. گرترود ئەستاین دەربارەی بەرهەمێن هەمینگوای گوتویەتی:

(هەمینگوای کەم رووترین، مەغرورترین و شیرینترین چیرۆکبێژی چیرۆکێن دڵخوازی منە).

ئەستاین بەدەستەواژەی (کەم روو) بەئاشکرا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەمینگوای سوودی لە تەنزو پەنهانکردنی حەقیقەت وەرگرتووە. قارەمانانی نموونەی بەرهەمێن هەمینگوای حەساسن، بەڵام تەئکید لەسەر حەساسیەتەکەیان ناکرێت" رەنگە شایستەی بەزەیی بن، بەڵام هیچ کاتێك لە هەوڵی بەدەست هێنانی بەزەییدا نین، هەر لەبەر ئەمەشە کە گوتمان قارەمانانی بەرهەمێن هەمینگوای لە دەریێ هەلومەرجی خۆیاندا شکست خواردوو نین و شکستیان نەهێناوە.

## ژیانی نهێنی والتیر میتتی

چیرۆکی: جیمز تربر

دەنگــی فەرماندەکــە چەشــنی دەنگــی شــکانی توێژاڵــە بەســتەڵەکێکی ناســك هاتــە گــوێ: (دەپەڕینــەوە!) جلکــی ڕەسمــی تــەواوی لەبــەردا بــوو، کــڵاوە پــەراوێز دۆزییــە ســپییەکەی بــە شێوەیەکی لار تا سەر یەکێك لە چاوە کەوەکانی هێنابووە خوارێ. (ناتوانین، قوربان. ئەگەر لەمن دەپرســی، دنیــا خەریکــە دەبــێ بــە تۆفــان). فەرمانــدە گــوتی: (لــە تــۆ ناپرســم گروبــان بێــرگ. بلاجکتۆرەکـان پـێ بکـەن! دووری دینـەمۆ بـە ٨٥٠٠! دەپەڕینـەوە!) لێدانی سیلندەرەکان زیـاتر بوو: تا-پۆکەتا- پۆکەتا- پۆکەتا- پوکەتا. فەرماندە نوڕییە ئەو توێژە زوقمەی کە بەسەر جامی بەردەم فڕۆکەوانەکەوە دەیبەست. چووە پێشێ و ریزێك دووگمەی ئاڵۆزی بادا. بە دەنگی بەرز گـوتی: (ژمـارە هەشـتی کۆمـەکی پـێ بکـە!) گروبـان بێـرگ دووبـارەی کـردەوە: (ژمـارە هەشـتی کۆمـەکی پـێ بکـە!) فەرمانـدە بە دەنگـی بـەرز گـوتی: (دینـەمۆی ژمـارە سـێ بە هـەموو هێـزەوە!) (دینـەمۆی ژمارە سێ بە هەموو هێزەوە!) فڕۆکەی ئاونشینی هەشت دینەمۆی زەبەلاحی هێـزی دەریایی بە هاڕە هاڕ تێدەپەڕی. کارگەرانی فڕۆکەکە کە سەرقاڵی ئەنجامدانی ئەرکی خۆبوون نیگایــەکی یــەکتریان کــردو کەوتنــە پۆزخــەن. بــە یــەکتریان گــوت: (پیرەمێــرد لــە راگوزەرەکــەوە دەپەڕێتەوە. پیرەمێرد دڵی شێری هەیە کون لە جەرگیا نییە.)...

خانم میتتی گوتی: (هێواش، زۆر خێرا دەڕۆی! خۆ ئاگرت پێ نییە؟)

والــتیر میــتتی گــوتی: (هــا؟) بەسەرســامییەکی کــوت و پــڕەوە روانییــە ژنەکــەی کــە لەســەر کوشــنەکەی تەنیشــت ئــەوەوە دانیشــتبوو. ژنەکــە وەك ئــەوەی لــە نــاو قەرەباڵغییەکــەوە هــاواری بەســەردا کرابــێ، بــێ تــام و نــا ئاشــنا دەینوانــد. گــوتی: (خــەرێك بــوو لەســەر پــەنجاو پێــنج دەڕۆیشتی. بە خۆت دەزانی کە من بە خێرایی پتر لە چل تێك دەچم کەچی تۆ لەسەر پەنجاو پنج دەڕۆیـت.) والـیتر بـە بێـدەنگی بـەرەو واتیربـری دەیرانـی، هـاڕەی فڕۆکـەی Sn-ی ٢٠٢، لـەناو جەرگەی تووشترین توفانی دەورانی بیست ساڵەی فڕۆکەوانی ئەودا، لە هێزی دەریایی، لە هێڵـی فڕۆکـەوانی ئاشـناو بەجێماوی نـاو زەینـی ئـەودا مـەحو دەبـووەوە. خـانم میـتتی گـوتی: (دیسـان مێشـکت ناڕەحەتــە، ئــەمڕۆ یەکێکــە لــەو رۆژانــە. خۆزیــا خــۆت پیشــانی دکتــۆر رینشــاو بدایــە تــا معایەنەیەکی کردبای).

والـتیر میتتی ئوتومبیلەکەی لەبەردەم بینایەیەکدا راگرت کە ژنەکەی دەچووە وێندەر تا قژی چاك بکات. ژنەکە گوتی: (تا من سەرم چاك دەکەم، جووتێ پێڵاوی لاستیك بۆ خۆت بکڕە) والـتیر میتتی گوتی: (من پێویستم بە پێڵاو نییە.) ژنەکە ئاوێنەکەی لە جانتاکەی ناو بەدەم دابەزینـەوە لە ئوتومبیلەکە گوتی: (زۆرمان باسی ئەمە کردووە. خۆ تۆ گەنج نیت.) پیاوەکە تۆزێ گازی دایە ئوتومبیلەکــەی. (بۆچــی دەســت کێشــەکانت ناکەیــە دەســت؟ ناکــا گومــت کــردبن؟) والــتیر میــتتی دەسـتی بـە گیرفانیـدا کـردو دەستکێشـەکانی دەرهێنـا. کردنییـە دەسـتی، بـەڵام هـەر ئەوەنـدە لـە دەستیا بوون تا ژنەکەی خۆی وە ساڵۆنەکەدا کردو ئەمیش گەییە ئاست چرا سورەکەو ئیدی دایکەندنەوە.

هەرکــە چــراکە ســەوز بــوو پۆلیســێك بــە تەوســەوە گــوتی: (ڕێکــە کاکــە!)و میــتتی بەلــەز دەستکێشــەکانی کردنــەوە دەســتی و هەرەکــەتی کــرد. ماوەیــەك بــەبێ کــار بــە شــەقامەکاندا سوڕایەوەو ئەوجا بەبەر خەستەخانەکەدا رەت بوو و خۆی وە حەوشەی گەراجێکدا کرد.

پەرستارێکی جوان گوتی: ( نەخۆشەکە ویلینگتون مکمیلانی بانکداری ملیۆنێرە) والتیر میتتی کە بە هێمنی دەستکێشەکانی دادەکەند، گوتی: (ئێ، کێ عەمەلیاتی دەکات؟) (دکتۆر رینشاو و دکتۆر بینباو، بەڵام دوو کەسی پسپۆڕیشی لێیە، دکتۆر ریمینگتون لە نیۆریورکەوەو دکتۆر پریچارد میتفورد لە لەندەنەوە هاتووە. بە فڕۆکە هاتووە) لەو سەری ڕاڕەوێکی درێژو فێنکەوە، دەرگایەك کرایەوەو دکتۆر رینشاو وەدەرکەوت. پەرێشان و داتەپیو دەهاتە بەرچاو گوتی: (سڵاو میتتی، ئەم مەك میلانە، بانکدارە میلیۆنێرەکەی دۆستی نزیك و ئازیزی رۆژفیلت، بە تەواوەتی گیرۆدەی کردوین، دووچاری میزگیران بووە، میزگیرانی نمرە سێ. حەز دەکەم سەیرێکی بکەی.) میتتی گوتی: (پێم خراپ نییە.)

لە ژووری نەشتەرگەریدا چپە چپی ناساندن هاتە گوێ: (دکتۆر ریمینگتون، دکتۆر میتتی، دکتۆر پریچارد میتفورد، دکتۆر میتتی.)

پریچارد میتغورد بەدەم تەوقەکردنەوە گوتی: (قوربان کتێبەکەتم دەربارەی عفونەتی بەکتریازا خوێندەوە، بەرهەمێکی بێ هاوتایە.) والتیر میتتی گوتی: (مەمنونم.) ریمینگتون بە گازاندەوە گوتی: (تۆ لە ئەمریکادایت و ئەوجاش من و میتفورد بۆ نەشتەرگەرییەکی نمرە سێ بۆ ئێرە دێنن. ئاخر کەس کاری وا دەکات. کەست دیوە خەڵووزی بەرد بۆ نیوکاسل بەرێ؟) میتتی گوتی: (گەورەیی خۆتانە، لوتفی خۆتانە.) ئامێرێکی زەبەلاح و ئاڵۆز کە بە لوولەو تەلێکی زۆرەوە بە مێزی نەشتەرگەرییەکەوە بەسترا بوو بە دەنگی پاکەتا- پاکەتا- پاکەتا- کەوتە کار.

شاگردێك هاواری کرد: (ئامێرە تازەکەی بێهۆشی خەریکە لە کار دەکەوێ. لە سەرانسەری رۆژهەڵاتدا کەسێك نییە کە بتوانێ دروستی بکات.) میتتی بە دەنگێکی هێمن و سارد گوتی: (لەسەرخۆ، پیاو!) بەرەو ئامێرەکە کە ئێستا بە دەنگی پاکەتا- پاکەتا- کیپ- پاکەتا- کیپ کاری دەکرد رۆیی. پەنجەی خۆی بە ناسکی نایە سەر دوگمەی ئامێرەکەو گوشی و گوتی: (قەڵەم پاندانێکم بدەنێ.) یەکێك قەڵەمێکی دایە دەستی. والتیر میتتی پستۆنێکی خراپی دەرهێناو قەڵەمەکەی لە جێی دانا. گوتی: (ئەمە دە دەقیقەیەك دەوام دەکات، درێژە بە نەشتەرگەرییەکە بدەن.) پەرستارێك بە پەلە بەرەو رینشاو رۆیی و شتێکی بە گوێیدا چپاند، والتیر میتتی بینی کە رەنگی پەڕیوە. رینشاو بەشڵەژاوی گوتی: (نیشانەی کوریپوسیس Coreopsis بەدی دەکرێت. میتتی تۆ نەشتەرگەرییەکە دەگریتە ئەستۆ؟) میتتی تەمەشایەکی ئەوی کردو ئەوجا روانییە چارەی ماندووی بینباو کە شتێکی دەخواردەوەو پاشان روانییە چارەی گرژو نا ئاسوودەی دوو پسپۆڕە گەورەکەو گوتی: (ئەگەر پێتان باشبێ.) دەستبەجێ رۆبێکی سپییان لەبەرکرد، دەمامکێکی لەدەمی بەست و جووتێ دەستکێشی ناسك و تەنکی لە دەستکرد" پەرستارەکان ئامێرێکی بریقەداریان دایە دەستی... (بچۆ دواوە ماك! ئاگات لەو بیوکە بێ!) والتیر میتتی پێی بە ئیستۆپدانا. چاودێری گەراجەکە کە هەموو هۆش و گۆشی لای والتیر میتتی بوو، گوتی: (بە هەڵە هاتویتە ئەم خەتە، ماك.) میتتی لەبن لێوانەوە گوتی:

(ئەرێ، راستدەکەی.) ئەوجا بەوریایی کەوتە گەڕانەوە بەو رێگەیەدا کە تابلۆی (تەنیا بۆ دەرچوون)ی لەبەردەمدا دەبینرا. گەراجەوانەکە گوتی:

(لێگەڕێ با لە هەمان شوێن بێ، من چاکی دەکەم.) میتتی لە ئۆتومبیلەکە دابەزی. (ئەهای، باشترە سویچەکەی لەسەر بێ) میتتی لەو کاتەدا کە سویچەکەی دەدایە دەست کابرای

گەراجەوان، گوتی: (ها.) کابرا خۆی هەڵدایە نێو ئوتومبیلەکەو بە لێهاتووییەکی بوێرانەوە بردییە پاشەوەو لە شوێنێکی گونجاودا رایگرت.

والتیر میتتی، کە بە شەقامەکەدا رێی دەکرد، بیری کردەوە: (زۆر لە خۆ رازین، وا دەزانن سەر لە هەموو کارێك دەردێنن.) جارێك لە دەرێی نیومیلفوردا هەوڵی دابوو زنجیری تایەی ئوتومبیلەکەی بکاتەوە، بەڵام زنجیرەکان لە تەوەرەکە گیر بوو بوو. ئیدی لەو کاتەدا فیتەرێکی رووخۆش لە کرێنێك دابەزی بوو و بۆی کردبووەوە. لەو رۆژە بەدواوە خانم میتتی هەمیشە ناچاری دەکرد بۆ کردنەوەی زنجیرەکانی بچێتە فیتەرخانە. بیری کردەوە، جارێکی دی دەستی راستم دەپێچم و لە ملی دەکەم، تا چ کەسێك پێم پێنەکەنێ. دەستم دەکەمە ملم تا ببینن کە من خۆم ناتوانم زنجیرەکە بکەمەوە. شەقێکی لە کڵۆ بەستەڵەکێکی سەر شۆستەکەدا. بەخۆی گوت: (پێڵاوی لاستیك!) بۆ دوکانی پێڵاوفرۆشی گەڕا.

والتیر میتتی کاتێ کە پاکەتی پێڵاوەکانی لەبن هەنگڵی ناو لە دوکانەکە وەدەرکەوت، کەوتە بیری ئەوەی کە ژنەکەی داوای چ شتێکی دی لێکردووە. بەر لەوەی لە ماڵ وەدەربکەون بەرەو واتیربوری Waterbury) هەرەکەت بکەن دوو جاران پێی گوتبوو.

والتیر میتتی لەم هاتوچۆی هەفتانەیە بۆ شار بێزار بوو، ئاخر هەموو جارێك کارێکی غەڵەتی دەکرد. بیری کردەوە: دەستەسڕی کاغەز، شیرینی، گوێزانی تەراش؟ نە. دەرمانی ددان، فڵچەی دان، نوقوڵ، گەندوگو، تەڕەسان، ژەهری مار؟ وەبیری نەکەوتەوە. لێ ژنەکەی لە بیری دەبێ. لەو دەپرسێت: (ئەرێ چیم دەویست؟ دیسان بڵێ ئەو شتەی کە ویستم لە بیرت کرد.) کوڕێکی رۆژنامەفرۆش بە دەم رەتبوونەوە بە دەنگی بەرز شتێکی دەربارەی دادگای واتیربوری دەگوت.

... لە نکاو داوەر دەمانچەیەکی ئوتوماتیکی گەورەی بەرەو ئەو پیاوە درێژ کرد کە لە شوێنی شایەتاندا دانیشتبوو و گوتی: (رەنگە ئەمە زەینت وەکار بخاتەوە. ئەمەت پێشتر دیتووە؟) والتیر میتتی دەمانچەکەی وەرگرت و شارەزایانە دیقەتی داو بە هێمنی گوتی: (ئەمە دەمانچەویبلی ڤیکەرزە کالیبر ٥٠/٨٠ کەی منە) غەڵبە غەڵبێك لە هۆڵی دادگاکەدا بەرپا بوو. قازی چەند جارێك چەکوشەکەی وەبان مێزەکەدا کە بێدەنگی بپارێزن. داوەرەکە گوتی: (پێم وایە تەقەکردن بە هەر چەکێکی گەرم بەلای تۆوە وەکو ئاو خواردنەوە بێ) ئەوقاتەکەی میتتی هاواری کرد: (قەبوڵم نییە! ئێمە سەلماندمان کە تاوانبار نەیتوانیوە ئەو فیشەکە بتەقێنێ. سەلماندمان کە لە شەوی چواردەی مانگی حەوتدا دەستی راستی لە ملی بووە.) والتیر میتتی دەستی تۆزێك هەڵبڕی و دادو هاواری دوو ئەوقاتەکە نیشتەوە. ئەو بەبێ موبالاتییەوە گوتی: (بە هەر جۆرە چەکێك دەمتوانی لە دووری سەد مەترەوە بەدەستی چەپ گریگۆری فیتزهورست تەخت بکەم.\)لە هۆڵی دادگادا هەراو هەنگامەیەك بەرپا بوو. لەو بەینەدا قیژەی ژنێك هەستا. داوەر بە توندی زللەیەکی خێواندێ. میتتی بێ ئەوەی لەسەر کورسییەکەی خۆی هەستێ، مشتێکی بە چەناگەی پیاوەکەدا کێشاو گوتی: (سەگباب!)

والتیر میتتی گوتی: (پسکیتی تولە سەگ.) لە رێکردن وەستا. بینایەکانی وایتربوری لە پشت هۆڵی دادگاوە سەریان دەرهێناو ئەویان گرتە خۆ. ژنێك بە تەنیشتیدا رەت دەبوو پێکەنی و بە هاوەڵەکانی خۆی گوت: (ئەم پیاوە گوتی پسکیتی تولە سەگ. بەخۆی گوت، پسکیتی تولە سەگ.) والتیر میتتی بەپەلە کەوتەوە رێ. خۆی کرد بە یەکێك لە فرۆشگاکانی ئی ئاندپی\دا.

هەڵبەتە خۆی بە یەکەم فرۆشگەدا نەکرد، بەڵکو بە فرۆشگەیەکی بچووکتری سەرووی شەقامەکەدا. بە فرۆشیارەکەی گوت:

(هەندێ پسکیتی تولە سەگم دەوێ.) (جۆرێکی تایبەتیتان دەوێ قوربان؟) گەورەترین نیشانشکێنی دنیا بۆ ساتێ بیری کردەوە. والتیر میتتی گوتی: (ئەوەی کە لەسەر پاکەتەکەی نووسراوە، تولە سەگان بۆی دەحەپن.)

میتتی نۆرپیە سەعاتەکەی، تا پازدە دەقیقەی دی کاری ژنەکەی لە ئارایشگەکە تەواو دەبوو، مەگەر کاری وشك کردنەوەی درێژەی کێشابا" هەندێ جار ئەمە رووی دەدا. ژنە حەزی نەدەکرد بەر لەوەی بچێتە ئوتێل. حەزی دەکرد وەختێ بگەیشتبایە ئەوێندەر کە ئەو وەکو هەمیشە لە چاوەنوڕییدا بێ. میتتی، لە سەرای هوتێلەکەدا قەنەفەیەکی چەرمی گەورەی لە بەرانبەر پەنجەرەیەکدا دۆزییەوە. پاکەتی پێڵاوەکان و پسکیتی تولە سەگەکەی لەسەر زەوی و لە پاڵ قەنەفەکەدا دانا. کۆنە رۆژنامەیەکی لیبرتی هەڵگرت و لەسەر قەنەفەکە پاڵ کەوت. (ئاڵمان دەتوانێ لە رێگەی ئاسمانییەوە دنیا بگرێت؟) والتیر میتتی روانییە وێنەی فڕۆکە بۆمبا هاوێژەکان و شەقامە وێرانەکان.

" گروبان گوتی: (دەنگی تۆپخانە رالی جەوانیان بێ تاقەت کردووە قوربان.) سەروانی میتتی سەری هەڵبڕی، بە قژە ئاڵۆزکاوەکەیەوە نیگایەکی ئەوی کردو بە بێتاقەتییەوە گوتی: (بیخەوێنە، لە پاڵ ئەوانی دی بیخەوێنە. بە تەنیا دەفرم.) گروبان بە نیگەرانییەوە گوتی: (ئەم بۆمباهاوێژە پێویستی بە دوو فڕۆکەوانە، بە تایبەتی کە فڕۆکەێن ئارکی ئاسمانیان کردووە بە دۆزەخ. سیرك فون ریخمان لە نێوان ئێرەو سالییە.) میتتی گوتی: (ئاخە، دەبێ نەفەرێك فریای ئەو عەماری تەقەمەنییە بکەوێ، من ئەم کارە دەکەم. تۆزێ خواردنەوە هەڵدەدەی؟) پێکێکی بۆ گروبان و یەکێکی بۆ خۆی تێکرد. شەڕ گەییە دەوری پەناگاکەو ئەوجا دەرگاکە کەوتە تەکان. کاریتەو دەستەك و تەلاشەدار لە ناو ژوورەکەدا چوون بە ئاسماندا. سەروان میتتی بە خوێن ساردی گوتی:

( نزیکی ئێمە بوو.) گروبان گوتی: (تۆپخانەکە خەریکە بازنەی ئابلۆقەکە تەنگتر دەکات.) میتتی بەدەم سووکە بزەیەکی رەوتەنییەوە گوتی: (مرۆڤ یەکجار دەژی، گروبان، وانییە؟) تۆزێ خواردنەوەی دی تێکردو هەڵیدا. گروبان گوتی: (من کەسم نەدیووە وەکو تۆ مەی بخواتەوە قوربان. داوای بوردنت لێ دەکەم قوربان.) سەروان میتتی وەستاو دەمانچە ویبلی ڤیکەرزە ئوتوماتیکە گەورەکەی خۆی لە پشت بەست. گروبان گوتی: (دەبێ بە دۆزەخێکی چل کیلۆمەتریدا بپەڕینەوە قوربان.) میتتی دوا پێکی هەڵدا. بە هێمنی گوتی: ( ئاخر لە کوێندەر وانییە؟) دەنگی تۆپبارانی تۆپخانە توندوتر بوو\" دەنگی رات- تا-تات-ی رەشاشان گەییە گوێ و لە شوێنێکەوە دەنگی مەرگبارێنی پاکەتا- پاکەتا- پاکەتای بۆمباهاوێژانی تازە بەرز بووەوە. والتیر میتتی ، کە لەبن لێوانەوە گۆرانی (لەگەڵ یاری زوڵف زێرینم)دای دەگوتەوە، چوو بەرەو دەرگەی پەناگەکە. گەڕایەوە. دەستی لە گروبانەکە هەڵتەکاندو گوتی: (سەلامەت بی!).

شتێك بەر شانی کەوت. خانم میتتی گوتی:

(هـەموو شـوێنێکی ئـەم هوتێلـەت بـەدوودا گـەڕام. بۆچـی هـاتووی خـۆت لـەناو ئـەم کۆنـە کورسییەدا شـاردۆتەوە؟ ئـاخر چـۆن چـاوەڕۆن بـووی بتدۆزمـەوە؟) والـتیر میـتتی بـە ئەسـپایی گوتی: (بازنەی ئابلۆقەکە تەنگتر دەبێ.)

خانم میتتی گوتی: (چی؟ ئەو شتانەی کە پێم گوتی کڕیتن؟ پسکیتی تولە سەگت کڕی؟ ئەو پاکەتە چی تێدایە؟) میتتی گوتی: (پێڵاوی لاستیک.) (بۆ لە دوکانەکە لە پێت نەکرد؟) والتیر میـتتی گـوتی: (خـەریک بـوو بـیرم دەکـردەوە، قـەت بـەبیرتا هـاتووە کـە منـیش هەنـدێ جـار بـیر دەکەمەوە؟) ژنە نیگایەکی کردو گوتی: (کە بردمیتەوە بۆ ماڵ دەبێ دەرەجەت بگرم بزانم تات لێ نەهاتووە.)

لە دەرگایەکی خولاوەوە کە لە کاتی کردنـەوەدا جیڕەیـەکی هێواشی لێوە دەهات وەدەرکەوتن. دوو کـۆڵان لـە گەراجەکـەوە دوور بـوون لەبـەر فرۆشـگایەك، لـە پێچـێکدا، ژنـە گـوتی: ( لێـرە چاوەنۆڕم بکە، شتێکم بیر کەوتـەوە یـەك دەقیقە زیـاترم پێناچێت.) لـە دەقیقەیـەك پـتری خایاند. والتیر میتتی جگەرەیەکی داگیرساند. باران دەستی پێکرد، باران بە بەفرەوە. پشتی بەدیواری فرۆشگاکەوە داو کەوتە جگەرەکێشان.... پاژنەکانی پێکەوە چەسپاندو سینگی دەرپەڕاند والـتیر میـتتی بـەدەنگێکی گازانـدە ئـامێزەوە گـوتی: (نـەفرەت لـە دەستەسـڕی کاغـەز.) دوا مـژی لـە جگەرەکەی داو تورپیدا. ئەوجا بەو سووکە بزە رەوتەنییەوە کە بەسەر لێوییەوە سەمای دەکرد، رووبەڕووی دەستەی ئیعدام وەستا، والتیر میتتی مەغرورو لووتبەرز تا دوا سات، نەبەزو مەندو مەنگ، رەپ و راست و بێ جوڵە وەستابوو.

## هەڵسەنگاندنی چیرۆکی

### ژیانی نهێنی والتیر میتتی

**نووسینی: روبەرت بن ڤارن - کلینت بروکس**

لەم بەرهەمەدا، نووسەر دەکەوێتە وێنەکێشانی کەسایەتی و کاراکتەرەکان. هەڵبەتە هەندێك رووداو روو دەدەن، بەڵام ئایا ئەم رووداوانە مانایەکیان هەیە؟ میتتی کە لە دەورووبەری شاردا دەژی، هاوسەرەکەی خۆی بۆ کڕینی هەندێ کاڵاو پێویستی بە ئوتومبیل بۆ شار دەبات. هاوسەرەکەی لە رێگەدا سەرزەنشتی دەکات چونکە خێرا ئوتومبیلەکەی داژوێ. ئاغای میتتی ژنەکەی لەبەر ئارایشگەیەکدا دادەگرێت و ئوتومبیلەکەی بۆ گەراج دەبات. جووتێ گالۆش (پێڵاوی لاستیك)و پاکەتێ پسکیت دەکڕێت. دەچێت بۆ هوتێل و لەوێندەر چاوەنۆڕی هاوسەرەکەی دەکات. لە رێگەی گەڕانەوەیان بۆ گەراجەکە، ژنەکەی دەیەوێت شتێك بکڕێت وخۆی بە فرۆشگاکەدا دەکات و ئاغای میتتی لە دەرێی فرۆشگاکەدا چاوەڕوانی دەکات. چیرۆکەکە بەمە کۆتایی دێ. ئەگەر ئەمانە بە کرداری چیرۆکەکە ناو بەرین، دەبێ ئەوە بڵێین کە لە راستیدا چ شتێك روو نادات" و هەروەها ئەگەر بڵێین کە خەیاڵپلاوەکانی ئاغای میتتی، کە بە راستی زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکەکە پێکدێنێ، چونکە وەسفی راستەوخۆی قارەمانی حیکایەتەکەیە بە هیچ جۆرێ پەیوەندی بەکرداری چیرۆکەکەوە نییە، ئەوا لەم حاڵەتەدا نکۆڵی کردن لەم بابەتەی کە چیرۆکەکە دەستکردە کارێکی ئاسان نابێت. ئەم نەخشە سادەیە لە تۆ وایە چاکلایەکە کە دیمەنێن جۆراوجۆری ژیانی دەروونی والتیر میتتی پێوە هەڵواسراوە. ئەگەر بەم شێوەیە بنۆڕینە چیرۆکەکە لە گینە نکۆڵی لەوە بکەین کە لە چیرۆکەکەی تربەردا نیشاندانی قارەمانی چیرۆك بە کۆمەکی کردار (فیعل) ئەنجامدراوە. (ئەم خاڵە لە چیرۆکدا بایەخی خۆی هەیە.)

وێڕای هەموو ئەمەش، ئەوەندە ئەستەم نییە کە بیسەلمێنین (ژیانی نهێنی والتیر میتتی ) چیرۆکێکی نایابە.

جا بۆ ئەم کارە سەرەتا دەبێ بڵێین کە نووسەر تەنانەت یەك جاریش هەواڵی راستەوخۆی کەسایەتی والتیر میتتی بەدەستەوە نادات. راستە کە ئێمە بە ئاسانی دەتوانین بزانین کە والتیر میتتی لە چاوی گەراجەوانەکەوە یان لە روانگەی ئەو ژنەوە کە رستەی (پسکیتی تولە سەگ)- لە زاری ئەوەوە دەژنەوێ، خودانی چ کەسایەتییەکە. بەڵام نووسەر بە خۆی پێمان ناڵێ کە ئێمە ج بۆچوون یان هەڵوێستێکمان دەربارەی هەبێ. راپۆری ئەو دەربارەی ئەوەی روو دەدات بە تەواوەتی بابەتییە. ئێمە بە کۆمەکی رەفتارو بۆچوون و مامەڵەی خەڵکی\یەوە پەی بەوە دەبەین کە ئەوان چۆن دەربارەی والتیر میتتی بیر دەکەنەوە نەك لە رێگەی تەفسیرو شرۆڤەیەکەوە کە نووسەر پیشانی بدات.

هەروەها، گاڤێ کە چیرۆکەکە دەیەوێت نیشانی بدات کە والتیر میتتی چۆن دەربارەی خۆی بیر دەکاتەوە، ئەم کارەش بە کۆمەکی کردار رەوتی خۆی وەردەگرێت و دەبینین کە چۆن ژنەوتنی ناوی دکتۆری تایبەتی خێزانەکەیان، واتە دکتۆر رینشاو، لە زاری خانم میتتی-یەوە، ئەو دەخاتە دنیای خەیاڵرێسی و خەیاڵپلاوەوە: ئاغای میتتی، لە ژووری نەشتەرگەری خەستەخانەیەکی گەورەدا، پزیشکێکی بەناوبانگە. هەروەها دەبنین کە کاردانەوەی ئەو لە بەرانبەر داوەرەکەداو گوتنی دەستەواژەی (سەگ باب) -کە خۆی لە خۆیدا بەشێکە لە یەکێك لە

خەیاڵڕێسی\یەکانی ئەو– لە پڕ وەبیری دێنێتەوە کە ئەوەی ژنەکەی ویستوویەتی پسکیت بووە، بەڵام لە هەموو ئەمانە گرنگتر ئەوەیە کە کردار لەم چیرۆکەدا، بە هەموو وردەکارییەکی خۆیەوە، جۆرە ئامانج و چەمك و مانایەك بە خەیاڵڕێسی\یەکانی ئاغای میتتی دەبەخشێت. بەم مانایەی کە بە نیشاندانی پێویستی ئەو بە هەڵاتن لە دەوروبەری خۆی، ئاماژە بۆ هۆکارەکانی خەیاڵپەروەرییەکانی ئەو دەکات. جیهانی ئەو نەك هەر جیهانێکی بچووکی تاقەتبەرە بەڵکو جیهانێکە کە ئەو ڕۆڵی مێردێکی تێدا دەبینێ کە ژنێکی لە تەحەمول نەهاتووی خەیاڵسز ئەوی کردووە بە بندەستەو کۆیلەی خۆی" ژنێك کە پێدەچێت دەمێك بێ حەزو ئارەزووەکانی ئەوی لە بواری ئەنجامدانی کارێن سەرکێشانەو قارەمانانەدا بە تەواوەتی سەرکوت کردبێ. کردار (فعل) لەم چیرۆکە بچووکەدا بە شێوەیەکی کاریگەر ئەم پەیوەندییە دەنوێنێ و ڕووداوەکانی هەر چەندە کۆن و ئاسایین –بۆ نموونە هاژۆتنی ئاغای میتتی لەسەر ٥٥ کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا، یان ڕازی نەبوونی میتتی کە پێڵاوی لاستیك لە پێ بکات– ناوەوەی ژیانی میتتی نیشان دەدەن.

جا با بزانین پێویستە سەبارەت بە ئاغای میتتی چ نۆڕینێکمان هەبێ. خەیاڵبازییەکانی ئاغای میتتی هەر چەندە ڕەگیان دەچێتەوە سەر شێوەی چیرۆکە سواو فیلمە پڕ سەر کێشییەکان بەڵام سەیرو غەریب نییە، ئێمە سەبارەت بەو هەست بە جۆرە هاودەردی و هاوسۆزییەك دەکەین، هەر چەندە ئەو لەزەت لە هەستی بێهودەیی دەکات و پێی شادمانە. جا لەم حاڵەتەدا ئایا پێویستە ئەو بە پیاوێکی سەر وریا بزانین کە گیرۆدە بووەو مەحکوم بە نا ئومێدییە؟ سروشتی خەیاڵبازییەکان و هەروەها کەڵەکەبوونی تاك تاکی خەیاڵبازییەکان لەسەر یەکدی ئەوەمان بۆ دەردەبڕێ کە وەزع و حاڵی والتیر میتتی زۆر خراو نییە. لێرەدا دیسان کرداری چیرۆکەکە فریامان دەکەوێت و ئەوە نیشان دەدات کە وەزع و حاڵی والتیر میتتی هەم هاودەردی و هاو سۆزی ئێمە دەبزوێنێ و هەم دەبێتە مایەی شادمانی ئێمە. نووسەر بێئەوەی بە ئێمە بڵێ کە دەبێ چ هەستێکمان هەبێ، یەك دوو سەعاتان لە ژیانی ئاغای میتتی بە شێوەیەکی نمایشنامە ئاسا وێنە دەگرێت و ئێمە سەرپشك دەکات لەوەی کە چۆنی لێ تێ بگەین و چ مامەڵەیەکی لە تەکدا بکەین و چ هەڵوێستێکمان دەربارەی هەبێ.

لە پەرەگرافی پێشوودا ئەم پرسیارەمان کرد کە ئێمە دەبێ سەبارەت بە والتیر میتتی چ نۆڕینێکمان هەبێ. دەمانتوانی پرسیارەکەی خۆمان بەم شێوەیە بکەین: ئاوازی (ژیانی نهێنی والتیر میتتی ) چییە؟ چونکە ئاواز، لە چیرۆکدا، ڕەنگدانەوەی نۆڕینی نووسەرە بۆ بابەت و نێوەڕۆکی چیرۆکەکەو تا ڕادەیە بۆ خوێنەریش. ئاوازی چیرۆك دەکرێ بە یەکێك لەم سیفەتانەی خوارەوە دیاری بکرێت:

غەمگینە، شادە، بەپارێزە، هەڵچووە، سەر ڕاستە، مەخسەرە ئامێزە، سەنگینە، زرك و زیندووە، دوو دڵە، سۆزدارەو دەیان سیفەتێن دی. وێڕای هەموو ئەمەش، لە کردەوەدا واتە لە پراکتیکدا، ئاوازی گەلێك لە چیرۆکان لەوە ئاڵۆزترە کە بکرێ بەیەك وشە وەسف بکرێ. بۆ وێنە ئاوازی چیرۆکەکەی تربەر گەمەبازانەو سەرگەرمکەرە. بە هەر حاڵ، وەسفکردنی ئاوازی چیرۆك ڕووبەڕووی هەمان ئەو دژوارییانەمان دەکاتەوە کە دیاریکردنی نۆڕینی نووسەر بەگەڵ خۆی دەخات و تووشمانی دەکات.

زاراوەی ئـاوازی چـیرۆك، لـە ئـاوازی دەنگـەوە وەرگـیراوە. ئـاوازی هـەر گوتەیـەك دەكەوێتـە پێناسـەی ئـەو گوتەیـەو هەنـدێ جـار تەنانـەت بەپێچـەوانەوە دەنـوێنێ و بەرجەسـتەی دەكـات. رستەی (ئەو مرۆڤێكی باشە،) گاڤێ كە بە ئاوازێكی تانە ئامێز دێتە دەربڕین دەربڕی ئەوەیە كە گوتیاری رستەی نێوبراو بەهیچ جۆرێ بیر لەوە ناكاتەوە كە ئەو كەسەی قسەی لە بارەوە دەكرێ مرۆڤێكی باشە. لە زمانی قسەكردندا، ئێمە بەو ئاوازەی كە بە تاك تاكی دركەكانی خۆمانی دەدەیـن، بـەردەوام پێناسـەی وردی ئـەو دركانـە بەدەسـتەوە دەدەیـن. خـۆ نووسـەری هونەرمەنـد دایمە لەگەڵ بەرهەمەكەیدا نییە تا بە دەنگی بەرز بۆمانی بخوێنێتەوە" بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، \ئەگـەر بەڕاسـتی هونەرمەنـد بێ، دەتـوانێ، بـەوردی و لێهاتوویـیەوە، ئـەوە پـەروەردە بكـات كـە پێویستە ئێمە لە چیرۆكەكەی وەری بگرین یان هەڵیهێنجین.

ئایا رستەی كۆتایی چیرۆكەكە، كۆتاییەكی بەجێ و گونجاوە؟ ئایا ئەو هەستەی كە ئاوازی ئەم رستەیە دەیبـزوێنێ نیشـانەی ئەوەیـە كـە والـتیر میـتتی بەڕاسـتی (تـا دوا سـات نەبـەزو مەنـدو مەنگ)ـە؟

## گوڵێکی سور بۆ ئیمیلی

### چیرۆکی: ویلیام فۆکنەر

(١)

کاتێ کە خات ئیمیلی گریرسون مرد. هەموو خەڵکی شارەکەمان چوون ولە تازیەو بەرێکردنی تەرمەکەیدا بەشدارییان کرد، پیاوان لە رووی جۆرە هاوسۆزییەکی رێز ئامێزەوە بۆ ئەو، کە وەکو پەیکەرێکی یادەوەری داروخابوو، بەشدارییان کرد، وژنان زیاتر لە رووی فزولیەتەوە بۆ تەماشاکردنی ماڵەکەی کە بەلای کەمەوە دەساڵێك دەبوو جگە لە خزمەتکارێکی پیر، کەهەم ئاشچی و هەم باخەوانی ماڵەکە بوو، چ کەسێکی دی ناوەوەی ئەو ماڵەی نەبینی بوو.

ئەم ماڵە دارینە، کە رۆژێ لە رۆژان سپی بوو، گەورە و چوار گۆشە بوو، بە شێوازی ناسکی ساڵانی هەفتا بە گومەتۆکە، منارەێن قوچەکی و باڵکۆنانی گەچبڕی رازابووەوە، ئەم ماڵە کەوتبووە سەر شەقامێك کە سەردەمانێك شەقامی بەناوبانگی شار بوو. بەڵام گەراج و فیتەرخانە و مەکینەی لۆکە پاك کردنەوە دەستیان خستبووە سەرانسەری شەقامەکە و تەنانەت ناوە پڕ دەبدەبە و شکۆدارەکەشیان سری بووەوە" ئەوەی مابووەوە تەنیا ماڵەکەی خات ئیمیلی بوو کە هێشتا بەپێوە مابوو و سەرسەختانە و عیشوەگەرانە نەمانی خۆی لە نێوان فارگۆنان و ترومپای بەنزینخانانەوە دەنواند- وەکو سکرابێك لە نێو سکرابەکانی دیدا. نهو خات ئیمیلی رۆیی بوو بچێتە ریزی خاوەنانی ئەو ناوە شکۆدارانەی کە لەوێندەر، لەو گۆڕستانە پڕ لە بۆنی دار کاژانەدا، لە نێوان ریزێن رێك و پێکی گۆڕانی بێ ناوی سەربازانی ویلایەتەکانی باشوردا، کە لە جەنگی جیفرسین دا کوژرابوون، راکشابوون.

خات ئیمیلی تا زیندبوو بۆ خەڵکی حوکمی یەك یاسا، یەك ئەرك، یەك نیگەرانی هەبوو، حوکمی جۆرێك پابەندی پشتاو پشت، پابەندییەك کە لەو رۆژەی ساڵی ١٨٩٤وە دەستی پێکرد کە سەرهەنگ سارتوریس ی شارەوانی شار، ئەو کەسەی کە ئەم یاسایەی لە گیرفانی خۆی دەرهێنابوو کە هیچ ژنێکی رەش پێست بۆی نی یە بەبێ بەرهەڵبێنە پێ بنێتە شەقامەکانی شارەوە، خات ئیمیلی لە رۆژی مردنی باوکی یەوە تا دوا رۆژی تەمەن لە دانی باج عەفوکردبوو. مەسەلەکە ئەمە نەبوو کە خات ئیمیلی چاوی لە سەدەقەبوو، بەڵکو سەرهەنگ سارتوریس چیرۆکێکی شاخ و باڵداری دروستکردبوو و گێڕابوویەوە کە بابی خات ئیمیلی پارەیەکی بەقەرز داوەتە شار و شار بەگوێرەی بەرژەوەندی کارو کاسبیکارانە، وای بە چاك دەزانی کە قەرزەکە بەمجۆرە بداتەوە. ئەم بابەتە چیرۆکە تەنیا پیاوێکی هاوەچەو هاو بیری سەرهەنگ سارتوریس دەیتوانی دروستی بکات و تەنیا ژنان باوەڕیان پێدەکرد.

کە خەڵکانی نەوەی پاشتر، بەبیرو بیرکردنەوەی تازەترەوە،بوون بەشارەوان و ئەنجومەنی شارەوانی، قەرارەکەی سەرهەنگ سارتوریس سووکە نارەزاییەکی دروستکرد. لە ساڵی یەکەمدا بە پۆستەدا پسولەیەکی باجیان بۆ نارد. مانگی شوبات هات و چ هەواڵێك ی وەڵامدانەوە نەبوو" نامەیەکی رەسمییان بۆ هەنارد و داوایان لێکرد لە دەرفەتێکدا بچێ بۆ پۆلیسخانە. پاش هەفتەیەك فەرمانڕەوای شار بەخۆی نامەیەکی بۆی نووسی و پیشنیازی کرد سەرێکی لێ بدات یان مۆڵەتی بدات کە ئوتومبیلەکەی خۆی بەدوودا بنێرێت و لە وەڵامدا نووسراوێکی پێ گەیی کە لەسەر کۆنە کاغەزێك بەخەتێکی خۆش و ڕەوان و ناسك و بەمەرەکەبێکی کاڵەوە بوو نووسرا

بوو، نووسراوەکە بەم ناوەڕۆکە بوو کە ئەو چیتر لەماڵ نایەتە دەرێ. پسولەی باجەکەش بەبێ چ روونکردنەوەیەك بەگەڵ نووسراوەکە خرابوو.

داوا لە ئەنجومەنی شار کرا کۆبوونەوەیەکی تایبەت بکات و شاندێك بۆ نك و ی فڕێ بکات. شاندەکە رۆیشتن و تەقەیان لە دەرگا دا، دەرگای ماڵێك کە دە ساڵێك بوو، لەو سەردەمەوە کە خات ئیمیلی ئیدی وازی لە فێرکردنی نیگار کێشی چینی هێنابوو، چ کەسێك لەدەرگاکەی وەژوور نەکەوتبوو. رەشپێستە پیرەکە دەرگای لێکرنەوە و بۆ هۆڵێکی تاریك رێنوێنی کردن. لەوێندەرەوە پلیکانەیەکی دی بەرەو تاریکێن زیاتر سەردەکەوت. بۆنی گەرد و تۆزو کۆنەیی، بۆنی ماندوێتی و رتوبەت و شێ دەهات.

رەش پێستەکە بۆ ژووری میوان رێنوێنی کردن. ژوورەکە بە موبێلەی چەرمی گرانبەها رازابووەوە. کە رەش پێستەکە پەردەی پەنجەرەیەکی لادا، تەنکە گەردێك تەمەڵانە لەلای پێیانەوە بەرز بووەوە و لەگەڵ گەردیلە وردەکانی تاقە تیشکی هەتاوەکەدا کەوتە سوڕانەوە. لە بەردەم موغەیرییەکەدا، لەسەر سێ پایەیەکی زێڕکفتی کاڵەوەبوودا، وێنەیەکی بەقەڵەم کێشراوی باوکی خات ئیمیلی دەبینرا.

کاتێ وەژوور کەوت ئەوان لەبەری هەستان. ژنێکی ئەندام وردیلەی قەڵەو بوو کە جلی رەشی لەبەر بوو، زنجیرێکی زێری ناسك تا کەمەری هاتبوو کە ناوە ناوە لە کەمەر بەندەکەیدا پەنهان دەبوو و خۆی بەسەر دار عاسەیەکی ئەبەنووسدا دابوو کە رەنگی زێڕینی دەسکەکەی چووبووەوە، هەیکەلێکی وردیلەی لاوازی هەبوو، رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بووبێ کە ئەوەی لە خەڵکانی دیدا لە گوین بوو قەڵەوی رووت بێ ئەوی قوت و قەڵەو نیشان دەدا.

بەدەنی وەکو کەسێك کە ماوەیەکی زۆر لە ئاوێکی مەنگ و وەستاودا بێ، ئاوسابوو و رەنگ لە روویدا نەبوو. چاوەکانی لە نێوان لۆچە ئاوساوەکانی دەموچاویدا گوم بوو بوون و وەکو دوو کلۆ خەڵوزی بچووك کە لە گونکە هەویرێك رۆکرا بن ، زەق دەیانڕەوانییە یەك بەیەکی میوانەکان کە پەیامی خۆیان دەگوت.

فەرمووی لێنەکردن دابنیشن. لەوێندەر لەنێو دەرگاکەدا وێستاو بەهێمنی گوێی گرت تا قسەکەرەکە کەوتە زمانەلاڵکێ و بێدەنگ بوو. ئەوسا چرکە چرکی سەعاتێکی نادیاریان بەرگوێ کەوت کە بەزنجیرێکی زێڕەوە بەسترا بوو.

دەنگی ئیمیلی ووشك و بێ تاقەت بوو:((من لە جیفرسین دا لەدانی باج عەفووم. سەرهەنگ سارتوریس بۆی شەرح کردوم با یەکێکتان بڕوات سەرێکی تۆمارەکانی شار بدات تا هەمووتان قەناعەت بکەن)).

-(تۆمار و بەڵگەکان لای خۆمانە. ئێمە بەرپرس و کارمەندانی شارەوانین خات ئیمیلی. مەگەر ئاگادارییەکیان بە ئیمزای کەلانتەر پێ نەداوی؟)

خات ئیمیلی گوتی:-(کاغەزێکم پێ گەیی، بەڵێ. بەڵام من لە دانی باج عەفووم.)

-(ئاخر، چ شتێك لە تۆمارەکاندا قەید نەکراوە کە ئەوە بسەلمێنێ ئێمە دەبێ شتێك...)

-(لەسەر هەنگ سارتوریس بپرسن. من لە جیفرسینەوە لەدانی باج عەفووم.)

-(بەڵام، خات ئیمیلی....)

-(لەسەر هەنگ سارتوریس بپرسن). (سەرهەنگ سارتوریس دە ساڵێك دەبوو مرد بوو.) (من لەدانی باج عەفووم. تەواو!) کابرای رەش پێست دەرکەوت.

-(ئەم بەرێزانە بۆ دەرێ رێنوێنی بکە.)

(٢)

بەم جۆرە، وەدەری نان و بەرێی کردن، وەکو چۆن کە سی ساڵ لەمەوبەر بابیانی لەسەر مەسەلەی ئەو بۆنە وەدەرنابو . ئەم واریقاتە هی دوو ساڵ پاش مەرگی بابی بوو و ماوەیەکی کەم پاش ئەوەی کە دڵدارەکەی وازی لێ هێنا، دڵدارێ کە پێمان وابوو دەبێ بەمێردی. پاش مەرگی بابی زۆر کەم لە ماڵ دەهاتە دەرێ" پاش رۆیشتنی دڵدارەکەی، ئیدی مەردم چاویان پێی نەکەوت. چەند ژنێك زاتیان وەبەر خۆدابوو و بانگیان کرد بوو، لێ دەرگای لێ نەکردبوونەوە. تاقە نیشانەی ژیان لەو ماڵەدا کابرای رەش پێست بوو- کە ئەو دەمانە گەنج بوو- کە زەمیلە بەدەست لەو ماڵە دەهاتەدەرێ و دەگەڕایەوە.

ژنەکان گوتیان:- ((کاتێ پیاوێك- جا هەر پیاوێك بێ- ئاشخانە پاك بکاتەوە ئەم شتانە روودەدا.)) بەم پێیە کاتێ بۆن هەموولایەکی داگیرکرد ئەوان سەیریان لێنەهات. بشێوییەکی دی لە نێوان خانەوادەی هوشیارو بەدەسەلاتی گریرسون و مەردمی نەزان و رەش و رووت هاتبووە پێشێ.

یەکێك لە هاوسێکان، ژنێك، لەلای قازی ستیڤنز، شارەوانی هەشتا ساڵە، شکاتی کرد.

شاردار گوتی:-(دەفەرمووی چ کارێك بکەم، خانم؟)

ژنەکە گوتی:-(مەعلومە، یەکێك بنێرن تا بۆنەکە لابەرێ.مەگە ئەم کارە قانونی خۆی نییە؟)

قازی ستیڤنز گوتی:-(دڵنیام پێویست بەم کارە ناکات. رەنگە ئەو غولامە ڕەشە مارێ، مشکێکی، شتێکی لەناو حەوشەدا کوشتبێ. من لەم بارەیەوە قسەی لەگەڵدا دەکەم.)

رۆژی پاشتر دوو سکالانامەی دیکەی بەدەست گەیی، یەکێکیان هی پیاوێك بوو کە لە دەرکەیەکی دییەوە وەژوورکەوت:-(قازی، راستییەکەی ئێمە دەبێ کارێك بکەین. من بەش بەحاڵی خۆم حەزم نەدەکرد کارم بەکاری خات ئیمیلییەوە هەبێ. بەلام ناکرێ دەستەو ئەژنۆ دانیشین.) هەر ئەو شەوە ئەنجومەنی شار کۆبوونەوەی کرد- سێ کەسی بەتەمەن و کەسێکی گەنج- ئەندامی نەوەی نوێ.

گەنجەکە گوتی:(کارێکی زۆر ئاسانە. ئاگادارینامەیەکی بۆ بنێرن کە ماڵەکەی پاك بکاتەوە. کاتێکی دیاریکراوی بدەنێ، و ئەگەر کارێکی نەکرد....)

قازی ستیڤنز گوتی:-(یانی چی ئاغا؟ روو بەرووی ئافرەتێك دەڵێی بۆنت دێ؟)

ئەوەبوو کە شەوی پاشتر، پاش نیوە شەو، چوار پیاو بە چیمەنەکەی ماڵی ئیمیلی دا رەت بوون و وەکو دزان بەدەوری ماڵەکەدا سوڕانەوە و کەپویان نا بەبن دیوارەکان و بە کون و کەلەبەرێن ژێرزەمینەکەوە و بۆنیان کرد و یەکێکیان لەناو گونی یەکی هەڵواسراودا شتێکی هێنایە دەرێ و دەستی وەکو ئەوەی تۆ و بدات دەجولاند. پاشان دەرگای ژێر زەمینەکەیان شکاندو ئەوێ و دەرگاو دیواری ماڵەکەیان قسڵ پڕژێن کرد. کاتێ بەسەر چیمەنەکەدا دەگەڕانەوە پەنجەرەیەکی تاریك روناك بووەوە. خات ئیمیلی لەوێندەر دانیشتبوو. تیشکی روناکییەکە لە پشتەوە لێی دەدا و لەناو قەدی بەبانەوە وەکو بتێکی بێ جوڵە وابوو. پیاوەکان

بەئەسپایی بەناو چیمەنەکەدا تیّ پەڕین و خۆیان گەیاندە سێبەری ئەو دار کاژانەی بەدرێژایی شەقامەکە ریزیان بە ستبوو، پاش تیّ پەڕینی یەك دوو هەفتە، ئیدی بۆنەکە نەما.

هەر لەو کاتانەدا بوو کە خەڵکی بەرەبەرە دڵیان بە حاڵی ئەو سووتا.

خەڵکی شارەکەمان لە یادیان بوو کە چۆن (یات خانم -ی پورە گەورەی ئیمیلی، لە دوا دوایی عەمریدا بەتەواوەتی شێت بوو، دەیانگوت خانەوادەی گریرسون خۆیان زۆر بەگەورە دەزانن. دەیانگوت هیچ گەنجێك شایستەی خات ئیمیلی نی یە و ئەم جۆرە قسانە. ئێمە هەمیشە لە خەیاڵی خۆماندا وێنا دەکرد کە خات ئیمیلی، ژنێکی باریکەلە، بەجلی سپیەوە لە کۆتایی وێنەکەوە وێستابوو ولایەکی رووی پان و پۆڕی بابی لەناو وێنەکەدا دەبینرا کە پشتی لەو بوو شەلاقێکی ئەسپ ڕانی بەدەستەوە گرتبوو و لەپشت هەردوکیانەوە، چوارچێوەی دەرگایەك کە رەو پشتەوە کرابووەوە ئەوانی وەکو چوارچێوە لەخۆ گرتبوو. لەبەر ئەمە کاتیّ ئیمیلی گەییە سی ساڵی و هێشتا مێردی نەکرد بوو هەستمان کرد تۆڵەی ئێمە سەنرا، بەڵام زۆریش خۆشحاڵ نەبووین چونکە بەو هەموو شێتییەشەوە کە لەناو ماڵباتەکەیاندا هەبوو ئەگەر پیاوی دڵخوازی خۆی پەیدا بکردایە دوور بوو دەست بەروویەوە بنیّ.

کاتیّ کە بابی مرد دەرکەوت کە ئەو ماڵە تاقە شتێك بوو کە بۆی مابووەوە" مەردم تا رادەیەك خۆشحاڵ بوون. ئاخری رۆژێك هات کە مەردم دڵیان پێی بسوتیّ و بەزەییان پێدا بێتەوە. تەنیایی و هەژاری هەستی مرۆڤانییان لەودا بێدار کردبووەوە. نەوو ئەویش، دڵەڕاوکیّ و نائومێدی هەژاری، کە هەمیشە هەر هەبووە، دەرك دەکرد.

رۆژی دووەمی مەرگی بابی ژنان خڕبوونەوە بۆ ماڵەکەی بچن و بەپێی داب و نەریتی شار، سەرخۆشی لیّ بکەن و کۆمەکی بکەن. خات ئیمیلی، کە جلی هەمیشەیی خۆی لەبەر بوو، تاقە گەردێکی خەم و خەفەت لە سیمایدا بەدی نەدەکرا، لەبەر دەرگادا بینیانی پێی گوتن کە بابی نەمردگە. سیّ رۆژی تەواو ئەم کارەی دووبارە کردەوە و هەمان قسەی بەو کەشیشانە گوتبوو کە هاتبوون سەری ماڵە کەی بدەن و، بەو دکتۆرانەی گوتبوو کە هەوڵیان دەدا رازی بکەن و جەنازەکە بەوان بسپێریّ. تەنیا ئەو کاتە تەسلیم بوو کە خەریك بوو پەنا وەبەر یاساو هێز بەرن، ئەوانیش خێرا باوکیان بەخاك سپارد.

ئێمە ئەو دەمانە نەماندەگوت کە خات ئیمیلی شێتە. وامان بیر دەکردەوە ناچار بووە ئەم کارە بکات. کەوتینە یادی ئەو هەموو گەنجەی کە بابی تاراندبوونی و دەمانزانی کە ئێستا کار لەکار ترازاوە و هیچی بۆ نەماوەتەوە، دەبیّ بەو یەکەوە بچەسپیّ کە هەمووانی لەو گرتووە، یانی هەر کەسێکی دیکەش بوایە پێوەی دەچەسپی.

(٣)

خات ئیمیلی ماوەیەکی زۆر نەخۆش بوو. کاتیّ بینیمانەوە، قژی کورت کردبووەوە و خۆی وەکو کیژان لیّ کردبوو. کەمدابێژێك وەکو ئەو فریشتانەی لێهاتبووکە لەناو پەنجەرەیّن رەنگینی کڵێسادا وێنەکێشراون، شێوەیەکی واهی غەمین و ئارامی پەیداکردبوو.

شار تازە قەراری شایگەرکردنی شۆستەکانی مۆرکردبوو.

هاوینی ساڵی پاش مەرگی بابی ئیمیلی، کار دەستی پێکرد. کۆمپانیایەکی بیناسازی بەدنیایەك قولەرەش و هێسترو ئامێر و مەکینانەوە گەییە جیّ. سەر کرێکارێکیان لەگەڵ بوو

بەناوی هومیر بارون، ئەمە خەڵکی باکور بوو، پیاوێکی تۆکمەی توندو تۆڵی ڕەشتاڵە بوو، دەنگێکی ناسازی هەبوو، ڕەنگی چاوانی لە ڕەنگی دەموچاوی روونتربوو.

منالانی بچوك دەستە دەستە خڕدەبوونەوە و تەماشای ئەویان دەکرد کەجنێوی بەقولەرەشەکان دەدا هەروەها تەماشای قولەرەشەکانیان دەکرد کە بەگوێرەی ریتمی بەرزبوونەوە و دابەزینی بێڵەکانی دەستیان گۆرانیان دەچڕی. زۆری نەبرد کە ئاشنایەتی لەگەڵ هەموو خەڵکی شاردا پەیداکرد. بنیادەم لەهەر شوێنێك دا لەکەناری مەیدان دا دەنگی قاقای مەردمی دەژنەفت، سەروکەللەی هومیر بارون –ی لە نێوانیان دا دەبینی. لەم سەروبەندەدا بوو کە پاش نیوەڕوانی یەك شەمموان ئەو و خات ئیمیلی–مان بەسواری گالیسکەیەکی کرێ دەبینی. گالیسکەکە پێچکەی زەرد باوی هەبوو و جووتە ئەسپێکی کوێتی یەك شێوەی لە ژێردا بوو.

سەرەتا خۆشحاڵ بووین کە ئیمیلی ئاخری دەستێکی بەخۆیدا هێنا، بەتایبەتی کە ژنان دەیانگوت:((مەعلومە کە چ کەسێك لە خانەوادەی گریرسون کا لە ئاخوڕی بابایەکی باکوری، کرێکارێکی رۆژانە ناکات.)) لێ جگە لەمانە خەڵکانی دیکەش هەبوون، خەڵکانی بەتەمەنتر، کە دەیانگوت تەنانەت خەم و پەژارەش ناتوانێ خانمێکی خانمانە ناچاربکات پێ بە نەجابەتی خانەوادەیی دا بنێ و هەڵبەتە مەبەستیان نەجەباتی خانەوادەیی نەبوو. دەیانگوت:(کڵۆڵ خۆت ئیمیلی، کەسوکارەکەی دەبێ سەرێکی لێ بدەن.)) کەسوکاری لە ئالاباما دا هەبوو، بەلام باوکی سالانێك لەوەپێش لەسەر ئاو و موڵکی خانم یات، ئەو ژنە شێتە، قسەی لەگەڵیاندا تێك گیرابوو و هەردوو ماڵباتەکە پێیان لە ماڵی یەکدی بڕی. تەنانەت بۆ وەڕێکردنی جەنازەکەشی نەهاتبوون.

هەرکە خەڵکانی پیرتر دەیانگوت:((کڵۆڵ خۆت ئیمیلی.)) ئیدی چپەچپ دەستی پێکرد. بە یەکتریان دەگوت:–((تۆ پێت وایە دەبێت؟)) دەیانگوت:–((مەعلومە، ئەدی چی؟))و هەناسەیان بەر پشتی دەستیان دەکەوت هەروەها خشەخشی ئاوریشم و ساتینی پەردەکان دەبیسترا، پەردەێن هەڵواسراو لەپشت گرگرەی دارینەوە کە بەردەم هەتاوی پاش نیوەڕۆیان گرتبوو و دەنگی هانکەهانکی توندو تیژی ئەو جووتە ئەسپە چوونیەکەش دەهات:–((داماو خۆت ئیمیلی.)). سەری بەرزدەگرت، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە دڵنیابووین کەوتۆتە سەر زەوی. وەك بڵێی زیاتر لە هەمیشە چاوەڕوان بێ حەساو بۆ شانوشکۆی، وەکو دوا کەسی ماڵباتی گریرسون بکەین" وەك بڵێی بەم کارە دەیویست هەڵوێستداری خۆی بسەلمێنێ، رێك وەك ئەو کاتەی کە مەرگەموش، یانی ئارسەنیك–ی کڕی. ئەم بابەتە پتر لە ساڵێك پاش ئەو کاتەبوو کە خەڵکی دەستیان بەوە کردبوو بڵێن، ((داماو خۆت ئیمیلی.\)) هەمان ئەو کاتەی کە دوو دۆت مامی میوانی بوون.

خات ئیمیلی بە دەرمانفرۆشەکەی گوت:–((تۆزێ ژەهرم بدەیی.)) لەو زەمانەدا هەر سی ساڵ دەبوو، ئافرەتێکی لاواز بوو، تەنانەت لەڕادەی ئاساییش لاوازتربوو، بە چاوانی رەش، مات و خۆپەسندو دەموچاوی گەنم رەنگەوە کە لە هەردوولای لاجانگەکانیەوە ئەڵقەی چاویان دەوردا بوو. مرۆڤ وای هەستدەکرد کە تەنیا پاسەوانی چرای دەریایی ئەم شێوە و شەکڵەی هەس. گوتی:–((تۆزێ ژەهرم بەدەیی)).

–((سەرچاو، خات ئیمیلی. چ جۆرە ژەهرێك؟ ژەهری مشك و ئەم جۆرە شتانە؟ بەقسەی من دەکەی....))

-((باشترین ژەهرێك كە هەتە. هەقم بەسەر جۆرەكەیەوە نییە.)) دەرمانفرۆشەكە كە ناوی چەند ژەهرێكی برد.(( ئەمانە هەمووشتێك تەنانەت فیلش دەكوژن. بەڵام ئەوەی كە تۆ پێویستتە....))

خات ئیمیلی گوتی:-((ئارسەنیك. ژەهرێكی باشە؟))

-((دەڵێی.... ئارسەنیك؟ بەڵێ، خانم بەڵام ئەوەی كە تۆ پێویستتە....))

-((ئارسەنیكم بدەیێ.))

دەرمانفرۆشەكە لەسەرەوە تەمەشای كرد. ئیمیلی-ش تەمەشای ئەوی كرد، رەق و تەق بوو و دەموچاوی لە ئالآیەكی چرچ و لۆچ دەچوو.

دەرمانفرۆشەكە گوتی:-((بەڵێ، بەچاوان، ئەرسەنیكت دەدەمێ. بەڵام قانون وادەخوازێ كە بڵێی بۆچی بەكاری دێنی.))

خات ئیمیلی لێی راما، سەری بردبووە داوە تا یەكراست بڕوانێتە دوڕ چاوانی ئەو، تا دەرمانفرۆشەكە سوڕایەوە و رۆیی. ئارسەنیكەكەی بۆ پێچایەوە. شاگردە رەش پێستەكەی موغازەكە، پێچراوەكەی دایە دەستی ئیمیلی، دەرمانفرۆشەكە خۆی نەهات. خات ئیمیلی كاتێ لە ماڵەوە زەرفەكەی كردەوە، لەسەر پاكەتەكە، لەژێر وێنەی كاسە سەرێك و دوو ئێسقانی راست و چەپدا نووسرا بوو:((تایبەتە بۆ مشكان.))

رۆژی پاشتربوو كە ئێمە هەموومان گوتمان :((خۆی دەكوژێت.))و گوتمان باشترین كار دەكات. كاتێ بۆ یەكەم جار كەوتە ئەوەی لەگەڵ(هومیر بارین)دا دەربكەوێ گوتبوومان:-( زەماوەندی لەگەڵ دا دەكات.)) پاشان گوتمان:((ئیمیلی دەیهێنێتە سەر رێ.)) چونكە لە زمانی هومیر بارین-ەوە بیستبوومان كە حەز لە پیاوان دەكات و وا باو بوو كە لە یانەی گیانلەبەرانی باكوردا لەگەڵ پیاوانی گەنجتردا تێكەڵاوە و ئەهلی ژن هێنان نییە. پاشان هەركە ئەوان پاش نیوەڕۆیانی یەك شەمموان بەو گالیسكە بریقەدارەوە رەت دەبوون و ئیمیلی سەری بەرزدەگرت و هومیر بارین كڵاوەكەی دەنایە لایەكی سەرییەوە، سیغارێكی بەددانەكانی بەدەمەوە دەگرت و هەوسارو قامچییەكەی بە دەستكێشە ((كڵۆڵ خۆت ئیمیلی)) زەردەكانی لەدەست دەگرت، لە پشت پەردانەوە دەمانگوت: پاشان چەند ئافرەتێك دەنگی نارەزاییان بەرزكردەوە و گوتیان كەهەم مایەی ئابڕوو چوونی شارەو هەم سەرمەشقێكی خراپە بۆ گەنجان. پیاوەكان خەیاڵیان نەبوو هیچ هەنگاوێك لەو بارەیەوە بنەن بەڵام ژنان هەرچۆنێ بوو كەشیشی تەعمیدكاریان ناچاركرد-ماڵباتی ئیمیلی هەموویان پەیڕەوی كڵێسای ئەسقوف بوون-كە سەرێكی لێ بدات. كە شیشەكە هیچ كاتێ ئەوەی باس نەكرد كە لە گفتوگۆكەیاندا چ باس كرا، بەڵام ئامادە نەبوو جاریكی دی پێ بنێتە ماڵی ئیمیلی. یەك شەممەی دواتر دیسان كەوتنە گەڕان بە شەقامەكانداو رۆژی دواتر ژنەكەی كەشیش نامەی بۆ كەسوكارانی ئەو لە ئالاباما نارد.

ئەوە بوو كە خات ئیمیلی و خزمانی لەژێر یەك ماڵ دا خڕبوونەوە و ئێمەش دانیشتین بۆ تەمەشای رووداوەكان. سەرەتا چ شتێك رووی نەدا. پاشان دڵنیابووین كە بەتەمان زەماوەند بكەن. بۆمان دەركەوت كە خات ئیمیلی چووە بۆلای جەواهێر فرۆش و لە جیاتی زیوو قۆڵۆنیای پیاوانەی داواكردووە كە لەسەر هەر یەكێكیان بەجیا پیتێن هـ.ب نەخشا بوو. دوو رۆژ دواتر بۆمان دەركەوت كە دەستێ جلی پیاوانەو دەستێك جلی خەوی كڕیوە و گوتمان: ((زەماوەندیان

کرد.))و بەڕاستی خۆشحاڵ بووین. خۆشحاڵ بووین چونکە ئەو دوو کیژە مامە زیاتر لە خات ئیمیلی ئاشنای خووخدە و ئاکاری گریرسون-ەکان بوون.

بەم پێیە، کاتێ هومیر بارین ڕۆیی-دەمێ بوو شایگەری شۆستەکان تەواو بووبوو-ئێمە پێمان سەیر نەبوو. تەنیا کەمێك دڵگران بووین کە بۆچی خەڵکی دەنگیان لێوە نەهات. ئەوسا پێمان وابوو کە هومیر بارین ڕۆییشتووە کارەکان بۆ بردنی خات ئیمیلی فەراهەم بکات یان دەرفەت بەو بدات تا قەناعەت بە کیژە مامەکانی بکات. (ئەو سەردەمە ئێمە دەستەیەك بووین و هەموومان لایەنگری خات ئیمیلی-مان دەکرد تا دەست بەرووی کیژە مامەکانی یەوە بنێ.) هەرواش دەرچوو، کیژەکان پاش هەفتەیەك ڕێی خۆیان گرتەبەرو ڕۆیشتنەوە. وەکو چۆن پێشبینیمان کردبوو سێ ڕۆژێکی پێ نەچوو کە سەروکەللەی هومیر لە شاردا پەیدا بووەوە. یەکێك لە هاوسێکان لە زەردەپەڕی ئێوارێدا غوڵامە ڕەشەی دیتبوو کە لە دەرکەی ئاشخانەکەوە بردبوویە ژوورەوە. ئەمە دوا کەڕەت بوو کە هومیر بارین- مان بینی. خات ئیمیلی-شمان تا ماوەیەکی زۆر لەوە بەدواوە نەبینی. غوڵامە ڕەشە، زەمیلە بەدەست، دەهات و دەچوو، بەڵام دەرگای پێشەوە هەر داخرابوو. هەندێ جار خات ئیمیلی-مان بۆ ساتێك لە پشت پەنجەرەیەکەوە دەبینی، وەکو ئەو شەوە کە لەکاتی پرژاندنی گەچۆرو قسڵدادیتیان، بەڵام بۆ ماوەی شەش مانگێك لە شەقامەکاندا نەبینرا. پاشان حاڵی بووین کە ئەم کارەش قابیلی پێشبینی بووە" چونکە ئەو خووخدەیەی بابی کە زۆر جاران ژیانی ئیمیلی بەدەستی نەمان سپاردبوو. لەوە رقنترو هۆڤیانەتر بوو کە بەئاسانی لەدەست بچێ و نەمێنێ.

کاتێ دووبارە ئیمیلی-مان دیتەوە قەڵەو بوو بوو و قژی خەریك بوو بۆز دەبوو. دوو سێ ساڵ دواتر قژی هێندە بۆز بوو رەنگێکی بۆزی تاریکی یەکدەستی پەیداکرد و هەر بەو شێوەیە مایەوە و تا ڕۆژی مردنی لە هەفتاوچوار ساڵیدا، وەکو پیاوانی رەنجبەر، هەمان رەنگی تۆخی بۆزی هەبوو.

لە هەمان وەختدا بوو کە ئیدی دەرگای پێشەوەی ماڵەکەی نەکرایەوە، جگە لە شەش هەوت ساڵێك، لەدەوروبەری چل ساڵیدا، کە نیگارکێشی چینی فێری خەڵکی دەکرد. ژوورێکی قاتی خوارەوەی کردبوو بە نیگارخانە و کیژان و نەوەی خەڵکی سەردەمی سەرهەنگ سارتوریس دەقاودەق بەهەمان رەوش و رەوت و هەمان گیانەوە دەچوون بۆ نیگارخانەکەی کە یەکشەمووان بە دراوێکی٢٥سەنتی یەوە، بۆ سینی کۆمەك، رێی کڵیسایان دەگرتەبەر. واتا هەمان سەردەمی کە لەدانی باج عەفوو بوو.

پاشان نەوەی تازەتر کاروباری شاریان گرتە دەست و شاگردانی نیگارخانەکەی گەورەبوون و چوون بەدووی کاری خۆیاندا و مناڵەکانی خۆیان بەپاکەتی بۆیە و فڵچەی پیس و ئەو وێنانەوە کە لەناو گۆڤاری ژناندا دەریان دەهێنا، نەناردە لای خات ئیمیلی.

دەرگای پیشەوەی ماڵەکە لەدوای دوا شاگردەوە داخراو بۆ هەمیشە بەداخراوی مایەوە. کاتێکیش دابەشکردنی خۆڕایی پۆستە هاتە شارەوە تەنیا خات ئیمیلی بوو کە ڕێی نەدا لەسەر دەرگای خانووەکەی ژمارەی کانزایی دابکوتن و سەندوقی پۆستی پێوە هەڵواسن. گوێی پێیان نەدا.

هەموو ڕۆژ، هەموو مانگ، هەموو ساڵێك ئێمە بەچاوی خۆ سپی بوونی قژو چەمینی پشتی غولامە ڕەشەمان دەبینی کە زەمیلە بەدەست دەچوو بۆ بازاڕو دەگەڕایەوە. هەموو ساڵێك لە هەیڤی دیسامبەردا نووسراوێکی باجمان بۆ خات ئیمیلی ڕەوانە دەکرد کە پاش هەفتەیەك بەدەقی خۆیەوە بە پۆستەدا دەگەڕایەوە. جار جاریَ لە پەنجەرەیەکی قاتی خوارەوە دەمانبینی- پێدەچوو هاتوچوی قاتی سەرەوە نەکات-کە وەکو نیو پەیکەرێکی بەردینی بتێك لە بتدانەکەی خۆیەوە سەیری دەکەین یان سەیری نەدەکردین، نەمان دەتوانی ئەمە دیاری بکەین. بەم جۆرە ئەو ڕێزدار، کۆڵنەدەر، خۆراگر، بتەو، ئارام و خۆسەر، نەوە لەدوای نەوە هات.

مەرگی ئەو هاتە پێشیَ. لە ماڵێك دا کە تۆزو گەردو سێبەر هەموو شوێنێکی گرتبوو، لە جێگەی نەخۆشیدا کەوت و تەنیا غولامە ڕەشەی پیر سەرپەرشتی و پەرستاری دەرکرد. تەنانەت نەمانزانی کەی نەخۆش کەوت" لەمێژ بوو کە ئیدی زەحمەتی هەواڵ وەرگرتنمان لە غولامە ڕەشە وەبەر خۆ نەدەدا. غولامە ڕەشە قسەی لەگەڵ کەسدا نەدەکرد، پێدەچوو قسە لەگەڵ خات ئیمیلی-شدا نەکات، هێندە قسەی نەکردبوو کە دەنگی گڕو ژەنگاوی بووبوو.

لە یەکێك لە ژوورەکانی قاتی خوارەوە، لەسەر تەختە خەوێکیدارگوێزی قورس و پەردەداردا مرد، سەری بەو گێسووە بۆزانەیەوە نابووە سەر بالیفیَ کە لە کۆنی و هەتاو نەدیتن دا زەرد بوو بوو و پوابوو.

غولامە ڕەشە دەرگای پێشەوەی لە یەکەمین دەستە ژنان کردەوە و ئەوانی بەو هەموو چپەچپ و وورتە وورتەوە، بە نیگای بزێو و زیتەڵ و فزولیانەوە وەژوورخست و خۆی دیار نەما. یەکڕاست لە دەرگای ناوڕاستی ماڵەکەوە تیَ پەڕی، لە دەرگای پشتەوە وەدەر کەوت و ڕۆیی و ئیدی چ کەسێك نەی بینی.

جووتە دۆتمامەکەی بەپەلە هاتن، ڕۆژی دووەم، بەرێکردنی جەنازەیان سازدا، خەڵکی شار بۆ دیتنی ئیمیلی بەچەپکە گوڵە باخی کڕدراوەوە دەهاتن، لەگەڵ ئەو وێنە قەڵەمی یەی بابی ئیمیلی کە بەقووڵی لە فکرانڕاچوو بوو، لەسەرووی تابووتەکە دانرابوو، لەگەڵ ئەو ژنانە دا کە لە ژێر لێوانەوە قسەیان دەکردو نیگەران بوون، لەگەڵ ئەو پیرەمێردانەدا کە هەندێکیان بەجلی ڕەسمی جەنگی ناوخۆوە هاتبوون و لەبەر هەیوانەکە یان لەناو چیمەنەکەدا هێندە بەگەرمی باسی ئیمیلی-یان دەکرد دەتگوت هاو عەسرو زەمان بوونە، لەگەڵی دا ڕەقسیون و بگرە ئاشقێنیان لەگەڵ کردووە. و وەکو خەڵکانی بەسالاچوو و واریقات و ڕووداوەکانی ڕابردوویان پاش و پێش دەگێڕایەوە، ڕابردوویەك کە بۆ ئەوان حوکمی جادەیەکی نەبوو کە کۆتاییەکەی لە دوورە دەستێك دا گوم بووبیَ، بەڵکو چەمەنێکی بەرین بوو کە هیچ زستانێکی بەخۆوە نەدی بوو و تەنیا تەنگەیەکی باریکی دواترین دە ساڵ، ئەوانی لەو چەمەنە دادەبڕی.

پێشتر دەمانزانی کە لە قاتی سەرەوە و لەسەرووی قاڵدرمەکاندا ژوورێك هەس کە لەماوەی چل ساڵی ڕابردوودا چ کەسیك ناوی نەبینی بوو و دەبیَ دەرگاکەی بشکێنریَ. بەر لەوەی دەرگاکە بکەنەوە سەبریان کرد تا خات ئیمیلی ئابڕومەندانە بەخاك سپێردرا. دەتگوت شکانی دەرگاکە، ژوورەکەی لە گەردو تۆز پڕکردبوو. دەتگوت توێژێکی ناسك و دزێو لە گەرد، وەکو توێژی سەرگۆڕیان، بەسەر هەموو شوێنێکی ئەم ژوورەدا، کە بۆ شەوی بوکێنی ئاڕاستەو ڕازێنرابووەوە، کێشابوو" بەسەر پەردەیَن ڕەنگاوڕەنگی ریشوداری کاڵەوە بوو، بەسەر بلوری

ڕەنگینی چرایان، بەسەر مێزی تەوالێت، بەسەر کەرەستەێن ناسك و بلورین و کەرەستەی تەراشی پیاوانە لەناو شوێندانی زیودا، کە زیوەکەی هێندە ڕەش بوو بوو کە پیتەکانی سەری نەدەبینرا و لەناو ئەو شتانەدا یاخەیەکی کەراوێت هەبوو دەتگوت تازە لە گەردن کرابووەوە. کە یەخە کەراوێتەکەیان هەڵگرت هەیڤۆکێکی کاڵی ی بێڕەنگی لە شوێن خۆی لەناو گەردو تۆزەکەدا بەجێ هێشت. دەستێك جلی پیاوانە بەدیقەت بەکورسییەکەوە هەڵواسرابوو" جووتێ پێڵاوی مات و جووتێ گۆرەی پیاوانەی توڕدراو، لەژێریدا دەبینرا.

و پیاوێك لەسەر تەختەخەو راکشابوو.

ماوەیەکی زۆر وەستاین و ڕوانیمانە ئەو زەردەخەنە قوڵە.

بەدەنی ئەوەی نیشان دەدا کە سەرزەمانێ کەسێکی لە هەمێز بووە، بەڵام ئێستا ئەم خەوە دوورو درێژە کە زیاتر لە عەشق درێژەی کێشاوە و تەنانەت سێبەری عەشقیشی سڕیتەوە، پیاوەکەی شەرمەزارکردبوو، پاشماوەی ئەو کە لەناو پاشماوەی کراسی خەودا، ڕزی بوو لەو تەختەی کە لە سەری ڕاکشابوو جیانەدەبووەوە" هەمان توێژە گەردو تۆزی بەسەبرو چاوەڕوان لەسەر ئەو و لەسەر بالیفەکەی تەنیشتی دا، کشابوو.

ئەوساکە پەیمان بەوە برد کە بالیفی دووەم جێی سەرێك بووە. یەکێك لەئێمە شتێکی لەسەری لاداو ئێمە، کە بۆ پێشەوە دانەوی بووینەوە و بۆنی ناخۆش و ووشکی ئەو تەنکە گەردو تۆزە نادیارە کەپوومانی تەژی کردبوو، داوێك قژی بۆزی تۆخمان بینی.

سەرچاوە:

داستان و نقد داستان-گزیدەو ترجمە:ئەحمەد گلشیری جلد نخست، چاپ سوم-تهران ١٣٧٥.

# هەڵسەنگاندنی چیرۆکی

## گوڵێکی سوور بۆ ئیمیلی

## نووسینی: کلینت بروکس- رۆبرت بن وارین

((گوڵێکی سور بۆ ئیمیلی)) چیرۆکێکی سامناکە. چیرۆکی ماڵێکە لە ئاستانەی هەرسهێنان دایە، کە قارەمانی چیرۆکەکە لە جیهان دابڕاوە، وەکو قارچکێك کە لە تاریکی دا بەقەد دیوارێکەوە بڕویٚ و گەشەبکات لە مرۆڤەکانی دەوروبەری خۆی دادەبڕیٚ و شێوەی هیولا وەردەگریٚ. خات ئیمیلی گریر سون، دوور لە هەراو هوریاو تەپ و تۆز و هەتاوی جیهانی کاروباری ئاسایی مرۆڤ، لە جیهانی گۆشە گیری خۆیدا (یان لە ئەسارەتی ئیجباری دەرونی خۆیدا) دەژی و سەرەنجام ئەوەی لە ژوورەکەی قاتی سەرەوەی ماڵەکەی ئەودا بەجیٚ دەمێنیٚ ترس و غوربەتێکی پایەدار و نەفرەت ئەنگێزمان پێدەبەخشێت.

ئایا ئەم ترس و سامە تەنیا بۆ نشیاندانی ترس و سام خوڵقێنراوە؟ ئەگەر وانییە، نووسەر بۆچی ئەم هەموو شاخ و باڵە لەو هیولایە دەنیٚ؟

بە گوتەیەکی دی ئایا ئەم سامە بەشدارییەکی لە نێوەرۆکی چیرۆکەکەدا هەس؟ ئایا ئەم ترس و سامە چەمکێکی تایبەتی هەیە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبیٚ هەندیٚ لە وردەکاری یەکانی سەرەتای چیرۆکەکە کەم دابێژێك بەوردی هەڵسەنگێنین. لە سەرەتادا دەبیٚ بزانین بۆچی خات ئیمیلی دەست دەداتە کاری ترسناکی خۆی. ئایا هۆکارێکی ماقولٚ بۆ ئەم کارە هەس؟ پاشان دەبینین کە فۆکنەر بۆ فەراهەم کردنی گریٚ کرانەوە کەم تا زۆر وردەکاری کردووە. لە سەرەتای چیرۆکەکەوە بۆمان دەردەکەویٚ کە خات ئیمیلی یەکێکە لەو کەسانەی کە واقیع و خەیاڵیان لا تێکەڵاوە و هیچ سنورێکیان لە نێواندا نەماوە. بۆ وێنە، ئەو قەبوڵی نییە کە چ باجێك قەرزدار بیٚ و کاتیٚ فەرمانڕەوای شار قەرزاری ئەو رادەگەیەنیٚ ئەو هەر گویٚی ناداتیٚ. و ئەو شاندەی لە بەردەمیدا دانیشتون هەواڵەی سەرهەنگ سارتوریس دەکات و سەرهەنگ سارتوریش، وەکو چۆن خوێنەر ئاگادارە، دە ساڵێك دەبیٚ کە مردووە. وێنەی باشتر، ئەو هەروا هەنگامەیەیە لەمەڕ مەرگی بابی ناوی یەتەوە کە سیٚ دانە رۆژی خشت لە مەردمی شارەکەی دەشارێتەوە:

(( تەنیا ئەو کاتە تەسلیم بوو کە خەریك بوو پەناوەبەر یاساو هێز بەرن، ئەوانیش خێرا باوکیان بە خاك سپارد))

خات ئیمیلی بە رواڵەت نەخۆشە. گوتیاری چیرۆکەکە بەروونی ئاماژە دەکات کە مەردم هەستیان دەکرد کە ئیمیلی شێتە. سەرانسەری ئەم رونکردنەوەیە بۆ ئەوەیە کە ئەوەی خات ئیمیلی لە پێناوی راگرتن و هێشتنەوەی دڵدارەکەیدا ئەنجامی دەدات، لە روانگەی ئێمەوە مایەی قەبوڵکردن و پەسند بیٚ" دڵدارە مردووەکە لەیەك روانگەوە بەلای ئەوەوە زیندووە کە چ سنورێك لە نێوان واقیع و خەیاڵدانییەو نەماوە. دیارە بەم گوتەیە نامانەویٚ پاکانە بۆ چیرۆکەکە بکەین، چونکە تا فۆکنەر بایەخی پتر بە گێڕانەوەی مێژووی دەروونناسی ناهەموارو ناپەسند بدات، چیرۆکەکەمان مانا و دروستی خۆی وەکو چیرۆك لە دەست دەدات و ئەوەی دەمێنێتەوە زیاتر

((راپۆرتە هەواڵە)) تا چیروک. ئەگەر قەرار بێ دروستی چیرۆك بێتە سەلماندن دەبێ شتێکی لە خۆ گرتبێ کە دەشێت ناوی مانای ئەخلاقی لێ بنەین، مانایەك لە هەلو مەرجێن ئەخلاقی دا نەك لە هەلو مەرجێن دەرونناسی رووت.

لە لایەکی دییەوە، زۆر بەئاسانی دەکرێ((گوڵێکی سوور بۆ ئیمیلی)) بە نادروست، و بەچیرۆکێکی دڵەڕاوکە بەخش بزانرێ کە بەمەبەستی خلافاندن و سەرگەرمی خوێنەر هاتووەتە نووسین. زۆر جاران سەبارەت بە بەرهەمەکانی فۆکنەر گوتراوە کە جگە لە ئیجادی سەرگەرمی چ شتێکی دی نیشان نادەن.

جا بەم پێیە، دەرك کردنی هاندەری خات ئیمیلی لە جیا نەکردنەوەی واقیع و خەیاڵ، مەرگ و ژیان، بایەخێکی زۆر گرنگی هەس. بەڵام ئەمە بۆ خۆی و بەتەنێ فاکتەری قاڵبگیری نێوەرۆکی چیرۆکەکە نییە.

وا چاکترە لێرەدا بگەڕێینەوە سەر ئەو هاندەرو ئەنگێزەیەی کە باسمان کرد: ئیمیلی چ کارەیە؟ پایەکانی کەسایەتی ئەوچین؟ چ هۆکارگەلێك سنوری نێوان خەیاڵ و واقیع لەلای ئەو ناهێڵن؟ بێگومان خات ئیمیلی کەسێکی خۆراگرو بەورەیە. لە مەسەلەی باج دا، بەو هەموو شێتێتی خۆیەوە، زەرەر ناکات. ژنێکی زۆر ئارامە و زاڵی خۆی بەسەر ئەو دەستەیەدا کە دێنە دیدەنی و کەم تا زۆر لێی دەترسن، دەسەلمێنێ و نیشان دەدا. لە مەسەلەی کڕینی ژەهرەکەدا، بوڕ بە فرۆشیارەکە دەدا. ئەهلی رواڵەتبازی نییە. ئامادە نابێ پێ \ی بڵێ کە ژەهرەکەی بۆ چ کارێك دەوێ. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا. ئەم جۆرە خۆ راگری و ورەبەرزی و غرورە ئاسنینە ناتوانێ بەر لە نەزۆك بوون و بریندار بوونی هەستەکانی ئەو بگرێ. بابێ هەموو ئەو گەنجانەی تاراندووە کە هاتونەتە داوای و لە زەینی گوتیاری چیرۆکەکەدا خات ئیمیلی و بابی یەك وێنە پێك دەهێنن:

(( خات ئیمیلی ژنێکی باریکەلە بە جلی سپییەوە لە کۆتایی وێنەکەدا دەبینرا کە پشتی لەو بوو وقامچییەکی ئەسپرانی بەدەستەوە گرتبو و لە پشت هەردووکیانەوە چوارچێوەی دەرگایەك کە روەو پشتەوە کرابووەوە ئەوانی وە کو چوارچێوەیەك لە خۆ گرتبوو.))

جا ئەم وێنەیە ئیدی چیرۆکنوس لە شوێنێکدا دیتبێتی یان کارێکی رەمزیانەی رووت بێ، بابەتێکە لە سنوری زەینی ئەو هێوەتر ناڕوات و هەر لەوێندەر دەمێنێتەوە.

کاتێ خات ئیمیلی، بە سواری گالیسکە و لە تەنیشت سەرکرێکارەوە، بە شەقامەکانی شاردا دەسوڕایەوە، لە راستییدا خەڵکی شاری دەبوغزاند" چونکە ئەو شان بە شانی کەسێك دانیشتبوو کە بە باوەڕی مەردم لە ئاستێکی نزمتر لە ئاستی ئەودا بوو. لە چیرۆکەکەدا، غروری خات ئیمیلی پەیوەندی بە بوغزاندنی خەڵکی لە لایەن ئەوەوە هەیە. ئەو، مەغرورانە ئەو ژمارە و تابلۆیانەی کە قەرارە لە دەرگای ماڵەکەی بدرێ، واتا بڕیارەکان، رەت دەکاتەوە و تەنانەت چ حیسابێك بۆ ویستی ئەو کەسانە ناکات کە دژی ویستی ئەون. هەموو ئەمانە لە ئەنجامدا ئەو توانایەی پێ دەبەخشن تا رێ لە چوونە دەرەوەی دڵدارەکەی بگرێ. وکاتێ کە روو بەروی بێ ئەمەکی دڵدارەکەی سەبارەت بەخۆی دەبێتەوە هەوڵ دەدات کە نەك تەنیا ویستی ئەو و باوەڕی خەڵکان بەڵکو یاسایێ مەرگ و گەندەڵ بوونیش بنێتە ژێر پێوە.

بەڵام ئەم خاڵەش مانای چیرۆکەکە ناگرێتەخۆ و بەرجەستەی ناکات چونکە ئەوەی تا ئێستا گوتوومانە، رونکردنەوەی جۆرە کەچرەوییەکی دەرونناسی بووە، یان بەگوتەیەکی دی،

ئاماژەیەك بووە بۆ دەروونناسی ناهەموارو ناپەسند. ئێستا بۆ ئەوەی لایەنی (مانایی و مەفهومی) چیرۆکەکە بخەینە بەرلێکۆڵینەوە پێویستە بیرو هزرو کارەکانی خات ئیمیلی بە ژیانی ئاسایی کۆمەڵگەوە گرێ بدەین و جۆرە پەیوەندییەکیان لە نێوان دا بەرقەرار بکەین. جا ڕێك لێرەدایە کە یەکێك لە ڕەگەزەکاریگەرەکانی گێڕانەوەکە پێویستی بەسەرە داوێکە.

ئەگەر دیقەت بدەین بۆمان بەدیار دەکەوێت کە چیرۆکەکە یەکێك لە خەڵکی شار دەیگێڕێتەوە و گەڕانەوەش بۆ ئەوەی خەڵکی سەبارەت بە ئیمیلی بیری لێدەکەنەوە فاکتەری هەمیشەییە. لە سەرانسەری چیرۆکەکەدا خوێنەر بەردەوام روو بەرووی شتێك دەبێتەوە ئەمەیە کە (ئێمە) چمان کرد (ئێمە) چمان گوت و بەڕای (ئێمە) چ شتێك دروست بوو و ئەم جۆرە شتانە. گوتیار تەنانەت بابەتەکە بە وردییەکی زیاترەوە ورد دەکاتەوە و دەچێتە بنج و بناوانی. لە شوێنێکدا دەڵێت کە خات ئیمیلی بەڕایی گشتی: ( هەژی، کۆڵنەدەر، خۆراگر، بتەو، ئارام و خۆسەر) بوو.

هەر یەکێك لەو خەسێت و خەسڵەت و سیفەتانە پڕ بایەخ و مانادارە. لە ڕوویەکەوە خات ئیمیلی بە هۆی هەمان گۆشە گیری و خۆسەرییەوە پەیوەستە بە هەموو خەڵکی یەوە و خەمی هەموویانە. لە گۆشەنیگای ئەوانەوە تەنانەت بە بایەخیشە، هەژی یە. بەهۆی ئەو خۆسەریی و خوێبوونەوە کە ئیمیلی لە ئەنجامدانی داب و نەریت و ڕێ و ڕەسمی ئوروستوکراتی دا دەینوێنێ و بەهۆی بە هەند وەرنەگرتنی ( ئەوەی کە خەڵکی دەیلێن) ژیانی بە جۆرێکی تەنز ئامێز حاڵەتی گشتانی لە خۆ دەگرێت. زۆر دەستەواژەی گوتیار ئەم واقیعەی ئەو دووپات دەکاتەوە. بۆ وێنە لەو شوێنەدا کە دەڵێت:

(( مرۆڤ وای هەستدەکرد کە تەنیا پاسەوانی چرای دەریایی ئەو شێوە و شەکڵەی هەس))

ئیمیلی سیمایەکی لەو جۆرەی هەس. سیمای کەسێك کە لە گۆشەیەکی نادیار وەکو گۆشەی نیگابانی چرای دەریایی دەژی، کەسێك کە هەمیشە چاو دەبڕێتە تاریکی و چراکەی دەستی ئەرکێکی گشتەکی لە عۆدەیە. یان کاتێ کە، پاش مردنی بابی، نەخۆشدەکەوێ و لە جێدا دەکەوێ و پاشان هەڵدەسێتەوە:

(( کەمدا بێژێك وەکو ئەو فریشتانەی لێهاتبوو کە لە ناو پەنجەرەێن ڕەنگینی کلێسادا وێنەکێشراون، شێوەیەکی واهی غەمین و ئارامی پەیداکردبوو))

بۆ چوونی ئێمە سەبارەت بەم وەسفانە هەر چییەك بێ، ئەوا بەدڵنیاییەوە نووسەر هەوڵدەدات کە جۆرە ئارامی و ویقارێکی (نازەمینی) بە خات ئیمیلی ببەخشێت، ئارامی و ویقارێکی کە لە گوینە فریشتەیەك هەیبێ.

بەمجۆرە، خات ئیمیلی بۆ خەڵکی پێکهاتەیەکە لە بت و سپەر و قەڵغانی بەلا. خەڵکی لەلایەکەوە ستایش و ئافەرینی دەکەن، چونکە دیمەنێکە لە ڕابوردوی ئەوان، ڕابوردوویەك کە شانازی پێوە دەکەن. ئەوان هەست بە ترسێکی ڕێز ئامێز سەبارەت بەو دەکەن کە ئێمە نموونەی ئەوە لەرەفتاری شارەوان و شاندەکەی هاوڕێی لە حوزوری خات ئیمیلیدا دەبینن. لەلایەکی دیکەوە غەرابەتی ئەو، یانی ئەم هەقیقەتەی کە ئەو لە ئەنجامی کارە ڕۆژانەکانی ژیانەوە تونانای هەڤرکی لەگەڵ ئەوان دا نی یە، ئەم حەقیقەتەی کە ئەو بەداماوییەوە هەستدەکات لەم جیهانە تازەیەدا چ بەشێکی نییە دەبێتە مایەی ئەوە کە ئەوان خۆیان لەو بەزیاتر بزانن و گومان لەو

رابردووه بکەن کە ئەو نوێنەرێتی. دەبینین کە ئەم جوداییە تەواوەی خات ئیمیلی یە کەدەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی بۆچونی تایبەتی خۆیان لەمەڕ کارەکانی ئەو هەبێ.

خات ئیمیلی چونکە ئەرستوکراتێکی هوشیارە، چونکە لە رووی هوشیارییەوە لە خەڵکانی دی (چاکترە)، چونکە رەفتارو هەڵس و کەوتی هێوەترو لە دەرێی بازنەی یاساو ڕێساری ئەوانە خراپتربێ و خراپتریشە، زۆر خراپتر خات ئیمیلی تەبیعەتێکی خراپتر لە خەڵکی هەیە بەڵام لە هەمان کاتدا، وەکو گوتیار ئاماژە دەکات، تا ڕادەیەك مایەی ستایشی خەڵکانە. جا لێرەدا پرسیارێکی بنەڕەتی دێتە کایەوە:

ئەم شتە چۆن دەشێت؟

لە گوینە لایەنێن سامناك و ستایشهاڕوژێنی کاری خات ئیمیلی لەم تەبیعەتەی ئەوەوە هەڵقولابێ کە هەمیشە پێ دادە گرێ لە دیداری ئەو لەگەڵ خەڵکی دا مەرجەکانی ئەو ڕەچاو بکرێ. ئەو هیچ کاتێ سەر دانانەوێنی" هیچ کاتێك لەخەمی وەدەست هێنانی هاودەردی خەڵکانی دیدا نییە" بێزارە لەوەی خۆی وەکو پیرێژنێکی میهرەبان بنوێنێ و بە هاو داوەری خەڵکان بە هەند وەرناگرێ. ئەم جۆرە خۆیبوونە روحییە دەتوانێ مرۆڤ بکات بە هیولاو دەیکات" بەڵام، لە هەمان کاتدا، دورەپەرێزی ئەو لە قەبوڵ کردنی بەهاکانی کۆمەڵگە ویقارو شەهامەت و بوێری بەو دەبەخشێ.

کۆمەڵگە هەست بەم بابەتە دەکات" بۆیە کە پێش شکانی دەرگای ژوورەکەی سەرەوە، یەکەمجار ڕێورەسمی نا شتنەکە ئەنجام دەدات. وەك بڵێی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەدا و بە پەنهانی هەموو هەر بەوە قاییل بن کە گۆشەگیری و دوورەپەرێزی خات ئیمیلی تا ئەو کاتەی کە ئەو بەخۆی نەچێتە مێژووە وە (نەمرێ) دەبێ بەدەقی خۆیەوە بمێنێ و دەستی لێنەدرێ. ئەمە جگە لەو واقیعیەی کە:

( پێشتر دەمانزانی کە لە قاتی سەرەوە لە سەرووی قاڵدرمەکاندا ژو ورێك هەس کە لە ماوەی چل ساڵی رابردوودا چ کەسێك ناوی نەبینی بوو و دەبێ دەرگاکەی بشکێنرێ)

بەرێکردنی جەنازەکەی خات ئیمیلی رووداوێکی گشتییە،

( لە گەڵ ئەو پیرەمێردانەدا کە هەندێکیان بەجلی رەسمی جەنگی ناوخۆوە هاتبوون و لەبەر هەیوانەکە، یا لە ناو چیمەنە کەدا هێندە بەگەرمی باسی ئیمیلی یان دەکرد دەتگوت هاو عەسرو زەمان بوونە، لە گەڵیدا رەقسیون و بگرە ئاشقێنیان لەگەڵ کردووە.....)

بەگوتەیەکی دی، کۆمەڵگە رێی دەدات بێتە ناو مێژووی شانازی ئامێزی خۆیەوە. جا هەموو ئەمانە بە جۆرێك ئاماژەی ناراستەو خۆ بۆ سەرکەوتنی ویستی خات ئیمیلی دێتە ژماردن پێشتر پێمان گوتراوە کە کاتێ ئیمیلی سەروەت و سامانی خۆی لەدەست دەدات کۆمەڵگە دڵی بۆی دسوتێ، وەکو چۆن کاتێ بۆی دەردەکەوێت لە پێ کەوتووە دەکەوێتە ئەوەی هاودەردی خۆی بۆ دەربڕێ. بەڵام ئەو بەسەر بەزەیی و سەرزەنشت و مەحکومیەتی کۆمەڵگەدا سەردەکەوێت بەهەمان شێوە کە چیتر بایەخ بۆ بیرو باوەڕی کۆمەڵگە دانانێ.

وێڕای ئەمەش، وەکو ئاماژەمان کرد لە گوینە ئەوە بگوترێ کە خات ئیمیلی شێتە. لەوەشە ئەم بۆ چوونە دروست بێ. بەڵام دەربارەی ئەم بابەتە پێویستە دوو خاڵان لەبەر چاو بگیرێ. یەکەم، دەبێ ئەو هەلومەرجە تایبەتی یە رەچاوبکرێ کە (شێتایەتی) خات ئیمیلی لە خۆگرتووە. ئەم

شێتایەتییە زادەی پەرەسەندنی غروری ئەو و هەروەها قاییل نەبوونی ئەو بەتەسلیم بوون لە بەرانبەر بەهاو نموونە ئاساییەکانی ڕەفتاری خەڵکانی دی یە. جا بەم پێیە، بەرەچاو کردنی ئەم حەقیقەتە، (شێتایەتی) خات ئیمیلی پڕ مەعنایە. ئەم شێتایەتی یە کۆمەڵە مەسەلەیەکی لە خۆ گرتووە کە بەڕاستی بایەخی خۆیان هەیەو بمانەوێ و نەمانەوێ سەروکار دەگەڵ جیهانی هەڵبژاردنی ئاگایانەی ئاکارو ئەخلاق دا پەیدا دەکات. دووەم، شرۆڤەو تەفسیری شێتایەتی خات ئیمیلی لەلایەن خەڵکی یەوە شایستەی سەرنجە، ئەوان ستایشی ئەو دەکەن هەرچەند زویرن لەوەی کە ئەو بەزەیی و سۆزی ئەوانی بە هەند وەرنەگرتووە، و گوتیار، کە لە ڕاستیدا پەیڤداری کۆمەڵگەیە، دوایین لە قاوودانی ترسناکی ژیانی خات ئیمیلی بە گەواهی ئەم ئیدیعایە دەزانیێ کە بەهاکانی ئەو ئاوێتەی ئامانجە دوورەکانی کۆمەڵگە بووە. ئەو مێرد بە کرێکارێکی ئاسایی، هومیر بارین دەکات، کۆمەڵگەش بالەورگی خۆی بدات و چ دەڵێ بابیلێ. ئەوەی شایستەی بایەخ پێدانە ئەمەیە کە ئەو چ بێ وەفاییەك نابینێ و هەروەها ڕاستە کە هومیر بارین ی بە شێوەیەکی ناڕەوا لەلای خۆی ڕاگرتووە، بەڵام مەرجەکانی ئەو جێ بەجێکراون، باڵادەستی ئەو پارێزراوە و جیهان هاتۆتە بێزراندن. گەلێك لە ڕەخنەگران لەو باوەڕەدان کە تراژیدی چیرۆکەکە مرۆڤێکە کە دەیەوێت خۆی بێ، دەیەوێ بەمەرجەکانی خۆیەوە ڕووبەڕووی جیهان بێتەوە و هێندە بەتاسەوە دەژی کە هیچ سازشێك قەبوڵ ناکات. ناکرێ ئەوە بگوترێ کە ئەم چیرۆکە قابیلی بەراوردە لەگەڵ تراژیدیای گەورەی وەکو هاملێت یان شالیردا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، چیرۆکی (گوڵێکی سور بۆ ئیمیلی) هەندێ توخم و ڕەگەزی بنەڕەتی تراژیدیای تێدایە. بەبێ گومان غرور، گۆشەگیریی و خۆیبوونی خات ئیمیلی، کۆمەڵێك سیماو ڕوخساری کەسایەتی قارەمانی تراژیدی وەبیر دێنێتەوە" هەروەها وەکو چۆن سامناکی کاری ئەو لە دەرێی ژیانی ئاسایی کۆمەڵگەیە، چەمکی خۆیبوونی ئەویش لە ناو بەهاو فەزیلەتە ئاساییەکانی ئەم کۆمەڵگەیەدا جێی نابێتەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا، فۆکنەر لەم چیرۆکەدا دەیەوێ بڵێ غەریب ترین مەسەلەی هەر کۆمەڵگەیەك بەشێکی تەبیعی یە لەو کۆمەڵگەیە، یا بەگوتەیەکی دی، هیولایەك کە لەناو کۆمەڵگەدا هەڵکەوێ و دەرکەوێ لەو کۆمەڵگەیە جیانییە. ئەمە ناوەڕۆکی (گوڵێکی سور بۆ ئیمیلی)یە، ناوەڕۆکێك کە مەگەر چیروکنووسێکی وەکو فۆکنەر بتوانێ پەی پێ بەرێ و دەرەقەتی بێ.

سەرچاوە:
داستان و نقد داستان
جلد نخست، چاپ سوم. مؤسسە انتشارات نگاه. تەهران١٣٧٥ . ل٣٦٩-٣٧٨.

## دژمنان

## چیرۆکی چیخۆف

دکتۆر کریلوف، پزیشکی دەوڵەوتی بوو، تاقە کوڕێکی شەش ساڵانی هەبووو نێوی ئاندرێ بوو، نزیکەی سەعات (دە)ی تاریکە شەوێکی مانگی نۆ، ئەم تاقانەیەی بە نەخۆشی ملە خڕە مرد ڕێك لەو دەمەدا کە ژنەکەی دکتۆر لەبەردەم قەرەوێڵەی کوڕە مردووەکەیدا بەچۆکدا هاتو یەکەمین شاڵاوی نائومێدی بڕستی لێبڕی. لە زەنگی دەرگاکەیان درا. دەنگی زەنگەکە لە هۆڵەکەدا دەنگی دایەوە.

ماڵی دکتۆر هەرکە زانیان ملەخڕە لە ماڵیاندا پەیدا بوو، بۆ بەیانی هەموو نۆکەرەکانیان ئیزن دا، کریلوف خۆی چووە بەر دەرگا، لە ماڵەوە چۆن بوو واهی چووە بەر دەرگا. کراسێكو ئێلەکێکی لەبەر بوو. نە دوگمەی ئێلەکەکەی داخستو نەدەستو دەموچاوی وشك کردەوە. ئەسفەنیك دەستی سووتاند بوو. دالآنەکە تاریك بوو. کابرا هاتە ژوورەوە، نەدەناسرایەوە، هەر ئەوەندە دیار بوو کە میانە باڵا، ملپێچێکی سپی لە ملو ڕەنگی پەڕی بوو، هێند ڕەنگی سپی ببوو کە وەژوور کەوت لە تۆ وایە دالآنەکەی ڕووناك کردەوە، کابرای میوان زمانی تێکئالآبوو بە هەزار حاڵ تا پرسی: "جەنابی دکتۆر لە ماڵێیە؟."

کریلوف وتی: "بەڵێ لە ماڵم، چیت گەرەکە؟"

کابرای میوان گەشایەوەو وتی: "تۆ جەنابی دکتۆری؟ زۆر خۆشحاڵم." لە تاریکییەکەدا دەستی بۆ دەستی دکتۆر گێڕا، هەرکە دەستی دکتۆری بەر دەستان کەوت بە توندی گوشیو وتی: "زۆر خۆشحاڵم، جارێکی دیکەش بەخزمەتت گەییوم، ئەگەر بیرت مابێ من (ئەبوگین)م ناوە، ئەم هاوینە لە ماڵی (گنوشیف) بە خزمەتت گەیشتم زۆر خۆشحاڵم کە وای لە ماڵ. مەحز بۆ ڕەزای خوا، دەست نەنەی بەڕوومەوەو بڵێی بەم درەنگە شەوە لەگەڵت نایەم، ژنەکەم لەپڕ لە زریکەی داو کەوت، حاڵی خراپە. عەرەبانەشم لەگەڵ خۆ هێناوە.."

کابرای میوان بە قسەو ڕەفتاریدا دیاربوو پەریشانو خەمبارە، دەتوت لە ئاگرێکی بێ ئامان یان سەگێکی هار ترساوەو بە ئاستەم رۆحی پێ ماوە. تەنانەت نەیدەتوانی جڵەوی هەناسە بڕکێیەکەشی بگرێ، بە دەنگی لەرزۆكو لێکدا لێکدا قسەی دەکرد. ڕاستگۆییو ترسێکی مندالآنە لە قسەکانیدا دیاربوو، وەکو یەکێك زارەتەرەك بوو بێ، بەپچڕپچڕیو تێکەڵوپێکەڵی قسەی دەکردو گەلێ قسەی بێ سەروبەرو نابەجێ لە زاری دەردەپەڕین، لە سەری ڕۆیی: "هەر خەمی ئەوەم بوو کە خوا نەخواستە لە ماڵ نەبی، بە درێژایی ڕێگا دڵم لە مستمدا بوو، هیزە خێراکە، فریام کەوە، جلەکانت لەبەرکەو با بڕۆین، ئێوارە (پاپچینسکی) هاتە میوانیم، پاشان ئەلکساندر زیمیوڤچیش هات، هەڵبەتە دەیانناسیت. دانیشتبووین بۆ خۆ قسانمان دەکرد، پاشان هەستاین بۆ چا خواردنەوە، لە پڕ ژنەکەم هاواری لێهەستا، دەستی بە دڵییەوە گرتو

کەوت بەسەر کورسییەکەدا، هەڵمان گرت و بردمانە سەر جێگاکەی، نێوچەوانیم بە دەرمان چەور کرد، ئاوی ساردم بە دەموچاویدا پرژاند، ئیدی بوو بە جەنازەو لەو گۆڕە کەوت. دەترسم دڵی وەستا بێ، خێراکە، بڕۆین، بابیشی بە نەخۆشی دڵ مرد".

کریلوف مات و بێدەنگ گوێی گرتبوو، هێندە بێدەنگ بوو دەتوت تاقە وشەیەکی ڕوسی نەدەزانی، وەختێ ئەبوگین جارێکی دی نێوی پاپچینسکی هێناو باسی خەزووری کردو جارێکی دی کەوتە گەڕان بە دووی دەستی دکتۆردا، دکتۆر سەری باداو هاتە قسان، زۆر بەبێ ئارامی و بێ قەراری قسەی دەکرد: " بمبوورە، ناتوانم لەگەڵت بێم، چونکە هەمووی پێنج دەققە نابێ کە کوڕەکەم مرد".

ئەبوگین تۆزێ کشایەوەو وتی:" بەڕاست؟ خوایە لەم بەختە! چ ڕۆژێکی شوومە! چ ڕێکەوتێکە! بەڵێ ئەمە ئیرادەی خوایەو گەڕانەوەی نییە" ئەبوگین دەستی بە کێلونی دەرگاکەوە گرت، سەری داخست و لە فکران ڕاچوو، دیاربوو نەیدەتوانی بە دەستی بە تاڵ بگەڕێتەوە، دوو دڵ بوو کە بڕوا، یا هەوڵێکی دیکەش لەگەڵ دکتۆردا بدات، کەوتە سەر دەست و پێی کریلوف و بە خەمبارییەوە وتی:" دکتۆر من هەست بە وەزعی تۆ دەکەم، خوا ئاگادارە خۆم بە شەرمەزار دەزانم لەم کاتەدا تەکلیفت لێ بکەم، بەڵام چ بکەم؟ من ناڵێم، تۆ بڵێ ڕوو لە کوێ بکەم؟ جگە لە تۆ چ دکتۆرێکی دی لەم ناوە نییە. بیکە بە خاتری خوا لەگەڵم وەرە، خۆت دەزانی شتەکە بۆ خۆم نییە، من نەخۆش نیم.."

هەردوو بێدەنگ بوون، کریلوف پشتی کردە ئەبوگین، تۆزێك وێستاو ئەوجا بە ئەسپایی لە دالانەکەوە خۆی بە ژووری میواندا کرد، وەزعی نائاسایی و ڕەفتاری ئامێر ئاسا بوو، گلۆپێکی کوژاوەی میزان کرد، تەمەشایەکی کتێبێکی ئەستووری وازی سەر مێزێکی کرد.

دکتۆر خۆشی نەیدەزانی بۆ ئەم کارانە دەکا، چونکە لەو دەمەدا نە مەبەستێکی تایبەتی هەبوو نەبیری لە شتێك دەکردەوە، هەر بیریشی نەمابوو کە کابرایەکی غەریب لەبەر دالاکە وێستاوەو چاوەڕوانی ئەوە، کپی و تاریکیی ژوورەکە هێندەی دی خەمبارو بێ تاقەتیان کرد، کە لە ژووری میوانەوە چووە ژووری کارکردنەکەی خۆی، لاقی ڕاستی لە ڕادە بەدەر قورس بوو، کەوتە لەپە کوتێ بە دووی کێلوونی دەرگاکەدا. ئازای لەشی سست و خاو بوو، وەکو یەکێك بە ڕێکەوت ڕێی کەوتبێتە ماڵێکی بێگانە یان بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا مەست بووبێ، گێژو سەرسام کەوتبووە بەر شەپۆلی کۆمەڵێ هەست و سۆزی تازەوە. هێڵە ڕووناکییەك کەوتبووە سەر کتێبەکانی نێو تاقێکی ژووری نووستنەکەی، ئەم ڕووناکییە لەگەڵ بۆنی ئەسفەنیك و سپرتۆی ژووری نووستنەکە، تێکەڵ ببوو.. دکتۆر شەکەت و خەمبار خۆی دا بە کۆڵی کورسییەکی پشت مێزەکەیدا. بۆ ساتێ چاوانی گێژو وێژی بڕینە کتێبەکان کە لەبەر ڕووناکییەکەدا دەدرەوشانەوە، ئەوجا هەستاو چوو بۆ ژووری نووستن. لێرەدا، لە ژووری نووستندا مەرگ باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشابوو، هەموو شتێك، بچووکترین شتی نێو ژوورەکە باسی لافاوو تۆفانێکیان دەگێڕایەوە کە تێپەڕی بوو. مۆمێك لە نێوانی کۆمەڵێ شووشەو قوتوو کۆزەدا لەسەر تەپڵەکێ

دانرابووو دەسووتا. چرایەکی گەورەش لەسەر دۆلابێ دانرابوو، مۆم‌و چراکە، تاقە ڕووناکی ژوورەکە بوون.

کوڕەکەیان لەسەر قەرەوێڵەیەکی نزیکی پەنجەرەکە ڕەق ڕاکشابوو. چاوانی ئەبڵەق ببوون‌و ماکی سەرساملییەك بە چارەیەوە دیاربوو. جووڵەی نەدەکرد، پێدەچوو چاوە ئەبڵەقەکانی سات بە سات تاریك‌و تاریکتر بێن‌و زیاتر بە قووڵا بچن، دایکی دەستی خستبووە سەر لەشی کوڕەکەی‌و دەموچاوی لە چەرچەفەکاندا نقوم کردبووو بەرانبەر قەرەوێڵەکەی چۆکی دادابوو. ئەویش وەکو کوڕەکەی بێ جووڵە بوو، بەڵام ئازای بەدەنی وەکو بیی نێو ئاو دەلەرزی! بە هەموو هێزو توانای باوەشی بە قەرەوێڵەکەدا کرد، دەتوت لەوە دەترسێت ئەو ئارامییەی باڵی بەسەر خۆی‌و هەموو شتێکدا کێشاوە بشێوێ‌و سەر لە نوێ بوڕووژێتەوە، پەتۆکان، چەرچەفەکان، قاپ‌و ئامانەکان، ئەو دڵۆپە ئاوانەی سەر عاردەکە، ئەو فلچەو مراکانەی لێرەو لەوێ کەوتبوون، شووشەیەك دەرمانی سپی، هەوای ناخۆشی ژوورەکە هەر هەموو بێ گیان‌و مات‌و مردوو دەهاتنە بەرچاو. دکتۆر کە چاوی بە ژنەکەی کەوت، هەڵوەستەیەکی کرد. دەستەکانی لە نێو گیرفانی پانتۆڵەکەیدا گرمۆڵە کردن، سەری دانەواندو سەیرێکی کوڕەکەی کرد، چ شتێك لە سیمایدا بەدی نەدەکرا، تەنیا ئەو فرمێسکانەی سەر ڕدێنی نەبێ کە ئەوەیان نیشان دەدا، تازە گریاوە.

ئەو ترسەی کە لە کاتی باسکردنی مەرگدا بە خەیاڵماندا دێ لەو ژووری نووستنەدا نەبوو، بێدەنگی‌و کپیی ژوورەکە، وەزعی دایکەکە، سیمای باوکەکە، هەر هەموو سامێکی تایبەتییان دەخستە دڵ، هەستیاری و حەساسی غەمێکی مرۆڤانەی لە وەسف نەهاتووی ئەوتۆ لە ئارادا بوو کە مەگەر تەنیا موسیقا دەرەقەتی وەسف کردنی بێ، هەست بەکپی‌و بێدەنگییەکی یەکجار هەستیارو سەیر دەکرا. کریلوف‌و ژنەکەی هێدی‌و ئارام بوون، نەدەگریان، وەك بڵێی ئەوانیش ئیعترافیان بە وەزع‌و حاڵی شاعیرانەی خۆ دەکرد، چونکە هەردوکیان چووبوونە ساڵەوە، ئومێدی ئەوەیان نەمابوو منداڵی دیکەیان ببێ.

دکتۆر چل‌و چوار ساڵە، مووی سپی بووەو لە تەمەنی ڕاستیی خۆی پیرتر دەنوێنێ. ژنە جەرگ سووتاوەکەشی هەرچەندە تەمەنی سی‌و پێنج ساڵە، بەڵام تەواو ژاکاوەو تێکچووە، ئاندرێ نەك هەر تاقانەیان بوو بەڵکو دوا منداڵیشیان بوو.

دکتۆر، بە پێچەوانەی ژنەکەیەوە، لەو بابەتە مرۆڤانە بوو کە لە کاتی پەستی‌و غەمباری‌و سەغڵەتیدا حەز بە جووڵان دەکەن، پێنج دەقەیەك بە دیار ژنەکەیەوە وێستاو ئەوجا لە ژووری نووستن وەدەرکەوت، لاقی ڕاستی تەواو بەرزکردەوە، خۆی بە ژوورێکی چکۆڵەدا کرد کە تاکە قەنەفەیەکی گەورە نیوەی پڕکردبۆوە، لەوێوە خۆی بە موبەقەکەدا کرد. بە دەوری وەجاخەکەدا سووڕایەوە، دانەوەییەوەو لە دەرکەیەکی بچووکەوە هاتە بەردالانەکە.

دیسان زەلامێکی ملپێچ لە مل‌و ڕەنگ پەڕیوی لێ بە دیار کەوت.

ئەبوگین هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: "هاتیت" کێلوونی دەرگاکەی گرت‌و وتی: "فەرموو با بڕۆین." دکتۆر کەوتە لەزین، لێی ڕاماو گوتی:– ئەدی پێم نەوتی ناتوانم بێم؟ چ کابرایەکی سەیری!

– دکتۆر ئاخر منیش بەشەرم، وەنەبێ بە وەزعی تۆ نەزانم: باوەڕبکە پڕ بە دڵ هاوبەشی خەمتم." ئەبوگین دەستی خستبووە سەر ملپێچەکەی‌و بەدەم تکاو ڕجاوە دەیوت: "خۆ من بۆ خۆمم ناوێ. ڕجات لێدەکەم ژنەکەم خەریکە دەمرێ. ئەگەر گوێت لە ناڵەو هاواری دەبوو، ئەگەر ڕەنگو ڕوویت دەبینی، ئەوسا نەهەقت نەدەگرتم! سەیری من بکە، وامزانی چوویت خۆت بگۆڕی! دکتۆر ڕجات لێدەکەم، مەحز بۆ ڕەزای خوا، پیاوی چابە تا درەنگ نەبووە با بڕۆین."

کریلوف ماوەیەك بێدەنگ بوو، ئەوجا وتی: "ناتوانم لەگەڵت بێم" و خۆی بە ژووری میواندا کرد. ئەبوگین دووی کەوت، قۆڵی گرت‌و وتی:

– دەزانم تۆش خەمباری‌و ناهەقت نییە، بەڵام من بۆ کارێکی سووکەڵە بە دووتدا نەهاتووم، بۆ ئەوە نەهاتووم ددانێ چارەسەر بکەی یا گەواهینامەیەکی پزیشکەگەریم بۆ بنووسیت. هاتووم کە ژیانی مرۆڤێك ڕزگار بکەی." عەینی گەدایان دەپاڕایەوە: "ژیانی مرۆڤێك کەم نییە، لە هەموو غەمێکی شەخسی گەورەترە، تکات لێدەکەم هیمەتێ بکە، بە ناوی مرۆڤایەتییەوە تکات لێدەکەم."

کریلوف بەدڵتەنگییەوە گوتی: "ئاخر مرۆڤایەتی دوو سەرەیە، بە ناوی هەمان مرۆڤایەتییەوە تکات لێدەکەم کە لەگەڵ خۆتم مەبە.

خوایە، تووشی چ بووم! من بە تۆبزی خۆ بەپێوە دەگرم‌و تۆش مرۆڤایەتیم بەگژدا دەکەی. باوەڕ بکە. بێشم هیچم پێ ناکرێ. بەکەڵکی چ نایەم، ئاخر چۆن ژنەکەم بەتەنێ بەجێ بێڵم؟ نا، نا...."

کریلوف دەستی هەڵتەکاند، پشتی کردە ئەبوگین‌و لە سەری ڕۆیی: "و... لە من گەرەك نییە، بە داخەوەم... بەپێی قانوونی مەدەنی، بەرگی سێزدە مەجبوورم بێم‌و تۆش هەقی خۆتە پشتی ملم بگری‌و بەزۆر لەگەڵ خۆتم بەری، قەیدی نییە بمکوژە، بەڵام من ناتوانم، تەنانەت ناتوانم قسان بکەم. بمبوورە." ئەبوگین دیسان دەستەو دامێنی کەوتەوەو وتی: "خوا هەڵناگرێ بەمجۆرە وەڵامم بدەیەوە، دوای قانوونی مەدەنی‌و بەرگی سێزدە بپرێتەوە. من هەقی ئەوەم نییە بە تۆبزی لەگەڵ خۆمت بەرم، ئەگەر دێی وەرە، ئەگەر نایەی هەواڵە بەخوا بی، بەڵام من چ زۆرێکم نییە، ڕجات لێدەکەم. ژنێکی گەنج خەریکە دەمرێ، تۆ خۆت دەڵێی تازە کوڕەکەت مردووە، جا تۆیەك بەو هەموو خەمەوە لەخەم‌و ترسی من نەگەی کێ لێم تێبگا؟.

دەنگی ئەبوگین لە داخ و لە خەفەتا دەلەرزی. ئاوازی قسەکانی گەلێ لە خودی قسەکان کاریگەرتر بوو، ئەبوگین یەکجار بە خەمەوە بوو، بەڵام وشەکانی قەبەو قەڵەوو بێ گیان‌و دەستکرد دەهاتنە بەرچاو. بە خۆشی هەستی بەمە دەکرد. جا بۆ ئەوەی دڵی دکتۆر نەڕەنجێ، هەوڵی دەدا ئەگەر بە وشە دکتۆری بۆی نەیەتە ڕەدا، ئەوا بە ڕەفتارو کرووزانەوە ختووکەی

سۆزی بداو قەناعەتی پێ بکا. بە شێوەیەکی گشتی، وشە هەرچەند جوان‌و ناسک بێ، تەنیا کار لە کەسانی بێ خەم دەکەن، وشە هەمیشە ئەو توانا و دەسەڵاتەی نییە کە خەڵکانی زۆر شاد یان زۆر خەمبار ڕازی بکا، چونکە باشترین دەربڕی خۆشحاڵیی زۆرو غەمی زۆر، بێدەنگییە. ئاشقان لە بێدەنگیدا باشتر لە زمانی یەکدی حاڵی دەبن. وەعزدادانێکی گەرمو گوڕی سەر گۆڕی مردوویەك تەنیا کار لە بێگانان دەکا. ژن‌و منداڵی ئەو مردووە، ئەو وەعزە گەرموگوڕەیان بەلاوە ساردو هیچە، کریلوف مات‌و بێدەنگ وێستا بوو. کە ئەبوگین پتر لەسەر پیرۆزی‌و فیداکاری پیشەی دکتۆران ڕۆیی، دکتۆر بە توندی وتی:

– زۆر دوورە؟

– هەر سەعاتە ڕێیەك دەبێ. ئەسپەکانم ئەسپی چاکن، دکتۆر وەعدی شەرەفت دەدەمێ کە بە سەعاتێ بتبەم‌و بتهێنمەوە.

ئەم قسانەی دوایی، گەلێ زیاتر لە چەمکی "مرۆڤایەتی"و "پیشەی پیرۆزی دکتۆران" کاری لە دکتۆر کرد. تۆزێ ڕاماو ئاهێکی هەڵکێشا: "چاکە، بڕۆ با بڕۆین!"

بەپەلە ڕۆیی، بە دوو دڵییەوە خۆی بە ژووری کارەکەیدا کردو خێرا بە پاڵتۆیەکی دەڵبەوە گەڕایەوە. ئەبوگین گەشایەوە، کەوتە مەرایی دکتۆر، یارمەتی دا تا پاڵتۆکەی لەبەر کردو ئەوجا بە دوو قۆڵی لە ماڵ وەدەرکەوتن. دنیا تاریك بوو، بەڵام هێشتاش لە دالانەکەی ماڵی دکتۆر ڕووناکتر بوو، لە تاریکییەکەدا، بالای بەرزو کەمێ کووڕی دکتۆر، ڕدێنە تەنك‌و درێژەکەی، کەپووە بەرانییەکەی بە ئاشکرا دیار بوو. لە تەنیشت دکتۆرەوە، دەموچاوی پان و بێ ڕەنگی ئەبوگین، کلاوە چووکەکەی کە بە هەزار حاڵ کەللەی داپۆشی بوو، دەبینرا. ملپێچەکەی هەر لە پێشەوە سپی دەچۆوە، لە پشتەوە وەبن قژە درێژەکەی کەوتبوو. ئەبوگین لەو دەمەدا کە یارمەتیی دکتۆری دەدا تا سەرکەوێ‌و لە نێو عەرەبانەکەدا جێگیر ببێ، بە ئەسپایی وتی: "باوەڕ بکە هەست بە خەمی تۆ دەکەم."و بە عەرەبانچییەکەی وت: "باژۆ (لیوك)ی ئازیز باژۆ، تا دەتوانی خێرا باژۆ."

عەرەبانچییەکە بەپەلە وەڕێکەوت، یەکەمجار گەیشتنە ئاستی ڕیزە خانوویەکی ڕووت، ئەم خانووانە لە دەوری حەوشەی خەستەخانەیەك گیرسابوونەوە، هەموو لایەك هەر تاریك بوو، تەنیا لەو سەری حەوشەکە نەبێ کە ڕووناکییەك لە پەنجەرەی ژوورێکەوە دەبریسکایەوەو پەرژینی باخێکی ڕووناك کردبۆوە.

سێ پەنجەرەی نهۆمی سەرێی خانوویەکی تەنیا لە تاریکییەکەدا بێ ڕەونەقتر دەیاننواند، ئەوجا عەرەبانەکە کەوتە نێو تاریکییەکی ئەنگوستەچاوەوە، تەنیا خشە خشی گەلای درەختان‌و بۆنی کارگ دەهات. دەنگی پێچکەی عەرەبانەکە، تەیرو تووی خەبەر کردەوەو لە نێو لقوپۆپی درەختەکانەوە کەوتنە جموجووڵ‌و فریادی خەمناك، وەك بڵێی دەیانزانی کوڕەکەی دکتۆر مردووەو ژنەکەی ئەبوگین زۆر نەخۆشە، لە چڕە دارستانەکە ڕەت بوون.

تاکو تەرا، لێرەو لەوێ ، درەختان دەکەوتنە بەرچاو، پاشان تاقە دەوەنێك پەیدا بوو، حەوزە ئاوێك بە حاڵ دەدرەوشایەوەو سێبەری گەورە لە باوەشیدا مت ببوون، ئێستا عەرەبانەکە بە

پێدەشتێکی تەختو هەمواردا دادەکشا. دەنگی تەیروتو زۆر لە دوور دەهات، بەڵام هەر زوو هەموو شتێك کپو خامۆش بوو.

کریلوفو ئەبوگین بە درێژایی ڕێگە بێدەنگ بوون، تاقە جارێك ئەبوگین ئاهێکی قووڵی هەڵکێشاو لەبن لێوەوە وتی: "کە دەردێکی گرانە، بنیادەم هیچ کاتێ کەسوکاری بە قەد کاتی خەتەری لە دەستدانیان خۆش ناوێ."

کاتێ عەرەبانەکە بە هێواشی لە چۆمێك دەپەڕییەوە، کریلوف لە پڕ ڕاپەڕیو ترسی لێ نیشت. وەك بڵێی لە داکشانی ئاوەکە ترسا. بەخەمو کەسەرەوە وتی: "ئا ڕیم بکەن بابچم یەکێك بنێرمە کن ژنەکەم، فەقیرە بە تەنیایە، پاشان دێمەوە خزمەتتان."

ئەبوگین بێدەنگ بوو. عەرەبانەکە بە لەقە لەق بەسەر بەردەکاندا ڕەت دەبوو، لە کەنارێکی قومەڵان ڕەت بووو کەوتە ڕێ، کریلوف ئالکاوی کوڵ وکەسەری خۆی بوو. بەدەم خەمو خەفەتەوە دەیڕوانییە دەوروبەر، کۆتایی جادەکە لە بەر تیشکی کزی ستێرەکاندا نەدەبینرا.

درەختی بی لە کەنارەکەدا ڕیزیان بەستبووو غەرقی تاریکی بوون. پێدەشتەکەی دەشتی ڕۆژهەلات، بێ هەورازو نشێو، تەختو ساف وەکو ئاسمان بێ کۆتایی بوو، جارجارێ لێرەو لەوێ لە دوور ڕا ڕووناکییەك بەرز دەبۆوە، پێدەچوو لە کێڵگەو پەرێزەکاندا ئاگربکەنەوە، بە دەستی ڕۆژئاواداو شان بە شانی جادەکە گردۆلکەیەکی، بچووك قوت ببۆوەو بنچكو دەوەن بە سەرییەوە مت ببوون، مانگ سوورو گەورەو بێ جووڵە لە ئاستی گردۆلکەکە بە ئاسمانەوە وێستا بوو. تەنکە تەمێك ڕووی داپۆشی بوو، گاژە هەور دەوریان گرتبوو، لە تۆ وایە ئێشکی دەگرن تا نەوەك لە پڕ ئاوابێ و لە دەست بچێ! سروشتو هەموو دیمەنەکانی ساردو سڕو خاڵی لە ئومێد دەهاتە بەرچاو. زەوی وەکو چۆن ژنێکی زیز لە ژوورێکی تاریکونوتەکدا بە تەنێ دادەنیشێتو هەوڵدەدا یادی ڕابردوو نەکاتەوە، غەمبارو کەسەردار بوو، دەستی لە بەهارو هاوین شۆرد بوو، بە ناچاری چاوەنۆڕی زستان بوو، تا چاو هەتەری دەکرد، سروشت تاریكو ساردو سڕو پڕ کەندو کلۆ دەهاتە بەرچاو. کریلوفو ئەبوگینو مانگی سوورهەڵگەڕاو ئەم هەموو شتەیان دەبینیو نەیاندەتوانی خۆی لێبپوێرن. تا عەرەبانەکە نزیکتر دەبۆوە، ئەبوگین بێ قەرارتر دەبوو، هەڵدەستایە سەر پێیان، لە پشت عەرەبانچییەکەوە دەیڕوانییە پێشێ، ئەنجام عەرەبانەکە گەییە بەر قاڵدرمەیەك کە کەپرێکی بە سەرەوە قوت کرابۆوە. ئەبوگین ڕوانییە پەنجەرە ڕووناکەکانی نهۆمی ژێرەوە. بە ئاشکرا دەنگی هەناسەدانی دەبیسترا. لەگەڵ دکتۆردا وەژوورکەوتن، بەخەمبارییەوە دەستەکانی پێکداماڵێنو وتی: "ئەگەر شتێ ڕوو بدا دەمرم..." گوێی بۆ کپیو بێدەنگیی ماڵەکە هەڵخستو ئەوجا لەسەری ڕۆیی: "چ دەنگێ ناژنەوم، یەعنی ساغو سەلیمە؟!.." نە دەنگێ نە سرتەیە لە داڵانەکەوە نەدەهات، هەرچەند چراکان ڕووناك بوون، بەڵام پێدەچوو هەموو ماڵەکە لە غوڕابی خەودا بێ، ئێستا دکتۆرو ئەبوگین لەبەر ڕووناکییەکە یەکدییان بە جوانی دەبینی. دکتۆر زەلامێکی باڵا بەرزی نەختێ کۆم بوو، بە خۆی سادەو جلو بەرگەکەی سادەتر بوو، لێو ئەستوور. قوڵنگە کەپوو، دەموچاو ژاکاو، نیگا سارد، بە گشتی پیاوێکی بێباكو بێ منەت بوو. قژی تەنکیو چرچولۆچی دەموچاوی، ڕدێنە تەنکە زوو سپی

بووەکەی، ڕووی گرژو مۆنی، ساردو سڕی لەگەڵ خەڵکیدا، سەرسەختییەکەی‌و هەر هەموو ئەمانە ڕۆژانی تاڵی ڕابردوو، چارەنووسی پڕ جەورو جەفاو مەشەقەتی ژیان‌و ڕەنج بێوەری مرۆڤی بیری بنیادەم دەخستەوە، ئەگەر تەماشایەکی هەیکەل‌و کەلەشیت کردبا، باوەڕت نەدەکرد ئەم پیاوە ژنی هەبێ‌و توانیبێتی بە دیار جەنازەی منداڵەکەیەوە گریابێ. بەڵام ئەبوگین جیاواز بوو، توندوتۆڵ‌و تۆکمە بوو، قژی زەرد، کەللەی زل بوو، دەموچاوی هەرچەند پان‌و گەورە بوو، بەڵام ناسکییەکی تایبەتی هەبوو، جلەکانی هەڵبژاردەو لەسەر دوا مۆد بوو، بەجلوبەرگەکەیدا دیار بوو کە داراو دەوڵەمەندە، کە ڕێی دەکرد، سەری قیت دەگرت‌و سینگی دەردەپەڕاند، دەمولەبزی شیرین بوو، کە ملپێچەکەی دادەکەند یان قژی ڕێکدەخست ناسکییەکی ژنانە لە ڕەفتاریدا بەدی دەکرا، هەرچەندە بەدەم داکەندنی پاڵتۆکەیەوە، بە ترسێکی منداڵانەوە دەیڕوانییە قاڵدرمەکە، بەڵام ئەم ترسەش نەیدەتوانی بیگۆڕێ، یان خۆپەسندییەکەی وەشێرێ‌و لە شەوق‌و زەوقی بخا.

لەو دەمەدا کە بە قاڵدرمەکەدا سەر دەکەوت، وتی: "کەس دیار نییە، چ دەنگێ نایێ، خوایە خۆت ڕەحم بکەی" .

دکتۆری لە ڕاڕەوەکەوە برد بۆ هۆڵێکی گەورە، پیانۆیەکی گەورە لە سووچێکی هۆڵەکە دانرابوو، چرایەك هەڵواسرابوو، لەوێوە چوونە ژوورێکی بچکۆڵەی جوان، ژووری دانیشتن بوو، زۆر خۆش‌و دڵگیربوو، ڕووناکییەکی خۆشی ئاماڵ سوور ڕۆشنی کردبۆوە. ئەبوگین وتی: "جەنابت لێرە دانیشە با خەبەریان بدەمێ‌و هەر ئێستا دێمەوە خزمەتت.." کریلوف بە تەنێ مایەوە، نەجوانی‌و ڕازاوەیی هۆڵەکەو نە ئەم ماڵە غەریب‌و بێگانەیە شتاقیان کاریان تێنەکرد، لەسەر کورسییەك ڕۆنیشت‌و ڕوانییە دەستە بە سپرتۆ سووتاوەکانی، نیو نیگایەکی گلۆپە سوورباوەکەو کیفی چەلۆکەی کردو ئەوجا کەوتە هەڵڕوانین بە دیوارەکانی ژوورەکەدا تا بزانێ سەعاتەکە لە کوێیە، لە پڕ نیگای لەسەر گورگێکی بەکا ئاخنراو گیرسایەوە کە وەکو ئەبوگین لە خۆڕازی‌و خۆپەسەندبوو.

هەموو شتێك کپ‌و ئارام بوو.. لە شوێنێکی یەکجار دوورەوە، لە یەکێك لە ژوورەکانەوە کەسێك بە دەنگی بەرز ئاهێکی هەڵکێشا، دەرگایەکی شووشە چرکەیەکی لێوەهات‌و ئیدی هەموو شتێك کپ‌و بێدەنگ بوو، پێنج دەقیقە ڕەت بوو، کریلوف ئیدی نەیدەڕوانییە دەستی خۆی، چاوی بڕییە ئەو دەرکەیەی کە ئەبوگین لێوەی ڕۆیی بوو. ئەبوگین لەبەر دەرگا وەستا بوو، ئەبوگینەکەی جاران نەبوو وەکو کەو چووبووو خۆپەسەندییەکەی نەمابوو، دەموچاو، دەستی، وەزع‌و حاڵی تەواو گۆڕابوون، ئیدی یان لە ترسابوو یا لەتاو ئازارێکی بەدەنی بوو، کەپووی، لێوی ، سمێڵی‌و سیمای دەلەرزین، بەڵام چاوەکانی بریسکەی ئازارێکی سەیریان دەدا. ئەبوگین بە هەنگاوی قورس‌و هەڕاوەوە، خۆی گەیاندە ناوەوەی ژوورەکە! کووڕ بۆوە، ناڵاندی‌و دەستی هەڵتەکاند، هاواری کرد: "فریو درام" ئەو، تا هێزی تێدابوو دانی بە وشەی ئەودا نا: "ئەو دێڵە فریوی داوم، ڕۆیشتووە، بە درۆ خۆی نەخۆش خست‌و دەستی بەمنەوە نا تا ڕەدوویی ئەم کەر پیاوە (پاپچینسکی) بکەوێ! ئەی هاوار! هاوار لە خۆم!" بە سستی بەرەو لای دکتۆر چوو،

دەستە سپی و نەرمەکانی گرت بە دەموچاوییەوە، بەدەم داخ و خەفەتەوە، لە سەری ڕۆیی: "ڕۆیشتووە، فریوی داوم، ئاخر ئەم درۆ گەورەیە بۆ؟ ئەی خوای گەورە، ئاخر ئەم تەڵەکەبازییە پیسە بۆ؟ ئەم مارسیفەتییە بۆ؟ ئاخر من چم لێکردووە؟ ڕەدوو کەوتووە!" فرمێسک وەکو باران لە چاوانی دەباری. گەڕایەوە، کەوتە هاتوچۆ بە ژوورەکەدا، ئەبوگین بە چاکەتە کوڵ و پانتۆڵە تەسکەکەیەوە کە مۆدی ڕۆژ بوو، لاقی لە چاو بەدەنیا یەکجار باریك دەهاتە بەرچاو، بەو قەدو قەڵافەتەوە لە شێر دەچوو، دکتۆر لە پڕ پەلەپەل پێکەوت، هەستایە سەر پێ، ڕوو بە ڕووی ئەبوگین وەستاو وتی: "باشە نەخۆشەکە کوا؟" ئەبوگین هاواری کرد، قاقا پێکەنی، هون هون گریا، دەستی هەڵتەکاند:" نەخۆشەکە؟ نەخۆشەکە؟ نەخۆشی چی! مەلعوونە، ناچیزەیە، نا ئینسانە، شەیتانیش پەی بەم فەندە نەدەبرد: دەستی بەمنەوە نا تا بۆ خۆی ڕەدووی کەر پیاوێك بکەوێ، ڕەدووی قەشمەرێ، لۆتییە، چەکڵیك، بکەوێ! خوایە چم بەسەر هات، خۆزی مردبا، قەت ئەمەم پێ قبووڵ ناکرێ، نە بەخوا قبووڵ ناکرێ ".

دکتۆر ڕەق ڕاوەستا، چاوی پڕبوو لە ئەشك، ڕدێنە تەنك و چەناگە باریکەکەی کەوتنە لەرزین، بەسەرنجەوە ڕوانییە دەورو بەری خۆی و وتی:" ئەم گاڵتە بازاڕە چییە؟ منداڵەکەم مردووە، ژنەکەم بەو هەموو کوڵ و کەسەرەوە، بە تەنێ لە ماڵەوە بەجێ هێشتووە، خۆم لەسەر پێیان ناگرم، سێ دانە شەوە خەو نەچۆتە چاوانم.. لەوێندەرەوە منی هێناوە تا لەم کۆمیدیا بازاڕییەدا دەورم پێ ببینێ.. من لەمە تێناگەم، نەخێر سەر لەمە دەرناکەم!" ئەبوگین یەکێك لە کۆڵە مستەکانی کردەوە، کاغەزێکی چرچولۆچ کەوتە سەر زەوی، تا توانی پێی پێدانا، دەتوت پێ بە ژەنگە سورەیەکدا دەنێ، بەرقەوە وتی: " سەیری منی نەفام بکە، چاوم کوێر ببوو!" دەستی گرت بە سەرییەوە، دەتوت فەلاحێکەو تەبارە گەنمەکایان پێشێل کردووە، لە سەری ڕۆیی: " نەمدەزانی بۆ هەموو ڕۆژێ سەرمان دەدا، نەمزانی بۆ ئەمڕۆ بە گالیسکە هاتبوو؟ تۆ سەیری گێلیی من کە! بەستەزمانی دڵپاك!" دکتۆر کەوتە پرتەو بۆڵە: "من تێناگەم، سەرم لەم شتە دەرناچێت، ئەم فێڵ و تەڵەکەبازییە یانی چی، یانی دەستخەڕۆ کردنی خەڵکی، یانی گاڵتەکردن بە دەردو ئازاری خەڵکی، مەحاڵە، من لە ژیانما شتی وام نەدیوە!".

دکتۆر گێژو وێژو سەرسام، سەرسام وەکو یەکێك لە پڕ هەست بکا کە زاڵمانە پێیان ڕابواردووە، شانەکانی هەڵتەکاند، دەستی بەیەکداماڵێن، نەیدەزانی چ بڵێ و چ بکا، نیوە گیان خۆی دا بە کۆڵی کورسییەکدا. ئەبوگین بە چاوانی پڕ فرمێسکەوە قسەی دەکرد: "ئێستا باشە، باش، ئەوا منی خۆش نەدەویست، دڵی بە پیاوێکی دیکەوە بوو، هەموو ئەمانە بەجێی خۆی، بەڵام ئەم فڕو فێڵە بۆ؟ ئەم ڕیسواییە بۆ؟ ئاخر بۆ؟ لە پای چی؟ ئاخر من چ خراپەیەکم لەگەڵ کردبووی؟"

لە کریلوف نزیك بووەوەو بە گەرمی وتی: "جەنابی دکتۆر گوێت لە برای خۆت بێ، تۆ بێ ئەوەی بتەوێ تازە بوویت بە شایەتی ئەم کۆستەی من، منیش نامەوێ چ شتێکت لێ وەشێرم، باوەڕ بکەم ئەم پرچ بڕاوەم خۆش دەویست، بە دڵ و گیان ئاشقی بووم، هەموو شتێکم کرد بە قوربانی ئەو، لەگەڵ کەسوکارمدا تێکچووم، دەست بەرداری کارەکەم بووم و وازم لە مۆسیقا

هێنا، لە شتی وادا چاوپۆشیم لێ کردووە کە لە دایك‌و خوشکی خۆم نەکردووە، هەرگیز لێی تووڕە نەبووم، قەت لە گوڵ کاڵترم پێ نەوتووە، ئاخر ئەم فێڵە بۆ؟ ئاخر ئەگەر دڵت بەمنەوە نەماوەو دڵت لە جێیەکی دییە، ئەوا ڕێکوپەوان بیڵێ‌و تەواو، بە تایبەتی بە خۆت دەزانی کە من لێت تێدەگەم.."

ئەبوگین بەدەم فرمێسك هەڵڕشتنەوە، هەموو نهێنییەکی خۆی بۆ دکتۆر هەڵڕشت، بە گەرمی قسەی دەکردو بە هەر دووك دەستان دڵی دەگوشی، بێ سڵکردنەوە، هەموو نهێنییەکی خێزانداریی خۆی هەڵڕشت، پێدەچوو خۆشحاڵ بێ بەمەی کە ئەم ڕازانە لە دڵی وەدەرنێ، ئەگەر ساتێ-دووان بەو شێوەیە قسەی کردباو داخی دڵی خۆی هەڵڕشتبا، بێگومان دڵی هێورتر دەبوو. کێ دەڵێ ئەگەر دکتۆر گوێی بۆ گرتباو دڵی داباوە، ئەبوگین شێتگیر نەدەبووو کارێکی گەوجانەی نەدەکرد! بەڵام بەپێچەوانەوە، وەختێ ئەبوگین قسەی دەکرد، دکتۆر تەواو گۆڕا، تووڕەیی نیشتە سەر سیمای ،چارەی غەمبارترو تووڕەتر بوو، کە ئەبوگین وێنەی ژنەکەی خستە بەردەستی دکتۆرو ژنەکەی جوان‌و ئێسك سووك بوو، بەڵام عەینی تەرکە دنیایان ، وشك‌و بێ دەماغ بوو. لێی پاڕایەوە کە سەیری ئەو وێنەیە بکاو بڵێ ئایا دەشێت خاوەنی دەموچاوێکی ئاوا، درۆیەکی ئاوا ڕێك بخا، دکتۆر لە پڕ وەکو یەکێك حاڵی لێ بێ، ئاگر لە چاوانی بێتەوە، هەستایە سەر پێ‌و وتی: " لەگەڵ منتە؟ من نامەوێ گوێ بگرم! نا!" هاواری بەسەریدا کردو بە توندی دەستی بەسەر مێزەکەدا کێشا: "من نامەوێ بە نهێنی هیچ‌و بێ مەعنای ئێوە بزانم، نەفرەت لە خۆتان‌و نهێنیتان، ئاخر تۆ بە چ ڕوویەکەوە ئەم قسە قۆڕانە بۆ من دەکەی یان لاتوایە هێشتا تەواو پێت ڕانەبواردووم! چما من گاڵتەچی جەنابتم.. ها؟"

ئەبوگین، پاشەو پاش کشایەوەو بە سەرسامی ڕوانییە کریلوف. دکتۆر بەدەم ڕیشە لەرزێوە لەسەری ڕۆیی: "بۆچی منت بۆ ئێرە هێنا؟ تۆی بێ غیرەت بە ملی شکاوت ژن دێنی، تۆی نامەرد بە ئەستۆی وردت تووڕە دەبی‌و دەیکەی بەم هەرایە، پێم ناڵی من چمە لەم سەر یەشەیە؟ داستانی ئاشقێنی ئێوە چ پێوەندییەکی بە منەوەیە؟ واز لە من بێنەو هەرە بەردەوام بە لەسەر دزیی ئابڕوومەندانەی خۆت‌و تا دەتوانی دەم لە بیرو باوەڕی مرۆڤ دۆستانە بکوتە!"

دکتۆر بە تیلەی چاو ڕوانییە کیفیی چەلۆکەو وتی: " بڕۆ سازو سەنتوری خۆت لێبدە، وەکو کەڵەشێری خەسیو خۆت پف بدە، نە خەڵەتابی بە پیاوی ماقووڵ ڕابوێری، ئەگەر ڕێزی ناگری ئەوا نەخەڵەتابی توخنی بکەوی!"

ئەبوگین سوور بۆوەو وتی: "ئەم قسانە چییە؟"

"ئەم قسانە ئەوەیە کە بە خەڵکی ڕابواردن کارێکی نامەردانەیە، من بابایەکم دکتۆر، چما لاتوایە دکتۆران‌و کاسبکارانی بە حورمەت کە وەکو ئێوەگەل بەڕەڵلانین‌و بە مۆزە مۆز دووی ئافەرەتان ناکەون، کرێگرتەو شاگردی ئێوەن، لە ئێوە کەمترن، خۆ ئەگەر واش بیربکەنەوە هەقی ئەوەتان نییە کە بابایەکی کاسبکار، دوو چاری ئەم سەریەشە بکەن."

ئەبوگین بەکاوەخۆ پرسی: " بە چ هەقێ ئەم قسانە دەکەی؟."

دکتۆر هەمدیس نەڕاندی بەسەریا و بە توندی دەستی کێشا بە مێزەکەدا: " ئەدی تۆ بە چ هەقێك منت بۆ ئێرە هێنا؟ بۆیەت هێنام تا گوێ لە قسە قۆڕەکانت بگرم، بە خۆت نەتدەزانی لە چ وەزع و حاڵێکدام؟ بە چ هەقێ گاڵتە بەخەم و خەمباریی خەڵکی دەکەی؟" ئەبوگین هاواری کرد: "تۆ شێتی پیاوێکی کەڵەمە ڕەقی، من یەکجار غەمگینم و.. و.."

دکتـۆر بزەیـەکی کـرد:" غـەمگین! نۆبـەتی ئـەو قەوانەیـە، تـۆو خـەم کوجـا مەرحـەبا ئـەو بەرەڵلایانـەش کـە دەسـتیان دەکەوێتـە ڕوو، خـۆ بـە بەدبەخت وغـەمبار دەزانـن، کەڵەشـێری نێرەمـووکیش غەمگینـە، لـە چـەوری و قەڵـەویی خـۆی بێـزارە. هـەی گەجـەرو گوجـەرانی بـێ حورمەت!"

ئەبوگین هاواری کرد: "قوربان تۆ ئاگات لە خۆ بڕاوە، ئەم جوێنانە زەلامیان لەسەر دارکاری دەکرێ، تێدەگەی؟"

ئەبوگین دەستی بەگیرفانی بەر باخەڵەکەیدا کرد، دەفتەرچەیەکی دەرێنا، دوو پارچە پارەی ئەسکەناسی دەرێناو تووڕی هەڵدانە سەر مێزەکە، پەڕەی کەپووی دەلەرزی و وتی: " فەرموو ئەوە پارەکەتە، ئەوە هەقی هاتنەکەت!".

دکتۆر پارەکانی تۆڕ دایە سەر زەوییەکە و وتی: " بە چ ڕوویەکەوە پارەم دەدەیێ، ئیهانەکردن بە پارە خۆش نابێتەوە، عوزر لە قەباحەت خراتر." ئەبوگین و دکتۆر بەرانبەریان لێکدی گرت، تا توانیان جنێوی سووکیان بە یەکدی دا، کەسیان لە ژیانیاندا تەنانەت لە دنیای بێ هۆشی و شێتیشدا جنێوی وا سووك و نەهەق و بێ جێیان بەزاردا نەهاتبوو، غەمی هەردووکیان تەواو سەری کرد بووو لێو ڕێژ بوو، خەڵکانی غەمگین، خۆپەرست و ناڕەسەن و بێ ویژدانن و لە شێت شێتترن و چەند شێتان لێکدی حاڵی دەبن ئەوانیش هەر ئەوەندە، غەم هەرگیز بەشەر یەك ناخا- بەشەر فێری دوو ڕوویی و ڕیا دەکا، ئەگەر کەسێك وابزانێ خەموخەفەت بەشەر یەکدەخا، ئەوا غەدر دەکاو بەهەڵەدا چووە، لە نێو خەڵکی غەمباردا زۆرو ستەم زیاتر ڕوو دەدەن تا لە نێو خەڵکانی بێ خەم و بە کەیفدا.

دکتۆر پرزەی لێبڕا، گوتی:" ڕجات لێدەکەم بمنێرەوە بۆ وێرانەکەی خۆم". ئەبوگین بە تووڕەیی لە زەنگیدا، کەس بە دەنگییەوە نەهات، جارێکی دی زەنگەکەی لێدایەوە و ئەوجا بە تووڕەیی زەنگەکەی بە عاردیدا کێشا، زەنگەکە بێناز لەسەر مافوورەکە کەوت و دەنگێکی خەمناکی وەکو ناڵەی مەرگی لێوە هات، نۆکەرێ وەژوور کەوت.

ئەبوگین بە مستەکۆڵە تێی بەربوو:" باوە حیزی کەرانباوگاو پێم ناڵێی لە کوێ بووی! هەڕە بێژە عەرەبانەیەك بۆ ئەم پیاوە حازربکەن و عەرەبانە تاك ئەسپییەکەش بۆ خۆم ئامادە بکەن"، هەرکە نۆکەرەکە ویستی بڕوا، گازی کردەوە:" سەبرکە سبەی شتاقتان لێرە نامێنن، نمەك حەرامینەی پێ نەزانینە، باروبنەتان وەپێچن و بڕۆن، پیاوی دی ڕادەگرم، خوێڕییانە!" ئەبوگین و دکتۆر هەر دوو بێدەنگ و ئارام چاوەڕێی گالیسکە بوون.

ئەبوگین گەڕایەوە سەر باری جارانی، خۆپەسندو لە خۆڕازی بە ژوورەکەدا هاتووچۆی دەکرد، بە شێوەیەکی جوان و دڵگیر سەری بادەدا، دیار بوو مژوولی دانانی پیلانێکە. هێشتا

تووڕەییەکەی نەنیشتبووەوە، بەڵام دەیویست وا خۆی بنوێنێت کە گوێ بە دژمنەکەی نادا، دکتۆر بە پێوە وەستا بوو، دەستێکی لەسەر قەراخی مێزەکە بوو، بە نیگایەکی پڕ گومان و قوڵ و ڕقنەوە دەیڕوانییە، ئەبوگین. نیگایەك کە تەنیا خەڵکی خەمبارو بێ ویژدان لە کاتی دیتنی جوانیدا دەیکەن.

دوای تۆزێك دکتۆر سوار بوو، لەوێندەر دوور کەوتەوە، هێشتا هەر ماکی ڕق و تووڕەیی بە نیگایەوە مابوو، دنیا تاریك بوو، زۆر تاریکتر لە سەعاتێ بەر لە ئێستا کە بەڕێوەبوون بۆ ئێرە، مانگی سووربا و کەوتبووە پشت گردەچکۆڵەکەوە، هەورەکان ڕەوی بوونەوە و لە تاریکییەکەدا گوم ببوون، لێرەو لەوێ دەوری ئەستێرەکانیان دابوو، گالسکە تاك ئەسپییەکە بە تەقوهوڕ، لە عەرەبانەکەی دکتۆر ڕەت بوو، ئەبوگین بە سواری ئەو عەرەبانەیە دەڕۆیی، دەڕۆیی تا هەر حەماقەتێکی لە دەست بێ بیکا.

دکتۆر بە درێژایی ڕێگا، نەبیری لای ژنەکەی بوو نەلای ئاندرێ، تەنیا بیری لە ئەبوگین و ئەو کەسانە دەکردەوە کە لە ماڵەکەیدا دەژیان، بیرو بیرکردنەوەکانی ناڕەوا و نامرۆڤانە بوو، تاتوانی لە دڵی خۆیدا جوێنی بە ئەبوگین و ژنە بەدڕەوشتەکەی و هەموو ئەو کەسانەی لە ماڵیدا بوون، دا. بە درێژایی ڕێگا، نەفرەتی بۆ ناردن و هێشتاش هەر دڵی ئاوی نەخواردەوە، هەزارو یەك تانە و تانووتی لێدان، تاوانباری کردن، خەتاباری کردن و پێدەچوو، تا مردن ئەم ڕقوکینەیەی لە دڵ دەرنەچێ.

ڕۆژگار دەگوزەرێ، غەمی کریلوف دەبڕێتەوە، بەڵام ئەم ڕقوکینەیە هەر چەند لایق بە دڵی ئینسان نییە، نابڕێتەوە، نابڕێتەوە و تا مردن لە دڵی دکتۆرو لە بیری دکتۆر دەرناچێ.


سەرچاوە

......

دشمنان، انتون چخوف، ترجمە سیمین دانشور، چاپ ششم (١٣٦١).

# هەڵسەنگاندنی چیرۆکی: "دژمنان"

## نووسینی: لایونل تریلینگ

ئەگەر کەسێك بیەوێ ڕوونکردنەوەیەك لەمەڕ ئەفسوونی سەیری بەرهەمێن چیخۆف وەدەست بێنێ، سەرەنجام ڕووبەڕووی جۆرە تایبەتمەندییەکی شەخسی دەبێتەوە کە لە چیرۆك و شانۆنامەکانی چیخۆفدا دیارو ئاشکرایە، ئەگەر بمانەوێ ناوێك بۆ ئەم تایبەتمەندییە بدۆزینەوە، ڕەنگە زاراوە یان وشەی (خاکی) هەڵبژێرین، چیخۆف نووسەرێکی زیرەك و گەلەك بەزەینە. چیخۆف هونەری بەلاوە گەورەو بایەخداربوو، جەختی لەسەر کاریگەریی هونەر بەسەر ژیانی ئێمەوە دەکردو پایەی هونەری لە کۆمەڵگەدا بە پایەیەکی باڵا دەژمارد، بەڵام لە هەموو بەرهەمەکانی خۆیدا، سووربوو لەسەر ئەوەی کە بڵێ لافی ئەوە لێنادات کە خاوەنی ئەو توانا بەرزو بەهرە زاڵە بێ کە زۆربەی کات بە زادەی بلیمەتیی هونەری دێتە ژماردن، ئەو بابایەکی پزیشك بوو ( هەر چەند لە ئەنجامدا وازی لە دکتۆری هێناو ڕووی کردە ئەدەبیات) و وەکو نووسەر خۆی بە بچووك دەزانی و ئەمە سیفەتێکە کە بە شایستەی دکتۆری چاك دەژمێردرێ، دکتۆرێك کە سەبارەت بە نەخۆشی خۆی، هەست بە بەرعۆدەیی دەکات و ڕێزی دەردو ئازاری ئەو دەگرێت. بێ فیزیی چیخۆف، نەك تەنیا لە ڕەفتاریدا بەڵکو لە هەڵبژاردنی بابەتی چیرۆکەکانیشیدا بەرچاو دەکەوێت، هەوڵ نادات تا بگاتە پایەی بەرزی تۆلستۆی و دۆستۆیڤسکی، کە هەردووکیان هاووڵاتی بەرجەستەو دیاری نەوەی پێش خۆی بوون، چیخۆف پیاوێکی گەلێك بەهۆش بوو و لەوانەیە وامان بە بیردا بێت کە لە سەردەمی ئەودا، لە ڕووسیادا شۆڕشێك لە حاڵی هەڵایساندا بوو و ئەو ئاگای لێی نەبوو، لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵی نەدا ڕووبەڕووی مەسەلە گرینگەکانی وەکو سیاسەت، ئایین و ئەخلاق ببێتەوە کە لە بەرهەمی هەردوو کەڵە ڕۆماننووسی نێوبراودا نەخشی بێ چەندو چوونیان هەبوو، چیرۆك و شانۆنامەکانی ئەو، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ خۆیان لە قەرەی کاروباری بە ڕواڵەت سەرەکیی خەڵکی یان چەمکێن ئاڵۆزو تەمومژاویی خێروشەڕ نادەن. چیخۆف لە دەربڕینی سروشتی بوونی مرۆڤدا ئاماژە بە هەستێن ناکام، ئومێدێن بە باچوو، لە خۆبێگانەبوون، بێ تاقەتی و خەمساردیی خەڵکانێك دەکات کە ڕۆژگارێك لێوان لێوی تاسەی ڤەژین و ژیان بوون، چیخۆف لە ڕێگەی خەمخۆریی تایبەتی خۆیەوە پێمان دەڵێت کە ژیانی مرۆڤ بەو جۆرەی کە لە سەردەمانی ڕووسیای تزاریدا دەگوزەرا، بە ڕادەیەك سنووردارو پڕ کۆسپ و تەگەرە بووە کە ڕەفتارو هەست و سۆزی دەربڕی گەورەیی و شکۆداری، کە ئێمە حەماسیان ناودەنێین، لە هیچ کونێکەوە دیار نەبوون. نکۆڵی کردنی چیخۆف لە شێوازی حەماسی ، نەك هەر لە سەردەمی خۆیدا یان لە سەردەمی ئێمەدا وەکو نووسەرێکی هەرە تایبەتی دەیناسێنێ، بەڵکو بە گرینگترین ڕەوت و ڕێبازو ڕەوشی ئەدەبیاتی سێ یان چوار سەدەی ڕابردووی جیهانی دەزانرێ، واتە ناوی چیخۆف بە ئەدەبیاتی

دژە حەماسییەوە دەبەستێتەوە. زاراوەی حەماسە (پاڵەوانی) بە گوێرەی چەمك و واتاو بەکارهێنانی لە مێژووی ئەدەبیاتدا، بە پلەی یەك، لە چوار چێوەی زاراوەی ئەخلاقدا، ناهێورێ و جێی نابێتەوە، بەڵکو پێوەندی بە باسی رەفتارەوە هەیە، ئەم وشەیە لە بەکارهێنانی ناو عەوامی خەڵکیدا، جۆرە دلێری و پاڵەوانییەکی باڵا دەگەیەنێ و ماناکەی لەم توخووبە هێوەتر ناڕوات، پاڵەوانی یان دلێری، هەرچەندە لە چەمکی کۆنی ئەدەبیدا کاراکتەری حەماسی رەگەزێکی گرنگە، بەڵام بە تەنیا نەخشی یەك لاکەرەوەی نییەو بایەخەکەشی لەوەدایە کە کاراکتەر یان کەسی بەدەر لە دلێری، رەنگە لە ویقارو سەنگینیش بەدەربێ، چونکە ئەوەی کە چەمك و مانا بە کاراکتەری حەماسی (مەلحەمی) دەبەخشێت ویقارو سەنگینییە، وێڕای ئەمەش، ویقار چلۆنایەتییەکی ئەخلاقی نییە، بەڵکو چلۆنایەتییەکی رواڵەتییە، چلۆنایەتییەکە کە لە شێواز یان لە رەفتارەوە هەڵدەقوڵێ.

هەر هەموو تەقلیدو دابە ئەدەبییە حەماسییەکان لە ئەوروپادا بە شێوەیەکی راستەوخۆ لەسەر بناغەی ئەو پێناسەیە رۆنراون کە ئەرستۆ بۆ قارەمانی کلاسیکی تراژیدی کردووە، لەگەڵ ئەمەشدا قارەمان لە هەموو تەقلیدو دابەکاندا، بە کەسێك دەوترێ کە هەم بە زەبری پایەی بەرزی کۆمەڵایەتی و هەم بە زەبری تایبەتمەندیی ئەخلاقیی خۆی، وامان لێبکات رێزو حورمەتی بگرین. هەروەها قارەمان، دەبێ خودان ڕەفتارو ڕواڵەتێکی وەها بێ کە دەگەڵ ئەخلاق و پایەی بەرزی خۆیدا بگونجێت و بسازێت. ئەرستۆ حەماسە (مەلحەمە) تەنیا لە چوارچێوەی جۆرە نووسینێکی شاعیرانەدا، واتە تراژیدیدا پێناسە دەکات و ئیدی نەك تەنیا لە باری ئەو چارەنووسە کارەساتاوییەوە کە پیشانی دەدات، بەڵکو لە باری شێوازیشەوە لێی دەکۆڵێتەوە و پێ لەسەر ئەوەش دادەگرێت کە هەموو ڕەگەزەکانی ئەم شێوازە– واتە زمان، مۆسیقا، جووڵە و جلوبەرگ–دەبێ نیشانە و بەڵگەی گەورەیی و شکۆداری بێ، تراژیدی کۆن لافی ئەوەی لێنەدەدا کە بایەخی بەو شتە دەدا کە ئەورۆ پێی دەڵێن ڕیالیزم.

وەکو لە پێناسەکەی ئەرستۆدا دەردەکەوێت، تراژیدی مرۆڤەکان ڕەسەنتر لەوەی کە لە حەقیقەتدا هەن، نیشان دەدات، قارەمانی تراژیدی لەسەر شانۆ ڕەسەنایەتیی خۆی بە شێوازێك کە لە سایەیدا قسان دەکات و ڕەفتار دەکات، دەنوێنێ و دەبێ ئەوەمان لە یادبێ کە لەسەر شانۆدا قارەمان بە ڕاستی قاڵب و فۆرم بەبوونی خۆی دەبەخشێت. لە لایەکی دیکەوە، سروشتی ئەدەبی و نمایشی مەلحەمی لاری لەوە نییە کە کار لەسەر ژیانی واقیعی بکات، حەماسە، لە ڕاستیدا، کەماڵخوازییەکە کە مرۆڤان لەگینە ئارەزووی ئەوە لە هزرو بیری خۆدا پەروەردە بکەن کە پێی بگەن، بە گوتەیەکی دی، هەمان کەماڵخوازی کە لە قاڵبی چلۆنایەتی یان سیفەتێن جۆراو جۆردا دەبنە هۆی ئەوەی کە مرۆۆ ئاشقی شیعر یان شانۆ بن، ڕەنگە لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەدا حوکمی ئارەزوو و حەز پەیدا بکەن، بۆ وێنە ویقارو سەنگینی کە چلۆنایەتییەکە لە شێواز یان لە ڕەفتارداو لە هەمان حاڵدا زۆر چەمکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی ڕوون و بایەخداری لە خۆگرتووە، بە شێوەیەکی هێمایی ئاماژە بۆ مافی ڕێزگرتن و قەدرگری دەکات، کە خۆی لە خۆیدا چلۆنایەتییەکی هەمە پەسندە.. هەروەها حەماسە چونکە لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە ئەدەبیات و

نمایشەوەو لە لایەکی ترەوە بەرزی بەشتە سواوەکان دەبەخشێت، دەکرێت دژەداوەری دەرهەق بکرێت و ئەم ئەنجامگیرییە بە دەست بهێنرێت، چونکە حەماسە شێوە لە ناوەڕۆك و ڕواڵەت لە واقیع بەبالاتر دەژمێرێت، بۆیە درۆ و ڕواڵەتی و موبالەغە ئامێزە. خەیاڵ و ئەندێشەی حەماسی، هەموو کاتێك، تەنانەت لە ناو یۆنانییەکانیش، لە ڕێگەی نمایشنامەی کۆمیدییەوە گاڵتەی پێ کراوە. لە سەدەی شازدەیەمدا، گاڵتەکردن بە قارەمانانی حەماسی (مەلحەمی) یەکێك لە ناوەڕۆکە گەورەکانی ئەدەبیات بووە، شکسپیر لە بەرهەمێکی خۆیدا، بە شێوەیەکی سەتحی نکوڵی لە فەڕو شکۆداری ئەو شازادە جەنگاوەرانە دەکات کە قارەمانی حەماسی و تراژیدیی یۆنانن، ڕەخنەگرتن لە قارەمانانی حەماسی لە کۆتایی سەدەی شازدەیەمدا دەگاتە لوتکەی خۆی. دۆنکیشۆت (١٦٠٥-١٦١٥) سەرەتا و دەستپێکی یەکەمین ڕۆمانی گەورەی دژ بە هزرو خەیاڵی حەماسی (داستانی) بوو، لەوە بە دواوە ئیدی زۆر ڕۆمانی گەورە، هەر لە فیلینگی سەدەی هەژدەوە بیگرە تا دەگاتە جیمێس جۆیسی سەدەی بیستەم، بەشێوەی کۆمیدی دەکەونە بەراوردی ژیان، وەکو چۆن لە ئەدەبیات و دابی حەماسیدا بەرجستە دەبێ و ژیان وەکو چۆن خۆی هەیە. لێ هەرچەندە نووسەرانی (٣٥٠) ساڵی ڕابردوو گاڵتەیان بە بیرو خەیاڵی حەماسی هاتبێ، ئەوا شەیداییان سەبارەت بە حەماسە نیشانەی ئەوەیە کە حەماسە هەر بەسەر هزرو زەینی مرۆڤاندا زاڵە. ئەگەر لەگەڵ زۆر لە نووسەراندا، بە وردی بڕوانینە ئەو ڕووداوە هیچ و بازاڕییانەی کە ژیانی ڕۆژانەی ئێمە پێکدەهێنن و ئەم ژیانە ناو بنەین (واقیعی) ڕەنگە ئەم ناوە بەپێی خەیاڵی مەلحەمی بمانڕەنجێنێ وئازارمان بدات. لەوەیە بتوانرێ بوترێ کە سەر لەبەری ڕۆمانانی ڕیالستی بەدەر لە ئامادەبوونی خەیاڵ و ئەندێشەی حەماسی هاتونەتە نووسین. بێ گومان ئەم خاڵە دەربارەی چیرۆکەکەی چیخۆف دەقا و دەق دروستە، باشترین نمایشنامەو چیرۆکی ئەو، وێنەی ئەو ژیانە دەگرن کە کەمو زۆر نیشانەو ماکی حەماسەیان تێدا بەدی ناکرێت، هەرچەندە ئەو وێناو تەسەورە هێشتا لە بیرو بیرەوەرییاندا ماوە کە ژیان ڕۆژگارانێك پڕ بوو لە سەر بەرزی و شەهامەت و غرووڕێك کە ئێستا چ شوێنەوارێکی نەماوەو هەروەها خەڵکی ڕۆژگارو سەردەمانێك ڕێزی خۆیان و حورمەتی خەڵکانی دیکەیان دەگرت کە ئێستا ئیدی هیچ شوێنەوارو نیشانەیەکی بەرچاو ناکەوێت.

چیرۆکی (دژمنان) وێنەیەکی زۆر ورد، غەمگین و کومیدی لەمەڕ حەماسە دۆستی بە دەستەوە دەدات، ئەبوگین، مێردی هەڵخەڵەتاو، وێنەی هاوسەرە بێ وەفاکەی بۆ لای دکتۆر درێژ دەکات و دکتۆر کە باوکێکی جگەر سووتاوە، هاوار دەکات: "من نامەوێ بە ڕازو نهێنیی هیچ و بێ مانای ئێوە بزانم، چ پێوەندییەکی بەمنەوە هەیە ". دکتۆر بە بەکارهێنانی سیفەتی تانە ئامێزی وەك (هیچ)و (بێ مەعنا) لافی ئەوە لێدەدات کە خۆی پێگەیەکی حەماسی هەیە، هیچی و بێ مەعنایی دوو چلۆنایەتین کە بەر لە هەر شتێك، فۆڕمی ڕەسمی بە ئینکارکردنی کەماڵخوازی حەماسی دەبەخشێت، باوکی جەرگ سووتاو بە ڕواڵەت لەوانە دوورە، ئەو وادەزانێت کە خەمەکەی ویقارو سەنگینی پێ دەبەخشێت و پایەی ڕۆحی دە خزمەت دەنێ تا هەڤرکی پایەی کۆمەڵایەتی باڵاتری ئەبوگین بکات، ئەمە جگە لەوەی، بە دەربڕینی دەستەواژەی (مرۆڤی واقیعی) وادەزانێت کە

خەمەکەی ئیحتوبار بە بوونی ئەو دەدات و بە حاڵەتێکی غرووروو کبریاوە لەگەڵ هاتنی چاوەنوار نەکراوی ئازارو خەمی ئەبوگیندا کە لە ئازارو خەمی ئەو کەمترە، هەست بە بێزاری دەکات: تا ئەو دەمەی کە دکتۆر کریلوف بۆ بەرەڤانی لە ویقارو سەنگینیی خۆی، خەمی خۆی بەکاردێنێ، هەم خەمەکەی و هەم ویقارەکەی واقیعییە. دکتۆر، خەمگین و خامۆش، دەست شۆردوو لە ئومێدو تەنانەت لە ژیان، بە حاڵەتێکی هێندە ماندووو بێ تاقەتەوە کە بە زحمەت توانای جووڵەی هەیەو لە عەینی حاڵدا بە چارەیەکی عەبووسەوە لە خەمی ئەنجامدانی وەزیفەدایە، بە ڕەسەنایەتییەکی سەرکێشانەوە، لەبەردەم ئێمەدا دەوەستێ و بە هەموو بوونییەوە خوازیاری هاودەردی و ڕێزو حورمەتی ئێمە دەبێت، بەڵام کاتێ کە هەق بە خۆی دەدات لە سایەی ئەو ئازارەوە کە دەیچێژێت، پایەیەکی حەماسی مەیلەو تراژیدی وەربگرێت، کاتێ کە دەڵێت نەدەبوو لە (کۆمیدییەکی بازاڕی)دا گیرۆدەی بکەن و مەرگی پڕ سوێی کوڕەکەی بە کاردێنێ تا بکەوێتە سووکایەتی کردن و بە ئەبوگین و لە بارەی ئەخلاقییەوە لەو باڵاتر بنوێنێ، ئیدی کارایی و کاریگەریی خەمەکەی کەم دەبێتەوەو سیمای ئینسانیانەی دەڕووشێت.

هەموو گەواهی بۆ ڕەوشت چاکی دکتۆر کریلوف دەدەین، بەڵام چیخۆف کاری وەرگرتنەوەی ئەم گەواهییە یان ژێوان بوونەوە لە گەواهی ڕەوشت چاکی دژوارو سەخت دەکات، هاودەردی و هاوسۆزیان دەگەڵ ئەودا بە هۆی پیشەکەی، مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان، فیداکاری سەبارەت بە ژنەکەی، تەمەن و لە دەستدانی منداڵەکەی دروست بووە، خەنیمەکەی ئەو،یان باشترە بوترێ دژمنەکەی لە خەمدا، بەڕواڵەت مرۆڤێکە کە لە ویقار، ڕاستگۆیی و قووڵی هەستدا زۆر لەو کەمترە، کارێکی زەحمەت نییە ئەگەر پەی بەوە بەرین کە غرووروو کیبریای زەدەداری ئەبوگین بەزوویی چاك دەبێتەوەو وەکو ڕقێك دژی هاوسەری بێ وەفا بەکار دەبرێت، هەروەها بە دڵنیاییەوە دەزانین کە دکتۆر نابێت بە خاوەنی منداڵێکی دیکەو ئەبوگین بێ چەندو چوون، ژنێکی تازە دێنێ، چیخۆف هەرچەندە ئاگادارە کە ئەبوگین کەسایەتییەکی کەمتری لە کریلوف هەیە، لە گەڵ ئەمەشدا گەواهی نەبوونی چاك ڕەوشتییەکەی ئەو بەنسیبی دکتۆر کریلوف دەبێت، ئەوەی کە دەبێتە مایەی ڕەنجان و زویری چیخۆف، پێداگرتنی لە ئەندازە پتری دکتۆرەکەیە کە وەکو مرۆڤو ئادەمیزادێکی تازیە بار، خۆی بە زیاتر دەزانێ و خەمەکەی خۆی دەخاتە خزمەتی هەڤرکی کۆمەڵایەتیی خۆیەوە.

زۆرجار دەگوترێ کە چیخۆف پتر لە هەر نووسەرێکی دی، لە باری تیۆری و پراکتیکیەوە کاری کردۆتە سەر کورتە چیرۆکی نوێ، دیارە چ ئیعترازێك لەمەڕ ئەمە نییە، بەڵام ئەوەش هەیە کە چیرۆکی (دژمنان) هەر ناوێکی لێ بنرێ یان هەر ناوێك هەڵبگرێت، ناوی نوێ هەڵناگرێت، ئەمرۆکە.. هیچ نووسەرێك هەق بە خۆی نادات، کە لە ڕێگەی نووسینی کۆمەڵە پەرەگرافێکەوە بکەوێتە گشتاندنی بابەت و ئەمجامگیریی ئەخلاقی و چیرۆك بەو شتانە کۆتایی بێنێ، تیۆری نوێی چیرۆکنووسین کە بەشێکی گرینگی لە چیرۆکەکانی چیخۆفەوە هەڵێنجراوە، لەم بارەیەوە دەڵێت کە ڕووداوەکانی چیرۆك، پێویستە بە بێ کۆمەکی تەفسیرو شرۆڤەی نووسەر، خۆیان قسە بکەن و بێنەزمان، (چیرۆکی،گردەکان وەکو فیلی سپی وان)ی هەمینگوای باشترین نموونەی ئەم

تەکنیکەیە، بە دڵنیاییەوە هەر نووسەرێکی پەروەردەی پێچەوانەی شێوەی چیخۆف، لەم چیرۆکەدا، دەبارەی کاریگەرییە زیانبەخشەکانی بەد بەختی بەسەر قارەمانی چیرۆکەکەوە، نادوێ. یان پێشبینی ئەوە ناکات کە ئایندەی ئەخلاقی دکتۆر کریلوف چۆن دەبێت، بەڵام لە هەمان بەشی چیرۆکەکە، وێڕای پەرتوبڵاوی، لەو ڕووەوە کە پێوەندی ڕاستەوخۆ بە خوێنەرەوە فەراهەم دەکات، جوانیو دڵگیرییەکی شایستەی هەیە، چونکە ڕازی بوونی چیخۆف بەوەی کە بێتە ئاستی خوێنەرو بە خۆی قسەی لەگەڵدا بکات، بە نموونەیەکی جوانی بێ فیزیو خاکێتیی ئەو دەژمێردرێ...

## سەرچاوە

......

داستانو نقد داستان/ جلد دوم، ص ٣٣-٤٠، گزیدەو ترجمەء احمد گلشیری، انتشارات نگاە، تهران، ١٣٧٠.

# پیرەمێری سەر پردەکە

## چیرۆکی: هەمینگوای

پیرەمێردێکی جل‌و بەرگ تۆزاوی، کە عەینەکێکی چارچێوە ئاسنی لە چاودا بوو، لە کەناری جادەکەدا دانیشتبوو. پردێکی تەختە لەسەر روبارەکە دروست کرابوو، گالیسکەو ئوتومبیلی باری وپیاوان، ژنان‌و منداڵان بەسەریدا دەپەڕینەوە. گالیسکەکان کە قاتریان لە ژێردا دابەسترابوون، بە قورسی‌و خاوی بە هەورازی کەنارەکەدا هەڵدەگەڕان، سەربازەکان پەڕەی پێچکەکانیان دەگرت‌و بۆ پێشەوەیان پاڵ دەدا. ئوتومبیلەکان بە زەحمەت بە هەورازەکەدا سەردەکەوتن‌و دوور دەکەوتنەوەو هەمووان پردەکەیان دەبڕی‌و دەڕۆیشتن، ئەو گوندییانەی کە تا گوزینگی پێیان لەگڵ رۆدەچوو، بە قورسی هەنگاویان دەنا. بەڵام پیرەمێردەکە لە هەمان شوێنداو بە بێ جوڵە دانیشتبوو، هێندە شەکەت بوو کە نەیدەتوانی تاقە هەنگاوێك بنێ.

من ڕاسپێردرابووم کە بە سەر پردەکەدا بڕۆم‌و تاقیبی ئەو سەری پردەکە بکەم‌و بزانم کە دژمن تاکوێندەر پێشڕەوی کردووە.

کە کارەکەم تەواوبوو بەسەر پردەکەدا گەڕامەوە. گالیسکەکان کەم بوو بوونەوەو چەند کەسێك مابوونەوەو بەپێیان دەپەڕینەوە. لێ پیرەمێردەکە هێشتا لەوێندەر بوو.

لێم پرسی: "کوێندەریت؟"

گوتی: "سان کارلوس." و زەردەخەنەیەکی کرد.

سان کارلوس شاری ئابادو ئەژدادی بوو، هەر بۆیەش کەیفی بە ناوەکەی هات‌و بزە کەوتە سەر لێوی.

پاشان گوتی: "ئاگاداری حەیواناتم دەکرد."

من کە بە جوانی لێی حاڵی نەبووم گوتم: "ئاوها."

گوتی: "بەڵێ، دەزانی، من بۆیە مامەوە تا ئاگام لە حەیوانەکان بێت . من دواکەس بووم کە لە سان کارلوس وەدەرکەوتم."

ڕواڵەتی لە شوان‌و مەڕداران نەدەچوو. ڕوانیمە جلە تاریك‌و تۆزاوییەکەی‌و سیمای تۆزاوی و عەینەکە چوارچێوە ئاسنەکەی‌و گوتم: "حەیوانەکانت چی بوون؟"

سەری، بە نائومێدییەوە، لە قاندو گوتی: "هەمە جۆر بوون. ناچار بووم بە جێیان بهێڵم."

من تەمەشای پردەکەم دەکردو دەم ڕوانییە ئاسمانی دەڵتای ئیبرۆ "Ebro" کە ئەفریقیای وەبیر مرۆڤ دێناوەو لە بیری ئەوەدا بووم کەنگێ چاومان بە دژمن بکەوێ. هەمیشە گوێم هەڵخستبوو کە یەکەمین هەراو هەنگامەی پێکادانی ئەم شەڕە نادیارو بە تەمتومانە بژنەوم، پیرەمێردەکە هێشتا لەوێندەر دانیشتبوو.

پرسیمەوە: "گوتت حەیوانەکانت چی بوون؟"

گوتی: "سێ جۆرە حەیوان بوون. دوو بزن، پشیلەیەك‌و چوار جووت کۆتر."

پرسیم: "ناچار بوویت بە جێیان بێڵی ها؟"

– "بەڵێ، لە ترسی تۆپان. ئەفسەرەکە پێی گوتم کە لە بوردی تۆپەکان دوور بکەومەوە."

پرسیم: "خۆ ژن و منداڵت نین؟" و دەمڕوانییە ئەو سەری پردەکە کە چەند گالیسکەیەك بەلەز بە نشێوی کەنارەکەدا دادەگەڕان.

گوتی: " تەنێ ئەو حەیوانانە هەبوون کە گوتم. هەڵبەتە پشیلەکە هیچی بەسەر نایەت. پشیلان دەتوانن خۆیان رزگار بکەن، لێ نازانم ئەوانی دی چییان بەسەر دێ؟"

پرسیم: "تۆ لایەنگری کێی؟" گوتی: "من عەقڵم سیاسەت نابڕێ. تەمەنم ٧٦ ساڵە. دوانزە کیلۆمەتران بە پێیان هاتووم، پێم وانییە ئیدی بتوانم لەوەی زیاتر بڕۆم."

گوتم: "ئێرە شوێنێکی ئەمین نییە. ئەگەر حەزت لێبێ و بتوانی، ئوتومبیلەکان لەو جادەیەدان کە لە "تورتوسا"وە ڕەت دەبێ.

گوتی: "ماوەیەکی دیکەش دەمێنمەوە. پاشان دەکەومە ڕێ. ئوتومبیلەکان بۆ کوێ دەڕۆن؟"

پێم گوت: "بۆ بارسەلونە".

گوتی: "من لەو ناوە کەس ناناسم، بەڵام مەمنونی لوتفتانم، گەلەك مەمنونم."

نیگای ماندوو پوچەڵی تێبڕیم و ئەوجا وەکو کەسێك بیەوێ خەمی خۆی دەگەڵ کەسێکی دی دا دابەشبکات گوتی: "پشیلەکە هیچی بەسەر نایەت، دڵنیام. ئیدی بۆچی خەمی بخۆم و نیگەرانی بم، بەڵام ئەوانی دی چییان بەسەر دێت؟ تۆ بڵێی هیچیان بەسەر بێت؟"

"هەڵبەتە بۆ خۆیان ڕێگە دەدۆزنەوە، نەجاتیان دەبێ."

"تۆ پێت وایە؟"

گوتم: "هەڵبەتە." و دەمڕوانییە کەنارە دوورەکە کە ئێستا چ گالیسکەیەکی لێ نەدەبینرا.

"باشە لە ژێر تۆپباراندا چ دەکەن؟ ئەدی هەر لە ترسی ئەو تۆپانە نەبوو کە بە منیان گوت لەوێندەر نەمێنم."

گوتم: "دەرگای قەفەزی کۆترەکانت کردبوەوە؟"

– "بەڵێ."

– "کەواتە دەفڕن".

گوتی:" بەڵێ. هەڵبەتە دەفڕن. ئەدی ئەوانی دی؟ باشتر وایە پیاو هەر بیریان لێنە کاتەوە."

گوتم: "ئەگەر ماندویەتیت حەساوەتەوە، با من بڕۆم."

پاشان بەسوربونەوە گوتم: "دەی هەستەو هەوڵبدە بڕۆیت."

گوتی: "مەمنوون." هەستا، لارە لاری پێکەوت، بە پشتا شکایەوەو لە نێو گڵەکەدا دانیشت.

لە ژێر لێوانەوە گوتی: "من تەنیا ئاگاداری حەیوانەکانم دەکرد." لێ قسەکانی دیکەی لەگەڵ من نەبوو. و دیسان دووبارەی کردەوە: "من تەنیا لای حەیوانەکان بووم."

ئیدی چ کارێك نەدەکرا. یەك شەممەی جەژنی پاك بووو فاشییەکان بەرەو ئیبرو هێرشیان دێنا. هەورێن تاری بەری ئاسمانی گرتبووو، فڕۆکەکانیان نەیاندەتوانی هەستن.

ئەم هەورو هەلآیە و ئەوەی کە پشیلەکان دەیانزانی چۆن ئاگایان لە خۆبێ، تاقە دڵخۆشی پیرە مێرەکە بوون.

# هەڵسەنگاندنی چیرۆکی:
# "پیرەمێردی سەر پردەکە"
## نووسینی/ ئیدموند ڤۆلیر

جەنگ و شەڕ بۆ ئەو کەسانەی کە تێیدا بەشدارن لەوەیە شانۆی نمایشێکی بەرین بێ بۆ وەدەست هێنانی میداڵ و هیوای گەیشتن بە ئاواتی گەورە ،کە لە سەرێکییەوە هەڕەشەی مەرگ و مردن بۆسەی ناوەتەوە، یان لە بۆسەدایە. لێ خەڵکی سادە دەتوانێ چ بکات؟ خەڵکێك کە لە هیواو ئارمانجی گەورەو مەزن بێ ئاگان و تەنێ دەربەدەری و زەرەری گیانی و بێنەواییان بۆ دەمێنێتەوە.

نووسەر، لەم چیرۆکەدا، لە رێگەی بە کارهێنانی هێماوە کاریگەری چیرۆکەکە زیاد دەکات، شتێکی سادە دەتوانێ وێنای نێوەڕۆکی ئاڵۆز بێ و یان ئەو هەستانە بنوێنێ کە پەیوەستن بەو نێوەرۆکانەوە. بۆ نموونە لەگینە ژنێك ماڵ و حاڵ و زنەگی خۆی بەجێ هێشتبێ و تەنیا قۆری یەکی زیوینی دەگەڵ خۆیدا هێنابێ. ئەم قۆرییە لە حەقیقەتدا هێمای هەر هەموو ئەو شتانەیە کە ژنەکە لە پاش خۆی جێی هێشتوون و گوم بوونی قۆرییەکە نیشانەی دابڕانە لە ڕابردوو. کەسێکیش دەتوانێ هێما بێت و نوێنەری کۆمەڵە خەڵکێکی هاوسیفەت یان هاوخەمی خۆی بێت. خوێنەر کاتێ پەی  بە قوەتی چیرۆکی "پیرەمێردی سەر پردەکە" دەکات کە پیرەمێردەکە وەکو هێمای میلونان قوربانی جەنگ، بدینێ و بخوێنێتەوە.

"پیرەمێردی سەر پردەکە" نەخشەیەکی زۆر لاوەکی تێدایە، یان بە گوتەیەکی دی، چ نەخشەیەکی تێدا نییە. لەم چیرۆکەدا کارو کاردانەوەی بەدەنی نابینرێ و لە ئارادانییە. دوو پیاو یەکدی دەبینن، چەند دەققەیەك دەکەونە گفتوگۆو هیچی دی. پەرەسەندنی دەرونی و سۆزداری پانتایی ئەم چیرۆکەی گرتۆتەوە. چیرۆکەکە بە گێڕانەوەیەکی بێ پەردەو پێچ و پەنا، دەست پێدەکات:

پیرەمێردێکی جل و بەرگ تۆزاوی کە عەینەکێکی چوارچێوە ئاسنی لە چاو بوو، لە کەناری جادەکە دانیشتبوو.

هەمینگوای هەر هەموو مەیدانی چیرۆکەکە وەسف دەکات و ئەوجا دەگەڕێتەوە سەر پیرەمێردەکە و ئامارە بۆ ئەوە دەکات کە کابرای لێقەوماوی شەڕ، هێشتا هەر لە جێی خۆی ماوە، چونکە ئەوەندە شەکەتە کە توانای ڕۆیشتنی نییە.

ئەوجا چاوی چیرۆکەکە لەسەر پیرمێردەکە دەوەستێ و شوێنی چیرۆکەکە دیمەنی شەڕ، هەڵاتن و ماڵوێرانی دروست دەکات.

بەشی دوای ئەمە مایەی سەرنجە:

"من راسپێردرا بووم کە بەسەر پردەکەدا بڕۆم و ئەوسەری پردەکە تاقی بکەمەوەو بزانم دژمن تا کوێ پێشڕەوی کردووە. کە کارەکەم تەواو بوو بەسەر پردەکەدا گەڕامەوە."

لێرەدا بوارو دەلیڤەی کارو کاردانەوە هەیە، ئەگەری پێکادان دەگەڵ دژمندا هەیە، بەڵام بەم حاڵەشەوە، چ قسەیەک لەمەڕ هێرش و پەلاماری دوو لایەنە نایەتەکرن و تەنانەت باسی ئەوەش ناکرێ کە دژمن چەند نزیکەو گەییوەتە کوێندەر. ئێمە دیسان روو دەکەینەوە پیرمێردەکەو هەست دەکەین شتێکی خراپ لە حاڵی رووداندایە. جا لەم بارەیەوە دیقەتی کاریگەری ئەم رستەیە بدەن:

" ئوموبیلەکان بە زەحمەت بە هەورازەکەدا هەڵدەگەڕان و دووردەکەوتنەوەو هەمووان پردەکەیان بەجێ دەهێشت. "

هەڵبەتە تەنیا پیرەمێردەکە دەرفەتی هەڵاتنی نییە.

گوتیاری "راوی" چیرۆکەکە هەندێ پرسیار لە پیرەمێردەکە دەکات و هەندێک وەڵامی لێ دەژنەوێ، و لە ئەنجامدا، چیرۆکی کابرای ئاوارەی شەڕ، وردە وردە دروست دەبێ. لەو کاتانەدا کە گفتوگۆیەکە بەردەوامە، ئێمە ناتوانین بۆ ساتێک زەمینەی چیرۆکەکە، کە هەر لە سەرەتاوە قاڵبی خۆی وەرگرتووە، فەرامۆش بکەین.

بە نائومێدییەوە سەری لە قاندو گوتی: "حەیوانی هەمە جۆر بوون. ناچار بووم بەجێیان بهێڵم." من تەمەشای پردەکەو ئاسمانی دەڵتای ئیبرۆم دەکرد کە ئەفریقای وەبیری مرۆۋ دێنایەوەو لە بیری ئەوەدا بووم کە ئاخۆ کەنگێ چاومان بە دژمن بکەوێ و بە درێژایی کاتەکە گوێم هەڵخستبوو کە یەکەمین هەراو زەنای هەنگامەی هەڵگیرسانی ئەم شەڕو رووداوە هەمیشە ئاڵۆزو بە تەمتومانە بژنەوم و پیرمێردەکە هێشتا هەر لەوێ دانیشتبوو.

چیرۆکەکە بەم شێوە بەردەوام دەبێت.

پرسیم. "خۆ ژن و منداڵت نین؟" و دەمڕوانییە ئەو سەری پردەکە، کە چەند گالیسکەیەک بەلەز بە نشێوی کەنارەکەدا دادەگەڕان.

و سەرەنجام:

گوتم، "هەڵبەتە" و دەمڕوانییە کەنارە دوورەکە کە گالیسکەیەکی پێوە نەدەبینرا.

دژمن هیچ کاتێک لە دوور ناوەستێ. نەوو مەیدان، کە تا چەند ساتێک لەمەوبەر پڕ لە گالیسکە، سەربازو ئاوارەی شەڕ بوو، کپ و بێدەنگ و دوور، و بە بێدەنگییەکی شوومەوە چاوەڕوانی "هەڵگیرسانی، ئەم رووداوە هەمیشە ئاڵۆزو بە تەمتومانەی" دەکرد.

گوتیاری چیرۆک لە سەرانسەری "پیرمێردی سەر پردەکە"دا خۆی لە باس و دەربڕینی ئەو خاڵە دەدزێتەوە کە هەردووکیان واتە گوتیارەکەو پیرەمێردەکە ئاگایان لێیەتی و دەیزانن، ئەویش ئەوەیە کە حەیوانەکان دەکوژرێن. بە گوتەیەکی دی حەیوانەکان دوو کاری هێماییان لە چیرۆکەکەدا هەیە: یەکەمیان ئەوەیە کە وێنای هەموو ئەو شتانەن کە لێقەوماوانی جەنگ لە کاتی هەڵاتن دا بەجێی دەهێڵن و دووەم هێمای ئەوەشن کە ئەگەر حەیوانەکان نەتوانن هەڵێن،

مرۆڤەکانیش ناژین. لە کۆتایی چیرۆکەکەدا بە مەزەندە بۆمان دەردەکەوێ کە پیرەمێردەکە دەکوژرێ. هەوڵدەدات هەستێ بەڵام دەکەوێت و ئیدی چ کارێك ناکرێ.

بەندی کۆتایی نوکتەیەکی تەنز ئامێز بە چیرۆکەکە دەبەخشێت. یەك شەممەی جەژنی پاك بوو، فاشیستەکان بەرەو ئیبرۆ هێرشیان دێنا.

یەك شەممەی جەژنی پاکە، لێ شەڕ بەردەوامەو پیرەمێردەکە کە نەبەشداری شەڕەو نە ئەهلی سیاسەتە، دەبێ رەنج و مەینەت بکێشێت:

هەوری تاری بەری ئاسمانی گرتبوو، و فرۆکەکانیان نەیاندەتوانی هەستن. ئەم بابەتەو ئەوەی کە پشیلەکان دەیانزانی چۆن خۆیان بپارێزن تاقە دڵخۆشی پیرەمێردەکە بوون.

ل ٥٩-٦٣

سەرچاوە/ داستان و نقد داستان/ چاپ سوم

تهران ١٣٧٥ (١٩٩٦) /گزیدەو ترجمە ء احمد گلشیری.

# جەنگ

## چیرۆکی: لویجی بیراندیللۆ

ئەو نەفەرانەی کە شەویٚ لە رۆماوە بە شەمەندەفەری خێرا وەڕێکەوتبوون، ناچار بوون تا سپێدە لە وێستگە بچووکەکەی (فایریانۆ)دا، کە هێڵی ئاسنی سەرەکی بە سولموناوەی دەبەست، چاوەنۆڕی شەمەندەفەرە بچووكو کۆنە ناوچەییەکە بکەن.

لە سپێدەدا، ژنێکی کەتەی سەراپا رەشپۆش، وەك کۆڵەبارێکی بێ شێوەو روخسار، لە فارگۆنێکی نمرە دووی دوکەڵاوییەوە کە پێنج نەفەران شەویان تێدا رۆژ کردبووەوە، سەری هێنایە دەریٚو وەژوورکەوت، شووەکەی کە پیاوێکی وردیلەی لاوازی داتەپیو بوو، بە هانکە هانكو ئاهونالەو ڕەنگو ڕووی پەڕیوو چاوانی چکۆلەی دڵگیرەوە کە شەرمو نیگەرانییان تێدا دەخوێنرایەوە، لە دوایەوە سەرکەوتو وەژوورکەوت. پیاوەکە پاش ئەوەی جێگەی دەست کەوت، بە نەزاکەتەوە سوپاسی ئەو نەفەرانەی کرد کە یارمەتی ژنەکەیان داو جێیان کردەوە. پاشان رووی کردە ژنەکەی، یەخەی پاڵتۆکەی بۆ دادایەوە، بە ئەدەبەوە وتی:

– حاڵت باشە، ئازیزم؟

ژنەکە وەڵامی نەدایەوە، یەخەکەی تا سەرچاوانی خۆی هێناو دەموچاوی ڤەشارت.

پیاوەکە، بە دەم بزەیەکی تاڵەوەو لە بن لێوانەوە وتی: "ئێی دنیای هیچ!" هەستی دەکرد، کە لە سەرێتی ئەوە لە هاوسەفەرەکانی بیگەیەنێت کە ژنە بەلەنگازەکەی شایستەی بەزەیی و دڵسۆزییە، جەنگ تاقە کوڕەکەی لیٚ دوور خستۆتەوە.

کوڕێکی گەنجی بیست ساڵانە، ئەمانە، هەردووکیان ژیانیان بۆ ئەو تەرخان کردووە. خانوویەکیان لە سولمونا هەبووەو هەڕاجیان کردووە، ئەوجا توانیویانە تا رۆما لەگەڵیدا بڕۆنو لەوێندەر لە زانستگە ناونووسی بکەنو ئەوجا رەزامەندی بۆ وەربگرن کە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە لە جەنگدا بەشداری بکاتو بەلای کەمەوە تا شەش مانگان بۆ شەڕگە ڤڕیٚ نەکرێت، لیٚ لە نکاودا بروسکەیەکیان بۆ چووە کە گوایە تا سیٚ رۆژی دی لە رۆما دەڕواتو داوایان لێدەکات کە بۆ بەڕیٚ کردنی بۆ رۆما بێن.

ژنەکە، لە بن پاڵتۆکەیەوە گینگڵی دەدا. جارجار وەك حەیوانێکی کێوی دەی پرخاند، دڵی دەیوت کە هەموو ئەو قسانە بە قەد نووکە دەرزییەك بەزەیی و سۆزی ئەو خەڵکەی نەبزواندووە کە رەنگە ئەوانیش لە هەمان حاڵی ئەودا بن. یەکێك لە نەفەرەکان کە سەراپای بوو بوو بە گوێچکە، وتی: "ئێوە شوکری خوا بکەن کە کوڕەکەتان تازە بۆ شەڕگە دەڕوات. لە هەوەڵی شەڕەوە، کوڕی منیان بۆ شەڕگە ناردووە، تا نهو دوو جاران بە زامداری هاتۆتەوەو هەمدیس بۆ شەڕگە گەڕاوەتەوە".

نەفەرێکی دی هەڵیدایێ: "جا لە جێی من بن چ دەکەن؟ دوو کوڕو سیٚ برازام هان لە شەڕگە."

مێردی ژنەکە خێرا وتی: "بەڵیٚ لیٚ کوڕی ئێمە تاقانەیە".

"چ فەرقێك دەكات؟ مرۆڤ دكارێت زیاد لە پێویست ناز بە كوڕە تاقانەكەی بدات و نازداری بكات، بەڵام لە منداڵانی تری خۆشتر ناوێت. خۆ خۆشەویستی باوك نان نییە كە بشێت تیكە تیكە بكرێت و بە یەكسانی بەسەر منداڵەكاندا دابەشبكرێت. هەر بابێك بگرێت، هەموو خۆشەویستیی خۆی بێ جیاوازی، بەسەر هەر منداڵێكیدا هەڵدەڕێژێت، ئیدی تاقە منداڵێكی هەبێت یان دە منداڵ، ئەگەر من هەنووكە بۆ كوڕەكانم ناڕەحەتم، ئەم ناڕەحەتی و نیگەرانییە بۆ هەر یەكێكیان نابێت بە نیوە، بگرە دوو بەرانبەر دەبێت..."

مێردی پەریشان، ئاهێكی هەڵكێشاو وتی: "دروستە.. دروستە. لێ گریمان، دوور لەوانەی تۆ، بابێك دوو كوڕی لە شەڕگە بن و یەكێكیان، لە دەست بدات، لەم حاڵەتەدا یەكێكیانی بۆ دەمێنێتەوەو سێبوری پێ دێت... لە كاتێكدا ئەگەر...."

یەكێكی دی لەولاوە هەڵیدایێ و وتی: "بەڵێ، كوڕێكی دەمێنێت تا سێبوری پێ بێتەوە. لێ لە هەمان كاتدا كوڕێكی دەمێنێت تا ببێت بە نیگەرانی گیانی ئەو، لە كاتێكدا گەر بابێك كوڕەكی تاقانەی هەبێت، دەتوانێت پاش مەرگی كوڕەكەی بڕوات، سەری خۆی بە گۆمێكدا بكات و كۆتایی بە پەرێشانی خۆی بێنێت، ئەم دوو حاڵەتە كامیان خراترە؟ ئەدی نابینیت كە حاڵی من چەند لە حاڵی تۆ خراترە؟"

نەفەرێكی دی، كە پیاوێكی قەڵەوی سوورەی چاوكەوەیی كاڵ و دەرپۆقیو بوو، هەڵیدایێ: "كە قسەی قۆڕ دەكەیت".

هانكە هانكی پێ كەوتبوو، چاوە دەرپۆقیوەكانی دەتوت تورەییەكی دەروونی سەركێشی ئەوتۆ هەڵدەڕێژن كە جەستەی بێ توانای ئەو دەرەقەتی نایێت، لە كاتێكدا هەوڵی دەدا بە دەست زاری داپۆشێت و نەهێڵێت جێی دوو دانە كەلۆسەكەی پێشەوەی بە دیار بكەون، دووبارە وتی: "قسەی قۆڕ، قسەی قۆڕ دەكەی. چما ئێمە بۆ قازانجی خۆمان منداڵان دەخەینەوە؟".

نەفەرەكانی دی بە پەریشانییەوە لێی ڕامان،ئەو نەفەرەی كە لە یەكەم ڕۆژی جەنگەوە، كوڕەكەی بۆ شەڕگە ڕۆیی بوو، ئاهێكی هەڵكێشاو وتی: "تۆ ڕاست دەكەیت، منداڵەكانمان ئی خۆمان نین، ئی نیشتمانن..."

نەفەرە قەڵەوەكە خێرا وتی: "پاح! كەواتە بفەرموو ئێمە لەبەر خاتری نیشتمان زوڕیەت دەخەینەوە، منداڵانمان دێنە دنیاوە... ئیدی وایە. چونكە دەبێت بێنە دنیاوەو كاتێك ئەوان دێنە دنیاوە ئیدی گیانی ئێمە فیدای ئەوان دەبێت، ئەمە دۆغریەكەیەتی و تەواو، ئێمە هی ئەوانین. ئەوان هی ئێمە نین. كاتێك دەگەنە تەمەنی بیست ساڵی، ڕێك حاڵەتی تەمەنی بیست ساڵی ئێمەمانانیان لا پەیدا دەبێت، ئێمەش باب و داكمان هەبوو. لێ شتی دیكەش لەم دنیایەدا هەبوو.

ژن، جگەرە، خەونی دوورو درێژ. پێوەندیی تازە... هەڵبەتە نیشتمانیش جێی خۆی هەبوو، واتە گاڤێك كە دەگەییشتینە بیست ساڵان بە دەنگییەوە دەچووین، تەنانەت ئەگەر باب و دایكیش ڕێیان نەدابایین هەر دەچووین، هەڵبەتە ئێستا و لەم تەمەنەی ئێمەدا ئەشقی نیشتمان هەمان قەدرو پایەی جارانی هەیە، لێ خۆشەویستیی منداڵەكانمان لە هی نیشتمان زێدەترە. حەز دەكەم بزانم، ئاخۆ لە نێو ئێمەدا چ كەسێك هەیە كە ئەگەر توانای هەبێت، لە ناخی دڵەوە

حەز نەكات لە بری كوڕەكەی لە شەڕگەدا بێت؟" ورتە لە كەسەوە نەهات. هەموو سەری ڕەزامەندییان لەقاند. كابرای قەڵەو لەسەر قسەكانی ڕۆیی: "... كەواتە ئێمە بۆ هەستی بیست ساڵانەی منداڵەكانمان بە هەند نەگرین؟ ئایا ئاسایی نییە لە تەمەنی بیست ساڵیدا بیر لە خۆشەویستیی نیشتمان بكەنەوە. هەڵبەتە مەبەستم لە كوڕی باش و گوێ ڕایەڵە- و بیخەنە سەرووی خۆشەویستیی ئێمەوە، ئایا ئاسایی نییە كە ئێمە بە پیرە كوڕانی پەككەوتە بزانن و دەبێت لە ماڵەوە بمێنین؟ ئەگەر نیشتمان وەك نانێك بێت كە دەبێت یەك بە یەكی ئێمە بیخۆین تا لە برسان نەمرین، ئەوا دەبێت خەڵكانێك بڕۆن و بەرەڤانی لێبكەن. كوڕانی ئێمە كە دەگەنە بیست ساڵان، ئەم كارە دەكەن و پێویستییان بە ڕۆندكی مە نییە، چونكە ئەگەر بمرن، ئەوا بە جۆش و خرۆش و شادمانییەوە دەمرن – هەڵبەتە مەبەستم لە كوڕانی سەلارو گوێڕایەڵە- جا ئەگەر كەسێك بەلاوی و بە شادمانی بمرێت و تووشی كرێتیی ژیان، زەبوونی، بێهوودەیی و سەر شۆڕی نەبێت، چ شتێك لەوەی باشتر هەیە؟ نابێت كەس لە مەرگدا بگرێت دەبێ هەموو كەس پێبكەنێت، وەك چۆن من پێدەكەنم... یا لایەنی كەم شوكرانە بژێری خوا بن، وەك چۆن من شوكرانە بژێرم، چونكە كوڕەكەی من بەر لە مردنی، نامەی بۆ ناردم كە كۆتایی ژیانی بەو جۆرە بووە كە بە خۆی هەمیشە ئارەزووی كردووە. هەر بۆیە وەكو دەبینن ڕەشم نەپۆشیوە...."

چاكەتە چەرمەكەی بە دەست تەكاند وەك بڵێی بیەوێت دروستی قسەكەی خۆی بسەلمێنێت ،لێوە شینەكەی، كە دوو دانە كەلۆسەكەی پێشەوەی داپۆشی بوو، دەلەرزی، ڕۆندك لە چاوە بێ جوڵەكانیدا قەتیس مابوو، زۆری نەبرد كە قسەكانی بە پێكەنینێكی هاوار ئاسا، كە پتر لە هۆڕژنی گریان دەچوو، كۆتایی هێنا.

ئەوانی دی بۆیان سەلماند: "دۆغرییە... قسەیتی." ئەو ژنەی كە لە ژێر پاڵتۆكەیەوە، لە سووچێكدا وەك بوخچەیەكی ئاخێنراو دەینواند، دانیشتبوو و گوێی ڕادێرا بوو، سێ هەیڤان دەبوو، دەیویست شتێك لە قسەكانی مێردەكەی و دۆستەكانییەوە هەڵێنجێت كە تۆزێك خەمی دڵی بڕەوێنێتەوەو سوكنایی بە ناخی ببەخشێت، شتێك كە بە جۆرێك ورەی دایكێك بەرز بكاتەوە كە نەك كوڕەكەی بەرەو ژیانی خەتەر، بەڵكو بەرەو مەرگیش ڕەوان بكات. لێ لە تێكڕایی ئاخافتنەكاندا تاقە یەك پەیڤی سوكنایی بەخشی وەچنگ نەكەوتبوو. . . هەر بۆیەش باری خەمەكەی قورستر بوو بوو، چونكە بۆی دەركەوتبوو چ كەسێك ناتوانێت هەستەكانی وی كەوی و دەرك بكات.

لێ هەنووكە، قسەكانی ئەو نەفەرە كەم و زۆر ئەویان گێژو سەرسام كرد. لە پڕ بۆی بەدیار كەوت كە خەتای خەڵكی نییە كە ناتوانن لەو حاڵی بن، بەڵكو خەتای خۆیەتی كە ناتوانێت وەك ئەو داك و بابانە بێت كە بێ ڕوندك ڕشتن لە منداڵی خۆ جیا دەبنەوەو تا لێوی قەبر دەگەڵ كوڕانی خۆدا دەچن و بە ڕێیان دەكەن.

سەری هەڵبڕی هەر لە جێی خۆیەوە سەری هێنایە بەری و هەوڵی دا بە هەموو بوونییەوە گوێ بۆ ئەو قسانە ڕادێرێت كە كابرای قەڵەو بۆ هاو سەفەرەكانی دەكردو بۆی شرۆڤە دەكردن كە چۆن كوڕەكەی وەك قەهرەمان شادو بە كەیف خۆی لە پێناوی شاو نیشتماندا بەخت كردووە.

وای هاته بەرچاو کە کێشراوەتە جیهانێکەوە کە هەرگیز لە خەونیشدا نەیدەتوانی بیبینێت ،جیهانێك کە زۆری بەلاوە نەناسراو و غەریب بوو. زۆریش بەوە خۆشحاڵ بوو کە دەیبینی هەموو پیرۆزبایی لە بابێکی ئازا دەکەن کە بەو سەبرو حەوسەڵەیەوە باسی مەرگی کوڕەکەی خۆی دەکات.

پاشان لە پڕ وەك ئەوەی هەر گوێی لەو قسانە نەبوو بێت، وەك بڵێی لەخەو رابووبێت رووی لە پیرەمێرەکە کردو وتی: "... کەواتە.... بە راستی راستی کوڕەکەت مردووە؟".

هەموو لێی رامان. پیرەمێرەکەش رووی وەرگێڕا تا نیگای بکات، بە چاوە درشتە دەرپۆقیوە ئەسرین تێزاوە کەوەییە کاڵەکانی، ژنەکەی دابێژت. هەوڵی دا وەڵامی ژنەکە بداتەوە. لێ چ قسەیەکی بۆ نەهات. هێشتا واق وڕماو و حەپەساو چاوی هەر لە ژنەکە بوو، کە دەتوت تەنیا لەو ساتەدا- پاش ئەو پرسیارە نابەجێیە بوو کە لە پڕو سەرەنجام بۆی دەرکەوت کە کوڕەکەی بە راستی مردووە. بە یەکجارەکی مردووە، بۆ هەتا هەتایە مردووە، چارەی چوو بە یەکدا، بە شێوەیەکی سامناك تێکچوو، ئەوجا بەپەلە دەستەسڕێکی لەبەرکی دەرهێناو، لە نێو سەرسامیی هەمووواندا، بێئەوەی بە دەستە خۆی بێت، لە هۆڕژنی گرینێکی بە سوێو کاریگەری دا.

# هەڵسەنگاندنی چیرۆکی جەنگ

## نووسینی: کلیفنت بروکس – رابرت پن وارن

دەبێت بە سەرسامییەوە بوترێت کە ئەم چیرۆکە لە "کار" یان لە کاری بەدەنی خاڵییە. پاش ئەوەی کە ژنە قەڵەوەکە لە فارگۆنەکەوە سەری دەرهێنا، مێردەکەی بە نەزاکەتو ئەدەبەوە لە دووی ئەوەوە وەژوورکەوت. جگە لە گیڤگڵ دانی ژنەکە لە بن پاڵتۆکەیەوە. هەوڵدانی پیرەمێردەکە تا لە کاتی قساندا بە دەستان زاری داپۆشێتو دوو دانە کە لۆسەکەی بەدەرنەکەون. دەست هێنان بە چاکەتەکەیدا تا بیسەلمێنێت کە ڕەشی نەپۆشیوە، سەر هێنانە پێشەوەی ژنە قەڵەوەکە تا باشتر گوێ لە قسەکانی پیرەمێردەکە رادێرێتو چاو بڕینی نەفەرەکان لە ژنەکە کاتێك کە پرسیاری لە پیرەمێردەکە کرد.

گرژبوونی چارەی پیرەمێرەکە لە کاتی وەڵامدانەوەدا.. جگە لەمانە چ جووڵەو کارێکی بەدەنی دیکە لە چیرۆکەکەدا بەدی ناکرێت، ئەم جووڵە بەدەنیانە لە چیرۆکدا بایەخی خۆیان هەیە، بایەخەکەشیان لەم حەقیقەتە شاراوەیە دایە کە کلیلی هەستو بۆچوونی قارەمانانی چیرۆکن، بە وتەیەکی دی ئەم کارانە جێی پلۆت "نەخشە"ی چیرۆك ناگرنەوە.

نەخشەو ماکی چیرۆکەکە، خۆبەخۆو لە ئەنجامی کێشمانەکێشی نێوان روانینی جۆراو جۆری قارەمانانی چیرۆکەکەوە بۆ بابەتی چیرۆکەکە، کە بریتییە لە خۆ فیداکرنی رۆڵەکانی میللەت لە ڕای نیشتماندا،دەمەیێت. بەمجۆرە قاڵبی ئەم پلۆتو نەخشەیە، قاڵبی مونازەرەیەو لەو گفتوگۆو مونازەرەیەدا بۆچوونی جۆراوجۆر دەخرێتە رووو باسی لێوە دەکرێت، بەڵام ئەم مونازەرەیە تەنێ لەبەر خاتری مونازەرەو لە ڕای مونازەرەدا نایەتە ئەنجام دان. ئەو کاراکتەرانەی کە بەشداری تێدا دەکەن. کەسانێکن کە بابەتی گفتوگۆیەکەیان گەلەك واقیعییە، رۆڵەکانیان لە شەڕگەدان، پیاوێکی پیری چاکەت زەردی ئامالْ قاوەیی، کوڕەکەی لە دەست داوە، ئەمە بەو مانایەیە کە مونازەرەکە بۆ بەشدارانی گفتوگۆیەکە بایەخی خۆی هەیە.

ژنە قەڵەوەکەو پیرەمێردەکە دوو جەمسەری دایەلۆگەکەیان پێکهێناوە. ژنە قەڵەوەکە چ قسەیەك ناکات، لێ ئێمە ئاگادارین کە بۆچوونی ئەو چۆنە!

"ژنەکە لە بن پاڵتۆکەوە گینگڵی دەدا، جار جار وەك حەیوانێکی کێوی دەیپرخاند، دڵی پێی دەوت کە هەموو ئەو قسانە بە قەد نووکە دەرزییەك بەزەییو سۆزی ئەو خەڵکانەی نەورووژاندووە. کە رەنگە ئەوانیش لە هەمان حاڵی ئەودابن."

خەمی ژنەکە وەك ئازارێکی بەدەنی ڕاستەوخۆیە، پێویستی بە باسو بەڵگە نییە، ئەو هەر هێندەی لە تواناداییە بەدەم سوێو ئازارەوە بتلێتەوە، یان حەیوان ئاسا ببۆڕێنێت. جەمسەری دووەمی مونازەرەکە کە دە ئەستۆی پیرەمێردی کوڕ کوژراودایە، بە دوورودرێژیو تێروتەسەلی باس دەکرێ، بنەمای بەڵگەکانی ئەمانەن:

*– مرۆڤ، بۆ سوودو قازانجی خۆی منداڵو زوڕیەت ناخاتەوە.

*– کوڕ، گاڤێك دەگاتە تەمەنی هەرزەکاریو خەیاڵپەروەری، ئیدی خۆشەویستیو ڤیانی نیشتمانی لا گەورەترو پیرۆزترە لە هی بابو دایك.

*– ئەگەر کوڕێك–کوڕی گوێڕاڵ–لە ڕای نیشتماندا گیان بەخت بکات، مردنەکەی مردنێکی خۆشە.

*– کەسێك کە بەلاویو بە شادمانی گیانی بەخت بکات، تووشی کرێتی ژیان، زەبوونی، بێهوودەییو سەرشۆڕی نابێت.

*– سەرەنجام ئەو داكو بابەی کە کوڕیان قارەمانانە گیانی بەخت کردووە، دەبێت خۆشحاڵ بنو پێبکەنن، یان بەلای کەمەوە شوکرانەی خوا بکەن.

بە کورتی، کابرای پێرەمێردی کوڕ کوژراو، بە قسەکانیو بەزەبری فەلسەفەڕێسی خۆی، هەموو جۆرە هەستێکی نابوودیو خەمو خەمبارییەك رەفز دەکاتەوە.

ئەو دوو بۆچوونەی ئاماژەمان کردنێ، هەر یەکەیان جەمسەرێکی مونازەرەکەیان پێکهێناوە، نەخشو نیگاری چیرۆکەکە لەسەر ناکۆکیی نێوان ئەم دوو بۆچوونە ڕۆنراوە، لێ ئەم ناکۆکییە وەستاوو نەگۆڕ نییە، هەردووکیان بە تێرو تەسەلی نیشاندەدرێن.

سەرەتا، ژنە قەڵەوەکە، کە لەلایەن مێردەکەیو دۆستانەکانییەوە، چ سوکناییەکی چنگ نەکەوتووە، چونکە وەك خۆی هەست دەکات، چ کەسێك نەیتوانیوە لە هەستەکانی ئە و حاڵی ببێت، کەم کەم بەبیستنی قسەکانی کابرای بێگانە سوکنایی دێت .کابرا جەرگی سوزیاگەو رۆڵەیەکی لە دەست داوە، بۆیە گومانی تێدا نییە کە دکارێت لە هەستەکانی ئەو حاڵی ببێتو هاوبەشی خەمی بکات. پیاوەکە، بە قەناعەتی تەواوی ژنەکە، مرۆڤێکی ئاقڵو بە ئاوەزە، چونکە ئەوەی کە ئەو لە دەستی داوە، پترە لەوەی کە ژنەکە لە دەستی داوە، چونکە کوڕی ئەم "ژنەکە" هێشتا زیندووە. جگە لەوەش، دژوارییی وەزعی پیرەمێردەکەو جیاوازیی بۆچوونی ئەو لە هەموو بۆ چوونەکانی مێردو دۆستەکانی ژنەکە، نکوڵی کردنی تەواو لە خەمو دڵدانەوەی خۆی بە وشەو زاراوەی قارەمانێتی، ئەو ناچار دەکەن کە هەست بکات "کێشاویانەتە جیهانێکەوە کە هەرگیز لە خەونیشدا نەیدەتوانی بیدینێت" بەلای ئەوەوە باوەڕ ناکرێت کە پیاوێك بە راستی کوڕی مردبێت، بتوانێت بەمجۆرە باس لە دەستچوونی کوڕەکەی بکات. بۆیە.. وەك یەکێك لە خەو راپەڕی بێت. لەو دەپرسێت: "کەواتە.... بە راستی راستی کوڕەکەت مردووە؟".

لەوەیە ئەگەر پیاوەکە بە سادەیی بیوتبا: "بەڵێ، مردووە" ژنەکە بەلای کەمەوە بۆ ئەم ساتە وەختە، بۆچوونی کابرای قبووڵ بوایە. یان پیاوەکە دڵنیای کردبووایە کە کوڕەکەی "بە راستی راستی" مردووە.. لەم حاڵەتەدا ژنەکە هەوڵی دەدا، چاو لەو بکاتو ڕووبەڕووی هەقیقەتی مەرگ ببێتەوە. لێ پرسیارەکەی ئەو (ژنەکە) کە لوتکە یان خاڵی چەقی چیرۆکەکە پێکدێنێت، شتێك بۆ پیرەمێردی کوڕ کوژراو کەشف دەکات، وەك چۆن قسەکانی پێشووی پیرەمێردەکە، شتێکی بۆ ژنەکە کەشف کردووە. بەمجۆرە لە بەشێکی چیرۆکەکەدا، کابرا بۆچوونی ژنەکە دەگۆڕێتو لە بەشێکی دیدا بۆمان بە دیار دەکەوێت کە ژنەکە بۆچوونی پیاوەکە دەگۆڕێت. گاڤێك کە "ژنەکە" دەستەواژەی "بە راستی راستی مردووە" دەردەبڕێ، هەموو سەیری دەکەن، وەك بێژی

ئاخافتنەکی کرێت، قسەیەکی بێ نەزاکەتانەی کردبێت. وەك بڵێی رازو نهێنییەکی سامناکی کەشف کردبێت، پیرەمێردەکەش حایر دەمێنێت‌و چ وەڵامێك نادۆزێتەوە. بۆ جاری یەکەم فامدەکات کە کوڕەکەی "بە راستی راستی مردووە، بۆ هەتا هەتایە مردووە، بۆ هەمیشە". ئەوجا دووچاری خەمێکی گەورە دەبێت‌و وەکو ژنکان لە هۆڕژنی گریانێ دەدا. وەك چۆن ژنەکە پێشتر دووچاری هەمان حاڵەت بوو بوو.

بەمجۆرە، چیرۆکەکە بەشێوەی کێشمانەکێشی نێوان عاتیفەیەکی ئوسوڵی، بەرچاوو یاسانەگر لەلایەك‌و کۆی یاساو بەڵگەو یاداشتەکان لەلایەکی ترەوە، دەکەوێتە روو. لێرەدا لەبەردەم رووبەڕوو بوونەوەیەکی تەنز ئامێزیم، رووبەڕوو بوونەوەیەکی ئاشتی هەڵنەگر ،رووبەڕوو بوونەوەیەك کە ئەگەر ئاشتیش هەڵبکرێت ئەوا هەوڵ‌و تەقەللایەکی فرەی گەرەکە. دەبینین کە هاوسەنگی پیاوێك کە گەییوەتە ئاشتی، بەبچووکترین ئاماژە، واتا بە "پرسیارە گەوجانەو نابەجێیەکەی" ژنەکە، دەشێوێت ویڕای ئەوەش کە پرسیارەکە ئوسوڵییە. جا بەم پێیە ئاخۆ دەبێت ئەوە قبوڵ بکرێت کە نووسەر ویستوویەتی بڵێت: نیزام، قانوون، بەڵگە، پابەندی‌و ئیلتیزام‌و ئامانج هیچیان شایانی بایەخ پێدان نین‌و تاقە شتێك کە شایستەی بایەخ پێدان بێت، هەقیقەتی عاتیفەی ئینسانییە؟ پێناچێت وابێت. ئەگەر وابوایە، ئیدی نووسەر بۆچی گوتەکانی کابرای پیرەمێردی بەجۆرێ ترش‌و خوێ دەکرد تا سەرنجی ژنێکی خەفەتبار راکێشێت؟ پێدەچێت نووسەر دژایەتی‌و ناکۆکییەکی ئوسوڵی، لەگەڵ هەلومەرجی بابەتیدا، بخاتە بۆتەی ئەزموونی مرۆڤێکەوەو دەیەوێت بڵێت هەردوو لایەنی ناکۆکی هەمیشە هەن‌و ناکرێت چ لایەنێکیان پشت گوێ بخرێت.

جارەکی دی دێینەوە سەر نەخش‌و نیگاری چیرۆکەکە، وتمان جگە لەو دوو بۆچوونەی لە سەرێرا باسمان کردن، بزاڤێکی دیکەش دەناو چیرۆکەکەدا دەبینرێت، ئەویش ئەو گۆڕانەیە کە لە ئەنجامی پرسیاری ژنەکە لە پیرەمێردەکە روو دەدات. بە وتەیەکی دی لەلایەکەوە، دوو چیرۆکان لە ناو یەك چیرۆکدا دەبینین: چیرۆکی گۆڕانی روانگەی ژنەکەو چیرۆکی گۆڕانی دیدو بۆچوونی پیرەمێردەکە. ئەم دووانە، لە سەرەتادا هەردووکیان بە رواڵەت لەسەر باوەڕی خۆیان سوورن، ئەم گۆڕانانە چۆن روو دەدەن؟ ئایا لە رێگەی زەمینە خۆشکردنەوە روو دەدەن‌و لە جیهانی چیرۆکدا دێنە قبووڵ کردن؟

نووسەر، چەند شرۆڤەو شیکردنەوەیەك لەمەڕ گۆڕانی ژنەکە دەخاتە ڕوو، ئەو شتەی ژنەکەو سەرنجی ژنەکە رادەکێشێت تازەیی یان چۆنیەتی هەڵچوونەی شێوەی سێبووری و تەسەلاو سوکناییەکەیە، کە پیرەمێردەکە لە گوتەکانی خۆیدا بە کاری دەهێنێت. جگە لەوەش، ئەم هەقیقەتەی کە ئەو بە راستی رۆڵەیەکی لە دەست داوە، قەناعەت لەدەف ژنەکە چێدەکات کە پیرەمێردەکە لە ژنەکە تێدەگات.

لێ شیکردنەوەیەکی روون‌و ئاشکرای لەم بابەتە، لەمەڕ گۆڕانی پیرەمێردەکە بەرچاڤ ناکەوێت. گۆڕانی دیدو بۆچوونی پیرەمێردەکە لە نکاوو کتوپڕدا روو دەدات، بەڵام ئایا پیرەمێردەکە لە بەشەکانی هەوەڵی چیرۆکەکەدا، زیادەڕۆیی لە دەربڕینی روانین‌و دیدی خۆیدا نەکردووە؟ ئایا

نیشانەیەکی ئەم هەقیقەتە بەرچاو ناکەوێت کە ئەو لەبری ئەوەی هەوڵبدات دژی ئەوانی دی قسان بکات، دژی خۆی قسان دەکات؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەبێت دەست بکرێت بە هەڵسەنگاندنی ئەو ڕستەیەی کە ڕاستەوخۆ پاش ئەوەی کە ئەو دەڵێت: تەنانەت ڕەشی نەپۆشیوە، دێت. "چاکەتە چەرمەکەی، تەکاند تا دروستی قسەکەی خۆی بسەلمێنێت. لێوە شینەکەی کە دوو دانە کەلۆسەکەی پێشەوەی داپۆشی بوو، دەلەرزی. ڕۆندك لە چاوە بێ جووڵەکانیدا قەتیس مابوو. زۆری نەبرد کە قسەکانی بە پێکەنینێکی هاوار ئاسا، کە پتر لە هۆڕژنی گریانێك دەچوو، کۆتایی هێنا."

لێرەدا دیدی ژنەکە، کە لە جەمسەری موخالیف دایەو حاشا هەڵنەگرە، دەشێت بەجۆرە تەدارەك‌و زەمینە خۆشکردنێك بۆ گۆڕانی دیدو ڕوانگەی پیرەمێردەکە بێتە ژماردن، ئەم گۆڕانکارییە بەیەك کەڕەت لەگەڵ لوتکەو گرێ ڤەبوون‌و ئەنجامگیری چیرۆکەکەدا لە دیماهی چیرۆکەکەدا دێتە نیشاندان:

"چارەی چوو بەیەکدا، بەشێوەیەکی سامناك تێکچوو، ئەوجا بەلەز دەستە سڕێکی لەبەرکی دەرهێناو لە نێو سەرسامی هەمووواندا، بێئە وەی بەدەستە خۆی بێت، لە هۆڕژنی گریانێکی بە کوڵ‌و بە سۆزی دا".

# میوان

## چیرۆکی: ئەلبێر کامۆ

ماموٚستا، دەیڕوانییە ئەو دوو زەلامەی کە بە هەورازەکەدا بەرەو لای ئەو هەڵدەگەڕان. یەکێکیان ئەسپ سوارو ئەوی تریان پیادە بوو: هێشتا بە تەواوی نەگەیبوونە سەر ئەو رێگە سەختەی بەرەو قوتابخانەکە دەهات. بە نێو تەقتەقان و تاشەبەردانداو بە نێو ئەو بەفرەی کە تا چاو بڕ دەکات، ئەو هەڵەتە چۆڵو هۆڵەی داپۆشی بوو، هیلاكو ماندوو دەهاتنە پێشێ. ئەسپەکە ناو بەناو ساتمەی دەدا.. ماموٚستا بێئەوەی گوێی لە چ شتێك بێ، هەڵمی هەناسەی ئەسپەکەی لە دوورەوە دەبینی. پێدەچوو بەلای کەمەوە یەکێك لەو دوو رێبوارە شارەزای ناوچەکە بێ. چونکە بە هەمان رێگەدا دەهاتن کە چەند رۆژێك بوو توێژە بەفرێکی ئەستوور داپۆشی بوو. ماموٚستا لە دڵی خۆیدا حیسابی کرد کە بە نیو سەعاتی دی ئەوجا دەگەنە سەر گردەکە.

دنیا ساردبوو، خۆی بە قوتابخانەکەدا کرد تا چاکەتێك لەبەربکات. بە نێو پۆلە چۆڵو ساردەکەدا رەت بوو. ئەو چوار روبارەی فەرەنسا کە بە چوار رەنگی جۆراو جۆر لەسەر تەختە رەشەکە رەسم کرابوون، سێ رۆژ بوو دەڕژانە رێژگەی خۆیانەوە. لە پڕو لە ناوەندی مانگی ئوکتوبەردا، پاش هەشت مانگ بێ بارانی، ئەو بەفرە ئەستوورە باری بوو،و ئەو (٢٠) قوتابییەی کە خەڵکی گوندە پەراگەندەکانی ئەو ناو شاخە بوون بۆ قوتابخانە نەهاتبوونەوە. دەبوایە چاوەڕوان بکات تا دنیا خۆش دەبێ وڕێو بانان دەکرێنەوە. دارۆ، تەنیا ئەو ژوورەی گەرم دەکرد کە خۆی تێیدا دادەنیشت. ژوورەکەی بە تەنیشت ژووری پۆلەکەوە بوو. لە رۆژهەلاتەوە دەیڕوانییە هەڵەتەکە. پەنجەرەی ئەم ژوورەش، وەك پەنجەرەکانی پۆلەکە روەو باشوور دەکرایەوە.

بینای قوتابخانەکە (٢-٣) کیلۆمەترێك لەوێندەرەوە دوور بوو کە هەڵەتەکە بەرەو باشوور نشێو دەبووەوە. لە رۆژانی سافو خۆشدا مرۆڤ دەیتوانی ئەو کۆمەڵە شاخە ئەرخەوانییە بدێنێ کە دەتوت دەرگای بیابانەکەی ئەو دیویەتی.

دارۆ کەمێك گەرمی بووەوە. هاتەوە بەر ئەو پەنجەرەیەی کە یەکەمجار دوو پیاوەکەی لێوە بینی. کەوتبونە نەدیوی. کەواتە رێگە سەختەکەیان بڕی بوو. ئاسمان زۆر تاریك نەبوو. دوێنێ شەو بەفر نەباری بوو.

بەیانی، بە رووناکییەکی تەڵخ چاوی کردەوە. هەرچەند هەورەکە کەمێك رەوی بووەوە، بەڵام دنیا هەر تەڵخو تاریك بوو.

سەعات دووی پاش نیوەڕۆ بوو، کەچی لە تۆ وایە تازە رۆژ دەستی پێدەکرد. بەڵام ئەمڕۆ لەوسێ رۆژە چاکتر بوو، کە دنیا یەکپارچە تاریکستان بوو. بەفرێکی ئەستور کەوتبوو. با بەگڤو هۆڕ دەرگا دوو تاکییەکەی پۆلەکەی رادەتەکاند. دارۆ بە چەند سەعات لەم ژوورەدا دەمایەوە، تەنیا بۆ ئەوە لە ژوور وەدەردەکەوت کە سەرێکی عەمارەکە بدات، دان بە مریشکەکان بداتو هەندێ رەژوو بینێ. خۆشبەختانە ئوتومبیلەکەی (تاجید) کە نزیکترین گوندی باکوورە،

دوو رۆژان بەر لەم بەفرو بۆرانە، ئازووقەی بۆ هێنابوو، و رۆیی بوو. دوای چل و هەشت سەعاتی دی دەگەڕایەوە.

بە ڕاستی هێندەی ئازووقە لەلابوو کە ترسی لە هیچ جۆرە ئابلوقەیەك نەبێ. ژوورێکی بچکۆلەی هەبوو پڕبوو لە گونییە گەنم، ئیدارە لەوێندەرێ عەمارکردبوو، تا بەسەر ئەو قوتابییانەدا دابەش بکرێ کە خێزانەکانیان تووشی نەهاتی و وشکە ساڵی بوو بوون. بە ڕاستی گوندنشینەکان کەساس و داماو بوون و وقوربانی قاتی و وشکە ساڵی بوون. بێکارو دەست کورت بوون. دارۆ، هەموو رۆژێ بەشە خواردنێکی بەسەر منداڵەکاندا دابەش دەکرد. دەیزانی لەم رۆژە سەخت و دژوارانەدا وەزعیان خراپ بووەو خواردنیان نەماوە. بۆیە پێشبینی دەکرد کە ئەم پاش نێوەڕۆیە بابی یەکێکیان یان برا گەورەی یەکێکیان پەیدا ببێ و بەشە ئازووقەی هەموویانی پێدا بنێرێ.

هەڵبەتە دەبوایە هەوڵی بدایە ئەم گەنمە بیانگەیەنێتە وەرزی ئایندەو هەنگینێ کەشتی پڕ لە گەنم لە فەرەنساوە دەگەیشتن و ئیدی لەم تەنگانەیە دەردەچوون.

ئەستەم بوو ئەم وەزعە نالەبارە لەبیر بکرێ، ئەم هەژارییە، ئەم کولەمەرگییە، ئەو لەشکرە تارماییە شڕپۆشە سەرگەردانەی بەر هەتاو، ئەو دەشتە سوتاوە هەڵپرۆکاوە بە خۆڵەمێش بووە، ئەو زەمینە تینووە شەقار بووە، ئەو بەردانەی کە لەبن پێیاندا دەبوون بەخۆڵ، ئەستەم بوو ئەمانە لە بیر بچنەوە، هەزاران مەڕو مالات، و چەندین بنیادەم لێرەو لەوێ مردبوون، بێئەوەی کەسێك پێ بزانێ.

لە ناو جەرگەی ئەم کولەمەرگییەدا، ئەو کە وەك ڕەبەنان لە قوتابخانە دوورە دەستەکەی خۆیدا دەژیا، بە ژیانی هەژارانەو سەخت قاییل بوو. لە نێو چوار دیواری گەچیندا، لە نێو ئەو تەختە باریکانەدا، تاقە رەنگ نەکراوەکان، بیری ئاوی هەبوو، بەشی خۆراکی هەفتانەی هەبوو، خۆی بە پاشا دەزانی. لە پڕ ئەم بەفرە، بێئەوەی خەبەر بدات، بێئەوەی دڵۆپە بارانێك بباری، نیشتبووە سەرزەوی. ئەمە وەزعی ئەوێ بوو، هەرچەندە ژیان لەوێندەر، تەنانەت بەبێ بەشەرەکانیشی کە بوونیان نەیدەکردە هیچ، تاقەت پروکێن بوو، بەڵام دارۆ لەوێندەر لە دایك بوو بوو، هەر شوێنێکی دی بۆ ئەو حوکمی تاراوگەو مەنفای هەبوو.

لە ژوورەکە وەدەرکەوت، لەسەر سەکۆکەی بەردەم قوتابخانەکە وەستا. دوو پیاوەکە گەیی بوونە ناوەندی هەورازەکە. سوارەکەی ناسییەوە، باڵدوچی بوو، ئەو پیرە جەندرمەیە بوو کە لەمێژ بوو دەیناسی، باڵدۆچی سەری پەتێکی بە دەستەوە بوو. کابرایەکی عەرەبیش بە دەست بەستراوی، سەری دانەواندبوو، بە دوایدا دەهات. جەندرمەکە بە دەست سڵاوی کرد، دارۆ هێندە غەرقی تەمەشای کابرای عەرەب بوو بوو، نەیتوانی سڵاوەکەی بسەنێتەوە. کابرای عەرەب دیزداشەیەکی شینی کاڵی تاڵکێشی لەبەردابوو. بابوجێکی شڕی لە پێدا بوو، بەڵام گۆرەوی ئەستووری خوری لە پێدابوو، چەفییەیەکی کورت و باریکی لەسەر کردبوو. بەرە بەرە نزیك دەبوونەوە، باڵدوچی، جڵەوی ئەسپەکەی دەگرت تا کابرای عەرەب ئازاری نەگاتێ و بریندار نەبێ. هەردووکیان سەلانە سەلانە دەهاتنە بەرەوە.

باڵدوچی، لە دووری دەنگ ڕەسەوە، گازی کرد: " بە سەعاتێك ئەو سێ کیلۆمەترەی نێوان (العمور)و ئێرەمان بڕیوە." دارۆ وەڵامی نەدایەوە. بەو چاکەتە خورییەوە ،کوڵو چوار شانە دەینواند. دەیبینین کە سەردەکەوتن، کابرای عەرەب بۆ تاقە جارێکیش سەری هەڵنەبڕی بوو. وەختێ گەیشتنە بەر هەیوانەکە دارۆ وتی: " بەخێربێن، فەرموونە ژووری خۆتان گەرم بکەنەوە." باڵدوچی بێئەوەی سەری پەتەکە بەربدات، بەڕووی گرژو مۆنەوە لە وڵاخەکە دابەزی. لەبن سمێڵە زبرو کورتەکەیەوە. بزەیەکی بەڕووی، مامۆستادا دا. چاوە چکۆلەو ڕەشەکانی کە لە ژێر تەوێڵی تاوەگازیدا بە قووڵاچوبوون‌و چرچ‌و لۆچ کەوتبوونە ئەم لاو ئەولای دەم‌و پلی ودیمەن‌و روخسارێکی وریاترو هوشیارتریان پێدەبەخشی. دارۆ، هەوسارەکەی لێوەرگرت. ئەسپەکەی برد بۆ ژێر کەپرەکە، ئەوجا گەڕایەوە بۆ لای ئەو دوو پیاوە کە لە حەوشی قوتابخانەکەدا چاوەڕێیان دەکرد.. بردنییە ژوورەکەی خۆی وتی: "دەچم ژووری پۆلەکە گەرم دەکەم، لەوێ چاتر ئێسراحەت دەکەین." کاتێ بۆ ژوورەکەی خۆی گەڕایەوە، باڵدوچی لەسەر تەختەکە دانیشتبوو. پەتەکەی خۆی لە دەستی کابرای عەرەب کردبووەوە.

کابرای عەرەب لەسەر چۆکان‌و لەپاڵ سۆپاکەدا دانیشتبوو. هێشتا دەستەکانی هەر بەسترابوون. چەفییەکەی سەری بەپشتدا چوو بوو. دەیڕوانییە پەنجەرەکە. دارۆ، سەرەتا چاوی بەلێوە ئەستوورو سافەکانی کەوت کە کەم تا کورتێ لە لێوی زەنگیان دەچوو.

چەفییە بە پشتدا چووەکەی، تەوێڵی قۆقزو عینادی ئەوی نیشان دەدا. چارەی تاوەگازی کابرای عەرەب کە لە سەرما رەنگی نەمابوو، هێندە نیگەران‌و سەرکێش دەینواند، کاتێ کە رووی بۆ لای دارۆ وەرگێڕاو چاوانی لە دوڕ چاوی بڕی، دارۆ ڕاچڵەکی.

مامۆستا وتی: " با بچینە ئەو ژوورەی دی تا چای بە نەعناتان بۆ لێ بنێم". باڵدوچی وتی: " مەمنون، ئەزیەتە، حەزم دەکرد ئیسراحەتێ بکەم". ئەوجا رووی کردە زیندانییەکەی‌و بە عەرەبی وتی: " هەستە". کابرای عەرەب ڕابوو، دەستە بەستراوەکانی لە بەردەم خۆیدا گرتبوو، هێدی هێدی بۆ ژووری پۆلەکە ڕۆیی.

دارۆ، لەگەڵ چایەکەدا کورسیەکیشی هێنا. باڵدوچی لەسەر نزیکترین ڕەحلەی نێو ژوورەکە دانیشتبوو. کابرای عەرەب پشت لە مێزو کورسییەکەی مامۆستاو ڕوو لە سۆپاکە، کەوتبووە نێوان مێزو پەنجەرەکەوە، هەڵتروشکا بوو، دارۆ، کاتێ پەرداخە چایەکەی بۆ زیندانییەکە درێژ کردو دەستە بەستراوەکانی بینی حەیرما، وتی: " دەستی بکەینەوە باشتر نییە". باڵدوچی وتی: " با، ئەمە تەنیا بۆ ڕێگا بوو". ویستی هەستێ، بەڵام دارۆ پەرداخە چایەکەی لەسەر زەوی دانا بوو، لە بەردەم کابرای عەرەبداو لەسەر چۆکان دانیشت. کابرای عەرەب بێئەوەی ورتە بکات، چاوە سوور هەڵگەڕاوەکانی تێبڕی. وەختێ کە دەستی کرانەوە، مەچەکە هەڵاوساوەکانی شێلان. پەرداخە چایەکەی هەڵگرت و بە فڕی خێرا کەوتە خواردنەوەی چایەکە. دارۆ وتی: " ئێ بڵێ بزانم کێوە دەچن؟" باڵدوچی دەمی لە چایەکە هەڵگرت‌و وتی: " بۆ ئێرە، ئازیزم" دارۆ وتی: " بە ڕاستی جووتە قوتابییەکی سەیرن! ئەمشەویش لێرە دەمێننەوە؟!"

– نەخێر، من دەگەڕێمەوە بۆ (العمور)، تۆش ئەم یارۆیە دەدەیە دەست (تینجویت )پۆلیسی ئەویٚ چاوەڕوانی دەکەن.

باڵدوچی بە دەم بزەیەکی دۆستانەوە دەیڕوانییە ئەو.

مامۆستا پرسی: " ئەوە چ دەڵێی، پێم ڕادەبوێری؟"

– نا، کوڕی خۆم، ئەمە فەرمانە فەرمان.

– فەرمان؟ من ناتوانم... ئەوجا هەڵوەستەیەکی کرد، چونکە نەیدەویست ئەم پیرە جەندرمەیە بشەمزێنیٚ... "دەمەویٚ بڵێم ئەمە کاری من نییە".

– چی؟ مەبەستت چییە؟ لە سەردەمی جەنگدا خەڵکی هەموو کارێك دەکەن.

– کەواتە دەبیٚ چاوەڕێی ڕاگەیاندنی جەنگ بم!

– زۆر چاکە، بەڵام فەرمانەکە دەبیٚ جیٚ بە جیٚ بکریٚ و، تۆ لە کەس زیاتر نیت. پێدەچیٚ هەندیٚ ڕووداوان بەڕێوە بن. بەجدی باسی شۆڕش دەکریٚ. ئێمەش خەریکە خۆ ساز دەدەین.

دارۆ، هێشتا هەر لاسارانە دەیڕوانی.

باڵدوچی وتی: " گویٚ بگرە گیانە. من تۆم خۆش دەویٚ بۆیە ئەم قسانەت لە لا دەکەم. ئێمە لە (العمور) دا تەنیا (١٢) کەسین و دەبیٚ ئاگامان لە سەرانسەری ئەم ناوچەیە بیٚ و پێویستە بەلەز بگەڕێمەوە. بە منیان وتووە ئەم پیاوە بە تۆ بسپێرم و بەپەلە بگەڕێمەوە. نەدەکرا لەویٚ گلی بدەینەوە. خەڵکی گوند خەیاڵیان خراپ بوو، دەیانویست بە تۆبزی لێمانی بسەننەوە. تۆ دەبیٚ سبەینیٚ بەر لە ڕۆژاوا بیبەی بۆ (تینجویت)، بیست کیلۆمەتر ڕێگە ، بۆ کەسێکی بە تاقەتی وەك تۆ چ نییە. پاشان دەگەڕێیتەوە سەر قوتابخانەکەی خۆت و دەست بە دەرس و دەوامی خۆت دەکەیەوە."

لە پشت دیوارەکەوە دەنگی ئەسپەکە دەهات کە دەیپڕماندو سمکۆڵانی دەکرد. دارۆ، لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانییە دەریٚ، دنیا بەرە بەرە ساف دەبوو، ڕووناکی، هەڵەتە بەفر گرتووەکە زیاتر دەبوو. دوای توانەوەی هەموو بەفرەکە، دیسان هەتاو دەست بە کار دەبووەوە، زەمینی دەسووتاند. ئاسمانی ساف جارێکی دی تیشکی گەرمی بیٚ بڕانەوەی خۆی بەسەر ئەو هەڵەت و دەشتە بەرینەدا دەڕشتەوە کە جێی بنیادەم نەبوو.

رووی کردە باڵدوچی و وتی:" بە هەرحاڵ با واز لەم قسانە بێنین، ئەمە چیی کردووە؟

بەر لەوەی جەندرمەکە زار هەڵێنیٚ، پرسی:

– فەرەنسی دەزانیٚ؟

– نەخێر، تاقە وشەیەك نازانیٚ. مانگێك بوو بەدویدا دەگەڕاین، شاردبوویانەوە. پسمامی خۆی کوشتووە.

– دژی ئێمەیە؟

– باوەڕ ناکەم. بەڵام پیاو چوزانیٚ.

– بۆ کوشتوویەتی؟

– پێم وایە، لە بەینی خۆیاندا شەڕیان بووە. وابزانم یەکێکیان گەنمی لە لای ئەوی تریان بووە. ئەوەی مەعلومە ئەوەیە کە کوڕە مامەکەی خۆی بە کێرد سەربڕیوە، وەك مەڕ گۆشاو گۆش سەری بڕیوە.

بە ئیشارەت، دەستی وەك چەقۆ بە ملی خۆیدا هێنا، کابرای عەرەب کە ئەمەی بینی، بە نیگەرانییەوە لێی ڕوانی. دارۆ، لە پڕ لە ناخی خۆیەوە ڕقی لە کابرا هەستا، ڕقی لە هەموو خەڵکانی بە کەربو کین، ڕقی لە تینوانی خوێن ڕشتن هەستا.

دەنگی گیزە گیزی کتری سەرسۆپاکە دەهات، چای بۆ باڵدوچی تێکرد. پاشان بۆ کابرای عەرەبیشی تێکرد، ئەمجارەش زۆر بە تامەزرۆیی خواردییەوە. عەرەبەکە دەستەکانی کێشمان داو یەخەی دیزداشەکەی کرایەوە. مامۆستا، سینەی ڕەقو تەقو پیاوانەی بینی.

باڵدوچی وتی: " مەمنون کوڕم. ئێ، ئیدی من دەڕۆم."

هەستا، پەتێکی بچووکی لە بەرکی دەرێناو بەرەو لای عەرەبەکە چوو.

دارۆ، بە ساردییەوە وتی:" دەتەوێ چ بکەی؟"

باڵدوچی، بە سەرسامی پەتەکەی نیشان دا.

– پێویست ناکا.

جەندرمە پیرەکە بە دوو دڵییەوە وتی:" کەیفی خۆتە، خۆت دەیزانی، بێگومان چەکت هەیە!"

– دەمانچەم هەیە.

– لە کوێیە؟

– لە جانتاکەم دایە.

– دەبێ نزیکی قەرەوێڵەکەت بێ.

– بۆ ؟ من ترسم لە خۆم نییە.

– تۆ شێتی کوڕم. ئەگەر شۆڕش هەڵگیرسێ، ئیدی کەس لە خۆی ئەمین نابێ، منو تۆ نامێنێ.

– بەرگری لە خۆم دەکەم، تا ئەوان دەگەنە ئێرە من فریای خۆم دەکەوم.

باڵدوچی، لە قاقای پێکەنینی دا. لە پڕ سمێڵی ددانە سپییەکانی داپۆشی.

– فریا دەکەوی ؟ زۆر باشە. منیش دەمویست ئەمەت پێ بڵێم. تۆ هەمیشە هەر کەللە ڕەق بووی، بۆیە تۆم خۆش دەوێ، لە کوڕەکەی من دەچی.

دەمانچەکەی دەرهێناو لەسەر مێزەکە داینا.

– بۆ خۆت. لێرەوە تا (العمور) دوو چەکم نەگەرەکە.

دەمانچەکە لەسەر مێزە ڕەشەکە دەبریقایەوە. کە پیرە جەندرمەکە ڕووی کردە ئەو، بۆنی چەرمو ئەسپ بە کەپووی مامۆستادا چوو.

دارۆ، لە نکاوڕا وتی:" گوێ بگرە باڵدوچی، ئەم کارانە بێتاقەتم دەکەن. بە تایبەتی ئەم یارۆیە. بەڵام تەسلیمی ناکەم، ئەگەر سەر بێتە سەر ڕاستی ئەوا شەڕیش دەکەم، بەڵام تەسلیمی ناکەم.

پیرە جەندرمەکە ڕووبە ڕووی وەستاو بە تووڕەیی نیگای کرد، بە ئەسپایی جەندرمەکە رووبە ڕووی وەستاو بە تووڕەیی نیگای کرد، بە ئەسپایی وتی: خەریکە خۆت گەوج دەکەی. راستت دەوێ منیش ئەم کارەم پێخۆش نییە. بنیادەم پاش ساڵەهای ساڵ کە بە بەردەوامی پەت لە ملی مەحکومان دەکات، ئەوجا کە نۆرەش دێتە سەر مەحکومێکی تازە دەستی تێناچێ. مرۆۆ خەجاڵەت دەبێ، بەڵێ شەرمەزار دەبێ، بەڵام خۆ ناشکرێ ئەمانە هەروا بەرەڵڵا بکرێن.

دارۆ وتی:" دەمن تەسلیمی ناکەم."

– جارێکی دی دووبارەی دەکەمەوە کە ئەمە فەرمانە کوڕی خۆم.

– زۆر چاکە، پێیان بڵێ کە دارۆ دەڵێ: تەسلیمی ناکەم.

باڵدوچی ویستی بیر بکاتەوە. روانییە کابرای عەرەب و ئەوجا دارۆ. ئەنجام بڕیاری خۆی دا.

– نە، هیچیان پێ ناڵێم. من هیچ ناڵێم. دەستوورم پێ بوو کە ئەم زیندانییە تەسلیم بکەم، منیش ئەو کارە دەکەم. تۆ تەنیا ئێرە بۆ من ئیمزا بکەو تەواو.

– پێویست بە ئیمزا ناکات. من حاشا ناکەم لەوەی کە تۆ بە دەستی منت سپاردووە.

– دەزانم حاشا ناکەی. تۆ خەڵکی ئەم ناوەیت و سەر راستی... بەڵام دەبێ ئەمەم بۆ ئیمزا بکەی. قانون وا دەخوازێ.

دارۆ، چەکمەجەی مێزەکەی ڕاکێشا، شووشەیەك مەرەکەبی وەنەوشەیی چکۆلەی چوار گۆشەو قەڵەمێکی داری سووری سەر درشتی دەرهێنا، کە بۆ نووسینەوەی سەر مەشقەکان بەکاری دەهێنا، ئیمزای بۆ کرد. جەندرمەکە، بەکاوەخۆ کاغەزەکەی قەدو نوشت کردو خستییە جزدانەکەیەوەو بەرەو دەرگا وەڕێ کەوت.

دارۆ وتی:" تا بەر دەرگا لەگەڵت دێم."

باڵدوچی وتی:" نەخێر، پێویست ناکات وێڵۆ ماریفەت بنوێنی، تۆ سوکایەتیت پێکردم."

روانییە کابرای عەرەب کە بەبێ جووڵە لە جێی خۆی دانیشتبوو. بە کەسەرەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا، بەرەو دەرکە رۆیی و وتی: "خوا حافیز کوڕم."

دەرگاکە لە پشتییەوە داخرا. باڵدوچی لە پڕ لە بەردەم پەنجەرەکەدا بە دیار کەوت و دیسان کەوتە نەدیوی، بەفرەکە دەنگی پێیەکانی هەڵدەمژی. لەو دیو دیوارەکەوە ئەسپەکە تەکانی دا، چەند مریشکێك لە ترساندا ڕەوینەوە. دوای تۆزێکی دی هەمدیس لە پەنجەرەکەوە بە دیار کەوتەوە. هەوساری ئەسپەکەی گرتبووو ، بە دوی خۆیدا ڕای دەکێشا. بێئەوەی ئاوڕی پاشەوە بداتەوە بەرەو رێگا سەخت و دژوارەکە نشێو دەبووەوە. لە پێشدا خۆی کەوتە نەدیوی، ئەوجا ئەسپەکە. دەنگی بەردێکی غلەوە بوو هاتە گوێی. دارۆ گەڕایەوە بۆ لای زیندانییەکە، لە جێی خۆی نەجولا بوو، بەڵام چاویشی لە دارۆ نەدەگواستەوە. بە عەرەبی وتی:" سەبر بکە."

بەرەو ژووری نووستنەکەی چوو. بەڵام لە نێو دەرگاکەدا بیری کردەوە، گەڕایەوە، دەمانچەکەی لە چاوی مێزەکە دەرهێناو خستییە گیرفانییەوە. ئەوجا بێئەوەی ئاوڕی پاشەوە بداتەوە، بۆ ژوورەکەی خۆی چوو.

ماوەیەك لەسەر قەرەوێڵەكەی ڕاكشا، ڕوانییە ئاسمان، ئاسمان بەرە بەرە تاریكتر دەبوو. گوێی لە بێدەنگییەكە گرت، هەمان ئەو بێدەنگییە بوو كە لە ڕۆژانی هەوەڵی جەنگدا ئازاری دەدا. داوای كردبوو لە شارێكی بچووكی بناری هەڵەتەكاندا كارێكی پێ بسپێرن، ئەو هەڵەتانەی كە بیابان و دەشتەكانی لە زنجیرە چیاكان جیا دەكردەوە. لەوێدا، دیواری بەردینی سەوزباوی ڕەش لە باكووردا هەبوو، دیواری قاوەیی و ئەرخەوانی لە باشووردا هەبوو، ئەم دیوارە سنووری هاوینێكی هەمیشەیی دیاری دەكرد. ئەوە بوو لە بەشی باكووردا، ڕێك لە ناوەندی هەڵەتەكەدا كارێكیان پێی دابوو. سەرەتا تەنیایی و گۆشەگیری ئەم دەڤەرەی لەبەر گران بوو، دانیشتوانی ئەم دەڤەرە بەرد بوو. جار جار لێرەو لەوێ چاڵێك بەدی دەكرا لە تۆ وایە بۆ كشتوكاڵ كێڵدراوە، كەچی پاشان دەردەكەوت كە بۆ هەڵكەندنی بەردی بینا، كێڵراوە. لەم دەڤەرەدا تەنیا بۆ بەرد درونەوە زەوی دەكێڵرا. دوور لە بەردەكان توێژاڵە گڵێكی تەنك بەسەر چاڵەكانەوە دەبینرا، كە دێهاتییەكان بۆ ناو باخچە بچووكەكانیان كۆیان دەكردەوە. وەزعی ئێرە بەمجۆرە بوو: سێ چارەكی دەڤەرەكە بەردو تاوێر بوو، شاریان لێدروست دەكرد، گەشەیان دەكرد، ئەوجا نەدەمان. پیاوان پێیدا تێدەپەڕین، ئاشقێنییان دەكرد، شەڕیان دەكردو ئەوجا گیانیان لە دەست دەدا. چ كەسێك لەم بیابانەدا، نە ئەو، نە میوانەكەی بایەخیان نەبوو. ئەوجاش دارۆ دەیزانی كە هیچ كەسێك لەو دووە نەیدەتوانی لە دەرێی ئەو بیابانەدا بە ڕاستی بژی.

كاتێ هەستا، چ دەنگێك لە پۆلەكەوە نەدەهات. وەیزانی كابرای عەرەب هەڵاتووەو ئیدی پێویست بەوە ناكات بڕیار بدات، هەستی بە شادییەكی سەیر دەكرد. بەڵام زیندانییەكە لەوێ بوو، لە بەینی سۆپاكەو مێزەكەدا ڕاكشا بوو، چاوانی بڕی بوونە بنمیچەكە. لەو حاڵەدا لێوە ئەستوورەكانی زەقتر دیار بوون و ڕقی مرۆڤیان هەڵدەستاند. دارۆ وتی: وەرە.

كابرای عەرەب هەر هەستاو شوێنی كەوت. چوونە ژووری نووستن، مامۆستا كورسییەكی نزیكی مێزەكەی بەر پەنجەرەكەی پێ نیشاندا. كابرای عەرەب بێئەوەی چاو لە دارۆ هەڵگرێ، لەسەری دانیشت.

– برسیتە؟

زیندانییەكە وتی:– بەڵێ.

دارۆ مێزێكی دوو نەفەری ڕێك خست. ئاردو ڕۆنی هێنا، لە تاوەیەكدا كێكی دروست كرد. تەباخێكی غازی پێكرد. كێكەكەی خستە سەری و خۆی بۆ عەمارەكە چوو. پەنیرو هێلكە، خورماو شیری خاوی موعەلەبی هێنا. كە كێكەكەی ئامادە بوو، وپێگەیی لەسەر ڕەفەی پەنجەرەكە داینا تا سارد ببێتەوە. تۆزێ شیری خەستی بە ئاو روون كردەوەو گەرمی كرد. هێلكەكانی تێك هەڵشڵەقاندو هێلكەو ڕۆنی دروست كرد. كە كاری دەكرد، دەستی بەر دەمانچەكەی بەركی ڕاستی كەوت. قاپەكەی لە زەوی دانا. چوو بۆ ژووری پۆلەكە. دەمانچەكەی خستە چاوی مێزەكەوەو هاتەوە بۆ ئەم ژوورە. تاریكی شەو دەستی پێكرد بوو. چرای هەڵكردو خواردنی بۆ كابرای عەرەب دانا، وتی:– بخۆ.

کابرای عەرەب، پارچەیەك كێكی هەڵگرت. بە تامەزرۆییەوە بۆ دەمی برد، بەڵام راوەستا. پرسی:- ئەی تۆ ناخۆی؟

- تۆ جارێ بخۆ، من دوایی دەخۆم.

لێوە ئەستوورەکانی تۆزێ کرانەوە. هەڵوەستەیەکی کرد، ئەوجا بێ چەندو چوون قەپی بە کێکەکەدا کرد. کە لە نان خواردن بووەوە، کابرای عەرەب روانییە مامۆستاو وتی:- تۆ قازیت؟

- نەء ، من تەنیا تا سبەینێ رات دەگرم.

- ئەدی بۆچی لەگەڵ مندا نان دەخۆی؟

- چونکە برسیمە.

کابرای عەرەب بێدەنگ بوو. دارۆ هەستا، قەرەوێڵەیەکی سەفەری لە عەمارەکە هێناو لە نێوان مێزەکەو سۆپاکە چاکی کرد. بە جۆرێ داینا کە لەگەڵ قەرەوێڵەکەی خۆی گۆشەیەکی قائیمی دروست دەکرد. دوو پەتۆی لە جانتایەکی گەورەی سوچێکی ژوورەکە دەرهێناو لەسەر قەرەوێڵە سەفەرییەکە ڕای خستن. ئەوجا هەڵوەستەیەکی کرد. بیری کردەوە کە بۆچی ئەم کارانە دەکات. لەسەر قەرەوێڵەکەی خۆی دانیشت. چ کارێکی دی نەبوو تا بیکا، چ شتێکی دی نەبوو تا ئامادەی بکات. چاوانی بڕییە کابرا. دەیڕوانییە ئەوو هەوڵی دەدا دەموچاوی ئەو بە توورەیی بێنێتە بەرچاوی خۆی. بەڵام بێ سوود بوو. جگە لە دەمێکی چوون زاری حەیوانو چاوانی رەشی بریقەدار چ شتێکی دی نەدەدی. بە دەنگێکی دوژمنانەی ئەوتۆ کە کابرای عەرەبی سەرسام کرد.

پرسی:- بۆ کوشتت؟

کابرای عەرەب رووی وەرگێڕا

- هەڵات و منیش دوای کەوتم.

دووبارە روانییە چاوانی کە لێوان لێوی پرسیاری خەم بزوێن بوون.

- چم لێدەکەن؟

- دەترسیت؟

راست دانیشت و رووی وەرگێڕا

- پەشیمانی؟

کابرای عەرەب بەزاری بەشەوە لێی روانی. پێدەچوو سەری لە قسەکانی ئەو دەرنەکردبێ. دارۆ زیاتر تووڕەبوو. وێڕای ئەوەی کە کەلەشی زەلامی بەزەحمەت لە نێو هەردوو قەرەوێڵەکەدا جێی دەبووەوە، هەستی بە ناڕەحەتی و نائەمنی دەکرد. بە ناڕەحەتییەوە وتی:- لێرە بخەوە، ئەمە جێی تۆیە.

کابرای عەرەب خۆی نەبزوت. رووی کردە دارۆ وتی:

- دەمویست پرسیارێك بکەم؟

مامۆستا لێی روانی.

- سبەی جەندرمەکە دێتەوە؟

– نازانم.

– تۆ لەگەڵمدا دێی؟

– نازانم، بۆچی؟

زندانییەکە هەستا. لەسەر جێگەکەی خۆی راکشا. لاقەکانی روو لە پەنجەرەکە بوون. تیشکی گڵۆپەکە راستەوخۆ لە چاوانی دەدا. ئەویش یەکسەر نوقاندی.

دارۆ لە کەنار قەرەوێڵەکەدا وەستا و دووبارە وتی: بۆچی؟

کابرای عەرەب چاوی لەبەر تیشکە توندەکەدا کردەوەو روانییە ئەو، هەوڵی دا چاو نەتروکێنێ، وتی: تۆش لەگەڵماندا وەرە. دارۆ، تا نیوە شەویش هەر خەو نەچوو بووە چاوانی. تەواو خۆی رووت کردبووەو لەسەر قەرەوێڵەکە راکشابوو، هەموو جار هەر بە رووتی دەنووست. کەچی وەختێ بیری لەوە کردەوە کە هیچی لەبەر نییە، دوچاری گومان و دوو دڵی بوو. هەستی بە نائەمنی کرد. کەوتە وەسوەسەی ئەوەی کە جل لەبەر بکات. ئەوجا شانەکانی هەڵتەکاند. ئاخر خۆ ئەو منداڵ نەبوو، ئەگەر کار بهاتبایەتە سەر ڕاستی دەیتوانی حەریفەکەی بکات بە دوو لەتەوە. لەسەر قەرەوێڵەکەیەوە چاوی بڕییە ئەو، کابرای عەرەب بە پشتا نووستبوو. چاوەکانی نوقاند بوون و جوڵەی لێوە نەدەهات. دارۆ، کاتێ کە گڵۆپەکەی تەمراند، چڕیی تاریکییەکە چەند بەرانبەر بوو. شەو بەرە بەرە لە نێو پەنجەرەکەوە کە ئاسمانی بێ ئەستێرە بە ئارامی لە بزاڤدا بوو، دووبارە گیانی وەبەرکەوتەوە. زۆری نەبرد، مامۆستا چاوی بە تاریکییەکە راهات و توانی کابرا عەرەبەکە لەسەر جێگایەکەی خۆی بنوێنێ. کابرای عەرەب دیسان بێ جووڵە بوو، بەڵام لەوە دەچوو چاوی کراوە بێ. کزە بایەك بە دەوری قوتابخانەکەدا هەڵیکرد. پێدەچوو هەورەکان رامالێ و دووبارە هەتاو دەربکەوێ. بایەکە توندی کرد. مریشکەکان تۆزێ پەڕوباڵیان راوەشاندو ئەوجا بێدەنگ بوون. کابرای عەرەب بە تەنیشتا تلی داو پشتی کەوتە دارۆ. ئەوجا دارۆ گوێی بۆ دەنگی هەناسەی میوانەکەی کە قووڵترو رێك تر دەبوو، هەڵخست. گوێی بۆ ئەو هەناسانە هەڵخست کە زۆر لێوەی نزیك بوون. ئەوجا بێئەوەی بتوانێ چاوان لێك بنێ لە فکرانڕا چوو. ئا لەم ژوورەدا کە ساڵێك بوو بە تەنیا لێی دەنووست، بوونی ئەم کابرا عەرەبەی لەبەر گران بوو. ئامادە بوونی ئەو، جۆرە برایەتییەکی بەسەردا دەسەپاند کە لەو وەزع و حاڵەدا پێی قبوڵ نەدەکرا. ئەو پیاوانەی کە پێکەوەو لە ژێر یەك بنمیچدا بەسەر دەبەن، سەربازان یان زیندانییان، بە هەموو ناکۆکییەکیانەوە، هەست بەجۆرە نزیکییەکی سەیر دەکەن، هەموو شەوێ کە چەك و جلەکانیان دادەنەن، لە تۆ وایە لە هاوبەشی دێرینە خەون و ماندووبوندا دەبن بەیەك، بەڵام دارۆ، بەخۆیدا هاتەوە، لەم بیرانە بێزار بوو، پێویستی بە خەو بوو.

بەڵام دوای تۆزێك کە کابرای عەرەب کەمێك جووڵا، مامۆستا هێشتا نەخەوتبوو. کاتێ کە زیندانییەکە دووبارە جووڵا، ئەو گوێ قولاغ بوو، خۆی ئامادەکرد. کابرای عەرەب وەك یەکێك بەدەم خەوەوە بڕوات، تۆزێك لەسەر باسکەکانی بەرز بووەوە.

راست و قیت لەسەر قەرەوێڵەکە ڕۆنیشت. بێئەوەی روو بکاتە دارۆ، بێ جووڵە چاوەڕێی کرد. دەتوت بەوردی گوێی دەگرت. دارۆ لە جێی خۆی نەجووڵا. لە پڕ بیری کەوتەوە کە دەمانچەکەی

هێشتا لە چاوی مێزەکەدایە. چاکتر وابوو یەکسەر دەست بەکار بێ. بەڵام هێشتا چاودێری زیندانییەکەی دەکرد کە بە هەمان ڕەفتاری ئارام پێیەکانی نایە سەر زەوییەکە. دیسان چاوەڕوانی کرد، ئەوجا هێدی هێدی بە پێوە وەستا. دارۆ دەیویست بانگی بکات. بەڵام ئەو زۆر ئاسایی و بە بێدەنگی دەستی بە ڕۆیشتن کرد. بەرەو ئەو دەرگەیە دەچوو کە لەوسەری ژوورەکە بوو، بەسەر کەپرو عەمارەکەدا دەکرایەوە. زۆر بە ئەسپایی دەرگاکەی کردەوە، وەدەرکەوت و دەرگاکەی پاڵنا بێئەوەی دای بخات.

دارۆ نەجووڵا، بیری کردەوە: "هەڵدێ. زۆر چاکە. سەرم ڕەحەت دەبێ!" لەگەڵ ئەمەشدا، بەوردی گوێی دەگرت. مریشکەکان نەیان قریشکاند. دیارە گەییوەتە هەڵەتەکە. دەنگی شوڕە شوڕی ئاوی هاتە گوێ، هێشتا نەیدەزانی چ دەکات کە کابرای عەرەبی لە نێو ئاستانەی دەرگاکەدا بینی. دەرگاکەی بە ئەسپایی داخست و بە بێدەنگی بەرەو قەرەوێڵەکەی هات. ئەوجا دارۆ، پشتی تێکردو خەوت.

لە غوڕابی خەودا بوو کە وای هەست دەکرد لە دەوروبەری قوتابخانەکەدا دەنگی دزە هەنگاوان دەژنەوێ.

لە دڵی خۆیدا وتی: " چ نییە خەون دەبینم خەون!" هێشتاش هەر لە خەودا بوو.

کاتێ بێدار بووەوە، ئاسمان ساف بوو، هەوایەکی پاک و فێنك لە پەنجەرەکەوە وەژوور دەکەوت، کابرای عەرەب لە ژێر نوێنەکاندا خۆی گرمۆڵە کردبوو. زاری بەش کردبووەوەو بەو پەڕی ئاسودەیی خەوت بوو. بەڵام کە دارۆ ڕای تەکاند، بە ترسەوە لە خەو ڕاچڵەکی و بە چاوانی پڕ نیگەرانییەوە لە دارۆ ڕاما. دەتوت یەکەمجارە ئەو دەبینێ. ترسێکی وەها لە سیمایدا بەدی دەکرا کە دارۆ پاشەو پاش کشایەوە.

– مەترسە. منم. وەختی تاشتە (نانی بەیانی).

کابرای عەرەب سەری لەقاندو وتی:– باشە.

سیمای ئارام بووەوە، بەڵام نیگای هەر نیگەران بوو.

قاوە ئامادەبوو. هەردووکیان لە سەر قەرەوێڵە سەفەرییەکە دانیشتن و قاوەو کێکیان دەخوارد. ئەوجا دارۆ کابرای عەرەبی بۆ ژێر کەپرێك برد، دەست شۆرێکی نیشان دا تا دەستەکانی بشوات.

گەڕایەوە ژوورەکە. نوێنەکان و قەرەوێڵە سەفەرەییەکەی هەڵگرت. قەرەوێڵەکەی خۆی چاك کردو ژوورەکەی کۆکردەوە.. ئەوجا بە نێو پۆلەکەدا چوو بۆ بەر هەیوانەکە. هەتاو بە بەرۆکی ئاسمانی شینەوە، ڕوناکییەکی هێدی و درەخشانی بەو هەڵەت و بانە چۆڵەدا پەخش دەکرد. بەفرەکە، لەسەر بەرزاییەکان و لێرەو لەوێ دەتوایەوەو بەردەکان بەرە بەرە بەدیار دەکەوتن.

مامۆستا لەبەر هەیوانەکەدا وەستابوو، باڵدوچی بیرکەوتەوە، خراپ ڕەنجاند بووی، بەجۆرێ وەدەری نا وەك بڵێی نەیەوێ جارێکی دی پێوەندی لەگەڵیدا هەبێ. دوعا خوازی جەندرمەکە، هێشتا لە گوێیدا دەنگی دەدایەوەو بێئەوەی هۆیەکەی بزانێ هەستی بە ناڕەحەتی دەکرد. لەم کاتەدا زیندانییەکە لەو سەری قوتابخانەکەوە کۆکی. دارۆ، بێئەوەی بیەوێ گوێی بۆ دەنگی ئەو

ڕادێرا، ئەوجا بە تووڕەیی بەردێکی هاویشت. بەردەکە بەگڤە گڤ لە بەفرەکەدا رۆچوو. تاوانی گەوجانەی کابرا ئەوی بێ تاقەت کرد بوو. بەڵام تەسلیم کردنی کارێکی ئابڕوومەندانە نەبوو. تەنانەت بیرکردنەوەش لەم کارە، هەستی سووك بوونی لەلای دروست دەکرد. لە هەمان کاتدا کە لە دڵی خۆیدا جوێنی بەوانە دەدا کە کابرای عەرەبیان بۆ لای ئەو ناردبوو، جوێنی بە کابرای عەرەبیش دەدا کە پیاوی کوشتبوو، رای نە کردبوو. دارۆ هەستا. بە دەوری هەیوانەکەدا سووڕایەوە. هەڵوەستەیەکی کرد و ئەوجا بۆ ناو قوتابخانەکە گەڕایەوە.

کابرای عەرەب لای کەپرەکە دانەوی بووەوەو بە دوو قامکان ددانەکانی دەشت، دارۆ لێی روانی و وتی:– وەرە.

ئەوجا لە پێش کابرای عەرەبدا چوو بۆ ژوورەوە. لەسەر چاکەتەکەی خۆیەوە چاکەتێکی مشەمای لەبەر کرد، پێڵاوی جەوەڵی لەپێ کرد.

ئەوجا وەستاو چاوەڕوانی کرد تا کابرای عەرەب چەفییەکەی و نەعلەکانی لەپێ بکات. چوونە ژووری پۆلەکەوە. مامۆستا ئاماژەی بۆ دەرگەی دەرەوە کرد وتی:

– بڕۆ.

کابرای عەرەب نەجووڵا. دارۆ وتی:– منیش دێم.

کابرای عەرەب وەدەرکەوت. دارۆ، گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی، کیسەیەکی پڕکرد لە نان و خورما و شەکر. بەر لەوەی بڕوات تۆزێك لەبەردەم مێزەکەیدا وەستا. ئەوجا لە دەرگەوە وەدەرکەوت و قفڵی دا. وتی:– رێگەکە لێرەوەیە.

رێگەی خۆرهەڵاتی گرتەبەر. کابرای عەرەبیش شوێنی کەوت..

بەڵام کە تۆزێ لە قوتابخانەکە دوورکەوتنەوە، وای هەست کرد گوێی لە دەنگێکی سووك بوو. وەستا. روانییە دەوروبەری قوتابخانەکە، چ کەسێکی لەوناوە نەبینی، کابرای عەرەب کە دیار بوو، هیچ حاڵی نەبوو بوو، لەوی دەڕوانی. دارۆ وتی:– رێکە! سەعاتێکی تەواو رێیان کرد و ئەوجا لە پاڵ بەرزاییەکی قسڵ دا لایان دا. بەفران خێراتر دەتوانەوە و هەتاو دەم و دەست ئاوی چاڵ و گۆلەکانی دەخواردەوە.

ئەو دەشت و هەڵەت و بانەی کە بەلەز وشك دەبووەوەو، وەك هەوا دەلەرییەوە. کە دووبارە کەوتنەوە ڕێ، دەنگی پێیان دەنگی دەدایەوە. جارجارە باڵندەیەك لەبن پێیان هەڵدەفڕی و بە دەنگێکی خۆش، ئەو بێدەنگییەی دەشڵەقاند. دارۆ، پڕ بەسییەکانی هەوای تازەی بەیانی هەڵدەمژی. بە دیتنی ئەو دەشت و هەڵەتە بێ سنوورە، کە ئێستە لە سای ئاسمانی شیندا، سەرانسەر زەرد بوو، حاڵی لێدەهات. ئەوجا رووە و باشوور بە هەورازەکەدا هەڵگەڕان و یەك سەعاتی دی رێیان کرد. گەیینە شوێنێکی بەرزی هەموار کە بەردەکانی لە حاڵی کەوتن و هەرەسدا بوون. لەوێ بەو لاوە ئیدی نشێوی دەستی پێدەکرد و لەلای رۆژهەڵاتەوە دەگەییە دەشتێکی نزم کە چەند درەختێکی باریکی لێ روابوو. لەلای باشوورەوە بە چەند چینە تاوێرێك کۆتایی دەهات کە دیمەنێکی تێکەڵ و پێکەڵی بەو دەڤەرە دەدا. دارۆ، بە هەردوولادا هەڵیڕوانی. تا چاو بڕی دەکرد ئاسمانی بێ کۆتایی بوو. تاقە بەنی بەشەرێك بەرچاو نەدەکەوت. دارۆ،

ئاوڕی لە کابرای عەرەب دایەوە کە سەرسام لەوی دەڕوانی. کیسەکەی بۆ درێژکردو وتی: — بیگرە، ئەمە خورماو نان و شەکرە. بەشی دوو ڕۆژان دەکات. ئەمەش هەزار فرانك بۆ خۆت.

کابرای عەرەب پریاسکەکەی وەرگرت. هەردووك دەستی بەسنگییەوە قەرساند بوو. دەتوت نەیدەزانی چییان لێبکات. مامۆستا ئاماژەی بۆ ڕۆژهەلات کردو وتی:— سەیرکە، ئەم ڕێیە دەچێت بۆ تنجویت. دوو سەعات دەبێ. ئەوجا دەگەیە مەخفەری پۆلیسی تنجویت، لەوێ چاوەڕانت دەکەن.

کابرای عەرەب کە هێشتا پریاسکەو پارەکەی بەسنگییەوە قەرساند بوو، بەرەو ڕۆژهەلات هەلیڕوانی. ئەوجا دارۆ قۆلی گرت و هەندێ بە توندی بەرەو باشوور وەری چرخاند. کوێرە ریەك بە دوایێنی ئەو بەرزاییەوە کە لی وەستا بوون، دەبینرا:— ئەمەش ڕێیەکە بە هەلەت و دەشتەکەدا تێدەپەڕێ. لێرەوە بە ڕۆژێك دەگەیە ماله مەڕدارەکان. جا ئەوانە بەپێی داب و نەریتی خۆیان جێت دەکەنەوە و پەنات دەدەن.

کابرای عەرەب کە بۆ لای دارۆ گەڕابووەوە، ترسێکی سەیر نیشتبووە سەر سیمای. وتی: — گوێ بگرە.

دارۆ، سەرێکی لەقاندو وتی:— نا، قسە مەکە، من ئیدی دەگەڕێمەوە. پشتی کردە ئەوو دوو هەنگاوی هەڕاوی بەرەو قوتابخانەکە هەلنا. ئەوجا بەپەلە تەمەشایەکی کابرای عەرەبی کرد کە ڕەق ڕاوەستا بوو. دیسان کەوتەوە ڕێ. بۆ چەند چرکەیەك جگە لە دەنگدانەوەی دەنگی هەنگاوەکانی خۆی چ شتێکی نەژنەوت و ئاوڕی نەدایەوە. بەلام دوای تۆزێك گەڕایەوە. کابرای عەرەب هێشتا هەر لە جێی خۆی وەستا بوو. دەستی هێنابوونە خوارەوەو لە مامۆستای دەڕوانی. دارۆ هەستی کرد شتێك ئەوکی گرتووە. بەلام کە لە هەموو شتێك بێزار بوو بوو، دەستەکانی هەلتەکاندو دووبارە کەوتەوە ڕێ. ماوەیەك ڕۆیی، دیسان وەستا وڕوانی. کابرای عەرەب دیار نەبوو.

دارۆ، گومانی پەیدا کرد. هەتاو گەیبووە ناوەندی ئاسمان و ڕێك لە تەپلی سەری ئەوی دەدا. مامۆستا لە پێشدا بەنا بە دلی و پاشان بە دلنیایەوە گەڕایەوە بۆ ئەو شوێنەی کابرای عەرەبی لێ بەجێ هێشت. وەختێ گەییە لای بەرزاییەکە ئازای لە ئارەقەدا هەلکشابوو. بەپەلە بە بەرزاییەکەدا هەلگەڕا، کە گەییە ترۆپکی بەرزاییەکە هەر ئەوەتا هەناسەی پێ دەدرا. تاوێرە بەرزەکانی باشوور چووبوون بە ئاسمانا، بەلام لە هەلەت و دەشتەکەی ڕۆژهەلاتەوە، هەلمی گەرما بە حەوادا دەچوو. دارۆ، لە نێو تەنکە تەمەکەوە بە دلێکی غەمگینەوە دەیڕوانیە کابرای عەرەب کە ڕێگەی زندانی گرتبووە بەر.

مامۆستا. دوای تۆزێك، لەبەر پەنجەرەی پۆلەکە وەستابوو، لەو ڕووناکییە بێگەردەی دەڕوانی کە سەرانسەری دەشت و هەلەتەکەی بەبێ جیاوازی لە ئامێز گرتبوو. بەلام چ شتێکی نەدەدی. تۆزێ پێشتر، لە پشتییەوە، ئەو ڕستەیەی خوێندبووەوە کە لە نێو ڕووبارە پێچاو پێچەکانی فەرەنساداو بە خەتێکی ناڕێك و پێك و بەپەلە بە دەباشیر نووسرابوو: " براکەمانت تەسلیم کرد، خۆت دەبینییەوە ".

روانییە ئاسمان، روانییە دەشتو هەڵتەکەو ئەولاتر کە تا کەناری دەریا دەکشا. ئا لەم وڵاتە بەرینەدا، لەم دەڤەرەدا کە زۆری خۆش دەویست، تەنیا بوو.

سەرچاوە:


١- الغريبو قصص اخرى/ البيركامو

ترجمە: عايده مطرجي ادريس / دار الاداب ط٢ ١٩٧٩ / ص ٦٧-٨٣

## هەڵسەنگاندنی چیرۆکی: میوان

### نووسینی: لایونل تریلینگ

کە دەقی ئینگلیزی ئەم چیرۆکە لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکەیدا، کە فەرەنسییە بەراورد بکرێ، ئەوە بە دیار دەکەوێ کە وەرگێڕەکەی، یەکجار وردو کارامە کارەکەی خۆی ئەنجام داوە.

بەڵام لەیەک خاڵی بچووکو لە هەمان کاتدا گرینگ، سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە. نەیتوانیوە بۆ عینوانی چیرۆکەکە هاوواتایەکی گونجاوی ئەوتۆ بدۆزێتەوە کە هەمان ئەو واتایە بگەیەنێت کە لە زمانە فەرەنسییەکەدا دەیگەیەنێت. بە هەرحاڵ، چونکە وشەیەکی ئینگلیزی ئەوتۆ نییە کە بتوانێ مانای وشەی (ئۆت hote) کە هەم بە مانای میوان، هەم بە مانای خانەخوێ دێت، بگەیەنێ. بۆیە برادەری وەرگێڕ زۆر جێگەی گلەیی نییە.

ئەم بابەتە کە وشەیەک هەم مانای میوانو هەم مانای خانەخوێ بدات، نادیارەو نابێتە مایەی شێواندنو بە مەتەڵ بوونی مەبەستی قسەکەر، ئەگەر، ئەگەری هەڵە لە ئارادا بوایە، نووسەرە فەرەنسییەکە وشەیەکی بەکاردەهێنا کە ڕێک مانای میوانی بگەیاندایە. لەگەڵ ئەمەشدا خوێنەری فەرەنسی کاتێ کە تووشی عینوانی چیرۆکەکەی کامۆ دەبێ نازانێ کام واتا پەسند بکات، تەنانەت پاش تەواوکردنی چیرۆکەکەش تەواو دڵنیا نییە کە عینوانەکە ئاماژەیە بۆ خانەخوێ کە مامۆستا فەرەنسییەکەیە، یان ئاماژەیە بۆ میوان کە کابرای عەرەبی زیندانییە.

ئەلبێر کامۆ، ئەم ئیبهامەی مەبەست بووەو لە نامەیەکدا کە بۆ جوستین ئوبراینی وەرگێڕی چیرۆکەکەی ناردووە، داخی خۆی سەبارەت بەوەی کە زەروورەتی وەرگێڕان، ئیبهامەکەی لابردووە، دەربڕیوە. تێگەیشتن لەم داخ خواردنەی کامۆ ئەوەندە قورس نییە، چونکە مانای دوو لایەنی عینوانی چیرۆکەکە، هەموو مەبەستی چیرۆکەکەی گرتۆتە خۆی. مامۆستاکەو کابرای قاتیل لە ڕوانگەی ویژدانو شارستانییەوە لە دوو جەمسەری موخالیف دانو کاتێ دارۆ ناچار دەبێ کابرای عەرەب وەک زیندانییەک لای خۆی گل بداتەوە، پێوەندی هەر یەکێکیان سەبارەت بەوی دی دەگۆڕێ بۆ پێوەندییەکی دوژمنانە. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا، ڕەفتاری دارۆ ئەم حاڵەتە دەگۆڕێ. لەبەر ئەوەی کابرای عەرەب لەلای خۆی گل دەداتەوە، ناچار دەبێ خواردنی بداتێو جێگەی بۆ دابین بکات. هەر ئەم ڕەفتارە میوان پەروەرانەیەی ئەوە کە نیگەرانیو تەنانەت سۆزی ئەو دەوروژێنێ. کابرای عەرەب بەرە بەرە بۆی بە دیار دەکەوێ کە مامۆستاکە پشتیوانی ئەوە. بۆ هەر یەکێک لەم دوو پیاوە، وێڕای جیاوازییان، دەشێت هەمان تاک وشەی عینوانەکە بەکار ببرێ: هەر یەکێکیان (میوان)ی ئەوی تریانە. لە نێو زۆر خەڵکدا (نانو نمەک کردن)ی میوانو خانەخوێ، پێوەندییەکی مکوم لە بەینیاندا چێدەکات.. پێوەندییەک کە ناشێت پێشێل بکرێ. بەڵام ئەوەی دارۆ هەستی پێدەکات، ڕێزگرتنی ئەم داب‌ونەریتە باوە نییە، بەڵکو ئەو لە ڕوانگەی کۆمەڵێ سۆزی هەڵقووڵاوی دەروونو ناخی خۆیەوە ئەم دابە دەپارێزێ.

سۆزو گودازێك كە لێوان لێوە لە هەوێنی ئینسانی و ئەو لە هەموویاندا لەگەڵ میوانەكەیدا بەشدارە. هەروەها شان بە شانی یەكدی هەندێ كاری زەرووری ژیان، وەك: خواردن، خەوتن، ڕیتن و میزتن و دەست و چاو شتن، ئەنجام دەدەن.

پێوەندی نێوان ئەم دوو پیاوە هەمیشە دەبێ كەم بێ و وەك دیارە كەمیشە. بەڵام شتە هاوبەشەكانی نێوانیانیش كەم نییەو بگرە زۆریش فرەیەو دارۆ هەست بەمە دەكات و دەیەوێ چاكەیەكی گەورەو مایەی سەرنج بكات. ئەو زەمینە بۆ هەڵاتنی كابرای عەرەب خۆش دەكات و ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئەنجامی پڕ خەتەری بۆ سەر ژیانی ئەو لێدەكەوێتەوە... لەوەیە سزای ئەم كارە نەقڵ كردنی ئەو بێ لەم شوێنەی كە ئەو خۆشی دەوێ و پابەندییەتی، یان لەوەیە هەر لە وەزیفەی دەوڵەتی دەربكرێ.

ئەو چاكەیەی كە ڕەنگدانەوەو نیشاندەری هەستی میوان پەروەری دارۆیە، بەرەنجامێكی وەهای نییە. میوانە عەرەبەكە بە هەر تاوانێ دەستگیر كرابێ ، كابرایەكی زەبوون و داماوەو كاتێك دارۆ، دەرفەتی بۆ دەڕەخسێنێ كە پەنا وەبەر سارانشینانی باشوور بەرێ و لە قەڵەمڕەوی یاسایی فەرەنسا دەربچێ، ڕووبە ڕووی قبووڵ نەكردنی ئەو دەبێتەوە. ئەو باوەڕی بە داب و نەریتی میوان پەروەری ئەو سارانشینانە نییە كە دارۆ، بیری ئەویان دەخاتەوە.

پێدەچێ لێپرسراوانی فەرەنسی كە بڕیارە مەحكەمەی بكەن، بەلای ئەمەوە خەتەریان كەمتر بێ وەك لە خەتەری سارانشینانی نە ناسراو.

ئەو ئارەزوومەندانە دەڕوات بۆ مەخفەری پۆلیس تا خۆی تەسلیم بكات.

ئیبهامی وشەی (ئۆت) تەنیا بە مانای دوو لایەنی میوان و خانەخوێ پەیوەست نییە. ئەگەر بە مێژووی ئاڵۆزی ئەم وشەیەدا بچینەوە، ریشەی وشەكە لە زمانی لاتینیدا بدۆزینەوە، ئەوا بۆمان دەردەكەوێ كە مانای نامۆو دوژمنیش دەگەیەنێت. كاتێ كە دارۆ بۆ پۆلەكە دەگەڕێتەوەو هەڕەشەی كەسوكارەكەی كابرای عەرەب لەسەر تەختە ڕەشەكە دەبینێ، ئەوەی بیر دەكەوێتەوە كە ئەو وێڕای ئەوەی نامۆیەكی بەخشندەیە، لە هەمان كاتدا نامۆیەكی خراپە خوازو دوژمنیشە. دارۆ، لەگەڵ ئەوەدا كە پیاوێكی جەزایری و فەرەنسییە، لە جەزایر لە دایك بووە، كەم و زۆر لەگەڵ عەرەبی ئەوێدا بێ گیروگرفت و سەریەشە ژیاوەو ئەو شوێنەی خۆش دەوێ، كە هەنووكە لەسەر پێیە بۆ شۆڕش، بەمەش دەگاتە ئەم ئەنجامەی كە لەم وڵاتەدا شوێنێكی نییە.

لەم دوژمنایەتییە گشتییەدا، كاری دارۆ هەرچەندە لە ئینسانییەتێكی تاكڕەوانەوە هەڵقووڵاوە، چ دەنگدانەوەیەكی نابێ و تەنانەت دەبێتە مایەی نەفرەت و لێك دوور كەوتنەوەش... ئەو كە داواكانی دەوڵەتی خۆی بە زەبری هاندەرە مرۆڤانییەكان ڕەت دەكاتەوە، لە هەموو لایەكەوە بە تەنیایی مەحكوم دەبێ.

گۆشەگیری تایبەتی، جۆرە شێوەیەكی ژیانە كە دارۆ بۆی گەڕاوەو بە دەستی هێناوە. ئێمە بە مەزەندە بۆمان دەردەكەوێ كە ئەزموونی ئەو لە جەنگی جیهانی دووەمدا بۆتە هۆی ئەوەی كە دوور لە كۆمەڵگەو لە زۆر كەس بژی. (دووری لە خەڵكان) بۆ نیشاندانی ئەوەی دارۆ هەستی پێدەكات زۆر روون نییە. ئەو بە گوتەی خۆی بۆیە سڵ لە كابرای عەرەب دەكات چونكە تاوانی

کوشتنی ئەنجام داوە، هەروەها سڵ لە هەموو کەسێکی کەرب و کین لە دڵ، بوغزاوی و تینووی خوێن رشتن دەکات کە ئەمە خۆی لە خۆیدا هیچی لەو تەنەفورە کەمتر نییە کە لە ئەنجامی بیری هاوکاری کردنی لەگەڵ لێپرسراوانی دەوڵەتدا هەستی پێدەکات. باڵدوچی جەندرمەش کە لە کارەکەی خۆی (شەرمەزارە) لەم هەستەدا هاوبەشی دارۆیە... هەڵبەتە دارۆ مرۆڤێك نییە کە ئارمانێکی ئامانجداری لە کەللەدا بیّ و بیەویّ دژی ئیمپریالیزمی فەرەنسا بوەستیّ. خۆ لە گوینە لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی عەرەبەکاندا، هاوشانی فەرەنسییەکان دژی عەرەب بجەنگیّ بە هەر حاڵ، هەست دەکات کە ئەو سەر زەمینەی ئەو بۆ ژیانی خۆی هەڵی بژاردووە چەند هی ئەوە، ئەوەندەش هی عەرەبەکانە، بە تایبەتی ئەم دەڤەرە کە هەموو مەرجە ئەخلاقی و گۆشەگیرییەکانی دڵخوازی ئەوی تێدایەو بوەتە مایەی دووری ئەو لە هەموو ئەو خەڵك و کۆمەڵگەیەی کە مایەی نەفرەت و شەرمەزاری ئەون.

بەلای دارۆوە، پاکی و بێگەردی دەشت و هەڵەتەکە، رەسەنایەتی و جوانییەکی ماڵی نەکراوی گرتۆتە خۆ. ئەو بۆیە ئەم دەڤەرەی خۆش دەویّ، چونکە ئەو گۆشەگیرییەی بۆ فەراهەم کردووە کە ئەو پێویستی پێیەتی لەگەڵ هەموو ئەمەشدا بۆی بە دیارکەوتووە کە فاکتەری غەریزی خەمخۆری، بە دەرکردنی ئەو، لە بەهەشتی بێزارکەری گۆشەگیرییەکەی ئەو کۆتایی دیّ. ئەم تەنزە توندو خەم بزوێنەی چیرۆکەکەی کامۆ دەست لە بەرۆکمان بەر نادات. ئایا ئەو لەم بیابانەدا کە بەری کێڵانی، تەنیا بەردو تاوێرە، جێیەکی بۆ حەوانەوە، دۆزیوەتەوە؟!

***

## ئەلبێر کامۆ

**١٩١٣- ١٩٦٠**

کامۆ، بابی فەرەنسی و دایکی ئەسپانییە. لە جەزایر لە دایك بووە. لە ساڵەکانی هەوڵی پاش دووەم جەنگی جیهانی، لەگەڵ ژان پۆل سارتەرو سیمون دی بوڤواردا گرووپی نووسەران، فەیلەسوفان و رەخنەگرانی مولتەزیمی فەرەنسایان پێك هێنا. ئامانجی هاوبەشی ئەمانە خەبتین بوو بۆ بە دەست هێنانی ئازادی، عەدالەت و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ، لە سەردەمی ستەمکارانێکدا کە چاویان بە یەکتردا هەڵنەدەهات.

کامۆ، لە ساڵی ١٩٣٥ەوە، واتا لەو کاتانەوە کە خوێندکاری زانستگەی جەزایر بوو، لە جەنگی بانگەشەییدا دژ بە فاشیزم کاری دەکرد. کامۆ لە بەرهەمەکانی خۆیدا مەسەلە گرینگەکانی زەمان، وەك فاشیزم، کۆمەڵکوژی، پاکتاوی نەژادی دڕندانە، ئیمپریالیزم، سزای مەرگ، ئەشکەنجە،و جیاوازی رەگەزی تاوتویّ دەکرد. کامۆ بۆ هەر یەکێك لەم مەسەلانە وەڵامێکی ئەخلاقی روونی نیشان دەداو دەیخستە روو. ئەو وەك زۆر رۆشنبیری سەردەمی خۆی، بۆچوونەکانی خۆی لە دوو قاڵبی گرینگی ئەدەبیدا، واتە رۆمان و شانۆنامەدا دەردەبڕی.

بەرهەمە سەرەکییەکانی کامۆ بریتین لە شانۆنامەی: کالیگولا ١٩٤٤، بەدحاڵی بوون ١٩٤٤، دادپەروەران، هەروەها ئەفسانەی سیزیف ١٩٤٢، مرۆڤی یاخی ١٩٥١و رۆمانی نامۆ ١٩٤٢و تاعون. بابەتی زۆربەی بەرهەمەکانی کامۆ (پوچیيە) واتا (بێ مانا بوونی، بوونی مرۆڤ لە زەویدا)و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە چارەسەرێکی ئیجابی بۆ ئەو مەسەلانە بدۆزێتەوە کە پوچگەرایی نیشانی دەدا.

کامۆ لە ئەفسانەی سیزیفدا مرۆڤێك نیشان دەدا کە ناچارە ئەرکێکی پوچ ئەنجام بدات، مرۆڤێك لە هەرەتی ئەنجامدانی ئەرکێکی وەها قورس و دژواریشدا، لە گەیشتن بە بەختەوەری غافڵ نییە، کامۆ، پوچی وەك واقیعێك قەبووڵە، بەڵام بە هەر هەموو ئەو چەکانەی لەبەر دەستیدایە، بە گژیا دەچێت.

لە ساڵانی یەکەمی چلەکاندا ١٩٤٠ واقیعی تاڵی داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن سەربازانی ئەڵمانییەوە، گۆڕانێکی بنەڕەتی لە دیدو روانینی کامۆ بۆ جیهان، دروست کرد. لەمە بە دواوە بەرە بەرە لە زەبرو زەنگی شۆڕشگێڕیو بە تایبەتی لە کۆمۆنیزمو فەلسەفەی مێژووی کۆمۆنیزم دوور کەوتەوەو ئیدی لە سارتەرو دۆستەکانی دابڕاو مرۆڤی یاخی نووسی. مرۆڤی یاخی دژایەتییەکی دوو لایەنەی کۆمۆنیزمو ئایینە کە بە زاراوەی فەلسەفی موتوربەکراوە. بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە لە ١٩٥٢دا بووە هۆی دەست پێکردنی گەنگەشەی توند لە نێوان کامۆو سارتەر کە بە هاوپەیمانی حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا دەژمێردرا، کامۆ لە بواری کورتە چیرۆکیشدا هەر نووسەرێکی بە تواناو گەورە بووە. کامۆ لە ساڵی ١٩٦٠دا، لە سەردەمێکا کە سەر گوتارەکانی لە رۆژنامەی نهێنی (خەبات)ی رۆژنامەی راپەڕینی بەرەڤانی فەرەنسادا، ئومێدی بە جەماوەرێك دەبەخشی کە لە ترسی چەکمەی سەربازانی هیتلەر هەناسەیان پێ نەدەدرا، بە کارەساتی ئۆتومبێل گیانی لە دەست دا، کامۆ ئەگەر لەم کارەساتەدا نەمردبایە، ئێستە یەکێك دەبوو لە رۆمان نووسە پێشڕەوەکانی ئەم سەردەمە.

کامۆ، لە ساڵی ١٩٥٧دا، خەڵاتی ئەدەبی (نۆبڵ)ی وەرگرت. ئەم خەڵاتە بۆ پیاوێك کە باوکی وەرزێری ئەمو ئەوی دەکردو دایکی کارەکەرێکی نەخوێنەوار بوو، دەستکەوتێکی بچووك نییە.

تێبینی: لە هەشتاکانەوە ئەم بەرهەمانەی کامۆم لە فارسییەوە کردوون بە کوردیو بە نووسخەی زۆر کەم چاپو بڵاوم کردونەتەوە: نامۆ، دادپەروەران، بەدحاڵی بوون.

سەرچاوە: داستانو نقد داستان

جلد نخستن، چاپ سوم/ مؤسسة انتشارات نگاه/ تهران – ١٣٧٥/ ص ٤١٠– ٤١٥

## گردەکان وەکو فیلی سپی وان

### چیرۆکی: هەمینگوای

گردەکانی ئەوبەری گەلی ئیبرۆ Ebro درێژو سپی بوون. لەم بەرەوە نە سێبەرێك هەبوو نە درەختێك، وێستگەی نێوان دوو ڕیزە سکە، لە ژێر هەتاودا بوو، سێبەری گەرمی ئەپارتمانەکە کەوتبووە سەر لایەکی وێسگەکە،پەردەیەکی بەقەف مورووی حەیزەران دروستکراو بە دەرکی کراوەی باڕەکەوە هەڵواسرابوو تا ڕێگەی هاتنە ژورەوەی پێشکە نەدات. پیاوێکی ئەمریکایی لەگەڵ کیژەکەی هاوڕێی دا، لەسەر مێزێك، لە دەرێی بیناکە، لە سێبەردا دانیشتبوون. دنیا زۆر گەرم بووو چل دەقیقەی دی قیتاری خێرا لە بەرشەلۆنەوە دەگەیی. لەم وێستگەی یەکانگیری دوو هێڵەدا، دوو دەقیقەیەك دەوێستا و بەرەو مەدرید دەکەوتە ڕێ.

کچەکە پرسی: "چی بخۆین؟" کڵاوەکەی داکەندبووو، لەسەر مێزەکەی دانا بوو.

پیاوەکە گوتی: "دنیا زۆر گەرمە."

"وا چاکە شتێك بخۆینەوە."

پیاوەکە رووی کردە پەردەکەو گوتی: "دوس سروساس"*- واتە دوو بیرە –

ئافرەتێك لە ئاستانەی دەرکەکەوە پرسی: "گڵاسی گەورە؟"

"بەڵێ، دوو گڵاسی گەورە."

ئافرەتەکە دوو گڵاس و دوو ژێر گڵاسی هێنا. ژێر گڵاسەکان و هەردوو گڵاسەکەی لەسەر مێزەکە دانا و تەمەشایەکی پیاوو کچەکەی کرد. کچەکە چاوی بڕی بووە دوور، تەمەشای هێڵی گردەکانی دەکرد. گردەکان لەبەر هەتاودا سپی دەچوونەوە و دەوروبەریان قاوەیی و وشك بوو.

کچەکە گوتی: "وەکو فیلی سپی وان."

پیاوەکە گڵاسەکەی خۆی هەڵدا: "من قەت گردی سپیم نەدیوە."

"ئاخر چاوی دیتنت نییە."

پیاوەکە گوتی: "هەمە. قسەکەی تۆ هیچ شتێك ناسەلمێنێ."

کیژە روانییە پەردەکە، گوتی: "لەسەر پەردەکە بە بۆیە شتێکیان نووسیوە، مانای چییە؟"

"ئەنیس دل تورو– Anisdel Toro"

"تاقی بکەینەوە ؟"

پیاوەکە لە پشت پەردەکەوە بانگی کرد: "وەرنە ئێرە." ژنی باڕەکە هاتە دەرێ.

"دەکاتە چوار ریال."

"دوو ئەنیس دل تورومان دەوێ."

"لەگەڵ ئاودا ؟"

"تۆ ئاو دەخۆی؟"

کیژە گوتی: "نازانم. بە ئاوەوە خۆشە ؟

"خۆشە."

ئافرەتەکە پرسی: "بە ئاوەوە دەخۆیت؟"

"بەڵێ، بە ئاوەوە."

کچە گوتی: "تامی شیرین بەیان دەدات" و گلاسەکەی لەسەر مێزەکە دانا.

"هەموو شتێك هەمان تامی هەیە."

کچە گوتی: "بەڵێ، هەموو شتێك تامی شیرین بەیان دەدات، بە تایبەتی ئەو شتانەی کە بنیادەم دەمێ بێ بە تەمایان بێ. وەکو ئەفسەنتین."

"بەسە ئیدی."

کچە گوتی: "تۆ دەستت پێکرد. دەنا من خۆشم لێدەگوزەرا."

"چاکە، واز بێنە با بەخۆشی بیبەینە سەر."

"زۆر چاکە، من هەروام دەکرد. هات بە دەمماو و گوتم، کێوەکان وەکو فیلی سپی وان، ئەمە قسەیەکی خراپ بوو؟"

"نەء "

"حەزم دەکرد ئەم ڤەخارنە تازەیە تاقی بکەمەوە، هەر هەموو ئێمە مانان ئەم کارە دەکەین. تەمەشای شتان دەکەین، ڤەخارنی (خواردنەوە) تازە تاقی دەکەینەوە، لەمە زیاترە؟"

"پێم وایە هەروا بێ."

کچە روانییە گردەکان.

گوتی: "گردی جوانن. زۆریش لە فیلی سپی ناچن. یانی بنیادەم کە لە پشت درەختەکانەوە بڕوانێ سپی دێنە بەرچاوی."

"پێکێکی دی بخۆینەوە؟"

"باشە."

بایەکی گەرم پەردەمورووەکەی بەرەو مێزەکە جوڵاند.

پیاوەکە گوتی: "خواردنەوەی سارد خۆشە."

کچە گوتی: "عالە".

پیاوەکە گوتی: "جگ Jig"، باوەڕ بکە، نەشتەرگەرییەکی زۆر ئاسان و سادەیە، باوەڕ بکە ناکرێ هەر ناوی نەشتەرگەریشی لێ بنرێ".

کچە، ڕوانییە ئەو زەوییەی کە پایەکانی مێزەکەی لەسەر بوو.

"جگ، دەزانم کە گوێ لە قسەکەم ناگرێ، بەڵام باوەڕبکە ترسی نییە. تەنیا هەوا دەکەنە ژوورەوە".

کچە تاقە حەرفێکی نەگوت.

"من لەگەڵتدا دێم و تا چەند درێژە بکێشێت لات دەمێنمەوە، تەنیا هەوا دەکەنە ژوورەوەو ئیدی وەکو ئەوەی هەر هیچ نەبوو بێ."

"پاشان چی بکەین؟"

"بە خۆشی ڕادەبوێرین. ڕێك وەکو سەرەتا."

"لەبەر چی وا بیر دەکەیەوە ؟"

"ئاخر، ئەمە تاقە شتێکە کە لێمان بووە بە مووی لووت. تاقە شتێکە کە بووە بە کۆسپی سەر ڕێی بەختەوەری ئێمە."

کچە روانییە پەردە موروویەکە، دەستی درێژ کردو دوو ڕست مورووی گرت.

"لات وایە کاروبارمان چاك دەبێت و بەختەوەر دەبین؟"

"هەڵبەتە، ترسی ناوێ. زۆر کەس دەناسم کە ئەم کارەیان کردووە"

کچە گوتی: "کەواتە منیش ئەم کارە دەکەم. گوتت پاشان هەموویان بەختەوەر بوون؟".

پیاوەکە گوتی: "ئەگەر دڵت پێوەی نییە مەجبور نیت. ئەگەر حەز ناکەیت مەجبورت ناکەم. لێ وەکو ئاو خواردنەوەیە."

"تۆ بەڕاستی حەزدەکەی؟"

"ئەگەر ڕای من دەپرسی ئەمە باشترین کارە. لێ ئەگەر بە ڕاستی دڵت پێوەی نییە مەجبورت ناکەم."

"ئەگەر ئەم کارە بکەم تۆ خۆشحاڵ دەبیت و هەموو شتێك وەکو هەوەڵی لێ دێتەوە، ئەوساکە خۆشت دەوێم؟"

"من ئێستاش خۆشم دەوێیت. بە خۆت دەزانی خۆشم دەوێیت."

"دەزانم، بەڵام ئەگەر ئەم کارە بکەم و پاشان بڵێم شتەکان وەکو فیلی سپین، ئەوسا هەموو شتێك دووبارە ئاوەرۆی خۆیان وەردەگرنەوەو تۆ ڕازی دەبێ؟"

"من ڕازی دەبم، ئێستاش ڕازیم، بەڵام تەنیا یەك گۆشەی دڵم ناڕازییە. خۆت دەزانی کاتێ ناڕەحەت بم چ حاڵێکم هەیە."

"ئەگەر ئەم کارە بکەم ئیدی ناڕەحەت نابی ؟"

"من ناڕەحەت نیم چونکە بە ڕاستی وەکو ئاو خواردنەوەیە."

" کەواتە ئەم کارە دەکەم چونکە حاڵی خۆمم بەلاوە مەبەست نییە."

"دەتەوێ چ بڵێی؟"

"دەمەوێ بڵێم، حاڵی خۆمم مەبەست نییە."

"بەڵام بۆ من مەبەستە."

"چاکە، بەڵام بۆ من مەبەست نییەو دەست بەم کارە دەکەم تا کارو بارمان چاك بێت."

"ئەگەر وا بیردەکەیەوە نامەوێ ئەم کارە بکەی."

کچە لە جێی خۆی هەستاو بە پیاسە چوو بۆ ئەوسەری وێستگەکە.

لەو بەرەوە، لە کەناری ئیبرۆدا، مەزرای گەنم و ریزی درێژی درەختان دەبینران. دوورتر، لەو بەری روبارەکە، چیا هەبوون.

سێبەری هەورێك بەسەر گەنمەجاڕەکەدا ڕەت دەبووو کچە لە پشت درەختەکانەوە دەیڕوانییە روبارەکە.

کچە گوتی: "دەکرا هەموو ئەمانە هی ئێمە بوایەن. دەکرا هەموو شتێك هی ئێمە بوایە لێ ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر لە خۆمان دوریان دەخەینەوە."

"گوتت چی؟"

"گوتم دەکرا هەموو شتێکمان هەبا."

"دەکرێ هەموو شتێکمان هەبێ."

"نە، ناکرێ."

"دەکرێ هەموو دنیا هی ئێمە بێ."

"نە ، ناکرێ."

"دەتوانین بۆ هەموو جێ یەك بڕۆین."

"نە ، ناتوانین. ئێدی هی ئێمە نییە."

"هی ئێمەیە."

"نە، نییە. کە شتێك لە مرۆڤ دەسەنن ئێدی لێیان سەندووە."

"هێشتا نەیان سەندووە."

"ببینین و تەعریف بکەین."

پیاوەکە گوتی: "بگەڕێوە بەر سێبەرەکە. ئەم بیرو خەیاڵانە مەکە."

کچە گوتی: "بیرو خەیاڵان ناکەم. من ئاگام لە هەموو شتێك هەیە."

"نامەوێ کارێك بکەی کە حەز نەکەی."

کچە گوتی: "تەنانەت کارێك کە لەگەڵ حاڵی مندا نەگونجێ؟ دەزانم، دیسان بخۆینەوە؟"

"باشە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانی کە......"

کچە گوتی: "من دەزانم. باشتر نییە ئیدی بەردێکی بخەینە سەر؟"

لە پشت مێزەکە دانیشتن و کچە چاوی بڕییە گردە وشکەکانی دۆڵەکەو پیاوەکە ڕوانییە کچەکەو مێزەکە.

پیاوەکە گوتی: "دەبێ ئەوە بزانی کە ئەگەر تۆ حەز نەکەیت من هەر نامەوێ ئەو کارە بکەی. ئەگەر بەلاتەوە مەبەستە، من بە کەماڵی ئیسراحەت و بەوپەڕی خۆشییەوە دەچمە ژێر باری هەموو شتێکی."

"مەگەر بەلای تۆوە مەبەست نییە؟ دەمانتوانی پێکەوە هەڵکەین."

"هەڵبەتە مەبەستە. بەڵام من جگە لە تۆ چ کەسێکم ناوێ، کەسێکی دیکەم ناوێ و دەزانم کە وەکو ئاو خواردنەوەیە."

"بەڵێ بە قسە وەکو ئاو خواردنەوەیە."

"تۆ هەرچییەك دەڵێی بیڵێ، بەڵام من دەزانم."

"دەمەوێ لوتفێك دەرهەق بە من بکەی ."

"هەر کارێك بڵێی دەیکەم."

"دەمەوێ تکا بکەم، تکا بکەم، تکا بکەم، تکا بکەم، تکا بکەم، تکا بکەم، تکا بکەم بیبڕەوە."

پیاوەکە چ قسەیەکی نەکرد، لێ ڕوانییە جانتاکانی پاڵ دیواری وێستگەکە، مۆری هەر هەموو ئەو ئوتێلانەی پێوە بوو، کە شەویان تێدا بەسەر بردبوون.

پیاوەکە گوتی: "من نامەوێ چ کارێك بکەی، ئیدی با باسی نەکەین."

کچە گوتی: "ئێستا ئیدی دەقیژێنم."

ئافرەتەکە بە دوو گلاس خواردنەوەوە لە پشت پەردەکەوە دەرکەوت و گلاسەکانی لەسەر ژێر گلاسە تەڕەکان دانا. ئافرەتەکە گوتی: "٥دەقیقەی دی قیتارەکە دەگات."

کچە پرسی: "چی گوت؟"

"گوتی ٥دەقیقەی دی قیتارەکە دەگات."

کچە لە رووی سوپاس گوزارییەوە، بە رووی خۆشەوە بزەیەکی بۆ ئافرەتەکە کرد.

پیاوەکە گوتی: "چاکتر وایە جانتاکان ببەمە ئەو بەری وێستگەکە."

کچە بزەیەکی بە ڕوویدا دا.

"زۆر چاکە، بەڵام بگەڕێوە تا خواردنەوەکەمان تەواو بکەین."

پیاوەکە دوو جانتا قورسەکەی هەڵگرت و بە دەوری ویستگەی قیتارەکەدا سوڕایەوە و بە پیاسە چوو بۆ ئەو بەری هێڵەکان.

لەو سەری هێڵەکە سەری هەڵبڕی، بەڵام قیتارەکە دیار نەبوو. لە گەڕانەوەدا، لە هۆڵی نۆشگاکەوە(باڕ)، کە خەڵکی لەوێندەر بەدەم چاوەڕوانی قیتارەوە شتیان دەخواردەوە، تێپەڕی، گلاسێك ئینسی خواردەوە و سەیری خەڵکەکەی کرد. هەموویان ماقوڵانە چاوەڕوانیان دەکرد. لە درزی پەردەکەوە چووە دەرێ. کچە، کە لە پشت مێزەکە دانیشتبوو، بزەیەکی بە روویدا دا.

پیاوەکە پرسی: "حاڵت باشتر بوو؟"

کچە گوتی: "حاڵم باشە، هیچم نییە. حاڵم باشە."

# هەڵسەنگاندنی چیرۆکی
# "گردەکان وەکو فیلی سپی وان"
## نووسینی: لانیل تریلینگ

ئیرنست هەمینگوای، ئەوە وەیاد دێنێتەوە کە سەرەتا دەستی بە نووسین کردو چیرۆکەکانی پەیتا پەیتا لە لایەن وەشانکارانەوە رەفز دەکرانەوە، چیرۆکەکانیان بۆ دەناردەوەو " لەگەڵ برێك سەرنجدا کە بۆیان نووسی بوو ئەمانە چیرۆك نین و نوکتەن." یەکێك لەم چیرۆکانە "گردەکان وەکو فیلی سپی وان" بوو. گرینگ ئەوەیە کە بزانین بۆچی وەشانکارەکانی دەیەی ١٩٢٠ ئەوەیان بە چیرۆك نەدەزانی.

رەنگە یەکێك لە هۆیەکان ئەمە بێ کە ئەوان وایان وێنا دەکرد چیرۆك بە پلەی یەکەم شتێکە کە "دەگوترێ" یان "دەگێردرێتەوە" لە حاڵێکا کە "گردەکان وەکو فیلی سپی وان" ناگێردرێتەوەو نووسەر هەموو هەوڵێکی خۆی بەکاردێنێ تا خۆی دوور بگرێ و نە ناسرێ و لە چاوی خەڵکی دوور بێ، لە تۆ وایە لە پێشاندانی رووداوەکەدا حاشا لەوە دەکات کە چ پەیوەندییەکی دەگەڵ خوێنەراندا یان قارەمانانی چیرۆکەکەدا هەبێ، دیمەنەکە هەر لە یەکەم بەندی سەرەتای چیرۆکەکەوە، کە بەو پەڕی کورتی بەیان دەکرێ و دەردەبڕدرێ و ڕیتم و ئاوازێکی زۆر بێ لایەنانەی هەیە، هەڵدەچنرێ و نووسەر، لەوە بە داوە، هەموو شتەکان بە گفتوگۆی نێوان پیاوەکەو کیژەکە دەسپێرێت و تەنیا تا ئەوەندە دەخالەت دەکات کە تێماندەگەیەنێ خواردنەوەیان هێناوە، پیاوەکە جانتاکان دەباتە ئەو بەری وێستگەکە، و لە دوو دەرفەت و دەلیڤەی دیدا پێمان دەڵێت کە کچە کاتێ تەمەشای دیمەنەکە دەکات چ شتگەلێك دەبینێ. نووسەر، لە ڕاستیدا، پەیوەندییەکی هێندە کەمی بە رووداوی نێو چیرۆکەکەوە هەیە کە تەنانەت سوود لە چۆنیەتی دەربڕینی وەسفی دەنگی قارەمانانی ناو چیرۆکەکەش وەرناگرێت. بۆمانی ناگێڕێتەوە کە کچە بە چ شێوەیەك قسە دەکات "بە تاڵی" یان "بەتانە"وە. یان پیاوەکە بە "بێزاری" یان بە "ئارامی" وەڵام دەداتەوە. نووسەر بە هیچ کلۆجێ جورئەت بە خۆی نادات کە بڵێ شتێك دەربارەی ئەم جووتە دەزانێ، تەنانەت ناویشیان نازانێت. لە تۆ وایە تەنیا بە رێکەوتە کە ئێمە بۆمان دەردەکەوێ کە ناوی دەلەعی کچە "جگ"ە.

هەروەها نووسەر ناچێتە ژێر باری ئەوەی کە قسەیەکمان بۆ نەقڵ بکات تا لە رێگەی دیتنی ڕاستەوخۆی کچەکەو پیاوەکەوە شتێکمان دەستگیر ببێ، چونکە بەردەوام کچەکەو پیاوەکە وەك "کچەکە"و "پیاوەکە" باسدەکرێن. ئێمەی ئازاد کردوە تا بە خۆمان ئەنجامگیری بکەین کە کچەکە لە پیاوەکە گەنجترەو هەر زۆریش گەنجە، بیست، بیست و سێ یان بیست و پێنج ساڵە، زۆربەی خوێنەران وا زەن دەبەن کە کیژێکی خشکۆکە. هەندێکیش دەم و دوو وەرەفتاری بە بەڵگەی ئەمە دەزانن، لە حاڵێکا کە نووسەر تاقە وشەیەك لەمەڕ رواڵەتی ناڵێت. هەندێ کەش و

هەوا هەن کەوا دەزانین پیاو وژنەکە، ژن و مێردن، چونکە بابەتی سکی ژنەکە، کە منداڵەکەی ببێ یان لە باری بەرێ بە چارەسەر نەکراوی لە نێوانیاندا ماوەتەوە.

ئەم ئاڵۆزی و تەمومژە، ئەم دووره پەرێزییەی هەمینگوای لەوەی کە خۆی بە قارەمانانی چیرۆکەکەیەوە ببەستێتەوە و شتێکیان دەربارە بڵێ، بە دڵنیاییەوە هەستێکی لەلای وەشانکاران وروژاندوە کە چیرۆکی "گردەکان وەکو فیلی سپی وان" ئەو مانایەی تێدا نییە کە چیرۆك لە چاو نوکتەدا، دەبێ تێیدا بێ. بەکارهێنانی وشەی "مانا" نابێ رامانکێشێتە ناو ئەو باسە تیۆرییە دژوارەوە کە چۆن بزانین چیرۆکێك مانای هەیە یان نییەتی، تەنیا ئەوە دەڵێین کە مانای چیرۆکێك ئەوەیە کە هەستی جۆرە تێگەیشتنێکمان لادروست بکات. لەوەیە-هەرواشە-بە دەگمەن رێکبکەوێ کە کاتێ بە بیستنی نوکتەیەك پێدەکەنین بتوانین بڵێین چ شتێك تێگەییشتووین. چیرۆك، وەکو نوکتە، کاتێ سەرکەوتووە کە ئەو هەستەمان لا دروست بکات کە لێی تێگەییشتووین.

بێ چەندوچۆن ئەو وەشانکارانەی کە هەوەڵجار "گردەکان وەك فیلی سپی وان" یان خوێندوەتەوە هەستیان کردوە دووری نووسەرو دووره پەرێزی نووسەر لە وەسفی راستەوخۆی ئەوەی نیشانی دەدات ، نیشانەی ئەوەیە کە وەکو نووسەرێك هەوڵی نەداوە هەستی ناوبراو بۆ خوێنەرانی بگوازێتەوە. نووسەر هەڵوێستێکی مرۆڤانی دەخاتە بەردەم خوێنەران کە خۆ بەخۆ بایەخێکی هەیەو دەبێت هەڵوێستی لەمەڕ وەربگیرێ، بێئەوەی پێیان بڵێ کە چۆن چارەسەری بکەن یان چ لایەنگرییەك بکەن. نووسەر گوێ بەوە نادات کە چیرۆکەکەی چۆن لێك بدرێتەوەو مامەڵەی لە تەکدا بکرێ، یان چ مانایەك بگرێتە خۆ.

هەڵبەتە، ئەمڕۆکە مامەڵەی ئێمە دەگەڵ چیرۆکەکەی هەمینگوایدا زۆر جیاوازە لە مامەڵەی وەشانکارانی دەیەی ١٩٢٠، ئێمە، لە رووی تەکنیکی چیرۆکەکەوە گیرۆدەی تەسەوری پێشوەختەی ئەوان نین، ئێمە دەگەڵ ئەو رەگەزە ئەدەبیانەی کە رۆژێ لە رۆژان غەریب و عەجیب و ناپەسند هاتووەتە بەرچاو، راهاتووین.

ئێمە چ گومانێکمان لەوە نییە کە "گردەکان وەکو فیلی سپی وان" مەبەستێکی گرتۆتە خۆو بە ڕاستی چیرۆکە. لەگەڵ ئەمەشدا، گەرچی بە خاوی و هێواشی دەگەینە ئەم داوەرییە، ئەگەرچی لە سەرەتادا بە خوێندنەوەی چیرۆکەکە هەندێ ڕادەچڵەکین و تەنیا پاش ماوەیەکی کەم لە مەبەستەکەی حاڵی دەبین، یان تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش پێمان وابێ کە ئەوەی خوێندومانەتەوە نوکتەی رووت بووە یان نەخشەو پلۆت بووە، ئەوجاش دەبێ بە شێوەیەکی تەواو وشایستە، مامەڵەی لەتەکدا بکەین و وەڵامی بدەینەوە.

ئەگەر پێویستمان بە سەرە داوێك بێ تا لە رێگەیەوە بزانین کە مەبەستی چیرۆکەکە لە کوێدایە، ئەوا دەبێ لە یەك وشەدا، لە دوا بەندو پەرەگرافی چیرۆکەکەدا بیدۆزینەوە، لەو پەرەگرافەدا بیدۆزینەوە کە دەڵێت: پیاوەکە جانتاکانی دەباتە ئەو دیوی وێستگەی قیتارەکە: لە گەڕانەوەدا، بە هۆڵی نۆشگاکەدا، کە خەڵکی لەوێندەر بەدەم چاوەنۆڕی قیتارەوە شتیان دەخواردەوە تێپەڕی، گلاسێك ئەنیسی خواردەوەو سەیرێکی خەڵکەکەی کرد.

هەموویان ماقولانە چاوەڕوانیان دەکرد.

"ماقولانە" چاوەڕوانیان دەکرد، وشەی ماقولانە بۆ نیشاندانی نیگای مرۆڤ وشەیەکی سەیرە (دەبینین کە هەمینگوای لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم وشەیەوە بۆ ساتێك خاڵێکی ژیانی سایکۆلۆژی و دەرونی پیاوەکە کەشف دەکات ). بۆچی واژەی "بە ئارامی" یا "بەبێ موبالاتی" یان "بەبێ حاڵی" بەکار نابات؟ بۆ دەبێت تاکید لەسەر ماقوڵبوونی پیاوەکە بکاتەوەو ئەوە وەکو خاڵی هاوبەش لە نێوان خۆیو ئەوندا دابنێ؟ ئایا لەبەر ئەمەیە کە پیاوێکی ماقوڵ لە گوتەو بەڵگەکانیا دەگەڵ ژنێکی ناماقوڵدا دوچاری دژواریو کێشە بووە ؟

چۆنیەتی ماقول بوون هەوێنی ئەسڵی چیرۆکی "گردەکان وەکو فیلی سپی وان" پێك دێنێ. پیاوەکە لە گفتوگۆدا دەگەڵ ژنەکەدا–کاتێ کە پەشێویو بێ تاقەتی و شڵەژاوی خۆی دادەمرکێنێتەوە–هەوڵدەدا کە لە هەڕەتی هەستکردن بە غەریبدا ماقوڵ بێ. هەڵبەتە، لەم بەینەدا، چ شتێك لە ئارامی چاتر نییەو هەر ئارامی بۆ دەمێنێتەوە. هەمینگوای بە پێویستی نازانێ تا بکەوێتە وەسفی ئاهەنگو ئاوازی دەنگی پیاوەکەوە، کاتێ کە لە کیژەی دەوێ سکەکەی لەبار بەرێ، ئاهەنگو ریتمی رستەکانو جۆری ئەو وشانەی کە بەکاریان دێنێ، ئاوازو دەنگی ئەو "پیاوەکە" دیاری دەکات. مرۆڤ ناتوانێ لە قسەکانیا تا ئەم ڕادەیە وشەیەلی "باوەڕبکە"و "بە ڕاستی" بەکاربێنێو دەغەڵکار نەبێت.

پێویستمان بە زانینی چۆنیەتی دەنگی کچەکەش نییە. دەزانین کە ئاماژە بۆ داوایەك دەکات کە نازانێت چۆن لە قاڵبی وشەدا بەرگری لێبکاتو لەبەر ئەمەشە کە بە پەژارەو تانەو تەشەرەوە قسە دەکات. دەیەوێ منداڵەکە لەبار نەبات. هیچ بەڵگەیەکی پێ نییە بۆ ئەم کارە.ئەمە داوایەکە کە مرۆڤ چاوەڕوانی چ سوودێکی لێناکات، داوایەکە لە سەرووی بەڵگەوەیە. ئەم خاڵە بە تایبەتی دەربارەی کەسێك دروستە کە شێوەی ژیانی ئەم جووتە لەبەرچاو بگرێ، شێوەیەك کە بە گوتەی کیژە، لە ساتێکا کە هەست بە بێزاری دەکات، ئازادە کە شتو خواردنەوەێن تازە تاقی بکاتەوە. ئەگەر بە پێوانەو عەیاری ئەم ژیانە کار بکرێ، ئەوا ویستنی منداڵ یەکجار نامەعقولە. لێ دەبێ ئەوەش بڵێین کە کچە وەختێ ئاماژە بۆ گردەکان دەکاتو وەکو فیلی سپیان دەبینێ بەڵگە وەلاوە دەنێت. گردەکان وەکو چۆن کە پیاوە ماقولەکە خێرا دێ بە زمانی دا، بە ڕاستی وەکو فیلی سپی نین.

گردەکان کاتێ لە فیلی سپی دەچن کە مرۆڤ وا خەیاڵ بکات سپینو بێ هیچ بەڵگەیەك خەیاڵ بکاتو بە زەبری خەیاڵ وایان تەسەور بکات.

ئەو شوبهاندنەی کچەکە بە کاری دێنێ نەخشو رۆڵێکی دیاریکەری لە چیرۆکەکەدا هەیە. دیارە "فیلی سپی" لە بنەڕەتدا پەندو حیکایەتە، هەر بۆیە هەندێ لە خوێنەران بایەخ بە چەمکی پەندەکە دەدەنو مامەڵەی لە تەکدا دەکەن. لە هەندێ دەڤەرێن رۆژهەلات، فیلی سپی گیانلەبەرێکی پیرۆزە، گیانلەبەرێکە کە دەبێ بە پارەیەکی زۆر بە خێو بکرێو رابگیرێ بێ ئەوەی کاری پێ بکرێ (بە فیلەکە). بەمجۆرە، فیلی سپی شتێکە کە بە رواڵەت ئیحتوبارو بایەخێکی گەلەك زۆری هەیە، بەڵام لە پراتیکدا بارە بە ملەوەو دەبێ لێی رزگار بی.

کچه، لەوەیە نا ئاگایانە بەمجۆرە سەبارەت بە ژیانی خۆیو هاوڕێکەی داوەری بکات، لێ کاریگەری سەرەکی ئەم لێکچوونە ئەوەیە کە سەرنجی ئێمە بۆ ئەو دیمەنە راکێشێت کە کچەکە سەیری دەکات. ئەم خاڵە بێئەوەی ناکۆك بێ دوو لایەنی هەیە.

لایەنی یەکەم ئەمەیە:

کچەکە چاوی بڕی بووە دوور، تەمەشای هێڵی گردەکانی دەکرد.

گردەکان لەبەر هەتاودا سپی دەچوونەوەو دەوروبەریان قاوەیی و وشك بوو.

لایەنی دووەم ئەمەیە:

کچە لە جێی خۆی هەستاو بە پیاسە چوو بۆ ئەو سەری وێستگەکە.

لەو بەرەوە، لە کەناری ئیبرۆدا، مەزرای گەنمو ریزی درێژی درەختان دەبینران. دوورتر، لەوبەری رووبارەکە، چیا هەبوون.

سێبەری هەورێك بەسەر گەنمەجاڕەکەدا رەت دەبوو، کچە لە پشت درەختەکانەوە دەیڕوانییە رووبارەکە.

کچە کاتێ کە دەڕوانێتە لایەك، زەوی بێ پیتو بەرەکەت دەبینێو کە چاو دەبڕێتە لایەکەی دی رووبەڕووی زەوییەکی پڕ ئاسایشو بە پیتو بەرەکەتە. کچە ئاگای لە چەمکی رەمزی ئەم دوو زەوییە هەیەو دەیانخوێنێتەوە، چونکە ئەوەتا پاش نیگای دووەم دەڵێت:

دەکرا هەموو ئەمانە هیچ ئێمە بوایەن. دەکرا هەموو شتێك هی ئێمە بوایە، لێ رۆژ بە رۆژ زۆرتر لە خۆمان دووریان دەخەینەوە.

ئەم راشکاوییە کوتوپڕەی کچەکە بۆ گەییشتن بە ئاسایشو کەماڵی ژیانە کە دەنگدانەوەی سەدای مەعقولی پیاوەکە لە گوێیدا درۆو پوچەڵ دەنوێنێو دەیگەیەنێتە ئەوپەڕی نائومێدیو بۆیە بە توڕەییەوە حەوت جاران داوا دەکات کە کابرا ئیدی قسە نەکاتو بیبڕێتەوە.

دەشێ ئەو بەشەی چیرۆکەکە کە بە رستەی "دوو ئاینس دل تورومان بۆ بێنە". دەست پێدەکات، لەگەڵ گفتوگۆی "دەستێك یاری شەترەنج"ی قەسیدەی "وێرانە خاك"ی تی. ئیس. ئیلیوتدا بەراورد بکرێ. هەرچەندە ئەم دوو بەشە لە رووی ئامانجو دەستکەوتی هونەریی و ئەخلاقییەوە، لێکدی جیان، لێ لایەنی وێکچوونیان زۆرە، نێوەڕۆکی بێوەری، بێزاری، بێهودەیی و نائومێدی لە ژیان، هەستی لە دەست چوونی شادییەك کە ئیدی بە دەست نایەتەوە، ئاگایی دەربارەی تیشکانی عەشقو خۆشەویستی لە هەردووکیاندا بەدی دەکرێ. سەر زەمینی مردوو، سوتاوو بەردەڵانو ڕەقەن، رەمزی پایەماڵ بوونی سۆزەکان، و ئاو رەمزی شادیو رزگارییە.

"گردەکان وەکو فیلی سپی وان" وەکو "وێرانە خاك" بە لێکدانەوەو تەفسیرێ بژمێردرێ کە وێنەو پێگەو پایەی مرۆڤێك لە جیهانی ئێستادا دەگرێت.

## گۆشەیەكی پاك‌و پڕ رووناكی

### چیرۆكی: هەمینگوای

درەنگ بوو، كەس لە بارەكە نەما بوو تەنیا پیرەمێردێك نەبێ، كە لە سێبەری ئەو گەڵایانەی بەر تیشكی گڵۆپەكان دانیشتبوو، بە رۆژەوە شەقام خۆڵاوی و تەپوتۆز بوو، بەڵام شەو تەپوو تۆزی دەنیشاندەوەو ئەم پیرەمێردە حەزی لێبوو تا دەرنگانێ لەوێ دانیشێت، چونكە كەڕ بوو و لەو كاتەی شەودا ئەوێ كپ‌و بێدەنگ بوو و ،پیرەمێردەكە هەستی بەم جیاوازییە دەكرد. جووتە بۆیەكەی بارەكە چاویان لێی نەدەگواستەوە.

یەكێكیان گوتی: "هەفتەی ڕابردوو دەیویست خۆی لە نێو بەرێ"

"بۆچی؟"

"نائومێد بوو بوو."

"لە چی؟"

"لە هیچ"

"چۆن لە هیچ.؟"

"ئاخر پارەدارە."

لە تەنیشت یەكەوە، لەسەر یەك مێز، رێك لە پاڵ دیواری نزیكی بارەكە، دانیشتبوون‌و دەیانڕوانییە ئەو هەیوانەی كە هەموو مێزەكانی چۆڵ بوون تەنیا ئەو یەكەیان نەبێ كە پیرەمێردەكە لە ژێر سێبەری ئەو گەڵایانەی كە لەگەڵ شنەی بادا دەجولان، لەسەری دانیشتبوو، كیژێك و سەربازێك لەبەر بارەكەوە ڕەتبوون، رووناكی شەقامەكە ژمارە برنجییەكەی یەخەی سەربازەكەی بریقاندەوە. كچەكە هیچی لەسەر نەبوو و شان بە شانی ئەو بەلەز دەڕۆیشت.

یەكێك لە بۆیەكان گوتی: "ئینزیبات دەیگرن."

"قیمەتی نییە، چونكە نێچیری خۆی خستۆتە داوەوە.".

"من دەڵێم باشترە بەرەڵلای شەقامان نەبێ، ئینزیباتەكان بە گیری دێنن. ٥ دەقیقە پێشتر لێرەوە ڕەتبوون".

پیرەمێردەكە، كە لە سێبەرەكەدا دانیشتبوو، بە گڵاسەكەی چەند جارێك لە قاپەكەی بەردەستی دا. بۆیە گەنجەكە چوو بەلایەوە.

"چیت دەوێ؟"

پیرەمێردەكە نیگای كردو گوتی: "یەك پێكی دی."

بۆیەكە گوتی: "مەست دەبیت." پیرەمێردەكە لێی مۆڕ بووەوە. بۆیەكە رێی خۆی گرت‌و رۆییشت.

بە هاوكارەكەی گوت: "خەیاڵی وایە تا سفێدە لێرە بمێنێ. ئیدی خەوم دێت. جارێ نابێ زووتر لە سەعات سێ لە ناو جێگە دابم. كاشكێ هەفتەی بوری خۆی كوشتبووایە".

بۆیەکە قاپێ مەیو دەفرێکی دیکەی بە تاڵی لەسەر مێزی بەر باڕەکە هەڵگرتو هێدی هێدی بەرەو مێزی پیرەمێردەکە ڕۆیی. دەفرەکەی لەسەر مێزەکە داناو گلاسەکەی لەمەی پڕ کرد.

بە کابرای کەڕی گوتی: "بریا هەفتەی پێشوو خۆت فەوت و فەنا کردبوایە!" پیرەمێردەکە بە قامکی ئاماژەی کردو گوتی: "یەك تۆزی دی." بۆیەکە هێندەی خواردنەوە لە گلاسەکە کرد کە سەری کردو بە قەد گلاسی ناو دەفرەکەدا، کە لەسەر یەك دەستە دەفری دی دابوو، هاتە خوارێ، پیرەمێردەکە گوتی: "مەمنونم". بۆیەکە قاپە مەیەکەی بردەوە بۆ باڕەکەو دووبارە لەسەر مێزەکە، لە پاڵ هاوکارەکەیدا، دانیشت و گوتی:

"بۆ دەیویست خۆی بکوژێ ؟"

"من چوزانم!"

"چۆن دەیویست خۆی بکوژێ؟"

"خۆی بە پەتێك هەڵواسێ."

"کێ ڕزگاری کرد؟"

"برازاکەی."

"بۆ ئەم کارەی کرد؟"

"بۆ ڕزگار کردنی روحی."

"چەندی پارە هەیە؟"

"یەك دنیا"

"ئێستا هەشتا ساڵ دەبێت."

"تەمەنو مەمەنی لە مانە زیاترە."

"بریا هەڵدەستاو دەڕۆیی بۆ ماڵی خۆی. عەزرەتمە جارێ زووتر لە سەعات سێ بچمە ناو جێگە. ئەمەش بوو بە کاتی خەو؟"

"تا درەنگانێ دەمێنێتەوە، چونکە حەزی لە بێدارییە."

"جا ئەو تەنیایە خۆ من تەنیا نیم، ژنەکەم لە نێو جێگەدا چاوەڕێی منە."

"ئەویش سەردەمانێ ژنی هەبووە."

"تازە ژن دادی نادات."

"تۆ چوزانی؟ لەوەیە لەگەڵ ژنێکدا وەزعو حاڵی باشتر بێ."

"برازایەکەی پێی ڕادەگات."

"دەزانم. گوتت کە نەجاتی دا."

"من یەك لە باری خۆم حەزم لێ نییە ئەوەندە پیر ببم. مرۆڤی پیر شتێکی پیسە."

"هەموویان وا نین. ئەمە پیرەمێردێکی خاوێنە، کە شت دەخوات نایڕێژێ، تەنانەت ئێستاش، تۆ تەمەشای بکە."

"چاوم پێیدا هەڵنایەت. بریا هەڵدەستاو دەچووەوە بۆ ماڵی خۆی، هەر حیساب بۆ خەڵکانێك کە کارو ژیانیان هەیە، ناکات."

پیرەمێردەکە، گڵاس بە دەست، نیگایەکی سەرانسەری حەوشەکەی کردو، ئەوجا چاوی بڕییە بۆیەکان. ئاماژەی بۆ گڵاسەکەی کردو گوتی: "یەك پێکی دی." ئەو بۆیەی کە پەلەی بوو، خۆی گەیاندە دیار سەری و وەکو ئەو خەڵکە کەودەنانەی کە لە کاتی قسە کردن دەگەڵ مەستان و بێگانان دا هەندێ قسان فڕێ دەدەن، گوتی: ئەمشەو ئیدی نا، پێویستە ئێستا دابخرێ.".

پیرەمێردەکە گوتی: "پێکێکی دی."

بۆیەکە قەراخی مێزەکەی بە خاولی پاك کردەوەو سەری تەکان داو گوتی: "نییە، تەواو بوو.".

پیرەمێردەکە هەستا. دەفرە بەتاڵەکانی بە ئارامی ژمارد. جزدانێکی چەرمی لە بەرکی دەرهێنا، پارەکەی داو نیو پزیتا Peseta بەخشیشی دا.

بۆیەکە ئەوی دەبینی کە شەقامەکەی گرتبووە بەرو دەڕۆیی، پیاوێکی یەکجار پیربوو بە نامکومی ،بەڵام بە ویقارەوە هەنگاوی دەنا.

بۆیەکان پەردەی پشت دەرگاکانیان دادایەوە، ئەو بۆیەی کە پەلەی نەبوو، گوتی: "بۆ نەتهێشت تۆزێکی دی بمێنێتەوە؟ هێشتا دوو و نیو نەبووە."

"دەمەوێ بڕۆمەوە ماڵێ بنووم."

"ساعاتێ دەرنگتر یان زووتر چ فەرقێك دەکات؟"

"بۆ من فەرق دەکات."

"یەك سەعات ناکاتە هیچ."

"تۆش وەکو پیرەمێردان قسە دەکەی. چما ناتوانێت قاپێ بکڕێ و لە ماڵەوە بخواتەوە؟".

"هەموو شوێنێ نابێ بە ئێرە."

ئەو بۆیەی کە ژنی هەبووو نەیدەویست بێ ئینساف کردبێ و تەنیا پەلەی بوو، گوتی: "ڕاست دەکەی هەموو شوێنێ نا بێ بە ئێرە."

"تۆ ناترسیت وا زووتر لە هەر شەوێك بۆ ماڵ دەچییەوە؟"

"تانەم لێ دەدەی؟"

"نە، بابە، سوعبەت دەکەم."

ئەو بۆیەی کە پەلەی بوو، دەرگا ئاسنەکەی داخست و بەدەم هەستانەوە گوتی: "نە ، من متمانەم هەیە. یەك زەڕە بە گومان نیم."

بۆیە پیرەکە گوتی: "تۆ گەنجیت هەیە، متمانەت هەیە، کارو کاسبیت هەیە. هەموو شتێکت هەیە."

"ئەدی تۆ لە چیت کەمە؟"

"لە هەموو شتێك تەنیا کاروکاسبی نەبێ."

"من هەرچییەکم هەیە، تۆش هەتە."

"نەخێر، من هیچ کاتێ متمانەم نەبووە، گەنجیش نیم."

"وێڵی کە بابە، ئەوەندەش دوور مەڕۆ، دەرگاکە قفڵدە."

بۆیە پیرەکە گوتی: "من لەو بنیادەمانەم کە حەزدەکەن تا دەرنگانێ لە بارەکاندا بن، لەلای ئەوانەی کە خەیاڵی خەوتنیان نییە، لەگەڵ ئەوانەدا کە بە شەو پێویستیان بە روناکیو گڵۆپە."

"من دەمەوێ بچمەوە ماڵێو بخەوم."

بۆیە پیرەکە، کە ئیدی خۆی لەبەر کردبوو بۆ ماڵ برواتەوە، گوتی: "ئێمە فەرقمان هەیە، مەسەلە تەنیا گەنجیو متمانە نییە، ئەمانە باشن، شتێك هەیە کە من هەموو شەوێ دەرگە دادەخەمو دەڕۆم نارەحەتم، چونکە لەوەیە کەسێك هەبێ کە پێویستی بەبار هەبێ."

"دەبڕۆ بابە، لەو بارانەی کە تا بەیانی کراوە بن، زۆرە."

"لە قسەکەم حاڵی نابیت، ئێرە بارێکی پاكو دڵگیرە، پڕ روناکییە، روناکییەکەی لە بارە، لە مانەش بترازێ. سێبەری گەڵاشی هەیە."

بۆیە گەنجەکە گوتی: "خوا حافیز."

ئەویدی گوتی: "خوا حافیز." گڵۆپەکەی تەمراندو گفتوگۆکەی لەگەڵ خۆیدا درێژە پێدا. روناکی بەجێی خۆی، بەڵام خۆ دەبێ شوێنەکەش پاكو دڵگیر بێ. ئاهەنگیش نەبێ، نەبێ، بەڵێ، ئاهەنگیش نەبێ بانەبێ. تەنانەت پێویست نییە کە مرۆڤ بە ویقارەوە لە کەنار بارێکدا بوەستێ، وەك ئەوەی کە لەم کاتەی شەودا کارێکی دی نەبێ بکرێ. لە چ دەترسا؟ خۆ چ ترسو مەترسییەك لە گۆڕێ نەبوو. تەنیا هیچێك بوو کە باش دەیناسی.

هەموو هیچێك بووو پیاوێك کە هیچ بوو. تەنیا ئەمە بووو تەنیا پێویستی بە روناکی بوو لەگەڵ کەمێك پاکیو رێكو پێکی.

ژمارەیەك تێیدا ژیاون بێئەوەی هەستیان پێکردبێ. لێ دەیزانی کە هەمووی هیچ بووو دیسان هیچو هیچو هەمدیس هیچ.

ئەی هیچی ئێمە کە لە هیچیدای، ناوت هیچ بێ، قەڵەمڕەوت هیچ بێ ویستی تۆ هیچاو هیچ بێ، وەکو چۆن رەگی لە هیچدایە، لەم هیچەدا، هیچی رۆژانەی خۆمانی پێ عەتا بکەو هیچی ئێمە هیچ مەکە، وەکو چۆن ئێمە هیچەکانی خۆمان هیچ دەکەینو ئێمە لە ناو هیچیدا هیچ مەکە لێ لە شەڕی هیچمان بپارێزە،و دیسانەوە هیچ. سڵاو لە هیچی سەراپا هیچ، هیچ لەگەڵ تۆ دایە.

بزەیەکی کردو لە تەك مێزی بارەکە وێستا کە جەزوەیەکی بە سەرەوە بوو. پێشخزمەت گوتی: "چی دەخۆی؟"

"هیچ"

پێشخزمەتە کە گوتی: "دیسان شتێکی دی."و رووی وەرگێڕا.

بۆیەکە گوتی: "فینجانێکی بچوك."

پێشخزمەت فینجانەکەی بۆ پڕ کرد.

بۆیەکە گوتی: "شەوقی گڵۆپەکە چاكو دڵگیرە لێ بارەکە پاك نییە."

پێشخزمەتی بارەکە تەماشای کرد بەڵام وەڵامی نەدایەوە.

ئەوەندە درەنگ بوو کە ئیدی ماوەی گفتوگۆ نەبوو.

پێشخزمەتی بارەکە گوتی: "فینجانێکی بچوکی دیکەت دەوێ؟"

بۆیەکە گوتی: "نە، مەمنونم."و وەدەرکەوت. حەزی لە نۆشگاو باڕان نەدەکرد، باڕێکی پاك‌و پڕ روناکی شتێکی دی بوو، ئێستا بێئەوەی بیربکاتەوە بەرەو ماڵ‌و ژوورەکەی دەڕۆیی. لە نێو جێگەدا ڕادەکشاو سەرەنجام لە بەرەبەیاندا خەونی لێدەکەوت. بە خۆی دەگوت: "لەوەیە لە بێخەویدا بێ. زۆر کەس دوچاری ئەوەن."

# هەڵسەنگاندنی چیرۆکی
# "گۆشەیەکی پاک‌و پڕ روناکی"
## نووسینی: والیس بان Wallace Ban

ئیرنست هەمینگوای لە چیرۆکی "گۆشەیەکی پاک‌و پڕ رووناکی"دا دوو ئینسان لە تەنیشت یەکدی دادەنێت، ژیانی یەکێکیان وێنە دەگرێ، ئەویتریان ئەم وێنەیە دەبینێ‌و هەست بەهاو خەمی‌و هاو سۆزی دەکات‌و ئەم هەستە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە تەنیایی خۆی وەئاگا بێت‌و وەئاگا هاتنێکی بەزەیی ئامێز. نووسەر کامیراکەی خۆی لە پیرەمێردی بارەکەوە دەگوازێتەوەو بۆیەکە دەخاتە بەر دیدی کامیراکەو لەم رێگەیەوە رووداوی چیرۆکەکە بەرەو ئەم ئاگاییە دەباتە پێشێ. بۆیە گەنجەکە، کە هەمینگوای بەبێ بوونی ئەو ناتوانێ رووداوی چیرۆکەکە پەروەردە بکات، بە سروشت‌و تەبیعەت هەڵەو هەرزەیە، کە لە داستانێکی وا کورت دا جێی خۆیەتی وەها بێ.

ئەگەر ئەو چەند دێڕەی هەوڵی چیرۆکەکە وەلابنەین، جێی خۆیەتی کە چیرۆکەکە بکەین بە سێ بەشەوە، یان وەکو نمایشنامەیەکی کورتی سێ پەردەیی تەماشای بکەین. کاتێ کە پیرەمێردەکە بارەکە بەجێ دێڵێ، بەشی یەکەمی چیرۆکەکە کۆتایی دێت، بە جیابوونەوەی بۆیە گەنجەکە، بەشی دووەمی چیرۆکەکە تەواو دەبێت‌و بەشی سێیەم تا کۆتایی چیرۆکەکە بەردەوام دەبێت.

چەند دێڕی هەوڵ جۆرە پێشەکییەکە کە زەمینەی تیا خۆشدەکرێ، کامیراکە رێك دەخرێ، کات، شوێن‌و قارەمانانی چیرۆکەکە دیاری دەکرێن، پەردە لەسەر دیمەنەکە لادەبرێ.

لێرەدا هەر هەموو رێساو بنەماکانی چیرۆکنووسین بە شێوەیەکی پێویست ڕەچاو کراوە. ئەم کارە تەنیا کاری هەمینگوای، چیرۆکنووسی هوشیارە کە پێی وایە نووسەر دەبێ بە تەواوەتی لە شانۆی چیرۆك، بە دووربێ.

سەرنج بدەن کە کاتێ گفتوگۆ دەست پێدەکات هەمینگوای چۆن بەقنیاتی ئاسایی خۆیەوە، لە ناو هێنانی گفتوگۆ کاران خۆی دوور دەگرێ تا خوێنەر دووچاری بێزاری نەبێ. پێویست بەم کارە ناکات، هەمینگوای تەنیا گفتوگۆکانی وانمان بۆ نەقڵ دەکات‌و ئەم کارە کاریگەری گفتوگۆکان زیاد دەکات. گفتوگۆ لەسەر پیرەمێردەکەیە، وەزع‌و حاڵی ناهەمواری ئەو یەکسەر دەمانخاتە خولیاوە، لە ژیان تێر بووەو هەوڵی خۆ کوژی داوە، بەڵام چونکە دەوڵەمەندە هیچ بیانوو پاساوێکی بۆ تێر بوون لە ژیان نەبووە. سەرنج بدەن کە هەمینگوای هێشتا دیاری ناکات کە کام بۆی ڕستەی "بۆچی" دەڵێت، چونکە ئێمە هێشتا ئاشنایەتیمان دەگەڵ بۆیەکاندا پەیدا نەکردووەو چونکە دەزانین کە بێ پارەیی تاقە پاساوی تێر بوون لە ژیان نییە، هەست دەکەین

ئەو بۆیەی کە دوا ڕستەی گفتوگۆکە دەردەبڕێ یان کەودەنە یان جۆرە هەستێکی گوماناوی سەبارەت بە دروستی بەشەر، لە بوون و سروشتی ئەودا هەیە.

هەمینگوای لە بەندێکی دیکەی چیرۆکەکەدا وێنەیەکی وردی شوێنی چیرۆکەکەمان دەخاتە بەردەم، دوو بۆیەکە ڕێك لە دەرێی دەرکەی باڕەکە دانیشتوون، پیرەمێردەکە لە سێبەرێك دانیشتووە کە لە ئەنجامی تیشکی گڵۆپەکە بۆ سەر گەڵاکان دروست بووە، تێپەڕ بوونی سەربازو کچەکە بە قەراخ شەقامەکەدا ئاماژەیە بۆ دنیایەکی دیکەو چالاکتر، بۆ دنیای گەنجی و سەر مەستی. ئەو گفتوگۆیەی کە پاشتر دەست پێدەکات لە شوێنی خۆیدا زانیاری زیاترمان لەمەڕ شوێنی چیرۆکەکە دەداتێ و کاتێ یەکێك لە دوو بۆیەکە دەڵێت: "قیمەتی نییە، چونکە نێچیری خۆی خستۆتە داوەوە." دیسان هەستدەکەین کە گفتوگۆکار یان سەبارەت بە دروستی مرۆڤ بە گومانە یان بە ڕاشکاوی باوەڕی وایە کە هەر شتێك دەبێ سوودی بۆ مرۆڤێك هەبێ دەنا بێ بەهایە. ئەگەر بە چیرۆکەکەدا بچییەوە، دەردەکەوێ کە ئەمە بۆیە پیرەکەیە کە ئەم ڕستە ئاڵۆزە بە هەڵسەنگاندنەوە بەیان دەکات.

ئێستا کە هەردوو بۆیەکەمان تا ئەندازەیەك ناسی، ڕوو دەکەینە پیرەمێردەکە. پاشماوەی ئەم بەشە تەقریبەن هەمووی دەربارەی ئەوە. لێرەدا هەست بە جۆرە ئاشنایەتییەك هەم دەگەڵ گفتوگۆی دوو بۆیەکەدا، کە دەربارەی پیرەمێردەکەیە، و هەم دەگەڵ خۆیاندا، دەکەین. دانیشتنی پیرەمێردەکە لە سێبەردا جۆرە وێنەگرتنێکە، لەگەڵ ئەمەشدا بە شێوەی خواستن "استعارە" بەکار هاتووەو هەروەها بەکار هێنانی باڕی پاك و پڕ ڕووناکی بۆ خۆی خواستنە، وێڕای ئەوەی کە ئەم سێبەرو باڕە جیاوازییەکی دەگەڵ سێبەرو باڕانی دیدا نییە. ڕوونبوونەوەی مانای ڕەمزی ئەم وێنانە چ شتێك لە واقیعیەتیان کەم ناکاتەوە.

پیرەمێردەکە نەك هەر لە سێبەردا دانیشتووە بەڵکو کەڕیشە، لە تەنیاییەکی نیمچە تەواو دایە، بەڵام هێشتا تەواوی تەواو نییە دەنا پێویست بە خواردنەوەی شتێك نەدەما. بێ خزم و خۆیش نییە، برازایەکی هەیە. پارەشی هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا زۆر پیرەو ناتوانێ لەوەی باشتر سوود لە کاتی خۆی بدینێ، بۆیە گەنجەکە لە دەستی بێزار بووە کە دەڵێت: "مرۆڤی پیر شتێکی پیسە." زۆر پیرەمێردی بە تەمەن هەن کە لەلایەن خەڵکانی دەوروبەریانەوە دەردەکرێن، لەگەڵ ئەمەشدا، وشەی "پیس" وشەیەکی ناشیرین و دزێوەو نیشانەی بێ سۆزییەو کاتێ کە بە تەواوی مەبەستی بۆیەکەمان بۆ دەردەکەوێ، بێ سێ و دوو دەڕەنجێین. بۆیە گەنجەکە ژنی هەیە، متمانەی هەیەو هەروەها جیهانی تایبەتی خۆی هەیە، ئەمەیان جیایە لەجیهانی کارو کاسبی ئەو، تەنیا نییە، کارمان بەوە نییە کە حەزەکانی ئەو تا چ ئەندازەیەك سنووردارە، ئەگەرچی بوونیان "لە پانتایی ژیان"دا ئەو هەستەی لا دروست ناکات کە دڵی بە پیرەمێردەکە بسووتێ و تەنانەت زاتی ئەوەشی پێدەبەخشێت کە بە کابرایەکی کەڕ بڵێ: "کاشکێ هەفتەی بوری خۆت بکوشتبووایە!" جا یان زۆر گەنج و هەرزەکارە یان دیدو بۆچوونی زۆر سنووردارە یان هەردووکیانە. هەمینگوای لێرەدا لە ڕێگەی بەکاری هێنانی وشەی "کەودەن" دەربارەی قسەکانی بۆیە گەنجەکە، خۆی لە چیرۆکەکە هەڵدەقورتێنێ.

بەڵای بۆی دووەم، کە بە تایبەتی وەکو بۆیەکی پیر دێتە ناسین، بێئەوەی چەنەبازی بکات دڵسۆزە، بە سادەیی و ئارامی قسە دەکات.

ئەمە ئەو نییە، بەڵکو بۆیە گەنجەکەیە کە، بەدەرکردنی پیرەمێردەکە، کۆتایی بەم بەشە دێنێ، تۆ بڕوانە کە هەمینگوای بە چ وردییەك چیرۆکەکەی پەرداخ کردووە تا دەگەینە ئەو ئەنجامانەی کە دەبێ خۆمان بیگەینێ، لەگەڵ کورت بوونەوەی گفتوگۆکاندا دیمەنەکەش بەخێرایی دەچێتە پێشێ. لە کۆتایی ئەم بەشەدا، ئێمە "و بۆیەکە"، پیرەمێردەکە دەبینین کە بەرەو کوتایی شەقامەکە دەڕوات.

پیاوێکی یەکجار پیر بوو کە بە نامکومی بەڵام بە ویقارەوە هەنگاوی دەنا.

هەردوو وشەی "نامکومی"و "ویقار" پەیوەندی تەواویان بەم چیرۆکەوە هەیە، چونکە ئەم دوو وشەیە ئاماژەن بۆ نادڵنیایی و نەفس بەرزی پیرەمێردەکەو زەمینە بۆ گەشەکردن و پێشڤەچوونی کردەو رووداوی چیرۆکەکە خۆشدەکەن.

ئێستا کە دوو بۆیەکەمان ناسی، ئیدی هەمینگوای جیاوازییەکانی ئەو جووتەمان بۆ دیاریدەکات: یەکێکیان: "ئەو بۆیەی کە پەلەی نییەو دووەمیان "ئەو بۆیەی کە ژنداره". بۆیە گەنجەکە پەلەیەتی، چونکە ژنی هەیە، بۆیە پیرەکە ژنی نییە، گەنجێتی نییە، متمانەی نییەو نامکومە، ئەگەرچی ناتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە ویقاریشی نییە، بۆیە گەنجەکە زۆر گەنجە – رەنگە تازە ژنی هێنابێ– چونکە بە ئاسانی لە شۆخی و سوعبەتی بۆیە پیرەکە دەڕەنجێ، ئەم جووتە "فەرقیان هەیە."

لێرەدا بۆیە پیرەکە هەندێ وردەکاری چیرۆکەکە بە شێوەی خواستن "استعارە" بەیاندەکات، باسی کەسانێك دەکات کە "شەوان پێویستیان بە گڵۆپە"و پێویستیان بە باڕو هەوای دڵگیرو بەپاکی هەیە. "پاکی"، "رووناکی"، "هەوا"و "دۆستی" ئەمانە کۆمەڵە بەهایەکن کە پیرەمێردەکە لێیان بێ بەشەو دەیەوێن. هەروەها بۆیە پیرەکەش، ئەمانە هەمان "زننەگی"یە کە تاریکی نایهێڵێ و دەیسڕێتەوە، پیرەمێردەکە تەنیا رووناکی ناوێ، بەڵکو سێبەری گەڵاکانیشی دەوێت تا پێکهاتەیەکی گوماناوی بێتە ئاراوە.

بۆیە گەنجەکە، لە ڕاستیدا، کوتوپڕ ون دەبێت وهەر کە خواحافیزی دەکات، بۆیە پیرەکە لەگەڵ خۆیدا درێژە بە گفتوگۆیەکە دەداتو هێندە نابات کە دەزانین باڕەکەی بەجێ هێشتووە لەبەر نۆشگایەکدا وەستاوە. بۆ تاقیبی پیرەمێردەکە بۆ ئێرە هاتووە.

چیرۆکەکە بەڕاستی دەیەوێ تەنیایی و نادڵنیایی بۆیە پیرەکەمان بۆ بگێڕێتەوە، نەك پیرەمێردە کەڕەکە، ئەو بەڵگانەی کە بۆیە پیرەکە بۆ غەمخۆری خۆی هەیەتی دڵتەزێنەو هەر لەم رووەشەوەیە کە هەستدەکەین هەستی بێهودەیی ئەو دەرهەق بە ژیان چەند قوڵە. کاتێ کە لەبەر نۆشگاکەدا دەوەستێ، بزە دەکات، بە رواڵەت سەبارەت بەم پوچی و بێهودەییە جۆرە چاوپۆشییەك لە بوونی ئەودایە، بەڵام گفتوگۆی دەروونی "مەنولۆگ"–کە لیریکییە– بێ پایانی نائومێدی ئەومان بۆ دەگێڕێتەوە، لە کاتێکدا گفتوگۆی دەرەکی "دیالۆگ"، واتە ئەو قسانەی کە لەگەڵ بۆیە گەنجەکەدا دێنە کردن، هەرگیز گوزارشت لەوە ناکات، چونکە ئەم قسانە دەگەڵ

هاوكارەكەیدا ناكات. لێرەدا مانا رەمزییەكانی نۆشگا، رووناكی، سێبەر، باڕو دڵگیری بە شێوەیەكی ورد نەخشی خۆیان ئاشكرا دەكەن. هەنووكە ئێمە هەندێ شتی زیاتر لەخزمەتگوزاری نۆشینگاكە دەزانین و هەر بۆیەش سوعبەتی بۆیە پیرەكە كە دەڵێت: "رووناكی گڵۆپەكە چاك و دڵگیرە بەڵام باڕەكە پاك نییە". بەلای ئێمەوە گوزارشت لە خشونەت و توند خوویی دەكات، لە كاتێكا بەلای خزمەتگوزاری نۆشگەكەوە قسەیەكی تەواو نابەجێیە.

دوو رستەی كۆتایی چیرۆكەكە، كە رووداوەكانی شەوان دەداتە پاڵ "رەنگە لە بێخەوی بێ"، ئەو بیرەمان لا دروست ناكات كە شەوی دواتر شەوێكی باشتر دەبێت، تەنانەت ئەم رستەیە بۆ ئەم مەبەستەش نەگوتراوە. لێ ڕستەی كۆتایی: "زۆر كەس دووچاری ئەوەن"، بە شێوەیەكی بنجبڕ، نائومێدی ئەم بۆیە بە نائومێدی گەلێك لە خەڵكانی دەوروبەرییەوە دەبەستێتەوە.

ئەوەتان بیربێ كە چیرۆكەكە لەسەر ئەوە نییە كە بڵێ دنیا جێیەكی باش نییە، بەڵكو دەڵێت ژیان بۆ هەندێ كەس پوچەڵە، بە تایبەتی بۆ پیاوێكی پیرو كەڕ پوچ و بێهوەیە، نەك بۆ بۆیەكی گەنج كە دەبینێ، دەژنەوێ و تا درەنگانێ كاردەكات، هۆشیاری سەبارەت بە رووداوێكی وەها، هەستی هاودەردی سەبارەت بەو رووداوە و دەرككردنی، ئەو شتانەیە كە "گۆشەیەكی پاكی پڕ رووناكی" لە خوێنەری چاوەڕوانە نەك هەستی نائومێدی.

لەم چیرۆكەدا، هەستی قارەمانەكان هێندە بە وردی داڕێژراوە كە كاتێ پەی بەوە دەبەین كە هەمینگوای چ قسەیەكی لەمەڕ رواڵەتیان نەكردووە ڕادەچڵەكێین. ئاگامان لە ناو دڵیانە، هەستدەكەین كە دەیان ناسین، لێ هیچ شتێك دەربارەی رەنگی چاویان، قژیان و جلەكانیان — جگە لە یەك شێوەیی ئەوان— نازانین. تەنانەت ناویانیش نییە. لەم رووەوە قارەمانانی چیرۆكەكە نەخەملێون.

هەموو وردەكارییەكانی ئەم چیرۆكە وەها هەڵبژێردراوە تا دیوی ناوەوەمان بۆ بگێڕێتەوە، نەك دیوی دەرەوە. جێی خۆیەتی كە بڵێین گەلێك لەوانەی كە "گۆشەیەكی پاك و پڕ رووناكی" دەخوێننەوە، پاش تەواو كردنی هەست دەكەن كە چیرۆكەكەیان "دیتوە".

# ماڵی سەرباز

## چیرۆکی: هەمینگوای

کربز krebs لە کۆلیژی مەزنی میتودیستی Methodist شاری کانزاسەوە Kansas یەکسەر بۆ بەرەی شەڕ. وێنەیەکی هەیە کە لەگەڵ هەڤاڵانی کۆلیژدا گرتوویەتی، هەڤاڵان هەموو یەخەی بەرزو یەك شێوەیان بەستووە. کربز لە ساڵی ١٩١٧دا خۆی لە هێزی دەریایی ناونووس کردو ئیدی پێی نە نایە ئەمریکا تا هاوینی ساڵی ١٩١٩ کە لەشکری دووەم لە روباری ڕاین گەڕایەوە.

وێنەیەکی تری هەیە کە دەگەڵ دوو کیژی ئەڵمانی و سەرجۆخەیەکی دیدا لەسەر روباری راین گرتوویەتی. لە وێنەکەدا جلکی سوپایی کربزو سەرچۆخەکە زۆر تەسك و تەنگە، کچە ئەڵمانییەکان جوان نین‌و راینش لە وێنەکەدا دەرنەچووە .

کاتێ کربز بۆ شاری ئوکلاهۆمای Oklahoma زێدی گەڕایەوە، ئاهەنگ‌و رێ‌و رەسمی پێشوازی قارەمانانی جەنگ تەواو بوو بوو.

کربز زۆر درەنگ گەڕابووەوە. هەڵبەتە پێشوازییەکی شاهانە لەو گەنجانەی شار کرابوو کە چووبوونە خزمەتی عەسکەری ، خەڵکی شادی‌و خۆشییەکی زۆریان نیشاندا بوو. هەنووکە گەرم‌و گوڕییەکە نیشتبووەوە.

خەڵکی دیار بوو کە کەم‌و زۆر کارەکەی کربزیان بە سەیرو کۆمیدی دەزانی کە چەندین ساڵ پاش کۆتایی جەنگ، بەم درەنگە، بۆ وڵات گەڕابووەوە.

کربز، رۆژانی یەکەم کە شوێنانی وەك لێڕەواری بلو Bellou، سواسون Soisson، شامپاین Champagne، ست میهایل Stmihiel، و ئارگون Argonne گەڕابوو، بە هیچ جۆرێ حەزی نەدەکرد باسی جەنگ بکات.

پاشان کەڵکەڵەی باسکردنی کەوتە سەر ، بەڵام چ کەسێك حاڵ‌و حەوسەڵەی گوێگرتنی نەبوو. خەڵکی ئەوەندەیان بیستبوو کە حەقیقەتەکانیان لەلا سوا بوو.

ئەوە بوو کربز گەییە ئەو ئەنجامگیرییەی کە ئەگەر بیەوێ خەڵکی گوێ لە قسەکانی بگرن دەبێ درۆیان هەڵبەستێ و، پاش ئەوەی کە یەك – دوو جاران درۆی کرد، بە خۆیشی لە جەنگ‌و باس‌و گێڕانەوەی جەنگ تەوەلا بوو. هەر ئەو درۆیانە بوونە مایەی ئەوەی کە لە هەموو ئەو شتانەی لە جەنگدا بەسەریدا هاتبوون، بێزار ببێ، هەموو ئەو کاتانەی کە کاتێ بیری دەکەوتنەوە هەستی بە ئارامی‌و ئاسوودەیی دەکرد ( ئەو کاتانەی پڕ بە پڕیان کارێکی کردبوو، یانی کارێك کە بە ئاسانی‌و ئاسایی لە دەستی ئەو دەهات، ئەویش لە کاتێکدا کە دەشیا کارێکی دی بکات). ئێستا چۆنیەتی ئارامبەخش‌و بەهاداری خۆیان لە دەست دەداو پاشان خۆشیان لە دەست دەچوون.

درۆکانی سوا بوون‌و شتگەلێك بوون کە خەڵکانی دیکە دیتبوویان، ئەنجامیان دابوو یان بیستبوویان، ئەم حیکایەتانەی کە لە گیرفانی خۆی دەریدێنان و بە ئاوو تاو دەیگێڕانەوە، مرۆڤ لە هەر سەربازێکی دەژنەوت، درۆکانی تەنانەت لە هۆڵی بلیاردشدا کڕیاریان نەبوو.

ئاشناکانی، کە هەواڵی تێرو تەسەلیان لەمەڕ ژنانی ئەڵمانی ژنەوتبوو. کە لە بێشەکانی ئارگوندا تفەنگیان لە خۆ دەدا "و هەڵبەتە سەریان لەوە دەرنەکردبوو کە ئەم کارەیان لە رووی نیشتمانپەروەرییەوە بووە یان هەر بۆ خۆ نواندن‌و جوانی" روویان لە بیستنی حیکایەتی تفەنگچییە ئەڵمانییەکانی ئەو، کە تفەنگیان لە خۆ نەدا بوو، وەردەگێڕا.

کربز، کە ئەم درۆو زێدەڕۆییانەی بیر دەکەوتنەوە دڵی تێك هەڵدەهات‌و کاتێ کە تووشی کەسێك دەبوو کە چوو بووە خزمەتی سوپایی‌و چەند دەقیقەیەك لە ژووری خۆ گۆڕین قسەی دەگەڵ دەکرد، قیافەی سەربازێکی دەنێو جەمعی سەربازانی دیدا دەگرتە خۆو ئەمە وەزعێك بوو کە هەمیشە حاڵی تێکدەداو دووچاری دڵەڕاوکێی دەکرد. بەمجۆرە، ئەم ساتانەشی لێ دەبوون بە ژەهر.

ئەم کاتە رێکەوتی ئاخرو ئۆخری هاوین بوو کە تا درەنگانێ دەخەوت، پاشان رادەبوو و بە پیاسە بۆ ناوەندی شار دەڕۆیی‌و کتێبێکی لە کتێبخانە وەردەگرت، فراڤینی لە ماڵەوە دەخوارد، لەبەر هەیوانی بەردەم ماڵەکەدا دادەنیشت‌و کتێبی دەخوێندەوە تا تاقەتی دەچوو و پاشان بە پیاسە بۆ ناوەندی شار دەڕۆیی و سەعاتە گەرمەکانی رۆژی لە سێبەری فێنك‌و خەستی هوڵی بلیارد بەسەر دەبرد. شەیدای گەمەی بلیارد بوو. کە عەسر دادەهات بە کلارنێتەکەی خۆی مەشقی دەکرد. پیاسەیەکی بە نێو شاردا دەکرد، شتێکی دەخوێندەوەو دەخەوت.

لە روانگەی جووتە خوشکەکەیەوە هێشتا هەر قارەمان بوو، ئەگەر حەزی لێبوایە، دایکی قاوەڵتی بەیانی بۆ دێنایە ناو جێگەکەی، هەندێجار لە ناو جێگەدا بوو، دایکی دەچووە دیار سەری ، هەندێ شتی لەمەڕ جەنگ دەپرسی، بەڵام حەواسی تەواوی نەبوو. بابیشی ئەهلی قسەو گفتوگۆ نەبوو.

کربز بەر لەوەی بڕوات بۆ جەنگ، هیچ کاتێ بۆی نەبوو ئوتومبیلەکەیان لێخوڕێ. بابی سەرگەرمی کڕین فرۆشتنی دانەوێڵە بوو، حەزی دەکرد هەمیشە ئوتومبیلەکەی لەبەر دەستدابێ، تا ئەگەر پێویستی کردبوایە، کڕیارەکانی بگەیەندبایە گوندو مەزراو شتێکی پێ نیشاندابان. ئوتۆمبیلەکە هەمیشە لەبەردەم بانقی فێرست ناشنال First national دابوو کە بابی لە قاتی دووەمی ئەوێندەرا نووسینگەی هەبوو. ئێستاش پاش جەنگ، ئوتومبیلەکە هەمان ئوتومبیل بوو.

لە شاردا چ شتێك نەگۆڕا بوو جگە لەوەی کیژەکان گەورە بوو بوون.

بەڵام دنیایەکی ئاڵۆزی وەهایان لە یەکێتی بێ بنچ‌و بناوان‌و چەند بەرەکی بێ قەرار، لە دەوری خۆ دروست کردبوو، کە کربز تواناو جورئەتی چوونە ناویانی نەبوو. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا حەزی دەکرد تەمەشایان بکات. کچانی جەوان‌و خشکۆك زۆر بوون. زۆربەیان قژیان کورت کردبووەوە، کە ئەم بۆ سەربازیی چوو تەنیا کچانی منداڵ یان کچانی سووك، قژیان بەو

جۆرە کورت بوو، کچان هەموویان کراسی دوگمەداری یەخە خڕی هۆڵەندی و چاکەتیان لەبەر بوو. مۆدی ڕۆژ بوو. کریز حەزیدەکرد ، کاتێ کە لە دەستی ئەو بەری شەقامەکەوە پیاسەیان دەکرد، لە هەیوانی ماڵەکەیانەوە تەمەشایان بکات، حەزیدەکرد ئەو کاتانە سەیریان بکات کە بەبەر سێبەری درەختەکاندا پیاسەیان دەکرد. زۆری کەیف بە یەخەی خڕی هۆڵەندیانەی کراسەکانیان دەهات کە دەیانخستە سەر چاکەتەکانیان، حەزی لەپاو پێڵاوو گۆرەوییە ئاوریشمینەکانیان دەکرد. حەزی لە قژی کورت و جۆری ڕێکردنیان دەکرد.

کە لە شارا بوو، ئەوەندە مەیلی کچانی نەدەکرد. کە لە بەستەنی خانەی یونانی دەیدتن حەزی لێنەدەکردن. راستییەکەی، حەزی لە خۆشیان نەدەکرد. لە ڕادەبەدەر توێکڵدار بوون، عەوداڵی شتێکی دیکە بوو. حەزی لێبوو دۆستێکی هەبێ لێ تاقەتی نەبوو لەو پێناوەدا کارێك بکات. پیاوی فڕوفێڵ و کەڵەك و سیاسەتبازی نەبوو. میانەیەکی ئەوتۆی دەگەڵ ئاشقێنیدا نەبوو. ئیدی حەزینەدەکرد درۆ بکات. ئەوەی نەدەهێنا. عەوداڵی ئەنجام نەبوو. یانی لە هیچ کارێکدا عەوداڵی ئەنجام نەبوو.

حەزیدەکرد لە دەرێی بازنەی ئەنجامدا بژی. جگە لەمەش، بە ڕاستی عەوداڵی کچ نەبوو، ئەمە لە عەسکەری فێر بوو بوو. هەموو وایاندەنواند کە وەك بڵێی پێویستە مرۆڤ دۆستی کچی هەبێ، کەمو زۆر هەموویان ئەم حاڵەتەیان هەبوو، بەڵام بۆ ئەو وانە بوو. کریز پێویستی بە دۆست نەبوو. سەیرەکە لێرەدا بوو کە مرۆڤ سەرەتا لاف ئەوە لێدەدات کە هەر گوێیان ناداتێ، هیچ کاتێك بیریان لێناکاتەوەو مەحاڵە بەلایاندا بڕوات، بەڵام پاشان بە ئاوو تاو دەڵێت کە بەبێ ئەوان هەڵناکرێ، دەبێ هەمیشە لەگەڵ مرۆڤدا بنو بەبێ ئەوان خەو ناچێتە چاوی بنیادەم.

ئەم قسانە درۆن. یانی لە هەردوو سەرەوە درۆن. پیاو کاتێ پێویستی بەوان دەبێت کە بیریان لێبکاتەوە. ئەمە لە عەسکەرییەوە فێر بوو بوو. پاشان درەنگ یان زوو پیاو هەمیشە یەکێکی لەبەر دەستدا دەبێت. پیاو کە چاوو گوێی بکرێتەوە یەکێکی لە بەردەستدایە. بیرکردنەوەی ناوێ. درەنگ یا زوو وەختی دێ. ئەمە لە عەسکەری فێر بوو بوو.

ئەگەر یەکێك لەوانە بە پێی خۆی هاتبا پێی ناخۆش نەبوو لەگەڵیدا بێ، بەڵام لێرەدا لەشارەکەی ئەودا مەسەلەکە بەم سادەییە نەبوو. دەیزانی کە ناتوانێت بەم ئاسانییە کارەکە ئەنجام بدات. ئەو زەحمەتەی نەدەهێنا. دەگەڵ فەرەنسی و ئەڵمانییەکاندا چ گرفتێك لە کارەکەدا نەبوو. لەگەڵ ئەواندا زۆر بە ئاسانی ئاشقێنی دەکرا. فەرەنسای بیرکەوتەوە ئەوجا ئەڵمانیا. بە شێوەیەکی گشتی، زیاتر خۆشی بە ئەڵمانیادا چوو بوو. حەزی نەدەکرد لە ئەڵمانیا بگەڕاباوە. حەزی نەدەکرد بۆ وڵاتەکەی خۆی هاتباوە. لەگەڵ ئەمەشدا هاتبووەوە، نهوو لە هەیوانی بەر ماڵەوەیاندا دانیشتبوو.

کەیفی بەو کچانە دەهات کە لەو بەری شەقامەکەدا پیاسەیان دەکرد.شێوەو روخساری ئەوانی پێ خۆشتر بوو لە هی کچانی فەڕەنسی و ئەڵمانی، بەڵام دنیای ئەوان ئەو دنیایە نەبوو کە ئەوی تێدا بوو.

حەزی دەکرد یەکێك لەوانە هی ئەو بوایە، لێ ئەو سەریەشەیەی نەدەهێنا، شێوەو روخسارێکی جوانیان هەبوو، کەیفی پێ دەهات، جوان و سەرنج راکێش بوون، بەڵام ئەو پیاوی گفتوگۆ نەبوو، دەترسا لە پڕێکا کارەکە تێك بدات، لەگەڵ ئەمەشدا لە زەتی لە تەمەشاکردنی هەموویان دەبینی، بەڵام ئەوەی نەدەهێنا. بە تایبەتی بۆ ئێستا کە کارەکان بەرەو هەموار بوون دەچوون.

لە هەیوانەکەدا دانیشتبوو و کتێبێکی دەربارەی جەنگ دەخوێندەوە. کتێبەکە ژیاننامە بوو لەگەڵ شرۆڤەی ئەو شەڕانەی کە خۆی بەشداری تێدا کردبوون. لە هەموو ئەو بابەتانە خۆشتر بوو کە تا ئەو کاتانە خوێندبوونییەوە. حەزیدەکرد کتێبەکە وێنەی زۆرتری تێدا بووایە، بە پەرۆش و تاسەوە چاوەڕوانی رۆژێك بوو کە کتێبانی لەو بابەتە بە وێنەی زۆرترەوە بڵاو ببنەوە ئەو هەموویان بخوێنێتەوە. ئێستا خەریك بوو بە ڕاستی هەندێ شت دەربارەی جەنگ فێر دەبوو.

یەك مانگ پاش هاتنەوەی بۆ وڵات، بەیانییەك دایکی هاتە ژووری نووستنەکەی‌و لەسەر تەختەکە دانیشت‌و بەر کۆشەکەی ساف کرد.

گوتی: "هارۆلد Harold دوێ شەو قسەم لەگەڵ بابتدا کرد. بابت پێی ناخۆش نییە عەسران ئۆتومبیلەکە ببەیتە دەرەوە". کربز، کە هێشتا خەواڵو بوو، گوتی: "چی؟ ئۆتومبیلەکە بەرمە دەرەوە؟ بە ڕاست؟"

"ئەرێ، ماوەیەکە بابت گەییوەتە ئەم ئەنجامەی کە هەرکاتێ هەوەست لێ بوو دەتوانی گەشتێك بە ئۆتومبیلەکە بکەی."

"هەڵبەتە دوێشەو باسمان کرد"

کربز گوتی: "بێگومان تۆ ناچارت کردووە."

"خێر، خۆی هات‌و گوتی با دانیشین قسان بکەین."

کربز هەستاو لەسەر تەختەکەی دانیشت: "بەڵام بێگومان تۆ ناچارت کردووە."

دایکی گوتی: "هارۆلد، دێیتە خوارەوە قاوەڵتی بخۆی؟"

کربز گوتی: "کە جلەکانم لەبەر کرد دێم."

دایکی لە ژوورەکە وەدەر کەوت‌و ئەمیش لە کاتێکا کە دەستوچاوی دەشت‌و ردێنی دەتراشی و خۆی لەبەر دەکرد تا بۆ نانخواردنی بەیانی بۆ ژووری نان خواردن بچێت، گوێی لێبوو کە دایکی لە نهۆمی خوارەوە شتی سوور دەکردەوە، لەسەر نانخواردن خوشکەکەی ئەو شتانەی هێنا کە بە پۆستەدا گەیی بوون.

گوتی: "ئێ، هاری خەواڵو، چۆنە وا هەستاویت ؟"

کربز نیگایەکی کرد. خۆشیدەویست. خوشکێکی چاك بوو.

پرسی: "رۆژنامەت هێناوە؟"

کچە، رۆژنامەی کانزاس سیتی ستار City star دایە دەستی، کربز لەفافی رۆژنامەکەی دڕی‌و لاپەڕەی وەرزشی کردەوە.

سەرێکی خستە سەر سوارحی ئاوەکەو خوارەکەشی نا بە قەد قاپی لوبیاکەوە تا بتوانێ بە دەم نان خواردنەوە بیخوێنێتەوە.

دایکی کە لە ئاستانەی دەرکی ئاشخانەکەدا وێستا بوو، گوتی: "هارۆلد تکایە رۆژنامەکە پیس مەکە. کە ستار پیس بێ بابت مەیلی خوێندنەوەی نامێنێ."

کربز گوتی: "پیسی ناکەم."

خوشکەکەی لە پشت مێزەکەوە دانیشت و کەوتە تەماشای ئەو کە رۆژنامەی دەخوێندەوە.

گوتی: "ئەوڕۆ پاش نیوەڕۆ لە حەوشی قوتابخانە یاریمان هەیە. قەرارە من تۆپ هەڵدەم."

کربز گوتی: " بەهـ بەهـ وەزع و حاڵی تیپەکەتان چۆنە ؟"

"من لە زۆربەی کوڕان باشتر تۆپ هەڵدەدەم. پێم گوتوون کە چیت فێرکردووم. کچەکانی دی نابن بە پەنجە تووتەی من."

کربز گوتی: "بەڕاست ؟"

"پێم گوتوون کە تۆ رەفیقی کوڕی منی. مەگەر تۆ رەفیقی من نیت هاری؟"

"بێگومان".

"چما برا ناشێت رەفیقی کوڕ بێ لەگەڵ خوشکدا"

"ئەمەیان نازانم".

"بێگومان دەزانی. ناشێت رەفیقی کوڕی من بی، هاری، کە من ئەقڵم گەیی بێ و تۆش بتەوێ؟"

"هەڵبەتە، ئێستا ئیدی تۆ کچی دۆستی منی."

"بە ڕاستی ڕاستی من دۆستی کیژی تۆم؟"

"هەڵبەتە."

"منت خۆشدەوێ؟"

"هەر مەپرسە"

"هەمیشە خۆشت دەوێم؟"

"بێگومان"

"کەواتە دێی بۆ تەمەشاکردنی یارییەکەی من؟"

"رەنگە..."

"بزانە هاری کەواتە خۆشت ناوێم. ئەگەر خۆشت ویستبام دەهاتی لە حەوشی قوتابخانە تەمەشای یارییەکەی منت دەکرد."

دایکی کربز لە ئاشخانەکەوە بۆ ژووری نانخواردن هات. دوو قاپی بە دەستەوە بوو، لە یەکێکیاندا دوو هێلکەی لە رۆندا سوور کردبووەو پارچەیە "گۆشتی بەراز"ی لەسەر دانا بوو، لەوی تریاندا کێکی دیلاری هێنابوو.

گوتی: "هلن هەستە بڕۆ، من قسەم بە هارۆلد هەیە."

قاپە هێلکەو رۆن و گۆشتەکەی لە بەردەم هارۆلد داناو ، شووشەیەك مرەبای ئەفرای سەرکێکی لە چەکمەجەکە دەرهێنا. ئەوجا لە پشت مێزەکە، بەرانبەر بە هارۆلد دانیشت.

گوتی: "هارۆلد، حەز دەکەم دەقیقەیەك ئەو رۆژنامەیە دابنەی".

کربز، رۆژنامەکەی هەڵگرت و قەدی کرد.

دایکی عەینەکەکەی لابردو گوتی: "هیچ بڕیارێکت بۆ ئایندەت داوە؟"

کربز گوتی: "نە ء".

"پێت وا نییە وەختی هاتبێ؟"

دایکی چ مەبەستێکی خراپی نەبوو. شتێك بوو نیگەران بوو.

کربز گوتی: "بیرم نەکردۆتەوە"

دایکی گوتی: "خوا کاری بۆ یەك بە یەکی بەندەکانی هەیە. لە سەر رووی زەمینی خوا دەستێك نابینی کە بێ کار بێ."

کربز گوتی: "من لەسەر زەمینی ئەودا نیم.

"ئێمە هەموومان لە زەمینی خوداباین."

کربز وەکو هەمیشە ئاشوفتەو پەست بوو.

دایکی لەسەری رۆیی: "هارۆلد، من زۆر نیگەرانی تۆم. من دەزانم چ گومان و ڕاڕاییەك دێنە رێی بنیادەم. دەزانم کە بنیادەم چەند لاوازە. یادمە، باوە گەورەی ئازیزت، کە تەمەنی درێژی بۆ تۆ جێهێشتووە، بابی خۆم، چ شتگەلێکی لەمەڕ جەنگی ناوخۆ دەگێڕایەوە.

و من دوعام بۆ تۆ دەکرد. ئێستاش لە بەیانییەوە تا شەوێ دوعات بۆ دەکەم، هارۆلد."

کربز روانییە چەوری گۆشتەکە کە خەریك بوو لە نێو قاپەکەدا دەیبەست.

دایکی لەسەری رۆیی: "بابیشت نیگەرانە، دەڵێت، وازت لە بەرز فڕییەکانت هێناوە. دەڵێت، چ ئامانجێکت لە ژیاندا نییە. چارلی سیمونز Charley simons، کە لە سونعی تۆ دایە، کارێکی چاکی پەیدا کردووەو خەریکە ژن دێنێ. لاوان هەموویان خەریکن بەخۆیاندا ڕادەگەن، هەمووشیان خەریکە دەگەنە جێیەك. بە خۆت تەمەشا بکە بزانە لاوانی وەکو چارلی سیمونز بەڕاستی خەریکن لە نێو کۆمەڵدا ئیحتوبارو قەدرێك پەیدا دەکەن."

کربز چ قسەیەکی نەکرد.

دایکی گوتی: "هارۆلد، مۆرە مەکە. بە خۆت دەزانی کە خۆشمان دەوێی و ئەم شتانە لەبەر خاتری تۆ دەڵێین تا بزانی کە وەزع و حاڵ چۆنە. باوکت نایەوێ جڵەوی ئازادی تۆ بگرێ.

باوکت حەز دەکات رێت بدات کە ئۆتۆمبیلەکە بەریتە دەرێ و ئەگەر بتەوێ هەندێ لەم کیژە جوانانە سوار بکەیت و سورێك لێ بدەیت، ئێمە یەك دنیا خۆشحاڵ دەبین. ئێمە حەزدەکەین تۆ لە خۆشیدا بی. بەڵام دەبێ هەوەڵجار کارێك بۆ خۆت پەیدا بکەی، هارۆلد، بەڕای باوکت گرنگ نییە لە کوێوە دەست پێك بکەیت. بە قسەی ئەو، هەر کارێك بگری شەریفە. لێ گرنگ دەستپێکردنی کارە. داوای لە من کرد ئەمڕۆ بەیانی قسەت لەگەڵدا بکەم و پاشان بچی بۆ نووسینگەکەی و ئەو بدینی."

کربز گوتی: "تەواو بوو؟"

"بەڵێ، ئازیزم مەگەر دایکی خۆت خۆش ناوێ؟"

کربز گوتی: "نەء ".

دایکی لە پشت مێزەکەوە نیگای دەکرد. چاوانی ئەبڵەق بوون و لە هۆڕژنی گریانی دا.

کربز گوتی: "من کەسم خۆشناوێ."

بێفایدە بوو. نەیدەتوانی قسەکانی دڵی بۆ بگێڕێتەوە، نەیدەتوانی کارێکی وەها بکات کە چاوی دایکی بکرێتەوە. قسەیەکی گەوجانەی کردبوو، تەنیا ئەوی زیز کردبوو. چووە دیار سەری دایکی ودەستی گرت. دایکی دەمووچاوی لە نێو هەردوو دەستی نابوو و ئەشکی هەڵدەڕشت.

کربز گوتی: "مەبەستی خراپم نەبوو. لە مەسەلەیەك تووڕە بووم. لە خۆڕا گوتم خۆشم ناوێی."

دایکی هەر بەو دەقەوە دەگریا. کربز دەستی خستە سەر شانی "دایکە، باوەڕم پێ ناکەیت؟".

دایکی بە ئیشارەتی سەر، گوتی کە باوەڕ ناکات.

"تکا دەکەم، تکا دەکەم، دایکە. تکا دەکەم باوەڕ بکە."

دایکی بە دەم هەنسك هەڵدانەوە گوتی: "باشە."

سەری هەڵبڕی: "باوەڕ بە قسەکەت دەکەم، هارۆلد."

کربز سەری دایکی ماچ کرد. ژنە دەموچاوی نا بە دەموچاوی کربزەوە.

گوتی: "من دایکی تۆم، کە منداڵی شیرە خۆرە بووی دەمنایت بە جگەرمەوە."

کربز قێزی هاتەوەو کەمو زۆر دڵی تێك هەڵهات.

گوتی: "دەزانم، دایکە. هەوڵدەدەم گوێڕایەڵتان بم."

دایکی گوتی: "هارولد، چۆك دابدە با پێکەوە دوعا بکەین."

لە تەنیشت مێزی نانخواردنەکەوە چوکیان داداو، دایکی کربز کەوتە وێرد خوێندن و دوعا کردن.

ژنە گوتی: "ئێستا تۆ وێرد بخوێنە، هارۆلد."

هارولد گوتی: "ناتوانم."

"هەوڵبدە، هارۆلد."

"ناتوانم."

"حەز دەکەیت من لە جیاتیت وێرد بخوێنم."

"بەڵێ."

ئەوە بوو کە دایکی لە بری ئەو دوعای کرد. پاشان هەستان و کربز دایکی ماچکردو لە ماڵ وەدەرکەوت. بۆیە ئەم کارەی کردبوو کە گرێی کارەکان کوێرتر نەبن. چ قسەیەك لەو قسانە کاری لەو نەکردبوو. دڵی بە حاڵی دایکی دەسووتا. ئەو ناچاری کردبوو درۆ بکات. دەچوو بۆ شاری کانزاس تا کارێك پەیدا بکات و خەیاڵی دایکی ئاسودە بێ، لەوەیە بەر لە رۆیشتن دیمەنێکی دیکەی گفتوگۆی تریشی بێتە ڕێ، سەری لە نووسینگەکەی بابی نەدەدا.

ئەم دیمەنەی دەپەڕاند. حەزی دەکرد ژیانی بە هێمنی بگوزەرێ. وەکو چۆن تانهو گوزەرا بوو. بە هەرحاڵ، نهوو هەموو شتێك بوری بوو. بەرەو حەوشی قوتابخانە دەچوو تا لەوێ تەمەشای یاری بیسبۆڵی هلن بکات.

## هەڵسەنگاندنی چیرۆکی: "ماڵی سەرباز"

### نووسینی: ئەریل رۆڤیت

"ماڵی سەرباز" واتا ناونیشانی چیرۆکەکە، وێنەیەکی زۆر ئاشنای ئەمریکا بوو: ساختمانێکی گەورەو وێران بە هەیوانی داروخاوەوە لە داوێنی شارێکدا، کە لێرەو لەوێ گیا دەوری دابووو دانیشتوانەکانی بریتی بوون لە چەند کۆنە سەربازێکی جەنگی ئەسپانیا و ئەمریکا، چەند کەسێکی سوارەی خانەنشین و یەك دوو گەنجی تەپڵچی جارانی جەنگی ناوخۆ. ماڵی سەرباز وەکو کۆمەڵێك گوللەتۆپی ژەنگنی شێوە قوچەکی یان وەکو ستونێکی بیرەوەری کاڵەوە بووی ناو جەرگەی ئاسمانی سەوزی شارێك، بونیادێکی سۆزبزوێن بوو. بۆ میللەتێك کە ئەنجامی جەنگێکی لەگەڵ وولاتێکی بێگانەدا بە شێوەیەکی جدی هەست پێ نەکردبێ و سوپایەکی رێك و پێکی بچوکی هەبووبێ، سەربازی خانەنشین و لە کارکەوتوو بە دیمەنێکی کەم بایەخ دەژمێردرا کە لە نمایشە سوپاییەکان و لە هەراو ئاهەنگی میللی دا دەهێنرایە مەیدان و لەوە بە دواوە فەرامۆش دەکرا. کۆنە سەرباز بە ڕاستی بنیادەمێکی کۆن و بێ کەڵك بووو لە ئەمریکایەکی چالاك و چەلەنگدا کە بە هەموو توانایەکییەوە خۆی بۆ گەشەسەندنی پیشەسازی و پەرەسەندنی کشتوکاڵی و بازرگانی تەرخان کردبوو جێگەو رێگەیەکی نەبوو. لە روانگەی گەشبینییەوە، کۆنە سەرباز وێنەیەکی شایستە بوو بۆ خۆزگە بە ڕابردووی سۆز ئامێزو هاندەرێك بوو بۆ پیرۆزبایی کردن لە خۆ.

بەشداری ئەمریکا لە جەنگی جیهانی یەکەم و ئاکامی پڕ کارەساتی جەنگەکە، دیدو بۆچوونی میللی ئەو کۆمەڵگەیەی نەك هەر تەنیا سەبارەت بە جەنگ و سوپاییانی جاران، بەڵکو سەبارەت بە دروستی ئەتەکێت و داب و نەریتی شارە بچوکەکانیش گۆڕی، ئەم جۆرە گۆڕانکاریانە لەم بابەتە روانینانەدا، کە لە ناوەوە بووە مایەی هێرش، خاوو ناچاری بووو ئەو هێرشانەی کە هەڕەشەی لە داب و نەریتی ریشەداری خەڵکی دەکرد، کاردانەوەیەکی دوژمنانە، تەوس ئامێزو سەر لێ شێواوی بە دواوە بوو. لە دەیەی پاش جەنگدا، ئەو گروپە لە نووسەرانی ئەمریکا، کە پاشان وەکو سەفیرانی ڕۆشنبیری و شایستەی شۆرەتی جیهانی، ئافەرینیان لێکرا، لە سەرەتادا بە ناچاری رێك دژی ئەم جۆرە بەرگرییە کەوتنە هەوڵدان. "ماڵی سەرباز"ی هەمینگوای، کە رێك شەش ساڵ پاش جەنگ نووسراوە، بەشێك بوو لەو هەموو چیرۆك، ڕۆمان، نمایشنامە، شیعرو گوتارانەی کە هێرشیان کردە سەر بەهاو نیزامی کۆمەڵگەیەك کە لە ڕادەبەدەر خووی بە تەمەڵی و تەنپەروەرییەوە گرتبووو خۆ پەسندانەو لووتبەرزانە، بە کارو کردەوەو رەوشتی خۆی فەخر فرۆشی دەکرد. لە پاڵ چیرۆکی "لە زەمانی ئێمەدا ١٩٢٥و هەتاو هەڵدێتەوە ١٩٢٦"ی ئێرنست هەمینگوای دەتوانرێ ناوی ئەم بەرهەمانەش بهێنرێ: والینر ئوهایو ١٩١٩ی شروود ئەندرسن، سێ سەرباز ١٩٢١ی جان دوس پاسوس، ژووری مەزن ١٩٣٢ی کامینگلز، وێرانە خاك ١٩٢٢ی تی، ئیس ئیلیوت، شانازی بە چ بەهایەك ١٩٢٤ی ئەندرسن و ئەستالینگ، هەوەسی ژێر

درەختانی نارەوەن ١٩٢٤ی ئونێل، تراژیدیای ئەمریکا ١٩٢٤ی تیودور درایزر، گتسبی گەورە ١٩٢٥ی سکات فیتز جرالد، و پاداشتی سەرباز ١٩٢٨ی ویلیام فاکنەر.

لایەنی هاوبەشی ئەم بەرهەمانە، کە هەریەکەیان تایبەتمەندیو سەربەخۆیی خۆیی هەیە، هەڵوێستی توندو مکومی ئەوانە دەرهەق ئەوەی ئەم نووسەرانە ناوی دەنەن سەرڤە سەرڤە ڕوانی، مادیگەرایی توندڕەو، چەوسانەوەو ریاکاری ئەخلاقی ژیانی باو.

ئێرنست هەمینگوای، وەکو هارولد کربزی ناو "ماڵی سەرباز"، لە مانگی ١٩١٩/١ بۆ شارەکەی گەڕایەوە، لە کاتێکا هێشتا تەمەنی نەگەیی بووە بیست ساڵان، لە ئەنجامی تەقینەوەی گوللە تۆپێکی ٤٢٠ ملیمەتری نەمساویەکان بە جۆرێ بریندار بوو کە بە دارشەقیشەوە هەر دەلەنگی. هەمینگوای کە بێگومان هەوێنی بەسەرهاتی کربزی لە ئەزموونی خۆیەوە وەرگرتووە، لەوەدا سەرکەوتووە کە ماڵی سەربازی گۆڕین، بۆ ناوجەرگەی کۆمەڵگە بگوازێتەوەو خوێنەرانی راستەوخۆ روو بە ڕووی دژواریی ئەوەی نوێ بکاتەوە، نەوەیەکی نوێ کە ئەزموونی لە چوارچێوەی زەبروزەنگو توندو تیژیدا وای لێکردووە کە پارێزی ساکارانەی کۆمەڵگە، کاری کڕینو فرۆشتنی دانەوێڵەو نوێژی جماعەتی یەکشەمموانی پێ قەبوڵ نەکرێ، ئەو تەنزو تەوسو تانەیەی کە لە ناو نیشانی چیرۆکەکەدا دەخوێنرێتەوە. شێوەی چیرۆکەکەی هەمینگوای پێك دێنێو جوانییەکی بەسوێ بەو نیگەرانییە ئاڵۆزەی دەبەخشێت کە لە ئەنجامی گەڕانەوەی سەربازەکە بۆ وڵات، دروست بووە.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەمەیە کە هەرچەندە ئەدەبیاتی ئەمریکا گەلێك ڕاپۆرو هەواڵی درەوشاوەی لەمەڕ لاوانی خۆی نیشانداوە کە بە دووی چارەنووسدا، وڵاتیان بەجێهێشتووە، بەڵام بە دەگمەن ئەدەبیاتی ئەمریکا راپۆرێکی لەمەڕ گەڕانەوەی ئەم قارەمانانە بۆ نەزمی رۆژانەو رەوتی ئاسایی ژیانی کۆمەڵایەتیو خانەوادەیی بە دەستەوە داوە. ئەو دەرفەتەمان بۆ نارەخسێنرێ تا بزانین ئیس مییلی هرمان ملیڤل یان هاکلبر فینی مارك توین یان هنری ملمینگی ستیفن کرین، دوای ئەوەی قۆناغی خەتەر دەبڕن، چییان بەسەر دێت، لەگەڵ رێزماندا بۆ بایەخی بەرزی ئەزموون وەکو نموود بەخشین بە کەسایەتیو سەنگی مەحەکی بەهاکان، بەڵام ئەم چەشنە ئەزموونە وەکو ئەزموونی تایبەتی تاکی کۆمەڵ وەردەگرینو بەوەی دەزانین کە دەگەڵ یاساو ڕێسا کۆمەڵایەتییەکاندا یەك ناگرێتەوەو بگرە دوژمنانەشە. نەوەی هاوعەسری هەمینگوای هەندێك لە بەرهەمەکانی خۆیان بۆ ئەم دوو پارچەییە بە ئازارەی نێوان دنیای تایبەتیو دنیای کۆمەڵایەتی تەرخان کردو "ماڵی سەرباز" یەکێکە لەو چەند کورتە چیرۆکە کەمانەی کە بابایەکی موغامەرەچیو خۆسەر بۆ پاڵ وەجاخی ماڵەوە دەگەڕێنێتەوەو دەکەوێتە شەرحی نەگونجانو ناسازی نائومیدانەی نێوان قارەمانێك کە نەوو گۆڕاوە، و ژینگەیەکی ئاشنای کۆنو دێرین کە ئیدی بۆ ئەو دەست نادات و جێیەکی نەگونجاوە.

بە خۆڕایی نییە کە هەمینگوای دەست دەداتە وێنەگرتنی بێ جوڵەی تەواوی نێوان خەڵکی شارێکی بچووكو سەربازە دێرینەکەی ئەو شارە. یەکێك لە نووسەرە هەرە بەهرەمەندەکانی ئەمریکا کە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا قاڵ بووەوەو تەواو پێگەیی–و بە پێچەوانەی کربزەوە،

بوو بە قارەمانی خۆشەویستی خەڵك- هەمینگوایە. هەمینگوای یەك دوو ساڵێك پاش بڵاو بوونەوەی کورتە چیرۆکی "ماڵی سەرباز" وەکو پەیڤداری نەوەی گومبووو بە دەسەڵاترین و دیارترین ناوو کەسانێك هاتە ناسین کە، چ لە ژیانداو چ لە هونەردا عەوداڵی ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی نوێ بوون. هەمینگوای، کە ڕەچاوکردنی بنەمای ڕەوشتی شەخسی و کۆمەڵایەتی بە پشتیوانی ڕاستگۆیی و پاکی و سادەیی زمان بە کارێکی کردەنی دەزانی، لە سەرەتاکانی دەیەی بیستدا، لە پاریس، شتی زۆر لە عەزرا پاوەندو گیرترود ئەستاین-ەوە فێر بوو. هەمینگوای عەوداڵی ئەوەبوو تا لە پەخشاندا شێوازێك دابڕێژێ و لە چیرۆکنووسیندا تەکنیکێ بەکاربێنی کە بە تەواوەتی لەگەڵ واقیعییەتی تەجرەبەدا یەك بگرێ و بتوانێ واقیعییەتی ڕاکردوو لە وەڵامی عاتیفی ڕاستەقینە، بۆ هەمیشە بخاتە داوەوە. هەمینگوای لە بری ئەوەی کە بە خوێنەرانی خۆی بڵێ چۆن هەستێکیان هەبێ، لە هەوڵی ئەوەدا بوو تا ڕەگەزو توخمەکانی چیرۆك بە جۆرێك ڕێك بخات کە خوێنەر ناچاربێ بە خۆی وەڵامی شایستە بە دەست بێنێ.

ئێرنست هەمینگوای بۆ وەدەست هێنانی ئەم ئامانجانە، نەزمێکی تایبەتی بە هونەرەکەی خۆی بەخشی و بەبێ منەتی گەلێك لەو شتە ناپێویستانەی توڕدان کە بە شێوە تەقلیدییەکە بۆ نەخشەو کاراکتەر سازی بە پێویست دەژمێردرا. جگە لەمە، ئەو لە بەرهەمەکانی خۆیدا، لەو وەسفە دەردەچێت کە نووسەرانی دیکە بۆ ڕێنوێنی کاردانەوەی خوێنەران پشتی پێ دەبەستن.

هەمینگوای لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕستەیەلی کورتی ئینحباری بێ پێچ و پەنا، وشەی بەدەر لە سنعەت و ڕەوانبێژی ئەدەبی، و گفتوگۆیەکی وشك و هونەریانەوە، دەست دەداتە خوڵقاندنی وێنەی بابەتی بەرچاو کە بە زەبری پەنهانکردنی حەقیقەتی خۆیان ماونەتەوە.

هەمینگوای لە باری خوو خەسڵەتەوە بایەخی بە قارەمانانێك دەدا کە وەکو ئەو "هەمینگوای" خۆیان بۆ وەرزش تەرخان دەکرد و زیاتر ئەو بابەتانەی هەڵدەبژارد کە مەهارەتی بەدەنی و ڕەگەزی خەتەرساز جێگەی تایبەتی تێدا هەبوو، لەبەر ئەمە بوو کە دەربارەی بۆکسێن، گابازی، ڕاوە ماسی و-بە تایبەتی-دەربارەی جەنگی دەنووسی. لە چیرۆکەکانی هەمینگوای دا کەم و زۆر خشونەتی بەدەنی، بە ئاشکرا یان پەنامەکی بەکار دەبرێ، لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم زبری و خشونەتە بە دەگمەن ڕەنگی، ڕەنگدانەوەی سۆز دەگرێتە خۆی. جا لەو پێوودانگەوە کە باوەڕی وابوو بایەخی واقیعی هەر مرۆڤێك لە توانای بەرەنگاربوونەوەی خشونەت و ئازارەکانی خشونەتدایە، بۆیە خشونەت لەلای ئەو چەمکێکی ئەخلاقی لە خۆ گرتبوو. هەمینگوای لە کورتە چیرۆکەکانیا و لە ڕۆمانانی وەك: ماڵاوایی لە چەك ١٩٢٩، زەنگەکان بۆ کێ لێدەدەن ١٩٤٠ و پیرەمێردو دەریا ١٩٥٢، وێنەیەکی ڕۆمانتیکی لەمەڕ ڕووداوێکی حەماسی بەدەستەوە دەدات کە کەم و زۆر لە ئەدەبیاتی سەدەی بیستەمدا تاقانەیە (بێ وێنەیە). ئەنجومەنی هەڵبژاردنی خەڵاتی نۆبڵ کە لە ساڵی ١٩٥٤دا خەڵاتی ئەدەبی نۆبڵی بە هەمینگوای بەخشی و تاکیدی تایبەتی لەسەر "توانای شێوازی" هەمینگوای "لە هونەری چیرۆکی نوێ دا" کرد بە ڕاستی و دروستی سەلماندی کە تەجرەبەی هەمینگوای دەورێکی بەربڵاوی لە تەکنیکی چیرۆکنووسین لە سەرانسەری ئەدەبیاتی جیهاندا بینیوە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو جۆرە شێوازەی ژیان کە شێوازی

چیرۆکی هەمینگوای نیازی دەبڕینی هەیە، بایەخێکی چونیەکی و هاوسانی هەیە. خۆ بەدەستەوەنەدانی راز ئامێزو سیکولوژی رستەکان، بڕیاری بێدەنگ بوونی قارەمانانی چیرۆکەکان لە باسکردنی (افتخار دربند) و باوەڕی تەواو بەم بابەتە کە لە سیستەمی تەکنولوژی و تەکنوکراتی ژیانی تازەدا، جۆرە فەردیەتێکی قارەمانانە لە گینە، ئەمە دەبێ بە نموونەی رەفتاری پڕ جۆش و ئافەرین ئامێزی بەردەم هەزاران خوێنەرو داوایان لێدەکات کە دروستکاربن، دەستبەرداری ئاهو ناڵین بن و ئازاو بوێربن.

چیرۆکی "ماڵی سەرباز" هەرچەندە تەنزی گەڕانەوە بۆ وولات، بە شێوەیەکی دڵگیر نیشان دەدات، بەڵام ئەو تەمومژو ئاڵۆزییەی کە سیمای چیرۆکی هەمینگوایە، لەم چیرۆکەشدا هەیە و خوێنەران تووشی گرفت و دەردی سەر دەکات.. ئەوەی خوێنەر لە کربزو دوورە پەرێزی کربز لە گێڕانەوەی حەقیقەتەکاندا هەڵیدەهێنجی لەوەیە چەمکێکی تەواو پێچەوانە بگەیەنێ. هەندێ کەس بێ باشاری قارەمانی چیرۆکەکە بە رەنگدانەوە و نیشانەی بێ عاتیفەیی یان ترس دەزانن. کربز، کە ئەزمونی جەنگ هەژاندویەتی، دوورە لەو ئارەزووو تاسەیەی کە بتوانێ دژی نموونە و قاڵبە وشکەکانی ژیانی زێدی خۆی یاخی بێ یان لەگەڵیاندا پێکبێ و هەڵبکات.

هەندێکی دی ناتوانن لە رەفتاری کربزدا وەڵامێکی حەساسی ئاوها ببینن و لە بری ئەوە تاکید لەسەر رەزامەندی بێ پایانی ئەو دەکەن کە لە ئەنجامی ئەرکەکانیا، وەکو ماشینی جەنگی کارامە، پێی دەگات و بێ توانایی ئەو لە بەکارهێنانی کارامەیی سوپایی خۆی، لە کاری ئاشتی ئامێزدا، بە ئەنجامی مەنتیقی تەربێت و پەروەردەی ئەو دەزانن. ئەگەر بۆمان نەلوێ بە دروستی تێبگەین کە کربز پیاو کوژە یان ترسنۆک، یان لە دەربڕین و نیشاندانی هەستی خۆیدا لە رادەبەدەر سەرکێشە یان سەرکێشی پێویستی نییە، ئەوا دەبێ ئەو تەخسیرە بدرێتە پاڵ هەمینگوای کە لە وێنەگرتنی قارەمانی چیرۆکەکەیدا لە رادەبەدەر تەمومژی بەکارهێناوە.

چیرۆکەکە دەسەڵاتی سنورداری بە کربز بەخشیوە. ئەگەر لە ماڵ بمێنێ، ئەوا سازشی ئەو دەگەڵ وێستەکانی خانەوادە و ژیانی کۆمەڵایەتیدا، ناچاری دەکات درۆیان بکات، ئەویش "درۆیانی تەواو سواو"، و ئەم درۆیانە، لە جێی خۆیدا، دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەو "چۆنیەتی ئارام بەخش و بە بایەخ"ی ئەزموونێك کە لە یادی ماوە، لە دەست بدات، ئەگەر یەقین و دڵنیایی ئەو سەبارەت بە واقیعەتعی ئەم ئەزموونانە نەمێنێ، لەو حاڵەدا هەموو شتێك لە دەست دەچێت. ئەو دەتوانێ، بەدوای کاردا، بۆ کانزاس بڕوات، لێ چونکە لە مەیدانی کارو کاسبیدا دەست و پێ سپییە، مەعلوم نییە کە چۆن ژیانی تازەو پیشەی تازە، کەسایەتی ئەو دەپارێزێ. لە دنیای هەمینگوای دا تەنیا خەڵکانی پیشەیی، دەلیڤەی ئەوەیان هەیە کە دیوارێکی رێساو داب و نەریتان لە دەوری خۆ بکێشن و لە ناویا وەمێنن و لە هەقارەتی ژیانی رۆژانە بە دووربن. وەرزشکار، سەرباز، پزیشك، قوماربازو هونەرمەند، هەندێ لەو خودان پیشانەن کە بەلای هەمینگوایەوە بە پەناگا بۆ پاراستنی فەردیەت دێنە ژماردن و تواناو سەربەخۆیی روحی لە کۆمەڵگەی تازەدا وەدی دێنن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هەمینگوای لە "ماڵی سەربازدا" کەمتر ئاوڕی لە سروشتی کربز داوەتەوەو زیاتر نیشاندانی ناکۆکی و ناسازی تەواوی نێوان سەربازی

دێرینی هێزی دەریایی و شارێکی بچووکی ڕەچاو کردووە، سەربازێك کە ئەگەر بیەوێ لە ماڵی خۆیدا بمێنێ دەبێ درۆیان هەڵبەستێ و ئەو شارە بچووکەی کە تەحەمولی ناکات تا حەقیقەتە باوەکانی ڕەت بکاتەوە. چیرۆکی "ماڵی سەرباز" کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نیشاندەدرێ و بە نەزمو ئاوازێکی دوور لە هەستو سۆزی فریبۆك نەقڵ دەکرێ، بەیاننامەیەکە لەمەڕ ئەو دژواریانەی کە خەڵکانێکی خودان ئەزموونی جۆراو جۆر لە ساتی مێژوویی گەورەو دەرك نەکردەنیدا لێکدی جودا دەکاتەوە.

## پێشەکیەکی کورت بۆ چیرۆکی گەردانە

هەموو دەزانین نێوی موپاسان هاوواتای چیرۆکنووسییە. ئەم پیاوە لە ساڵی (١٨٥٠)دا لە نورماندی فەرەنسا لە دایك بووە. کە تەمەنی گەییە شەش ساڵان، داكو بابی لێکدی جودا بوونەوە. بەڵام موپاسان لای دایکی مایەوە. لە تەمەنی (١٣) ساڵیدا چووە یەکێك لە قوتابخانە کاتولیکەکانو زۆری نەبرد کە دەرکرا. پاشان چووە قوتابخانەیەکی دیو بە هۆی شیعر گوتنەوە خەڵاتێکی وەرگرت. دەست پێکردنی جەنگی فەرەنساو پروس لە ساڵی (١٨٧٠)دا، وەستانێکی خستە ژیانی ئەدەبی موپاسانەوە. پاش شەڕەکە چوو بۆ پاریس تا کارێکی دەوڵەتی بدۆزێتەوەو کاتی دەست بە تاڵی و بێکاری خۆی بە شیعر گوتن بەسەر بەرێ. لە (پاریس)دا، بە سەرپەرشتی گوستاف فلوبیری وەستای پەخشانی فەرەنسی، کەوتە مەشقی نووسین. زۆری نەبرد کە ڕێزو خۆشەویستی کەوتە نێوان ئەو دووەوە. فلوبیر کە هەستی کردبوو موپاسان بەهرەی شاراوەی هەیە، نووسینی پەخشانی لەلا شیرین کردو چەندین ساڵ بەو پەڕی لە خۆبوردوویییەوە هونەری نووسینی فێر کرد. موپاسان گەلێ وانە لە مامۆستاکەیەوە فێر بوو، کە "هونەری دیتن" وانەی یەکەمی بوو. فلوبیر پێی دەگوت: "هونەری دیتن بە سەبرو حەوسەڵەی دوورو درێژ بە دەست دێت. لە هەر شتێکدا، بەشێکی کەشف نەبوو و نەبینراوو هەیە. ئێمە چاوانی خۆمان بەوە راهێناوە کە تەنیا ئەو شتانە بدینێ کە خەڵکانی دی لە پێش ئێمەوە دیتویانە. تەنانەت لە بچووکترین شتدا، شتێکی نەناسراو هەیە. دەبێ ئەو شتە بدۆزرێتەوەو کەشف بکرێ ".

بەمجۆرە، موپاسان بۆی بە دیارکەوت کە لە هەر کەسێكو لە هەر شتێکدا، شتێك شاردراوەتەوە کە ئەو کەسە یان ئەو شتە لە کەسو شتەکانی دی جیا دەکاتەوە. موپاسان لە جێیەکی دیدا بەزمانی فلوبیرەوە گوتویەتی: "بۆ دەربڕینی هەر شتێك کە دەتەوێ بیڵێی تەنیا یەك وشە، بۆ وەگەڕ خستنی ئەو شتە تەنیا یەك وشە بۆ وەسف کردنی ئەو شتە هەیە، پێویستە ئەو وشەیە، ئەو فەرمانە، ئەو ئاوەڵفەرمانە کەشف بکرێو بدۆزرێتەوە. نابێ بە تەخمینو تەقریب رازی ببی، نابێ پەنا وەبەر فێڵ ببەی، تەنانەت فێڵی هۆشمەندانەش....

موپاسان، ساڵ بە ساڵ هەوڵی دەدا، ئامۆژگارییەکانی مامۆستا بەکار بێنێ. هەموو هەفتەیەك رەشنووسی مەشقەکانی خۆی بۆ ئەو دەناردو بە خۆی یەك شەممەی هەفتەی دواتر بۆ نیوەرۆژەو گوێ گرتن لە رەخنەکانی بۆ ماڵی ئەو دەچوو، موپاسان دەڵێ: "من شیعرم نووسی، چیرۆکی کورت، چیرۆکی درێژ، و تەنانەت شانۆنامەیەکی قێزەوەریشم نووسی، بەڵام هیچ یەکێکیان نەمانەوە."

موپاسان، لە ئاخرو ئۆخری هەفتاکانی سەدەی نۆزدەدا دیدەنی چوار نووسەری تری کرد کە زۆریان ستایشی بەرهەمەکانی ئەمیل زۆلا دەکرد. بۆ ماوەیەك بوو بە ئەندامی گرووپی "یارانی مەدان" کە خۆیان بە ناتورالیست دەزانی "مەدان، گوندێکی نزیکی پاریس بوو کە زۆلاو دۆستەکانی لە خانوویەکدا، لەوێندەر کۆ دەبوونەوە." کاتێك کە گرووپی نێو براو لێڕا بڵاوکراوەیەك بە ناوی "رۆژاواکانی مەدان بە هەمان ناوەڕۆکی بڵاوکراوەی فەرەنساو پروس، بڵاو

بکاتەوە، موپاسانیش لەو کۆڕەدا چیرۆکێکی دەربارەی "قەحپەیەك" خوێندەوە. ئەوانەی کە چ شتێکیان لە مەڕ پێوەندی فلوبیر و موپاسان نەدەزانی، سەریان لە تواناو بە هرەی نائاسایی موپاسان سوڕما. زۆلا، ئیعترافی کرد کە چیرۆکەکەی موپاسان لە چیرۆکەکەی ئەو چاکترە، "یارانی مەدان" چیرۆکەکەی موپاسانیان بە باشترین چیرۆکی کۆمەڵەکە دانا.

دوا بە دوای ئەم سەرکەوتنە بوو کە موپاسان وازی لە کاری فەرمانبەری هێنا. بەرە بەرە لە زۆلا و یارانی مەدان دوورکەوتەوەو هێزو توانای خۆی بۆ نووسین تەرخان کرد: بوو بە نووسەرێکی پیشەیی و لە ماوەی یازدە ساڵدا دەیان وتارو نزیکەی (٣٠٠) کورتە چیرۆك و (٦) رۆمانی نووسی و لەگەڵ ئەمەشدا ژیانێکی کۆمەڵایەتی نا ئارامی هەبوو.

هەندێ لە رەخنە گران وتویانە کە موپاسان تەنیا بینەرێکە کە هەر لە وێنەگرتنی دیوی دیاری ژیاندا بە توانا بووەو لە دیتنی حەقیقەتە شاراوەو نهێنییەکاندا بێ توانا بووە. بەڵام ریتمی خێرای چیرۆکەکانی بە کۆتاییەکی دڵگیر دەگەن کە وێنەیەکی تانە ئامێز لەمەڕ ئەزموونی ژیانی بەشەر بە دەستەوە دەدا، وێڕای ئەوەی کە پتر لە سەدەیەکە مردووە، بەڵام تا ئەمڕۆکەش هەم چیرۆکەکانی و هەم راو بۆچوونەکانی لەمەڕ چیرۆك نووسین، بایەخی خۆیان پاراستووەو رەنگە بۆ سالانێکی دوورو درێژی تریش هەر بایەخی خۆیان لە دەست نەدەن.

# گەردانە

## چیرۆکی: گی دو موپاسان

یەکێك بوو لەو کیژە جوان‌و دڵڕفێنانەی کە دەتوت چارەنووس بە ئانقەست، تۆڕی داوەتە ماڵی فەرمانبەرێکی بچکۆلەوە. چونکە نە جیازی هەبوو، نە هومێدی بە بەشە میرات هەبوو، نە هیچ ڕێیەکی شك دەبرد کە بتوانێ لەگەڵ دەوڵەمەندێکی ناوداردا ئاشنا ببیّ‌و شووی پێبکا. بۆیە ملی بۆ چارەنووس داو مێردی بە فەرمانبەرێکی بچکۆلەی وەزارەتی پەروەردە کرد.

جلوبەرگی سادەی لەبەر دەکرد، پارەی نەبوو جلوبەرگی شیك و فاخیر بکڕێ، بەڵام وەك هەر ژنێك کە پایەی واقیعی خۆی لە دەست دابێ‌. پەست‌و وەڕەز بوو. دیارە ژنان سەر بە هیچ نەژادو ئەسڵێك نین، جوانی‌و شۆخی جێی نەژادو ڕەچەڵەکیان بۆ دەگرێتەوە. شیرینی‌و ناسکی و ئاکار ڕێکی، ژنانی ئاسایی دەگەیەننە ڕیزی پایەی خانمانی بە ئەسڵ و فەسڵ و خانەدان.

هەمیشە ناڕەحەت بوو، چونکە هەستی دەکرد کە بۆ ئەمە خوڵقاوە تا لەزەت لە هەموو جوانی‌و خۆشییەکانی ژیان وەربگرێ. بەدیمەنی رووت‌و ڕەجاڵی ماڵەکەی، بە دیتنی دیوارە چڵکنەکان، کورسییە کۆن‌و شەق‌و شڕەکان، پەردە کۆن‌و تاڵکێشەکان، دڵی دەگوشرا. هەموو ئەم شتانە، ئەم شتانەی کە ژنێکی سادەو ئاسایی گوێی پێ نەدەدان، ئەویان ئازار دەداو خەفەتباریان دەکرد. کە چاوی بە چارەی "برتون"ی کارەکەر دەکەوت کە کاری ماڵەکەی دەکرد، دووچاری نائومێدی‌و پەشیمانی‌و پەرێشانی دەبوو. بەردەرکەی ئارام‌و رازاوە بە پەردەی گرانبەهاو چلچرای برۆنزی جوانی لە بەر چاوی خەیاڵی خۆیدا بەرجەستە دەکرد، لە جیهانی خەیاڵدا دوو نۆکەری تۆکمەی دەبینی کە لەسەر کورسی دەسك داری گەورە دانیشتوون‌و لەبەر سۆپای گەرمدا بە دەم وەنەوزەوە چاوەڕێی دەرچوونی فەرمان دەکەن. موبێلەی ناسك‌و جوانی دەبینی، مێزی جوانی رازاوە بە جەواهیراتی گرانبەهای دەبینی، ساڵۆنی رازاوەی بۆن خۆشی دەبینی کە هەر لایەق بوو بنیادەم ئێوارە وەختان لەگەڵ دۆستانی دڵسۆزی خۆیدا، لەگەڵ پیاوانی قۆزی ژن شێتکەردا، لێی دابنیشێ‌و رازو نیاز بکات.

کاتێك کە بۆ فراڤین یان شێو لە پشت ئەو مێزە خڕەوە کە سێ ڕۆژ بوو، پەردەکەی سەری نەگۆڕا بوو، بەرانبەر بە مێردەکەی دادەنیشت‌و مێردەکەی سەری قاپی شلەکەی لا دەداو بە روویەکی خۆشەوە دەیوت: "ئەڵڵا! گۆشتاو! بەڕاستی بەلەزەتە! لەو خواردنانەیە کە من زۆرم حەز لێیە!" لەو کاتانەدا ئەو بیری لە فراڤینێکی رازاوە، خۆراکی بەلەزەت، جەواهیری پرشنگدار، پەردەی بە نەخش‌و نیگاری پڕ لە پیاوانی زەمانی کۆن‌و باڵندەی عەجایەبی بەرزە فڕی نێو لێرەوارانی خەیاڵی، دەکردەوە. بەخەیاڵ خۆراکی بە لەزەتی نێو قاپی دەوڵەمەندانی بەرجەستە دەکرد. رازو نیازی شیرین‌و دڵگیری ئەو ئاشقانەی دەژنەوت کە بە دەم نان خواردنەوەو لەگەڵ مەعشوقەی لێو بە خەندەی دەکەن‌و ئەوانیش بە نازەوە گۆشتی ماسی سوورەوە کراو بە دەمدا دێنن.

جل‌و بەرگی جوان‌و چاکی نەبوو، جەواهیرو گەوهەری نەبوو، تەنیا دڵی بەو شتانەش دەکرایەوە، هەستی دەکرد بۆ ئەو شتانە خوڵقاوە.

ئاه، چ لەزەتێك لەوە خۆشترە کە دڵان بڕفێنیٚ، خەوی پێوە بدیترێ. ژنان بەغیلی پیٚ بەردن، پیاوان خۆشیان بویٚ! دەستە خوشکێکی دەوڵەمەندی هەبوو کە کاتی خۆی هاوپۆل بوون لەیەك قوتابخانەدا. ئێستا حەزی نە دەکرد بچێتە دیدەنی، چونکە کە لە دیدەنی ئەو دەگەڕایەوە، خەم‌و خەفەتێکی وەهای توش دەبوو، بۆ ماوەی چەند رۆژێك دەگریاو فرمێسکی هەڵدەڕشت.
ئێوارانێك، مێردەکەی بە شادییەوە هاتەوە، زەرفێکی گەورەی بە دەستەوە بوو، وتی: هانیٚ، ئەو هی تۆیە. بە پەلە زەرفەکەی هەڵپچڕی و کارتێکی لیٚ دەرهێنا کە ئەم وشانەی لەسەر نووسرا بوو:

"وەزیری پەروەردەو خانم جورج رامپونۆ، تکا کارن لە ئاغاو خانم لوازل کە داوەتی ئەوانن لە شەوی دوو شەممەی ١/١٨ تەشریف بێنن‌و لە کۆشکی وەزارەتخانەدا ئامادە بن".

ماتیلدا، رێك بە پێچەوانەی پێشبینی مێردەکەیەوە، لە بری ئەوەی کەیف خۆش بیٚ، لە بن لێوانەوەو بە خەمینی وتی: "چی لێبکەم؟"و کارتەکەی بە ساردو سڕییەوە توڕدایە سەر مێزەکە.
مێردەکەی وتی: "بەڵام ئازیز من وام دەزانی زۆر خۆشحاڵ دەبی، ئاخر تۆ هەر لە ماڵەوەی و چ جێیان ناچیت. ئەمە دەرفەتێکی چاکە... تا ئەم دەعوەتنامەیەم وەچنگ خستووە قیر سپی بووە. هەموو فەرمانبەرەکان خوا خوایانە بچن، ئەم دەعوەتنامەیە بە هەموو فەرمانبەرێك نادەن، هەڵیان دەبژێرن. فەرمانبەرانی پایە بەرز هەموو لە وێندەر کۆ دەبنەوە."

ژنەکە نیگای توڕەو پڕ گریانی تیٚ بڕی‌و وتی: "دەباشە من چ جلێك لەبەر بکەم؟!".

بەڕاستی بیری لەمە نەکردبۆوە، بۆیە قیڕوسیای کردو وتی: "بۆچی، ئەو کراسە لەبەر بکە، کە هەموو جار بۆ ئۆپێراخانە لەبەری دەکەیت... خۆ زۆر جوانەو...."

پیاوەکە بە سەر سامی لە قسان وێستا. ژنەکە دەگریا!.... دوو دڵۆپە فرمێسکی درشت بە گۆنایدا دادەخزین.. بەسەر سامی وتی: "ئەوە چییە؟ ئاخر چی روویداوە؟"

ژنەکە بە هەزار حاڵ جڵەوی خۆی گرت‌و بە دەم سڕینی گۆنا تەڕەکانییەوە، بە دەنگێکی هێدی‌و هێمن وتی: "هیچ مادامێکی جلکم نییە، بۆ ئاهەنگەکە ناچم، ئەم کارتەش بدە یەکێك لەو برادەرانەت کە ژنەکەی جلکی باشتری هەیە."

پیاوەکە بە نائومێدییەوە وتی: "ماتیلدا، تۆ راوەستە. تۆ پێم بڵیٚ بزانم کە کراسێکی وەها کە بۆ بۆنەی تریش دەست بدات‌و لەبەر بکریٚ، یانی شتێکی سادەو لەبار، چەندی تێدەچێت؟"

ژنە، تاوێك لەفکران ڕاچوو، لە هزری خۆیدا بۆ نرخێك دەگەڕا کە مێردەکەی پێی قاییل بیٚ، دڵی ئەم فەرمانبەرە چکۆلە پاشەکەوتکارە دانەخورپیٚ‌و هاواری لیٚ هەڵنەستیٚ، سەرەنجام بە دوو دڵییەوە وتی: "نازانم بە تەواوەتی چەندی تێدەچێت، بەڵام پێم وایە بە چوار سەد فرانکێك. جێبەجیٚ بکریٚ."

پیاوەکە، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، چونکە ڕێك چوار سەد فرانکی پاشەکەوت کردبوو، بە تەما بوو تاپڕێکی پێ بکڕێ‌و هاوینی ئاینده، جارجارێك شەمموان لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەیدا کە دەچوونە ڕاوە کێشکان‌و کلاو کوڕە، بۆ دەشتی "نانتێر" بڕوات‌و ڕاوی پێبکات.

وتی: "زۆر چاکە، من چوار سەد فرانکت دەدەمێ، بەڵام تۆش کراسێکی جوانی پێبکڕە."

ڕۆژی ئاهەنگەکە نزیك دەبۆوە، کەچی خاتوو لۆزاڵ، وێڕای ئەوەی کراسەکەی تەواو بوو بوو، هەرمات‌و کزو خەمبار بوو. شەوێك مێردەکەی وتی: "ئەرێ ئەوە چییە؟ بێ تاقەتی. ئەمە دوو سێ ڕۆژە لە بنیادەمەکەی جاران ناچیت."

ماتیلدا وتی: "کە دەبینم هیچم نییە، تەنانەت تاقە موورویەکم نییە بە خۆمیا بکەم، خەریکە دڵم شەق بەرێ. دیارە لە وێندەر زۆر کەم نمود دەنوێنم، بۆیە نەڕۆم باشترە."

مێردەکەی وتی "دەتوانی گوڵ بە خۆتدا بکەی. لەم وەرزەدا باو، باوی گوڵە. دەتوانی بایی دە فراناکان گوڵ بکڕی. ٢-٣ گوڵی زۆر نایابی پێ دێت."

بەڵام ماتیلدا قاییل نەبوو: "نا، هیچ شتێك لەوە ناخۆشتر نییە، مرۆڤ لە نێو کۆمەڵێك دەوڵەمەنددا، هەژارو پەڕپوت دیار بێ."

پیاوەکە لە ناکاودا وتی: "کە بێهۆشین! ئەمەی بۆ چییە، هەڕە نك خاتوو فورستێر"ی دەستە خوشکت و چەند پارچە خشڵێکی بە ئەمانەت لێ بخوازە. خۆ زۆر لێکدی نزیکن."

ماتیلدا لەکەیفاندا هاواری کرد: "ڕاست دەکەی، ئەوم هەر لە بیر نەبوو."

سبەینێ چووە لای دەستە خوشکەکەی‌و گرێی دڵی خۆی بۆ کردەوە. خاتوو فورستێر، خۆی بە ڕاڕەوێکی دەرگا شووشەدا کرد، سەندوقێکی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێنا، دەرکەکەی کردەوەو خستییە بەر دەست دۆستەکەی‌و وتی: "کەرەمکە ئازیزەکەم، کامیانت دەوێ هەڵیبگرە.".

ماتیلدا، هەوەڵجار چەند بازنێکی بەرچاو کەوت، ئەوجا ملوانکەیەکی مرواری‌و پاشان خاچێکی ڤینیسی زێڕی بەدی کرد. لەبەر ئاوێنەکەدا هەموو ئەم خشڵانەی بەخۆیدا کردو تاقی کردنەوە، دڵی نەدەهات دایان بنێتەوە. حەزی نەدەکرد بیانداتەوە. ئەوجا پرسی: "خشڵی ترت نییە؟!"

وتی: "با، تەمەشای ئەمانەش بکە، بزانە کامیانت بە دڵە".

ئەنجام گەردانەیەکی ئەڵماسی یەکجار جوانی، لە نێو قوتویەکی قەدیفەی ڕەشدا بینی‌و سەرنجی ڕاکێشا. لەخۆشیاندا دڵی کەوتە ترپە ترپ. کاتێك کە ملوانکەکەی دەردەهێنا دەستی دەلەرزی. ملوانەکەکەی لەسەر یەخەی کراسەکەیەوە لە مل کرد، لە تەماشا کردنی خۆی تێر نەدەبوو. ئەوجا بە دوو دڵی‌و ناڕەحەتییەوە وتی: "دەتوانی ئەمەم بە ئەمانەت بدەیتێ. هەر ئەمەم دەوێ، هیچی ترم ناوێ".

- "بەڵێ، بەڵێ... بێگومان".

ئەوجا ڕاپەڕی‌و دەستی دەستۆی دەستە خوشکەکەی کردو بە کوڵ‌و دڵ ماچی کرد، پاشان بە گەردانەی ئەڵماسەوە بە پەلە بەرەو ماڵ گەڕایەوە.

شەوی ئاهەنگەکە هات. سەرکەوتنێکی زۆر گەورەی بە دەست هێنا. لە هەموو ژنەکانی دی جوانتر بوو. شۆخ و شەنگو دڵڕفێن بوو، بزەی لە لێوان نەدەبڕا. پیاوان هەموو هەر چاویان لەو بوو، ناویان دەپرسی، هەوڵیان دەدا پێی بناسرێن، بەرپرسانو سەرۆکان هەموو دەیانویست لەگەڵ ئەودا بڕەقسن. تەنانەت سەرنجی خودی وەزیریشی ڕاکێشا.

بە جۆرێك دەڕەقسی لە تۆ وایە حاڵی لێهاتووە. ئاگای لە خۆی نەما بوو. شەوقو زەوقی سەرکەوتن، هۆشی لا نەهێشتبوو. لە نێو تەمتومانی ئەو هەموو کڕنۆشەی بۆ دەبرا، لە نێو شەپۆلی ستایشو ئافەریندا، لە نێو ئارەزووە ورووژاوەکانیا، لە نێو ئەو سەرکەوتنە گەورەیەدا کەئاواتی هەر ژنێکە، دەڕەقسی.

سەعات نزیکەی چواری بەیانی بوو، ماتیلدا لە ئاهەنگەکە هاتە دەرێ. مێردەکەی لە نیوە شەو بە دواوە، لەبەر ژوورێکی چکولەدا لەگەڵ سێ زەلامی دیدا کە ژنی ئەوانیش خەریکی ڕەقسو شادی بوون، خەوتبوو. ژنەکەی گازی کرد، ئەویش هەستاو ئەو پاڵتۆ کۆنەی کە لەگەڵ خۆی هێنا بووی، دا بە شانی ماتیلدا. کۆنە پاڵتۆکە ڕەونەقی جلەکانی دەشکاند، ماتیلدا هەستی بەمە دەکرد، بۆیە دەیویست تا زووە لەوێندەر وەدەرکەوێو ژنەکانی دی کە هەموو خۆیان لە پاڵتۆی فەروو خزاندبوو، بەو حاڵەوە نەیبینن.

مێردەکەی بەر دەمی گرت!!! ڕاوەستە، با بچم گالیسکەیەك بگرم، دنیا ساردە، سەرمات دەبێ".

ژنەکە بەقسەی نەکرد. بەلەز بە قالدرمەکاندا داگەڕا. کە گەیینە سەر شەقامەکە گالیسکەیان دەست نەکەوت. کەوتنە ڕێ، بێهودە ئەو گالیسکەچییانەیان گازدەکرد کە لە دوورەوە تێ دەپەڕین. لە کاتێکدا بەدەم سەرماوە هەڵدەلەرزین، ڕێگەی ڕۆخانەی "سین"یان گرتە بەر. ئەنجام لەوێ گالیسکەیەکی شەقو شڕیان دەست کەوت. لەو گالیسکە فریشقەو کۆنانە بوو کە تەنیا بە شەوان دەردەکەوتنو لە تۆ وایە شەرم دەکەن بە ڕۆژەوە دەربکەونو کۆنی خۆیان بە خەڵکی نیشان بدەن.

گالیسکەکە، گەیاندنییەوە گەڕەکی "شەهیدان". شەکەتو ماندوو بە قالدرمەکاندا سەرکەوتن. سەبارەت بە ماتیلدا هەموو شتێك کۆتایی هاتبوو، بەڵام پیاوەکە بیری لەوە دەکردەوە کە دەبێ بەیانی سەعات دە لە وزارەتخانە بێ.

ماتیلدا پاڵتۆکەی سەر شانی لادا. چووە بەردەم ئاوێنەکە تا جارێکی دی جوانییە شکۆدارەکەی خۆی ببینێ، بەڵام لە پڕ زریکاندی، ملوانکە ئەڵماسەکەی لە مل نەمابوو.

پیاوەکە کە خەریکی جل داکەندن بوو، پرسی: "چییە دیسان؟"

ژنەکە وەکو شێتان رووی تێکرد: "ملوانکەکە، ملوانکەکەی خاتوو فورستێر ون بووە!"

"لوزال" ڕاپەڕی. ڕەنگی لە روو نەما: "چی؟.. چۆن؟.. مەحاڵە! شتی وا نابێ!"

چینەکانی کراسەکە گەڕان، لۆچی پاڵتۆکەیان پشکنی، گیرفانەکان گەڕان، هەموو شوێنەکان گەڕان، بەڵام هیچیان نەدۆزییەوە. ملوانکەکە پەیدا نەبوو، نەبوو.

مێردەکەی پرسی: "کە لە ئاهەنگەکە هاتییە دەرێ لە ملت بوو؟"

"بەڵێ، کە لە هۆڵەکە هاتینە دەرێ لە ملم بوو."

"خۆ ئەگەر لەسەر جادەکە بکەوتایە، گویمان لە دەنگی دەبوو. بێگومان لە نێو گالیسکەکەدا کەوتووە. هەبێ و نەبی لە گالیسکەکەدا کەتووە! ژمارەی گالیسکەکەت گرتووە؟"

"نە، ئەدی تۆ؟"

"نە ".

بە سەرسامی کەوتنە راونینی یەکدی.

لوزال، خۆی گۆڕییەوەو وتی: "دەچم بە هەمان رێدا دەگەڕێمەوە، بەڵکو بیدۆزمەوە."

لە ماڵ وەدەرکەوت. ماتیلدا، هەر بە جلی ئاهەنگەکەوە بێئەوەی ئاگرێك لە ژوورەوەدا هەبێ یان بتوانێ بچێتە ناوجێگە، پەستو بێزارو بێتاقەت، بێئەوەی تەنانەت توانای بیرکردنەوەشی هەبێ، بەدەم چاوەڕوانییەوە خۆی بەسەر کورسییەکدا، دا

لوزاڵ، نزیکەی سەعات حەوتی بەیانی بە دەستی بە تاڵ گەڕایەوە، پیاوە، سەری پۆلیسخانەی دا، نوسینگەی رۆژنامەکانی ئاگادار کردەوە، خەڵاتی مژدانەی دیاری کرد بۆ ئەو کەسەی بۆی دەدۆزێتەوە. سەری کۆمپانیای گالیسکەڕانی دا. هەر شوێنێ جێی مەزەندە بوو بوو، سەری دا، بەڵام بێ سوود بوو.

ژنەکەی ئەو رۆژەی تا ئێوارێ بە ترس و نیگەرانی و دڵەراوکێ بەسەر برد. کەچی لوزال هەمدیس شەکەت و ماندوو، بە رەنگی هەڵبزڕکاوەوە هاتەوە، هیچی دەست نەکەوتبوو. بە ژنەکەی وت: "دەبێت کاغەزێك بۆ خاتو فورستێر بنووسێت کە قولابی ملوانکەکە شکاوەو بردویەتی بۆ لای وەستا تا چاکی بکاتەوە. بەڵکو بەم حاڵە دەرفەتێك پەیدا دەکەین و بۆی دەگەڕێین."

ژنەکە نامەکەی نووسی. هەفتەیەك بوری و بە تەواوەتی ئومێد بڕ بوون.

لوزال، کە هەنوکە پێنج ساڵ پیرتر دەینواند وتی: دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە بەهەر جۆرێك بووە، ملوانکەیەکی بۆ پەیدا بکەین".

رۆژی دوایی قوتووە بە تاڵەکەیان هەڵگرت و بردیان بۆ لای ئەو گەوهەر فرۆشەی کە ناوی لەسەر دیوی ناوەوەی قوتووەکە هەڵکەنرابوو. گەوهەر فرۆشەکە بە دەفتەرەکانیدا چووەوە، وتی: "خانم ئەم ملوانکەیەی لە من نەکڕیوە، پێدەچێ هەر قوتووە بەتاڵەکەم پێی فرۆشتبێ."

خەم و خەفەت پرزەی لێ بڕی بوون، مێشکی خۆیان دەگوشی، لەم گەوهەر فرۆشەوە دەچوون بۆ لای ئەو گەوهەر فرۆش، تا بەڵکو بتوانن ملوانکەیەکی وەها بدۆزنەوە کە تەواو لە ملوانکە ون بووەکە بچێت. تا لە موغازەیەکا، لە "پالس رویال"دا گەردانەیەکیان دۆزییەوە کە رێك لفانەی گەردانە ون بووەکە بوو. نرخی ملوانکەکە چل هەزار فرانك بوو. بەڵام گەوهەر فرۆشەکە بە سی و شەش هەزار فرانکیش دەیدانێ. تکایان لێکرد کە تا سێ رۆژی دی نەیفرۆشێت. هەروەها قەراری ئەوەشیان لەگەڵ کرد کە ئەگەر کڕییان و گەردانە ونبووەکەیان بەر لە کۆتایی مانگی شوبات دۆزییەوە، ئەوا گەردانەکەی خۆی بە سی و چوار هەزار فرانك وەربگرێتەوە.

لوزال، هەژدە هەزار فرانکی لە باوکییەوە بۆ بەجێ مابوو، بڕیاری دا ئەویتر قەرز بکات.

کەوتە قەرز کردن. بەڵام چۆن قەرز کردنێك، هەزار فرانك لەمو پێنج سەد فرانك لەو. "٥" لویس لێرەو "٣" لویس لەوێ.. بەمەرجی قورسو کەمەر شکێن پارەی قەرز کرد. دەستی کەوتە ژێر باری سووخۆران. ئایندەی خۆی خستە مەترسییەوە. قەواڵەی دنیای ئیمزا کرد بێئەوەی دڵنیا بێ کە دەرەقەتی دێ یان نا. دەتوانێ حورمەتی ئیمزاکەی خۆی بگرێ یان نا. هەر چەندە بیری رەنجە ڕۆیی ئایندەو ئەو رۆژە رەشانەی کە چاوەروانیان دەکردو نامرادی رۆحی، ئازاریان دەدا، ئەوجاش هەر خۆی بە موغازەی گەوهەر فرۆشەکەدا کردو سی و شەش هەزار فرانکەکەی هەڵڕشتە بەر دەستی و ملوانکەکەی کڕی.

کاتێ خاتوو لوزال، گەردانەکەی بۆ خاتوو فورستێر بردەوە، بە ساردییەوە پێی وت: "دەبوایە زووتر بتهێنایەتەوە، بەڵکو پێویستم پێی بوایە!".

خاتوو فورستێر، سەری قوتووەکەی هەڵنەدایەوە. خاتوو لوزال هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشا. ئەگەر هەستی بکردایە کە گەردانەکەی گۆڕاوە چی دەوت؟ نەیدەوت خاتوو لوزال ناپاکی لەگەڵ کردووم، دزی کردووە؟!.

نهو، خاتوو لوزال، تامی تاڵی هەژاریو نەداری دەجەرباند. بە هەژاری ئاشنا دەبوو. بەڵام پاڵەوانانە ئەرکی سەر شانی خۆی ئەنجام دەدا. لێبڕا کە دەبێ ئەم قەرزە قورسە بداتەوە، کارەکەرەکەی ئیزن دا. خانووەکەیان چۆڵ کردو ژوورێکی پەرپووتیان بە کرێ گرت.

خاتوو لوزال، بەخۆی ئەرکی قورسی ماڵی گرتە ئەستۆ. بە خۆی چێشتی لێدەنا. قاپو ئامانی دەشوشت. بە نینۆکە ناسك و جوانەکانی چەوری قاپو مەنجەڵو بنی تاوەی دەکڕاندەوە. جلی چڵکنی دەشوشت و بە تەنافییەوە هەڵدەواسین، هەموو بەیانییەك تەنەکەی خۆڵەکەی هەڵدەگرت و بۆ زبڵدانی دەبرد. لەو سەرەوە بە سەتڵێ ئاوەوە سەردەکەوت و لەسەر هەر پلیکانەیەك وچانێکی دەگرت، تا پشوویەك بدات. وەکو خەڵکی کوچەو کۆڵانان، جلی ئاسایی و هەژارانەی لەبەر دەکرد. زەمیلەی هەڵدەگرت و دەچووە بازاڕێ. سەوزەی دەکڕی. گۆشت، میوەی دەکڕی. سەوای دەکرد، لە تاقە پولێکی خۆی خۆش نەدەبوو. سەری هەموو مانگێك چەند کۆمپیالەو قەواڵەیەکیان دەدایەوەو هەندێکی تریان بۆ ماوەی دی تازە دەکردەوە.

مێردەکەی، دوای نیوەڕۆیان دەچووە لای بازرگانێك و بە کرێ کاری لەلا دەکردو جاری وا هەبوو تا درەنگە شەوانێك دەمایەوەو بەڵگەنامەو قەواڵەی بازرگانی پاکنووس دەکردەوەو لە بری هەر پەڕەیەك پێنج پولی وەردەگرت. ئەم ژیانی کولەمەرگییە، دە ساڵی تەواوی خایاند، هەموو قەرزەکەیان، بە قازانجی سوخۆرانیشەوە، دایەوە.

ئێستا خاتوو لوزال، پیر بوو بوو. وەك هەر ژنێکی ئیشکەر، قەبەو دەست و پل زبر بوو بوو. قژی شێواو، تەنورەکانی چرچ و لۆچ، دەستەکانی سوور هەڵگەڕا بوون. کاتێك کە بە شوڕە شوڕ ئاوی بە ژوورەکەدا دەکردو پاشان دەی سڕی، بە دەنگی بەرز قسەی دەکرد، بەڵام هەندیجار، بە تایبەتی ئەو دەمانەی کە مێردەکەی لەدایەرە بوو، لەبەر پەنجەرەکەدا دادەنیشت و بیری لەوە شەوە خۆشە دەکردەوە کە چۆن بوو بوو بە شاگوڵ و شاجوانی ئاهەنگەکەو مایەی سەرنجی ئاهەنگێڕان. باشە ئەگەر ملوانکەکەی ون نەکردبوایە چ دەبوو؟ کێ دەزانێ؟ کە رووداوەکانی ژیان

سەیرنن؟... تاقە رووداوێکی بێ بایەخ دەتوانێ مرۆڤ بەدبەختو چارە رەش یان بەختەوەرو شاد بکات!.

دەمەو ئێوارانێك، پاش هەفتەیەك کاری سەختو قورس، بە مەبەستی پیاسەو بۆ دەرکردنی بێ تاقەتی، لە ماڵ وەدەرکەوتو رووی کردە شەقامی "شانزیلیزێ". لە پڕ چاوی بە ژنێك کەوت کە دەستی منداڵێکی گرتبوو. ئەو ژنە خاتوو فورستێر بوو، هێشتا هەر تەڕو بڕو ناسكو جوانو دڵرفێن بوو..

خاتوو لوزال، ڕاچڵەکی، کەوتە دوو دڵییەوە کە قسەی لەگەڵ بکات یان نا؟ جا بۆ نەیکات؟ نهو کە دوا پولی قەرزەکەیان داوەتەوە، سڵ لە چی بکاتەوە، دەتوانێ بەسەرهاتەکەی لە نووکەوە بۆ بگێڕێتەوە، بۆ نە ء ؟ لێی چووە پێشێو وتی: "ژان... چۆنی..."

خاتوو فورستێر، سەری سوڕما لەوەی کە ژنێکی سادە پۆش بەو جۆرەی گاز دەکات، چونکە نەی ناسی بووەوە، بۆیە بە مینگە مینگ وتی: "بەڵام خاتوون من ئێوە ناناسمەوە... رەنگە تۆ بە هەڵە چووبیت."

"نەخێر، من ماتیلدا لوزال–م".

خاتوو فورستێر بە سەرسامی هاواری کرد: "واخ ماتیلدای بەلەنگاز، چەند گۆڕاوی".

"بەڵێ، لەو ئاخیر جارەوە کە تۆم بینی، رۆژگارێکی تفتو تاڵم بەسەر بردووە، تفتو تاڵ ئەمما تفتو تاڵ، هەمووشی بە هۆی تۆوە."

"بە هۆی منەوە، تێناگەم، مەبەستت چییە؟"

"لە بیرتە کە بە ئەمانەت گەردانەیەکت دامێ تا لە ئاهەنگی ماڵی وەزیردا لە ملی بکەم؟"."

"ئا لە بیرمە، ئێ...؟"

"ئێ ... ونم کرد."

"لێت تێ ناگەم خۆ تۆ هێناتەوە"."

یەکێکی دی بوو، کوتو مت لەوەی خۆت دەچوو. ئەوە دەساڵی خشتە رەنج دەدەینو قەرزی ئەو ملوانکەیە دەدەینەوە. بەخۆت دەزانی بۆ خەڵکانی هەژاری وەکو ئێمە، ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو. بەڵام هەر چییەك بوو، تازە رۆییو تەواو بوو. من بەختیارم کە هەموو قەرزەکەمان دایەوە.

خاتوو فورستێر، لە جێی خۆی وشك بوو: "یانی لە بری گەردانەکەی خۆم گەردانەیەکی ئەڵماست بۆ کڕیومەتەوە؟".

"بەڵێ، ئەدی پێت نەزانی؟ ئاخر بە موو لەوەی خۆت جیاواز نەبوو."

بزەیەکی پڕ شادی، کە لە هەمان کاتدا سادەو غرور ئامێز بوو، کەوتە سەر لێوی.

خاتوو فورستێر کە تەواو غەمگین بوو بوو، هەردوو دەستی دەنێو دەستی خۆی خستنو وتی: "هەی ژارۆ؟ خۆ ملوانکەکەی من ئەڵماس نەبوو، شووشە بوو، ئەوپەڕی پێنج سەد فرانکی دەهێنا!..."

## هەڵسەنگاندنی: چیرۆکی گەردانە

### نووسینی: کلینپ بروکس – روبرت پن وارن

چیرۆکی "گەردانە" بە وەرچەرخانێکی کوت و پڕو لە ناکاو کۆتایی دێت. ئافرەتی یەکەمی چیرۆکەکە، پاش چەندین ساڵ کوێرەوەریو رەنجبێوەری کە لە ئەنجامی گوم بوونی ملوانکە ئەمانەتییەکەوە دووچاری بوو، پەی بەوە دەبات کە ملوانکەکە ئەڵماسی ئەسڵ نەبووە. کەشف بوونی ئەم بابەتە. لە سەرەتادا وا دێتە بەرچاو کە جۆرە فێڵێك بووە. جا بۆ ئەوەی بۆت دەربکەوێ کە ئاخۆ لە کۆتایی چیرۆکەکەدا فێڵ بەکار هاتووە یان نەء ، دەبێ بکەویتە هەڵسەنگاندنو لێکدانەوەی ئەم پرسیارانە:

*– ئایا موپاسان سوودی لەم حەقیقەتەی کە گەردانەکە ساختە بووە وەك خاڵێکی سەرەتایی بۆ پەرەسەندنی چیرۆکەکە وەرگرتووە، یان بە مەبەستی نیشاندانی کۆتاییەکی کتوپڕ لە چیرۆکەکەدا گونجاندوویەتی؟ بە وتەیەکی دی، ئایا لە نێوان ئەم حەقیقەتەی کە گەردانەکە نا ئەسڵەو ئەو حەقیقەتەی دی کە ژنی یەکەمی چیرۆکەکە لە ئەنجامدا خۆی ئەوە کەشف دەکات کە ملوانکەکە نا ئەسڵە، جیاوازییەکی سەرەکی بەرچاو دەکەوێ؟ ئایا لەم چیرۆکەدا، ئەگەر ژنەکە لە ماهیەتی واقیعی گەردانەکە ئاگادار نەبوایەتەوە، خاڵێکی تەنز ئامێز دەچووە سەر چیرۆکەکە؟.

*– مەسەلەی ماهیەتی گەردانەکە وەلا بنێ، هەندێ کەس بێگومان پاش گوم کردنی گەردانەکە، بێ ماتەڵ بوون، ددان بە کاری خۆدا دەنێن. ئایا هۆیەك هەبوو کە ژنەکە ئەم کارە نەکات؟ ئایا غروریٚ "کبریاء " کە لەم مومانەعەیەوە هەڵدەقووڵێ، واقیعییە، مایەی ئافەرینە، یان شتێکی تەواو دەستکردو نا واقیعییە؟ یان ئاوێتەیەکی تەنز ئامێزە لە هەردووکیان؟

*– ئایا چەمكو مەفهومی بنەڕەتی چیرۆکەکە لەسەر بناغەی رووداوی گوم بوونی ملوانکەکە چ ئەسڵ بێو چ نا ئەسڵ، رۆنەنراوە؟ بە گوتەیەکی دی، ئایا ئەم ژنە لەو بابەتە ژنانە نییە کە بە هەر شێوەیەك، ژیانی خۆی لەسەر جۆرە کورت بینییەك، بە وێران کردن دەدەن؟ "بۆ روون بوونەوەی ئەم بابەتە دیقەتی پەرەگرافی چیرۆکەکە بدەن".

جلی سادەی لەبەر دەکرد، پارەی کڕینی جلکی گرانبەهای نەبوو. بەڵام وەکو یەکێك کە پێگەی راستەقینەی خۆی لە دەست دابێ، دڵی تەنگ بوو. چونکە لە دڵی خۆیدا وای بیر دەکردەوە کە جوانی، ناسکیو دڵبەری لە نێو ژناندا، حوکمی سەنگو پایەی هەیەو جێی خانەدانیو ئەسڵو فەسڵ دەگرێتەوەو ناسکی ئاسایی، مەیل بە شتە جوانەکانو سازگاری تەبع تەنیا زنجیرە پلەیەکە کە ژنانی ئاسایی دەخاتە خانەو ریزی ژنانی بە شانو شکۆوە.

*– ئایا موپاسان، رووداوی رێکەوتی گوم بوونی گەردانەکە وەکو هۆیەك بۆ خێرایی بەخشینو توندکردنی رەوتێ بەکار نایەنێ کە لە سروشتو تەبیعەتی ژنی یەکەمی

چیرۆکەکەدا هەیە؟ ئەگەر ئەم بابەتە قەبوڵ بکەین، ئایا نا ئەسڵ بوونی گەوهەرەکە جۆرە رەمزێك نییە بۆ پەیامی چیرۆکەکە؟

*- ئایا بەڵگەیەکمان لە ناو چیرۆکەکەدا هەیە کە بە پێی ئەو بەڵگەیە نووسەر ویستویەتی ئاماژە بۆ گۆڕانی دیدی ژنی یەکەمی چیرۆکەکە بکات؟ ئەگەر وایە، ئێمە لەو رووداوەی کە ئەو "ژنەکە" سەرەنجام دەزانێ نرخی گەوهەرە ئەسڵەکەی داوە، چ ئەنجامێکمان چنگ دەکەوێ؟

*- گوتمان کە کەشف بوونی ئەم هەقیقەتەی کە گەردانەکە ساختەو نا ئەسڵ بووە، هەڵگری پەیامی چیرۆکەکەیە بۆ خوێنەران. کەشف بوونی ئەم بابەتە بۆ خاتوو لوزال چ پەیامێك دەگەیەنێ؟

ئەم چیرۆکە دەرفەتێکی کەم وێنەیە بۆ ئەوەی بابەتی نیشاندانی زەمان لە چیرۆکەکەدا، بخەینە بەر سەرنج. چیرۆکی "گەردانە" خاتوو لوزال، لە تەمەنی گەنجییەوە تا تەمەنی میانە سالّی پیشان دەدا. قۆناغی منداڵیەتی خانم، لە یەك رستەداو، لە پەرەگرافی یەکەمی چیرۆکەکەدا باس دەکرێ‌و سالآنی هەوەڵی شووکردنەکەشی لە پەرەگرافی دووەمەوە تا پەرەگرافی پێنجەم وێنە دەگرێ. ئەوجا زەمەنی ئاهەنگی رەقس‌و سەماکە بە شێوەیەکی تێرو تەسەل لە پێنج دیمەندا نیشان دەدرێ:

گفتوگۆ دەربارەی جل‌و بەرگ.

گفتوگۆ دەربارەی خشڵ.

سەردانی خاتوو فورستێر.

کەش‌و هەوای ئاهەنگی سەماکە.

گەڕان بە دوای گەردانە ونبووەکەدا.

ئەوجا زەمەنی نائومێدی‌و هەژاری‌و قەرزدانەوە کە دە سالآن دەخایەنێ‌و دوو لاپەڕەی چیرۆکەکە داگیر دەکات و سەرەنجام کاتی گرێ ڤەبوون، واتە دیتنی خاتوو فورستێر لە پارکدا، دێ.

وەك لە چیرۆکەکەدا بەدیاردەکەوێ، هاوسەنگی لە نێوان قۆناغە درێژەکانی زەمەن کە بەشێوەیەکی پوختە نیشان دەدرێن‌و قۆناغە کورتەکان کە کەم‌و زۆر بە شێوەی مەیلەو نمایش و راستەوخۆ نیشان دەدرێن، بەرقەرارە لە نیشاندانی قۆناغە درێژەکاندا، کە چاو بە خێرایی پێیاندا تێدەپەڕێ، نووسەر ناچار ئاماژە بۆ گرنگترین حەقیقەت دەکات، حەقیقەتێك کە شیلەی ئەو قۆناغەی گرتۆتە خۆ: خولق‌و خووی خاتوو لوزالی گەنج یان ئەو رێبازەی کە ئەو بە درێژایی دە سالّی مەحرومییەت دەیگرێتە بەر. بەڵام لە پیشاندانی مەیلەو نمایشدا یا دیمەن بە دیمەنی چیرۆکەکە، زەرووری بووە کە رەوتی حەرەکەت لە قۆناغە کورتەکانی زەمەندا نیشان بدرێ، تا خوێنەر بەرە بەرە هەنگاو بە هەنگاو لە کەشف بوونی نا ئەسڵی خشڵەکە نزك بێتەوە. چۆن خاتوو لوزال لێدەبڕێ، لە پارکەکەدا قسان لەگەڵ دۆستە دڵسۆزەکەیدا بکات. چۆن رووبە ڕووی ئەو دەبێتەوە، چۆن ئەم شادییە چاوەڕوان نەکراوەی بۆ دێت کە ئەو ملوانکەیەی کە کڕیویەتی

خاتوو فورستێری فریو داوەو، سەرئەنجام چۆن دوا دیمەن کە پەیامی چیرۆکەکەی گرتۆتەخۆو لە تۆ وایە بە "دیمەنێکی درشت" نیشان دەدرێ، حەقیقەت بۆ خوێنەر دەگێڕێتەوە.

نووسەر عادەتەن لە نەقڵی پوختەدا، شتێکی لە پوختە زیاتر نیشان دەدات: چونکە ئەو بە هەر حاڵ نووسەرەو ئەرکی چیرۆک ئەوەیە کە تێگەیشتنی خۆی لەمەڕ ژیان بڵێتەوە نەک حەقیقەتە رووتەکان بخاتە روو. تو دیقەتی ئەم خاڵە بدە کە چۆن تەنانەت لەو خۆلاسە مەیلەو سادەیەدا کە موپاسان ساڵانی دژوارو تاقەت بەری تێدا وێنە دەگرێ، بە دوو- سێ دەستەواژەی جوانو ئاشکرا چۆنیەتی ژیانی خانەوادەی لوزال بۆ ئێمە روون دەکاتەوە.

نینۆکە ناسکو جوانەکانی خاتوو لوزال "تێکەڵ بە چەوری قاپەکانو بنکڕی تاوەکان دەبوو.". ئەو بەیانیان کاتێک کە بۆ خواردنو شت ئاو دێنێتە سەرێ ناچار "لەسەر هەر پلیکانەیەک هەڵوەستەیەکی دەکرد تا پشوو بدات."

موپاسان پێمان دەڵێ کە خاتوو لوزال بەهێز، تۆکمەو زبربووە. ئەوجا دەنووسێت: "گێسووی ئاڵۆزکاو. تەنورەکانی چرچو لۆچو لە عەمەل کەوتوو، دەستەکانی سوور بوو بوونەوە. بەرز بەرز قسەی دەکردو شوڕە شوڕ ئاوی دەڕشتە ناو ژوورەکە."

بە دەستەواژەی "شوڕە شوڕ ئاوی دەڕشت" هەر دەڵێی ئێمە لە ناوەندەکەدا حازرینو بە چاوی خۆمان خشونەتی خاتوو لوزال دەبینین.

نیشاندانی زەمەن، کە بە زەبری زەمەن چیرۆک پەرە دەسێنێ، لە هەندێک چیرۆکداو تەنانەت لە ژمارەیەک رۆمانیشدا بە دەربڕینی راستەوخۆ یان دیمەن بە دیمەن ئەنجام دەدرێ.

لە هەندێ چیرۆکی تری وەک "گەردانە"وزۆربەی رۆمانەکان، نووسەر ناچارە بە دەستەواژەی راستەوخۆو گێڕانەوەی کورت بکەوێتە نیشاندانی زەمەن.

لە ئەنجامدا ئەم کارە دەستورێکی دیارکراوی نییەو چنینی ئەم دوو شێوەیە لەیەکدا، بەندە بە چۆنیەتی چیرۆکەکە، مەنتیقی دەربڕینی چیرۆکەکەو کاریگەری چیرۆکەکە لەسەر خوێنەر.

چیرۆکی "گەردانە" کە دڵگیرترین چیرۆکی جیهانەو هنری جیمز بە "کەماڵی بچووک"ی ژماردووە، بەوپەڕی لێهاتوویی و وەستایی دەربارەی گەردانەیەکی بە رواڵەت ئەڵماس نووسراوە.

ئەم گەردانەیە لە راستیدا رەمزی کۆمەڵە بەهایەکە کە خاتوو لوزال رۆژگارێک لە سایەیاندا ژیاوە: کۆمەڵە بەهایەک کە وەک گەردانە بە ڕواڵەت ئەڵماسەکە ساختە بوون. ئایا موپاسان نا ئەسڵی و ساختەیی کۆمەڵە بەهایەک نیشان دەدات کە زۆربەی ئێمەمانان لە سایەیاندا ژیاوین ؟.

# تازیە باری

## چیرۆکی: چیخۆف

دنیا گورگ و مێشە. گڵۆپی شەقامەکە تازە هەڵکراون، کلوە بەفری درشت بە دەوری گڵۆپەکان دا گێژ دەخواو وەکو کاژێکی نەرم و ناسك لە سەربان، پشتی ئەسپان، شان و مل و سەرو گوێلاك و کڵاوی بنیادەمان دەنیشێتەوە. ئەیونا پوتاپۆڤ گالیسکەچی لە بەفرا نقوم بووە، لە تاپۆیان دەچێ. تا حەزبکەی خۆی کۆماندووەتەوە. لەسەر کورسییەکەی خۆی دانیشتووەو کەمترین جوڵە ناکات. کە کلو بەفرێك بە رووی دا دەڕژێ، بە ئاستەمیش خۆی تێك نادات، لە تۆ وایە بە پێویستی نازانێ لە خۆیی بتەکێنێ. ئەسپە چکۆلەکەشی یەکپارچە بەفرە، لە جێی خۆی رەق راوەستاوە، لاقەکانی هێندە راست و رەق و بێ جوڵەن ئێژی لە تەختە دروست کراون. لە نزیکەوە لە ئەسپە دارینەی یەك کۆپیکی منداڵان دەچوو. هەڵبەتە بە قوڵی لە فکران ڕاچووە. ئەگەر تۆش لە خزمانی خۆت، لە دەوروبەری ئاشنای خۆت، جیایان کردبایتەوەو تۆڕیان دابایتە ئەم زەلکاوەوە کە پڕە لە گڵۆپی دێوئاسا، ژاوە ژاوو هەراو هەنگامەی تاقەت بەرو خەڵکانی بزێوو بەلەز، چ کارێکت لە دەست دەهات جگە لەوەی لە فکران ڕابچی. ئەیوناو ئەسپە چکۆلەکەی ماوەیەکی زۆرە لە جێی خۆیان نەجوڵاون. بەر لە شام لە ماڵ وەدەر کەوتوون و تا نەو تاقە رێبوارێ بەلایاندا نەهاتووە. تەمتومانی ئێوارێ بەسەر شاردا دادەڕژێ، تیشکی سپیوازی گڵۆپی شەقامەکان درەخشان تر دەبێ. جم و جۆڵ و هەراو هۆریا پتر دەبێ. ئەیونا لەنکاو دەنگێ دەژنەوێ!

گالیسکەچی بۆ جادەی ڤیبورگم بەرە، گالیسکەچی؟

ئەیونا لە جێی خۆی رادەپەڕێ. لە نێوان برژانگە بەفراوییەکانییەوە ئەفسەرێکی پاڵتۆ لەبەر دەبێنێ، کە کڵاوی پاڵتۆکەشی لەسەر کردووە.

ئەفسەرەکە دووبارەی دەکاتەوە: "بۆ جادەی ڤیبورگ! ئەوە خەوتووی هاپۆ؟ جادەی ڤیبورگ!".

ئەیونا، سەرێکی بۆ دەلەقێنێ و وا دەنوێنێ کە گوێی لێیەتی، هەوساری ئەسپەکە بە دەستەوە دەگرێ، توێژاڵە بەفری سەر پشت و سەرو گەردنی ئەسپەکە دەخزێ. ئەفسەرەکە لە گالیسکەکەدا جێی خۆی دەگرێ.

گالیسکەچییەکە، دەکەوێتە نچ نچ تا ئەسپەکەی بخاتە سەر زەوق. گەردنی وەکو قاز قوت دەگرێ و قیت دادەنیشێ. ئەوجا وەکو خووی هەمیشەیی دەکەوێتە قامچی بادان. ئەسپە چکۆلەکەش گەردنی رادەکیشێ و لاقە تەختە ئاساکانی دەجوڵێنێ و بە ناچاری وەڕێ دەکەوێ.

هەرکە وەگەڕ دەکەون، ئەیونا، لە نێو ئاپۆرای بێ سەروبنی خەڵکەکەوە کە عەینی مێرو دێن و دەڕۆن، دەنگێك دەژنەوێ:

"ئەوە چ دەکەی گوێرەکە؟"

"بۆ کوێ، خوا بتباتەوە؟! دەستە راست بگرە".

ئەفسەرەکە بەتوڕەیی: "گالیسکەڕانی نازانی! دەستە ڕاست بگرە."

گالیسکەیەکی تایبەتی تێدەپەڕێ، گالیسکەچییەکەی دەم ڕێژێك جنێوی بۆ ڕەوانە دەکات. ڕێبوارێك بە پەلە لە شەقامەکەوە دەپەڕێتەوە. شانی بەر قەپۆزی ئەسپەکە دەکەوێ. بەفرەکانی سەر قۆڵی دەتەکێنێ و مۆڕەیەك لە کابرای گالیسکەچی دەکات. ئەیونا وەکو لەسەر دەرزی و دڕو دانیشتبێ، لە جێی خۆی توێتکە ناگرێ. وەکو کەسێك بیەوێ هاوسەنگی خۆی بپارێزێ، دەستەکانی دەجولێنێ. وەکو کەسێك دووچاری هەناسەبڕکێ بووبێ بە زاری بەشەوە دەڕوانێتە دەوروبەر. ئەفسەرەکە بەسوعبەتەوە دەڵێ: "کە خەڵکێکی... هیچ و پوچن! لە تۆ وایە هەموو تەگبیریان کردووە کە خۆیان بە تۆدا بکێشن یان خۆیان بخەنە ژێر ئەسپەکەتەوە".

ئەیونا، سەری وەردەگێڕێ. نیگایەکی ئەفسەرەکە دەکا. لێوەکانی دەبزوێن، وا دیارە دەیەوێ شتێك بڵێ. بەڵام تەنیا دەنگێکی نامەفهوم لە زاری دێتە دەرێ.

ئەفسەرەکە دەپرسێت: "ئەوە چ دەڵێی؟"

ئەیونا. بە تۆبزی پێدەکەنێ. بە دەنگی گیراوو زۆر بە زەحمەت دەڵێ: "کوڕەکەم. بارین، هەفتەی پێشوو، عەمری درێژی بۆ تۆ جێهێشت".

"ئەها، یانی مرد، بۆ مرد؟"

ئەیونا، هەموو لەشی ڕووەو نەفەرەکە وەردەگێڕێ و دەڵێ: "خوا دەیزانێ! گوتیان گرانەتایەتی. سێ ڕۆژان لە خەستەخانە کەوت و سەری چوارەم ڕۆژ مرد... ئیدی ئەوە ڤیانی خودێ بوو."

یەکێك لە نێو تاریکییەکەوە هاواری کرد: "وریابە بارگیر هۆشت لە کوێیە پیری خەڵەفاو؟ چما کوێری؟"

ئەفسەرەکە دەڵێ: "خێراکە خێرا، دەنا تا سبەینێ ناگەینە جێ. کەمێك لەزێکە!"

گالیسکەچییەکە، دووبارە گەردن درێژ دەکاتەوە، قیت دادەنیشێت و بەبێ تاقەتییەوە قامچییەکەی بادەدا. چەندین جاری دی سەر وەردەگێڕێ و نیگای نەفەرەکەی دەکات. بەڵام نەفەرەکە چاوانی نوقاندوون و پێدەچێ حەز نەکات گوێی لێبگرێ. گالیسکەچییەکە، نەو نەفەرەکەی لە شەقامی ڤیبورگ داگرتووە.

لەبەر مەیخانەکەدا دەوێستێ. لە سەر کورسییەکەی هەڵدەکورمێ و جوڵە لە خۆی دەبڕێ، جارێکی دی بەرف خۆی و ئەسپەکەی دادەپۆشێ. سەعاتان تێدەپەڕن، سەعاتێ، دووان.... سێ کوڕی هەرزەکار، بەلارە لار لە کاتێکدا دەنگی پێڵاوە قورسەکانیان، لەو شەوەدا دەنگ دەداتەوە، لەوبەری شۆستەکەوە دێن. دووانیان باڵا بەرزو باریکەلەن و سێیەمیان کورتە باڵایەکی قەمووره.

قەمورەکەیان. بە پچڕ پچڕی دەڵێ: "گالیسکەچی، بمان بە بۆ پردی پۆلیس. بە هەر سێکمان دوو "گریڤنیك"ت دەدەینێ".

ئەیونا، هەوسارەکە دەگرێ و نچ نچێك لە ئەسپەکەی دەکات. دوو گریڤنیك کەمە. بەڵام بۆ بابایەکی وەکو ئەو یەك ڕۆبڵ یان پێنج کۆپیك، فەرق ناکا. مادامێکی ئەم چەن نەفەرەی چنگ کەوتووە، ئیدی کەمی یان زۆری پارەکە گرینگ نییە. هەرزەکارەکان بە دەم شەڕەشان و جنێوبارانی یەکدییەوە لە گالیسکەکە نزیك دەبنەوەو دەیانەوێ هەر سێکیان دەیانەوێ لەسەر

کورسییەکە دانیشن، کێیان بە پێوە بوەستێ؟ لێیان دەبێ بە قڕە قڕ. پاش هەراو هەنگامو جنێوو قسەی ناشیرین، لێدەبڕێن کە هاوڕێ قەموورەکەیان لەبەر ئەوەی بچووکترە، بە پێوە بوەستێ.

کابرای قەمور لە پشت گالیسکەچییەکەوە دەوەستێو هەموو هەناسە گەرمەکەی بە پشت ملو سەرو گوێلاکی گالیسکەچییەکەدا دەچێ. لێکدا لێکداش بە دەنگێکی مینگن دەڵێ: "خێراکە، پەلەکە پیرەمێر، توخوا ئەمەش بوو بە گالیسکە! بڕوابکە لە هەموو پترۆزبورگدا لەمە فریشـــــــــــــقەتر پەیـــــــــــــــدا نـــــــــــــــابێ...."

ئەیونا، لە بن لێوانەوە پێدەکەنێ: "ها. ها. ها! ها، ها! دەورو زەمانەیەکی سەیرە...."

"بڕۆ بابە، زەمانە زەمان. لەزێکە. بە تەمای بە خاوە خاوە بڕۆی؟... وا دیارە شەپەلاغت دەوێ؟".

یەکێك لە دوو هەرزەکارەکەی دی دەڵێ: "سەرم دێشێ. دوێنێ شەو منو ڤاسکا لە دونکماسۆڤ، چوار قاپ کۆنیاکمان خواردەوە." هەرزەکارەکەی دی گوتی: "بریا دەمزانی بۆ درۆدەکەی!"

"خوا کوێرم بکات ئەگەر درۆ بکەم."

"بەڵێ، پێویست بە سوێند ناکا، کەی شەممە لە مانگ بڕا باوەڕ دەکەین."

ئەیونا، لە بن لێوانەوە پێدەکەنێ: "ها، ها. کە کوڕگەلێکی بە دەماخو بە کەیفو سوعبەتچین!"

قەموورەکە، بەپەستییەوە دەڵێ: "رێکە هاپۆ."

"تۆ دەتەوێ بمانگەیەنی یان نا، پیرە سەگ؟ توخوا ئەمەش بوو بە گالیسکەڕانی؟ قەمچییەکەت تۆزێ با بدە. توندتر، توندتر، پشتی ئاگردە!

ئەیونا، لەپشتەوە هەست بە هەڵچوونو لەرزینی دەنگی کوڕە قەموورەکە دەکات. گوێی لەو جنێوە مزرانە دەبێ کە هەواڵەی دەکرا. خەڵکی دەبینێ، بەرە بەرە هەستی تەنیاییەکەی لێ دەڕەوێتەوە.

کوڕە قەموورەکە هێشتا هەر جنێو دەدا... واز لە گالیسکەچییەکە دێنێو بە نوکتەیەکی هاوڕێیەکی هێندە دەکۆکێ، دەکۆکێ، خەریکە بخنکێ. دوو هەرزەکارەکەی دی دێنە سەر باسی ئافرەتێك بەنێوی نادیا پتروفنا. ئەیونا، چەند جارێك ئاوڕی پاشەوە دەداتەوەو سەیریان دەکات، چاوەڕێی کەمێك بێدەنگی دەکات، ئەوجا دووبارە ئاوڕدەداتەوەو بە دەنگێکی تکا ئامێزەوە دەڵێ : "ئەم هەفتەیە کوڕەکەی من... ئەم هەفتەیەی پێشوو مرد."

قەموور،پاش چەند کۆکەیەك، دەمو لێوی پاك دەکاتەوەو، ئاهێك هەڵدەکێشێو دەڵێ: "خێراکە هاپۆ، مردن برا گەورەیە، هەموومان هەر دەمرین. کوڕینە بەڕاستی تاقەتم چوو، ئەمە نەبوو بە گالیسکەڕانی. ئەم کابرایە کەی دەمانگەیەنێ، خوا بیباتەوە؟"

" گەردنی لەبەر دەستتە، ماتەڵی چیت؟"

پیرە سەگ، خۆ گوێت لێیە چ دەڵێ؟ حەزدەکەی گەردنت بشکێنم! پیاو بەپێ بڕوا لەم حاڵە چاکترە، گوێت لێمە؟ هاپۆ یادگار، خەوتووی یان بێدار؟ خۆ ناشێت لەم گوێیەتەوە بێتو لەوی دییەوە بڕوات".

ئەیونا، لەبری ئەوەی بەو هەموو تەوس و تانەو تەشەرەیان دڵگران بێ، کە گوێی لە دەنگیان دەبێ، بە پێکەنینەوە دەڵێ: "ها، ها. کە گەنجی قۆشمەو سوعبەتچین، خوا لە کەموکوڕیتان ببورێ!"

یەکێك لە هەرزەکارەکان دەپرسێت: "گالیسکەچی تۆ ژنت هەیە؟"

"من؟ ها، ها، لاوانی بێخەم! ژنی من تەنیا بستێك زەوی شێدارە... هەی دادو بێداد... مەبەستم گۆڕە گۆڕ. کوڕەکەم قەزاو بەڵای ئێوەی برد، کەچی من ماوم... سەیرە، مەرگ بە هەڵە لە دەرگای داوە، لە بری من بەرێتەوە، کوڕەکەمی بردەوە...."

ئەیونا، روو وەردەگێڕێ تا سەربردەی مەرگی کوڕەکەی بگێڕێتەوە، رێك لەم کاتەدا قەموورەکە هەناسەیەك هەڵدەکێشێ و دەڵێ: "سوپاس بۆ خوا، ئاخرییەکەی گەیشتین."

ئەیونا، کرێکەیان لێ وەردەگرێ. تا لە تارکییەکەدا ون دەبن. هەر تەمەشایان دەکات.. جارێکی دی تەنیایی و بێدەنگی گەمارۆی دەدەنەوە. ئەو خەمەی کە بۆ ماوەیەکی کەم رەهای کردبوو، بۆی دەگەڕێتەوە و لە جاران توندتر چنگ دەخاتە دڵی. بەنیگای نیگەران و لەزەوە، چاو بە نێو ئاپورای خەڵکەکەی هەردوو بەری شەقامەکەدا دەگێڕێ، تا کەسێك پەیدا بکات کە گوێی لێ بگرێ. خەڵکی بێ گوێدان بەوو بەنیگەرانی ئەو بەپەلە تێدەپەڕن. خەمی ئەو، بارێکی لە ڕادە بەدەر گرانە، لەوەیە ئەگەر دڵی شەقبەرێ و خەمەکەی هەڵبرێژێ، هەموو دنیا غەرق بکات. کەچی ئەو خەڵکە تێدەپەڕن و هەست بە کڵۆڵی ئەو ناکەن. خەم لە جێیەکی وەهادا خۆی قایم کردووە کە هیچ کەسێك، تەنانەت بە رۆژی روناکیش، نەتوانێ بیدینێ.

ئەیونا، کۆڵبەرێك لە پەنای چەند گۆنییەکدا دەبینێ و لێدەبڕێ، قسەی لەگەڵدا بکات. دەرگاوانێك دەبینێ...

– هاوڕێ سەعاتمان کردووە بە چەند؟

– لە نۆ رەت بووە. ئەوە بۆ لێرە وەستاوی. بچۆ ئەولاتر.

ئەیونا، تۆزێ دوردەکەوێتەوە. دوولۆ دەبێتەوە و تەسلیمی خەم دەبێ. هەست دەکات، رووکردنە بنیادەمان و چاوەڕوانی کۆمەك لەوان بێهودەیە. دوای پێنج دەقیقە، قیت دادەنیشێت، وەکو یەکێك ئازار کەوتبێتە گیانی، سەرهەڵدەبڕێ و تەکانێك بە هەوسارەکە دەدا. ئیدی سەبری لەبەر دەبڕێ. تەویلەی بیر دەکەوێتەوە. ئەسپە چکۆڵەکەشی وەکو ئەوەی لە مەبەست و نیازی حاڵی بووبێ، بە چوار ناڵە دەکەوێتە ڕێ.

ئەیونا، پاش سەعات و نیوێك، لەبەر سۆپایەکی گەورەی پیسدا رۆدەنیشێ. خەڵکی بە چوار دەوری سوپاکە و لەسەر تەختەکاندا لە پرخەی خەودان. هاڵاوی گەرمی سۆپاکە، پیاو تەنگە نەفەس دەکات.

ئەیونا، نیگایەکی خەڵکە نوستووەکە دەکات، بەدەم خۆ خوراندن و هەڵکڕاندنەوە، پەژیوان دەبێ لەوەی کەوا زوو هاتووە. لە دڵی خۆیدا دەڵێ: "تەنانەت پارەی ئالیکەکەشم پەیدا نەکرد. ئەمەیە خەمی گەورە، کە پیاو ئەرکی خۆی جێبەجێ بکا هەم خۆی تێر دەخواو هەم ئەسپەکەی

هەست بە ئاسودەیی دەکات. خەڵکی کە تێر بەسکی خۆیان خواردبێ و ئەسپەکانیان تێربێ، باشیش دەخەون."

گالیسکەچییەکی گەنج، لە خەو ڕادەبێ و بۆ شوێنی ئاوی خواردنەوە دەچێ.

ئەیونا، دەپرسێت: "تینوتە؟"

– بەڵێ، دەمەوێ ئاو بخۆمەوە.

– نۆشی گیانت بێ.. دەزانی هاوڕێ، کوڕەکەم مرد... گوێت لێم بوو؟ ئەم هەفتەیە لە نەخۆشخانە.. بەسەر هاتەکەی دورو درێژە."

ئەیونا، تاوێك سەیری دەکات، تا کاریگەری قسەکانی خۆی بەدی بکات. بەڵام چ شتێك لە گۆڕێ نییە، کوڕە گەنجەکە سەری خۆی داپۆشیوەو خەوتوەتەوە. پیرەمێردەکە ئاهێك هەڵدەکێشێ و سەری دەخورێنێ. چەند کوڕە گەنجەکە تینوی ئاو بوو، ئەمیش ئەوەندە تێنوی قسە کردنە. چی وای بۆ هەفتانەی مەرگی کوڕەکەی نەماوە. کەچی تانهو نەیتوانیوە باسی مردنەکەی بۆ چ کەسێك بکات. مرۆڤ دەبێ بە هێواشی و بەوردی باسی بکات و بیگێڕێتەوە: چۆن لە پڕ کەوت و ئیدی ڕاست نەبووەوە ؟

چ دەردو ئازارێکی بەسوێی چەشت؟ بەر لە مردن چ قسە گەلێکی کرد و چۆن مرد؟ پیاو، دەبێ بەوردی باسی کفن و دفنەکەی بکات، هەورەها باسی چوونی خۆی بۆ خستەخانە تا جل و بەرگی کوڕەکەی وەربگرێتەوە. ئانیسیای کیژی لە گوند ماوەتەوە، دەبێ باسی ئەویش بکات. ئایا ئەم شتانە شایانی باس کردن نین؟! بێگومان گوێدێر نارەحەت دەبێ، ئاه هەڵدەکێشێ، هاوخەمی لەگەڵ ئەودا دەکات. واچاکە دەردی دڵی خۆی بۆ ژنانیش هەڵڕێژێ، چونکە ئەوان ئەقڵیان خەفیفەو بە دوو کەلیمە قسە دەکەونە گریان و لوشك و هوڕ.

ئەیونا، لە فکران ڕا دەچێ: "بابچم بەلای ئەسپەکەمەوە، وەخت زۆرە بۆ نوستن.

پاڵتۆکەی لەبەر دەکات و ڕوەو تەویلەکان بۆ لای ئەسپەکەی وەڕێ دەکەوێ، بیر لە زورات، لە کاو لە هەوا دەکاتەوە. لە تەنیایی دا، ناوێرێ بیر لە کوڕەکەی بکاتەوە. هەر کەسێکی لەگەڵدا بێ، دەتوانێ باسی کوڕەکەی خۆی بۆ بکات. بەڵام لە تەنیایی داو بیرکردنەوە لەوو بەرجەستەکردنی ئەو لەبەر چاوی خۆی، زۆر لەبەری گران و بەسوێیە.

ئەیونا، سەیرێکی چاوە گەش و درشتەکانی ئەسپەکەی دەکات و دەپرسێت: "چ دەکەی؟ خەریکە تێربی، دەبخۆ دەی. کە پارەی زوراتت پێ پەیدا نەکرێ، دەبێ بە گیا قاییل بی. بەڵێ من زۆر پیرو کەنەفت بووم، گالیسکەڕانی لەمن نایەت، لە کوڕەکەم دەهات... بریا دەما!"

ئەیونا، تاوێ بێدەنگ دەبێ، ئەوجا لەسەری دەڕوات: "ئەمەیە دەردی من ئەسپە پیرەکەم. ئیدی کوزما ئایونیچ نەما. بەجێی هێشتین، ڕۆیی. جا تۆ وەرە بهێنە بەرچاوی خۆت کە جوانویەکت هەیە، باوکی بووی.. لە پڕ جوانوەکەت وەغر بکاو بەجێت بیلێ، خەفەتی بۆ ناخۆێ؟!"

ئەسپە چکۆلەکە، سەرقاڵی جوینە، گوێ دەگرێ. هەناسەکەی بەردەستی خاوەنەکەی دەکەوێ.

**ئەیونا، بەرگەی بیرو خەمەکەی خۆی ناگرێ، شانی لێ قایم دەکاو لە نووکەوە تا کۆتایی. سەربردەی کوڕەکەی خۆی بۆ ئەسپە چکۆلەکە دەگێڕێتەوە.**

## هەڵسەنگاندنی چیرۆکی "تازیە باری"

### نوسینی: کلینت بروکس ، رابرت پن وارن

چیرۆکی "تازیە باری" وێنەی ڕووداوێکی سۆز بزوێن دەگرێ. گالیسکەچییەکی پیری کوڕ مردە لەم جیهانە بەرینەدا کەسێکی دەست ناکەوێ تا خەمی دڵی خۆی بۆ هەڵڕێژێ، سەرەنجام ڕوو دەکاتە تەویلەی شوێنی ئیسراحەتی ولاغان‌و سەربردەکە بۆ ئەسپەکەی خۆی دەگێڕێتەوە. هەر نووسەرێك خۆی لە قەرەی نوسینی چیرۆکی وەها بدا، زۆر لە گینە بەرهەمێکی عاتیفی بە دەستەوە بدات. جا لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ سەرنجی ئەو خاڵە بدرێ کە چیخۆف بۆ خۆ دور خستنەوە لە عاتیفی بوونی کەرەستەی کارەکەی چ تەکنیکێکی بەکارهێناوە.

یەکێك لەو خاڵە گەشانەی کە خوێنەر لە چیرۆکی "تازیە باری" دا بەدی دەکات، نیشاندانی بابەتیانەو بێ لایەنانەی روداوەکەیە. نووسەر کۆمەڵێك دیمەن‌و ڕووداو دێنێ بێئەوەی بۆ مەبەستی تایبەتی، بایەخی پتر بە هیچ یەکێکیان بدات.

لە پەرەگرافی یەکەمدا، بڕوانە وێنەی تەنیایی کابرا کە چۆن لەو سەر شەقامەو بەو درەنگە شەوە، بەفر بەسەر خۆی‌و ئەسپەکەیدا دەبارێ. ئەم دیمەنە هەرچەندە تەنیایی بەرجەستە دەکات، بەڵام ئەو شەرحەی کە لەوەسف کردنی چیرۆکەکەدا دێ، هاوخەمی ئێمە نابزوێنێ. لە حەقیقەتدا کاتێ کە چیخۆف وەسف کردنی ڕاستەوخۆو بێ لایەنانەو بابەتیانە وەلادەنێ، بۆ ئەوەیە کە رادەی هاودەردی ئێمە کەم ببێتەوە نەك زۆر ببێ. چونکە دیمەنەکە کەمتر حەقیقی دێتە بەرچاو: "گالیسکەچییەکە لە بەفرا سپی دەچێتەوەو لە تۆ وایە تاپۆیە."و "ئەسپە چکۆلەکەش سەراپا سپییە، بێ جوڵە لە جێی خۆی وەستاوە،و بەوحاڵە شەپڕێوەوەو بەلاقە تەختە ئاساکانییەوەو، تەنانەت لە نزیکیشەوە، لەو ئەسپە دارینانە دەچێ کە هەریەکی بە یەك کوپیکە." بەراوردی پیاوو ئەسپەکە لەگەڵ تاپۆو ئەسپە دارینەدا، پتر بەو مەبەستەیە تا دیمەنەکە بەشێوەیەکی زیندوو ورد نیشان بدرێ. بەڵام تاپۆو ئەسپە دارینە شتی خەیاڵین، نە هەستیان هەیەو نە دەرەنجێن، بۆیە ناتوانن هاوسۆزی چ کەسێك بووروژێنن. بە گوتەیەکی دی هەرچەندە دیمەنەکە تەنیایی دەردەبڕێ، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بایەخی زۆری لە سەربردەی کابرای گالیسکەچیدا هەیە، بەڵام بەشێوەیەك ڕێکخراوە کە بە ئاراستەیەکی پێچەوانەی بزواندنی هاسۆزی هاوخەمی بڕوات، نەك بەرەو جۆشدانی هاوخەمی بڕوات. لە تۆ وایە چیخۆف دەیەوێ بڵێ دیمەنی چیرۆك دەبێ تەنیا بە یارمەتی بایەخ‌و بەهاکانی خۆی، خۆی نیشان بدات.

ئەو پیشاندانە بابەتی‌و بێلایەنانەیەی کە سەبارەت بە پەرەگرافی یەکەمی چیرۆکەکە باسمان کرد، لە نێو هەموو ئەو ڕووداوە جۆراوە جۆرانەدا کە کاری چیرۆکەکە دەسازێنن، بەدی دەکرێ.

کابرای گالیسکەچی، نەفەرێك سوار دەکا، پێدەچێ مرۆڤێکی ڕێك‌و پێك‌و هێدی‌و هێمن بێ. ڕواڵەتی ئەفسەرەکە، کابرای گالیسکەچی هاندەدا تا گرێی دڵی خۆی بۆ بکاتەوەو باسی مردنی کوڕەکەی خۆی بکات، بەڵام چیخۆف لێرەدا، لە ڕوانگەی گالیسکەچییەکەوە چ شتێك لەمەڕ

چەمکی واقیعی مردنی کوڕەکە ناڵێ و تەنیا ئەوە بۆ ئێمە دەردەبڕێ کە گالیسکەچییەکە: "بە ناچاری بزەیەك دەکاو بە دەنگێکی گیراوەوەو بە زەحمەت دەڵێ :کە کوڕەکەی مردووە، وەسفی چۆنێتی قسە کردنی گالسکەچییەکە، بۆ یەکەمجار هەستەکانی کابرای پیرەمێرد بۆ ئێمە کەشف دەکا، لەگەڵ هەموو ئەمەشدا، دەبینین کە وەسفی نێوبراو، وەسفێکی بابەتی و لە راستیدا تا ڕادەیەك تەمومژاوییە. ئەم بزەیە چ مەعنایەکی هەیە؟ دەتوانین بڵێین کە لە روویەکەوە، وەلامێکی هەقناسانەیە دەرهەق بە ڕاستگۆیی ئەفسەرەکە، کە خۆی لە خۆیدا هاوتای هەموو تەنیایی دیمەنەکەیە. بەڵام ئەم بزەیە، وەکو تاپۆکەو ئەسپە دارینەکەی دیمەنی یەکەم، بۆیە قوت کراوەتەوە تاڕادەی هەر جۆرە هاوخەمییەکی ئێمە لەگەڵ کابرای گالیسکەچی خەمباردا کەم بکاتەوە، نەك زیادی بکات.

بە هەرحاڵ، کاتێ کە گالیسکەچییەکە، هەست بە سەرسامی ئەفسەرەکە دەکات، گالیسکەڕانی فەرامۆش دەکات، تا بەوردی باسی مردنی کوڕەکەی بگێڕێتەوە. توڕەبوونی کەسێك لە نێو تاریکییەکەوە قسەکەی پێ دەبڕێ و ئەوجا ئەفسەرەکە پێی دەڵێ پەلە بکات و بۆ ئەوەی بواری قسە کردنی زیاتری نەداتێ ، پشت دەداتەوەو چاوەکانی دەنوقێنێ.

چونکە ئاگاداری ئێمە لەمەڕ هەستەکانی گالیسکەچییەکە لە ڕێگەی گفتوگۆکانی ئەوەوەیە نەك لە ڕێگەی شیکردنەوەوە، بۆیە کەم بایەخە. هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەم ئاگادارییەش تەواو نییە، و بەتەواوەتی پەردەی لەسەر لانەبراوە. بەم جۆرە، لێرەدا، نیشاندانی مەیلەو شانۆیی و پەرەپێدانی چاوەڕوانی خوێنەر، هاوشانی یەکتر دەچنە پێشێ.

هاندەری نێو براو لە دیمەنی دواییدا، گاڤێ کە گالیسکەچییەکە هەوڵدەدا سەری قسان لەگەڵ نەفەرە لاسارو نامیهرەبانەکاندا بکاتەوە، پەرەسەندنێکی پتر بەخۆوە دەبینێ. دیدی ئەوان سەبارەت بە ئەو، دیسان تاکیدە لەسەر تەنیایی ئەو. هەوڵدەدا سوود لە هەستی وان وەربگرێ و دڵیان نەرم بکات. بێگومان ئەم رەفتارەی ئەو لە رویەکەوە، لەوەیە لەبەر ئەمەبێ کە بیەوێ میانەیەکی باشی لەگەڵ نەفەرەکانیا هەبێ و هەروەها نیشانەی پایەی نزمی ئەوە لە نێو کۆمەڵدا. بەلام لە روویەکی ترەوە، لەوەیە نیشانەی ئەوە بێ کە کابرای پیرەمێرد بۆیە هەموو لاری و خوارییەك دەکێشێ تا بتوانێ سەر بهوردەکەی خۆی بگێڕێتەوە. بەمجۆرە، رەفتاری ئەو بە شێوەیەکی نمایشی ئاماژەیەکە بۆ ئەم زەرورەتە بێ چەندو چونەی کە ئەو ناچارە بەسەرهاتەکەی بگێڕێتەوە. "پێویستە سەرنجی ئەوە بدرێ کە چیخۆف تەنانەت لێرەشدا کارێك دەکات کە لە تین و تاوی دڵسۆزیمان سەبارەت بە ئەیونا کەم ببێتەوە، دەکرێ بگوترێ کە ئەم سێ هەرزەکارە بەئیلزام دڵ رەق نین، بەڵکو لەوەیە تەنیا مەست و خەیاڵ بن." پاش ئەوەی کە هەرزەکارەکان دادەبەزن و کابرای گالیسکەچی هەمدیس بە تەنیا دەمێنێتەوە، چیخۆف یەکەمین بۆچونی خۆی سەبارەت بە شوێنی دیمەنەکە بە ڕاشکاوی دەردەبڕێ: "خەمەکەی، کە بۆ ماوەیەکی کورت رەهای کرد، بۆ دەگەڕێتەوەو بە هێزتر لە جاران چنگ دەخاتە دڵی. بەنیگای نیگەران و لەز چاو بە نێو ئاپۆرای خەڵکی هەردوو بەری شەقامەکەدا دەگێڕێ تا بەڵکو تاقە کەسێکی دەست بکەوێ و دەردی دڵی خۆی بۆ هەڵڕێژێ." بە گوتەیەکی دی، چیخۆف هێندە

زیرەکـە، کـە بـەر لـەوەی مەسـئولیەتی دەربڕینـی بۆچـونە راشـکاوەکەی خـۆی وەئەسـتۆ بگـرێ، مەوقیعەتی دیمەنەکە بە شێوەیەکی نمایشی مەحکەم بکات. بە پێچەوانەی دەربڕینی بۆچونی چونیەك، کە هاوخەمی خوێنەر دەبزوێنێ، ئەم دەربڕینی بۆچونە، ئەوەی کە خوێنـەری وردبین و زیرەك لە پێشدا بۆی چووەو هەڵی هێناوە، ئەم خولاسـەی کردۆتـەوە، خولاسـەیەك کە تـەحلیلی زەین و هزری گالیسکەچییەکەشی گرتۆتە خۆ. گالیسکەچییەکە، لەو ماوەیـەدا کە فشە پێوەنـدی لەگەڵ خـەڵکی دا هـەبووە، ئەگـەر پێوەندییـەکی ناخۆشی وەکـو ئـەوەی هـەرزەکارە مەسـتەکانیش بووبێ، خەمەکەی نیشتووەتەوە، بەڵام هەنوکە کە بە تـەواوەتی تەنیایە، خەمەکەی زیاتر بووە، بەڕادەیەك ناچار بووە لە گالیسکەکەی دابەزێ و بەدوای هاودەمێکدا بگەڕێ. بەڵام هـەوڵی ئەم، بۆ کردنەوەی سەری قسە لەگەڵ کابرای کۆڵبەردا بێ ئاکام دەبێ و لە دوا ئەنجامدا بـەرەو تەویلـەکان دەگەڕێتـەوە. لەوێـدا مرۆڤ چاوەڕێی ئـەوە دەکات کـە کابرای گالیسکەچی بـەلای کەمـەوە لـە نێـو هاوچینەکانی خۆیدا هاوخەمێك بدۆزێتەوە. بەڵام لەوێندەرێش ناچار دەبێ پـەنا بـۆ خـۆی بـەرێ. ئەم خاڵـە، زەمینـە بۆ نمایشی دووەمی تـەحلیلی حاڵـەتی زهنـی گالیسکەچییەکە خۆش دەکات. چیخۆف، ئێستا بۆ یەکەمجار هەندێ وردەشت لەمەڕ مردنی کوڕەکە بـۆ ئێمـە دەگێڕێتـەوە. بـەڵام ئەم وردەشتانە راپۆرتکارانە نییە، بەڵکو سەرەتان بۆ پرسیارێك کە دوای ئـەوەی بـۆی دەردەکـەوێ کەس گوێی لێ ناگرێ، لە قوڵایی دڵییـەوە هەڵدەقوڵێ: "ئایا ئەمانـە بایـەخی گوتنیان نییـە؟ ئایا ئەمانە شایانی گوتن نین؟"

دەڵێی هەسـتەکانی پیرەمێرد- تێنەگەیشتنی ئـەو لـە جیهـان و تـەنیایی ئـەو لـە جیهانـدا-لـەم رسـتەیەدا خەسـت دەبێتـەوە، لەگـەڵ ئەمەشـدا، ئەگـەر مەسـەلەکە هـەر ئەمەنـدە بوایـە، بـەمن، چیرۆکەکە پاش نەقڵ کردنی بیرەکەی تری پیرەمێرد: "با بڕۆم فریای ئەسپەکەم بکەوم، کات بۆ نوستن زۆرە..." لەوانە بوو بە کۆتایی گونجاوی خۆی گەیشتبا. بەڵام مەوقیعیەت ئاڵۆزترە، لەبەر ئەمـە دوا شـیکردنەوە دەکەوێتـە ئەختیـاری ئێمـەوە. شـیکردنەوەیەك کـە بـە ڕاسـتی چاوەڕوانی دەکـەین. ئـەیونا، هـەوڵی دەدا بـیر لـە زورات، کـاو هـەوا بکاتـەوە. پێدەچـێ بیـەوێ خزمـەتی ئەسپەکەی خۆی بکات، بەڵام بۆمان بەدیاردەکەوێ کە لە حەقیقەتدا لەم رووەوە بیر لەم شتانە دەکاتـەوە و بـەرەو ئەسـپەکەی خـۆی دەچـێ، چـونکە توانـای ئـەوەی نییـە بـیر لـە دەسـت چـونی کوڕەکەی بکاتەوە. هۆی چوونی بۆ تەویلەکەو هەڵڕشتنی خەمەکانی بۆ ئەسپەکەی، لە بڕیارێکی شعوورییەوە هەڵنەقوڵاوە، بەڵکو ئەمە وەڵامدانەوەی پێداویستییەکی لا شعوورییە. هەرچەند ئەم پێداویستییە لا شعورییە لـە سـەرەتای گفتوگۆی نێوان پیرەمێردەکەو ئەسپەکەدا بەوپـەڕی ئاوو تاو دەست پێدەکات: "خەریکە تێر ببی؟ خەریکە سکت لە تازیە باری دەربکەی؟" بەڵام لە تۆ وایە پیرەمێردەکە لەگەڵ منداڵێکی خۆیدایە نەك لەگەڵ ئەسپ. بەڵام پێداویستییە لا شعورییەکە هێندە بەرفرەو زاڵە کە پێش ئەوەی پتر لە یەك-دوو رستە بدرکێنێ ،بەسـەرهاتی کوڕەکـەی خـۆی دێنێتە پێشـێ. کاتـێ کـە سـەری قسـان لەگـەڵ ئەسـپەکەدا دادەمزرێنـێ، شتێك شـرۆڤە دەکات کـە نـەیتوانیوە لەگەڵ چ کەسێکدا باسی بکات. لێرەدا خاڵی شایانی سەرنج ئەوەیـە کـە نـەك تـەنیا ئەوەی پیرەمێردەکە دەیڵێ، بەڵکو شێوەی دەربڕینەکەش گرینگە: بە دەنگێکی هێندە نەرم و پڕ

حەنین دەدوێ لە تۆ وایە باوکێك لەگەڵ منداڵە ساواکەیدا قسان دەکا: "باوا بڵێین، وای دابنێ تۆ جوانویەکت هەبووە، بابی جوانویەك بووی..."

هەموو ئەم روداوە لاوەکییە. هەرچەندە روداوەکانی پێشینی چیرۆکەکەو هەروەها تەحلیلی دەرونی، پێشەکییەك بوون بۆ ئەو، ئاوێنەی تەنزێکی سەیرو غافڵگیرانەیە، رووداوەکە غافڵگیرانەو کوتو پڕە، چونکە لێبڕانی گالیسکەچییەکە بۆ رۆییشتن بۆ تەویلەکە، بەلای کەمەوە لەرووی رواڵەتەوە، وەکو هەر کارێکی ئاسایی دیکە پیشان دەدرێ، کابرای گالیسکەچی دەڕوات تا فریای ئەسپەکەی بکەوێ. روداوەکە تەنز ئامێزە چونکە تەفسیرو شرۆڤەیەك دەربارەی جیهانێك بەدەستەوە دەدا کە لەو جیهانەدا، مرۆڤێك تەنیا دەتوانێ دەردی دڵی خۆی بۆ حەیوانێك هەڵڕێژێ. لەمەش بترازێ، ئەم تەنزە کوتو پڕە، چونکە چیخوف دنیای چیرۆکەکەی بە شێوەیەك پیشان داوە کە ئەوەندە پڕ کەربو کینو زاڵمانە نایەتە بەرچاو: هەندێ لە خەڵکەکە بۆیە گوێ بە پیرەمێردەکە نادەن، چونکە سەرقاڵی کاری خۆیانن، یا فریای کاری خۆیشیان ناکەون. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم دنیا بەرواڵەت ئاساییە، دەبێ بە جیهانێك کە مرۆڤێك لە نێو تیرەی هاورەگەزانی خۆیدا کەسێکی دەست ناکەوێ دەردە دڵی بۆ بکاتو ناچار پەنا وەبەر حەیوانێکی نێو تەویلان دەباتو ئەم خاڵەش ناوەرۆکی چیرۆکەکە پێك دێنێ.

# فەرهەنگۆك

## ئا

ئەداو ئەتوار: رەوشت و ئاكار

ئارایشتكار : ئارایشتگەر ، مكیاجكار

ئەوك : قورگ، گەروو، بەرمل

ئاسیو : ئازار، بەلاَ ، زیان، زەرەر

ئاشخانە : مووبەق، چێشتخانە

ئەنگۆ: ئێوە، هەوە، هون

ئەگەرنا: دەنا، ئەگینا، ئەگین، گەرنا

ئێژی : دەڵێی

ئەفسووناوی : سیحراوی، جادوویی

ئیكلام : كڕنۆش، سەرچەماندن بۆ رێزگرتن

ئامێز : باوەش، هەمێز

ئەزبەنی : گەورەم، قوبان

ئاران: گەرمەسێر، گەرمیان، زستانەوار

ئۆین: پیلان، دەسیسە، فێڵ و مەكر

ئۆینباز : بەمەكرو فێڵباز، پیلانگێڕ

ئێشك: پاس، كێشك

ئاكنجی: نیشتەجێ

ئالوودە:گیرۆدە، خووپێگرتوو

ئاوەز: هۆش، فام، ئەقڵ

ئاشپەز: شیوكەر، چێشت لێنەر، چێشتچی

ئەنگێزە: هۆ، هاندەر، سۆنگە

ئەستەم: زەحمەت، ئاسێ ، دژوار

ئەسەح: ئەكید، خویا، مەعلووم

ئێرەیی: حەسوودی

ئەستێڵ: حەوز

ئیستەرەم: دەمەوێ

ئەستەڕ: بەر، بەری كەواو...

ئاپۆڕا: حەشامات، قەرەباڵغی، حەشیمەت

**ئاشووب: پەشێوی و ئاژاوە**

**ئەوزار: ئامراز، ئامێر، وەسیلە**

**ئاغەڵ: جێی داکردنی مەڕو بزن لە دەمی سەرمادا**

**ئەسکەمیل: کورسی**

**ئاوەز: ئەقڵ**

**ئاخێز: نیوە هەستان**

**ئەوقات: پارێزەر**

**ئۆل: ئاین**

**ئاریشە: کێشە، گرفت**

**ئاودڕکە: ئاودڕ، ئەو شوێنەی ئاو دایدڕیبێ**

**ئاڵچاخ و دەنی: سووك و بێ ئابڕوو، خوێڕی**

**ئاوردوو: سوتەمەنی،شەواتەك ،ئێزنگ وقەڵاشکەری**

**ئەرخایەن: دڵنیا، خاترجەم**

**ئۆفیس: نووسینگە، ژووری کار**

**ئاخاوتن:قسەکردن، پەیڤین**

**ئیش: کار**

**ئاوەژوو: بەرەواژ، سەروخوار، پێچەوانە**

**ئێزنگ: داری سووتاندن**

**ئاشچی: چێشت لێنەر، ئاشپەز**

**ئاوێزە: چلچرا،پلپلەو سلسلەی خشلی ژنان**

**ئاوارتە: ریزپەڕ، جیاکراوە، دوورخراوە، پەڕێنراو**

**ئەمەك: وەفا، ئەمەگ، نمەکناسی**

**ئیفترا: بوختان**

**ئەزبەرکردن: لەبەرکردن**

**ئەشقی: شەقاوە، بەرەڵا، یاخی، ملهوڕ**

**ئەرباب: خۆش مەشرەف، رووخۆش، خۆش مامەڵە**

**ئاچەر: هاچەر، کلیل**

**ئاڵدۆزی: رۆکێشی زێڕو زیوو، سورمە ڕێژ، سورمە چن**

**ئۆردووبەز: جێگەی دابەزین و ئسراحەتی لەشك**

**ئەڵها: ئارەزوو، کەڵکەڵە.**

**ئەسپەك: نەخۆشییەکی مێشکە، ماخولیا و جۆرە شێتییەکە.**

## ب:

باوەژن: زڕدایك، هۆی دایك، باجی

باب: باوك

بالأنما: بالأنوێن، ئاوێنەی بالأڕوان

بەلەز: خێرا، بەپەلە، گورج

بایس : هۆ، باعیس ، سەبەب

بلوور: شووشە

بێنەوا: هەژار، بێچارە، داماو

بە تۆبزی: بە زۆر، بە خورتی

بە روحم : بە بەزەیی ، دلۆڤان

برنجە: جۆرە کانزایەکە، زەردی سەماوەر(قصدیر)

بەلەنگاز: بێچارە،نەدار، بەسەزمان

بەرۆك: یاخە، یەخە

بەکاوەخۆ: بە هێواشی

بەرسڤ: وەلأم

بەڕك: گیرفان، باخەڵ

بالیفۆکە: سەرینی بچووك، گۆشە

بوری: تێپەڕی

بیلبتون: بە تەواوەتی

بەو ئاوایە: بەو جۆرە، بەو شێوەیە

باریە: لۆسە

بەستێن: رۆخ، کەنار، گویٚ چەم، دەم چەم، ڕەخ

بێشە: دارستان، لێر

بەرکۆشە: بەرهەڵبێنە

بن پیاڵە: ژێر پیاڵە

بۆرەقنە: ئامال بۆر، مەیلەو بۆر، بۆرباو

بوێر : ئازا، دلێر

بێوەی: بیٚ زیان، سەلامەت

باڕ : بێچووە مەلی بەهارە

بێزوو: بێزگ، مەگیرانی

بێزگەوان: بێزووکەر

بەلأنس: هاوسەنگی

بارتەقا: باتەقا، هەنبەر، بەرانبەر

باجەوان: باجگر

بە سویێ: بە ژان، بە ئازار
بەردەبار: پیاوی زاناو بە تەگبیر
بێدادی: نەهەقی
بەیتاڵ: پزیشکی ئاژەڵان
بویەر: ڕووداو
باژێرۆك: شارۆچكە
باشار: دەربردن، خۆراگرتن
بەرایی: پێشایی، بەراهی
بەڵەد: شارەزا، ڕێزان، ڕێنوێن
بەفرە ژیلكە: بەفری زۆر دەنك ورد
بەلەك: پووز
بە خورتی :بە تۆپزی
بالیف: سەرین، پشتی
بەگەنكردن: پەسندكردن
باندۆر: كاریگەریی
بایس: هۆ،باعیس، سۆنگە
بەرخودان: مقاوەمەت
بارخانە:كەلوپەلی بازرگانی، باری لەسەر یەك هەڵچنراو
بەرجەوەن: دیمەن
بۆدڕ: بۆنی توندی ماسی و تەگە
بۆدراو: برژاو، خاوەبرژ
بەڵخ: بەڵغ، كەڕوو
باسریشك: بەفرو باران پێكەوە
بوخچە: پارچەیەكی چوارگۆشەیە بۆ كەل و پەل تێنان
بەدخوا: دڵپیس، لە چاكە بەدوور
بەعزكردن: تۆران. زیزبوون، قسە دابڕان
بن عام: خزمی دوور
بەگەن: پەسند
باپەڕ:نەخۆشی لە سەرماوە، سەرمابوون
بۆز: ڕدێنی ماش و برنج، شینی ئامل سپی
بیژی : زۆڵ ،حەرامزادە، شەیتان و وریا
بەتڵ: بەشێك
بوری : تێپەڕی

**بادیهەوا: بە خۆڕایی، بەفیز و دەعیە**

**بزە: زەردەخەنە**

**بە خۆی نەوەستا: خۆی پێ زەوت نەکرا**

**بە خورتی: بە زۆر، بە تۆپزی**

**بنیچە: ڕەچەڵەك**

**بەور: دڕندەیەکی بە سامە**

**بالوکە: شتێکە وەك زیپکە و، زیپکەش نییە**

**بێ زات: بێ زاخ، ترسنۆك**

**بە غار: بە ڕاکردن**

**برێك: کەمێك ،تۆزێك، هەندێك**

**بەد ڕا: بیرخراپ، نیاز خراپ**

**بژوێن: زەوی پڕ گیا و لەوەڕ، بژوون، زەمەند**

**باخفم: قسەبکەم.**

## پ:

**پێشخزمەت: نۆکەری بەردەستان**

**پارك: باخ**

**پسمام : کوڕە مام، ئامۆزا**

**پواز: سنگێکە لە درزی داری قەڵشاوی دەنێن تا نەیەتەوە یەك**

**پۆڕ: باڵندەیەکی خۆش گۆشتە، لە مریشك گەورەترە**

**پێشکار: خزمەتکار**

**پەیڤ : وشە، وتە ، قسە**

**پەز: مەڕ، مێگەلە مەڕ و بزن**

**پەری : فریشتە**

**پاژ: بەش**

**پرتەو: تیشك ، روناکی**

**پێکڤە: پێکەوە، بە هەڤڕا**

**پڕ: زۆر، تەژی**

**پۆستین: فەروە، کەوڵی تیسکن**

**پەژمردە: چەرمسی، ژاکاو**

**پایدۆس: دەست لە کار هەڵگرتن**

**پۆڵکە: گاگۆز**

**پەسیو: پەسیڤ، هەلامەت**

**پیتاك: باربوو، كۆكردنەوەی دارایی**

**پێل: شەپۆل**

**پەسلان: قیامەت، ئەو دنیا**

**پاتاوە: پێڵاو، كاڵە.**

**پاتۆق: شوێنی كۆبوونەوە**

**پۆڕ: قژ**

**پێشداوەری: حوكمی پێشوەختە**

**پانكردنەوە: ماستاوساردكردنەوە، ڕووپامایی**

**پەشم: قسەی قۆڕو بێ مانا**

**پزیشكیار: یاریدەدەری پزیشك**

**پەتۆ: بەتانی**

**پەركەم:فێ، خوودار، پەتاو هەلأمەت پێكەوە، ئەنفلۆنزا**

**پێشهات: قەومان، بەسەرهات**

**پشتیر: گەوڕ، تەویلە**

**پەتەڕی: پەتیارە، شێتۆكە**

**پڕكێشی:پێداگری، سووربوون، جورئەتكردن**

**پاكەن: كەوش كەن، جێگەی پێڵاو داكەندن**

**پەیڤ: وشە**

**پسۆك: قرچۆك، بەنێك زوو بپسێت.**

## ت:

**تەمەشاڤان: بینەر، سەیركەر**

**تەماشاخانە: شانۆ، نمایشسەرا**

**تەژی: پڕ، لیپاو لیپ، سەر ڕێژ**

**تا: لا، لایەن**

**تێشت: نانی بەیانی، قاوەڵتی، بەرقلیان، تاشتی**

**تالووكە: مەترسی، خەتەر**

**تەبارە: دەغڵی گەیشتووی نەدوراو، قایمە دەغڵ**

**تەژەو ناقۆلا: گەورەو ناشیرین**

**تاین: یارۆ، فلأن، ناڤبری**

**تاژی: سەگی ڕاو، تانجی**

**تەشقەڵە: گەڕ، بیانووپێگرتن**

تەیرو تو: باڵندەو مەلان

تەوازۆ: تەوازی، عوزرخوایی، داوای بوردن

تخوب: سنوور، کەوشەن، تخووم

تەوێڵ: ناوچەوان، هەنیە، ئەنی، توێڵ،جەمین

تۆرینۆك:تووڕەو دڵناسك

تەختەبەن: تەختە خەو

تەقوو: بەڵکوو ،هاتوو

تاقەتکردن: شاردنەوە، داکردن

تۆلاز: مێباز، چاو لەوەڕێن

تیلمە: تیلماسك

تیلاگ: لاسەر

تاوەگاز: تاوانگاز، بە هەتاو سووتاو

تەڵفیزی: تەڵفیسی، تەوس، گاڵتەو گەپ

تەریدە : ڕێگر ، چەتە

توولەك: وەرینی مووی لەش

تۆسن: سەرکێش، نا ڕام

تەڤگەر: نەسرەوت، بزووتنەوە

تەمراندن: کوژاندنەوە

تاری : تاریك

تۆماکۆ : تووتن

تەشبریق : هەورە تریشقە، بروسکە

تووك: نزای خراپ ، دوعای شەڕ

تاخ: گەڕەك

تاس: سەر ڕووتاوە، دەغسەر

تەرز: جۆر، نەوع

تەوسخەن:ژارخەن، پێکەنین بە ەوسەوە، پێکەنینی تەوسامێز

تاراوگە : مەنفا

تیز: تەوس، توانج، گاڵتە پێکردن

تامپۆن: دەعم، پێکدادان

تازەمۆد: نۆباو

تەشقی ئاسمان: بڵندایی ئاسمان

تەرە: تاراو، لە لانە تۆراو، ئاوارە

تەرزەکوت: تەرزەشکێن، درەخت یان زەرعاتێك تەرزە لێی دابێت.

تليانه: قەرتاڵە، سەبەتە، سەبەتەی میوەچنی

## ج:

جەگەن: گیایەکە لاسکی سێ سووچە لە زەڵکاودا دەڕوێ

جنگن: شەڕانی، دڕ، نەگونجاو

جەلۆ: هەرزە پیاو، سەرسەری

جندەخانە: سۆزانی خانە، قەحپەخانە

جەڕباندن:تاقی کردنەوە، تەجرەبە کردن

جوڕنە: حەوزۆکەی گەرماو

جما: جولاْ، بزوا

جڤاکی: کۆمەلاْیەتی

جوابی کرد : دەری کرد ، ئیزنی دا

جمکانە : دووانە، جمك، لفانە

جەندەك: تەرم

جیازی: کەلوپەلی بووك بۆ ماڵی زاوا.

جنزەدە: کەسێك جنۆکە دەستیان لێوەشاندبێت

جوونێ: تاقمێك، دەستەیەك، کۆمەڵێك

جەوەندە:مەتارە، کوندەی بچووك بۆ ئاو تێدا هەڵگرتن، دێمکە

جوابە جەنگی: بە دەمدا هاتنەوە.

## چ:

چەلەنگ: چوست و چالاك، گورج و گۆڵ، شۆخ و شەنگ

چینی: جۆرێ سواڵەتی هەرەباشە، وەکو کاشی

چتۆ: چۆن، چلۆن، کوو

چڕین: وتن ( بۆ گۆرانی و قام)

چێڵ: مانگا

چەنگ: ئامێرێکی موسیقایە، هارپ

چەکمە: جەزمە، پووت

چەمەنزار: مێرگ، مێرغوزار، سەوزەزار

چما: بۆچی، ئەڕا، لەبەرچی

چقڵ: دڕك، دڕو، دڕی

چەرچی: فرۆشیاری گەڕیدە، دەستفرۆش

چوغورد: چوغور، چغر، چڕ

چمك: سووچ، گۆشە

چوارنكال: هەرچوارلا

چێبوو: دروست بوو

چەمووش: سڵ، رەوەك، لەقە هاوێژو گازگر

چەرموو: سپی

چەرچی: دێوەرە،فرۆشیاری گەرۆك، دەستفرۆش

چاوساغ: دەسكێش، جاسووس، سیخوڕ

چەلیپا: خاچ، سەڵیب

چاوگ: دەستە چیلە

چوون: وەك،

چپەدوو: دووان بە چپە

چەقەن: زەوی تمتم، ڕەقەن.

## ح:

حایرمان: سەرسام بوون

حەسار: حەوش

حەنەك: جەفەنگ،قسەی گاڵتەو گەپ

حەشەری: بەر بەتاو، ژنی بە ئاڵۆش

حەژمەت: مەینەت، خەفەت، كەسەر، داخ، خەم

حەجامات: خوێن بەردان

حەوجە : پێویست

حێل: گەورە، زۆر گەورە

## خ:

خەنی لە خۆتان: خۆشی لە خۆتان

خشكۆك: دەلال، جوانكیلە، جوان، قەشەنگ

خەنەقاندن: خنكاندن ، لە سێدارەدان

خوبزە: خولاّم، نۆكەر، خزمەتكار، خزمەتچی

خورجین: هەگبەی لە بەن، جانتای لە بەن، خورج

خا: خات، خاتوون، خانم ، یا

خاپاندن: فریودان، تەفرەدان، خەڵەتاندن

خاپینۆك: فریبۆك، فێڵباز

خانەدان: نەجیمزادە، ئەسڵزادە

خودان: خێو، خاوەن، ساحێب

خوڵك: خوڵق

خۆرتی: بە تۆبزی، بە زۆری

خشت: رێك، بێ کەم و زیاد

خاکی: بێ هەوا، بێ فیز

خەرگە: پەڕۆی کۆن و پیس

خوابەختەکی: خۆو بەخت، بە هەڵکەوت

خەبتین: خەبات کردن

خشکۆك: جوان، خشیك

خویا: ئاشکرا، دیار ، روون

خۆرانگاز: تاوە سووت، سووتاو لەبەر خۆر

خەفیە :جاسووس، خەوەرچین، هەواڵدز

خۆڵەکەوە: خۆڵەمێش

خەمرە: کوپەی زۆر گەورە

خەنۆل: خەندەران، دەم بە پێکەنین، ڕووخۆش

خزاگ:عەرەبانەیەك کە بەسەر بەفرا ڕایدەکێشن

خۆشکێنی: بێ فیزی، خۆ بە زل نەزان

خوو: فێ ، پەرکەم

خۆیبوون: سەربەخۆیی

خڕ: هەموو، گشت، تێکڕا

خاترجەم: دڵنیا، ئەرخایەن

خوارنگە: خواردنگە، چێشتخانە

خاکرێز: قوڵکەیەك کە خاك و خۆڵی تێ فڕێ دەدرێ

خانەزا: نۆکەرێك کە لە ماڵی ئاغاکەی لە دایك بەەبێ

خاترخوازی: خاترخازی، دوعاخوازی، خواحافیزی

## د :

داماو: بێنەوا، بەلەنگاز، بێچارە

دەڤەر: ناوچە، ئاقار، شوێن، جێ

دێرکەوتن: دواکەوتن

دلپاقژ: دڵپاك، بێ فڕو فێڵ، بێ گزی

دەربار: دیوەخان و بارەگای پاشا

دەهری : زۆر تووڕە

داگەڕان: هاتنە خوارەوە

دڵنەواز : دڵگیر، مایەی دڵخۆشی

دلۆڤان: بە بەزەیی، دڵنەرم، میرەبان

دیدەوانی: ئێشکگرتن ( بە تایبەتی ئێشکی سەر قەلأت و بورجان)

داپیرە: دایە گەورە، نەنك

دەلیڤە: دەرفەت ، هەل

درەخت: دار

دەربارییان: دەست وپێوەندانی دیوەخان و بارەگای پاشایەتی

دڕوو: دڕك، چقڵ، دڕی

دڵڕەش: بێ بەزەیی، ستەمکار، دڵرەق، ڕکوونی

دامە: مۆر

دنگ: دینگ، ئامرازی چەڵتووك کوتان

دەڵەکدان: پاڵنان

دڕدۆنگ: دوودڵ، بە گومان

دوونیەتی: خوێڕیەتی، بچووکی

دەڵەچە: مەرایی کەر، ماستاوچی

دۆنکی: داردەستی حەسحەسی ناو بازاڕ

دیرۆکنووس: مێژوو نووس

دەڕەڤی: هەڵەهات، رایدەکرد

دەرۆزە: گەدایی، سواڵ

داشۆ: کاکە، براگەورە

دەهری : زۆر تووڕە

دەخەبتن : خەبات دەکەن

دۆغری : راست ، دروست

داغان : رووخان، وێرانکردن

دەغوول: دەسبڕ،خاپینۆك، فێڵباز، گزیکار

دوئێل: مبارەزە

دۆتمام: کیژەمام، ئامۆزا (بۆ کچ)

دەسەنە: بەخشین،

دوڕ: ناوەند، ناوەڕاست، چەق

دێر، درەنگ، جێگەی رەبەنانی فەڵە

دەست قڵپ: ماڵ بەفیڕۆدەر

دۆتمیر: کیژەمیر، شازادەخانم

دەقوتاند"بەسەردەبرد

دلاْوا: بەخشندە، دلْ تێر، بە دەست و دلْ

دادڤانی: دادوانی، قەزایی

دەمە قاڵە:دەمبۆڵە، دەمقڕە، دەمەقاڵێ

دێر: جێگەی ڕەبەنی خاچ پەرست

دمۆر: دومۆر، شووم، نەحس

دەماوەر: قسە زان، وتە پاراو، چەقاوەسوو

دەقەتێ:دەبورێ

دەحکە: مشت و مڕ، گەنگەشەی توند

دایەن: ئەو ژنەی شیر دەدات بە منداڵی خەڵکی، ژنی بەخێوکەری منداڵی خەڵکی

دەخەلەساین: رزگار دەبووین

دەساوێز: بیانوو، پەڵپ

دەڵەمە: دۆڵەمە، شتێك بە تەواوەتی نەمەیی بێت

دزێو: ناحەز، ناشیرین

دەسەجەمی: بە کۆمەڵ

داشدار: لایەنگر و پارێزەر، پاسەوانی قەلاْ

دوم: کلك

دین: شێت

دەلال:جوان و ڕەزا سوول

## ڕ:

رەقسین: سەما، هەڵپەڕین

ڕنەك: قەشەو

ڕدێن: ریش

رۆندك: فرمێسك، رونتك، ئەسر، ئەسرین

رۆحانی: پیاوی ئاینی

راز: نهێنی

ڕەژوو: زوخالْ ، خەڵوز

ڕك : کووڕ، ڕژد

رابوون: هەستان

رۆخانە: روبار، چۆم، چێم، ڕوو

ڕند: جوان، خوشیك، خوشکۆك

ڕمووده: ئالوودە، هۆگر

رادەست: خۆ بە دەستەوەدان

رەند: مێرخاس، مەرد، پیاوانە

رەقیب: نەیار، خەنیم

ریسک: مغامەرە

ریوەڵە: بچکۆلەی لاواز، بێ نموود

رۆنیشت: دانیشت

رووپامایی: مەرایی، دەڵەچەیی، بن ریشەیی

راموسان: ماچ

رەهەنە: رەهەندە، عەودالْ ، ئاوارە، چۆڵگەڕ

رەبەن: سەڵت، زوگورت، راهب

رەبەنیتە: راهبە، ژنە فەڵەی تەرکە دنیا، ڕەبەنی ژن

ڕاوگە: جێگەی ڕاو وشکار

ڕیشخەن: گاڵتە پێکردن

رەعیەت: ڕایەت، مسکێن

رەزا سووک: ئێسک سووک، رەزا شیرین، دەلال.

راجفرین: لەرزین، ڕاچڵەکین

ڕەدا: رازی بوون، قاییل بوون

رەخ: رۆخ، قەراخ، لا، کەنار

رازگر: مەحرەمی راز، نهێنی پارێز

رۆزا: جۆرە گوڵێکە، گوڵی پیرۆز

روودار: بێ شەرم، رووقایم، بێ چاو وروو

ڕاڤە: واتا شیکردنەوە، تەفسیر

ڕایە: حەدد، شیاوی

ڕەتبلاْو: هزرو بیر بلاْو، پەرتحەواس

## ز:

زڕکیژ: کچی مێرد بۆ باوەژن، یان کچی ژن بۆ باوەپیاڕە

زێدە: زیادە

زەلام: گەورە، ناقۆڵاْو تەژە

زار: دەم، دەو

زوڕییەت: وەچەو نەوەو نەتیرە

زێد: زاگە

زاگە: زێد، شوێنی لە دایکبوون، مەفتەن

زوخاڵ: ڕەژوو، خەڵووز

زگڕەش: ڕکوونی، بوغزن، کینە لە دڵ

زەوجین: زەماوەند

زڤڕینەوە: گەڕانەوە

زەیسان: زەیستان، ژنی تازە زاو

زەیەوان: زێوان، نیگابانی گۆڕ و گۆڕستان

زرانی: ئەژنۆ

زارۆك : بچیكان ، منداڵان

زەردەکەن: بزە، زەردەخەنە

زەروو: زالو

زیانۆك: بە زیان، زەرەردەر، زیاندەر

زەحف: زۆر، فرە، مشە

زۆڵ: بیژ، حەرامزادە، زۆرزان

زەرگاڵ: پێڵاوی لە موو چندراو، بەلەك پێچ، گۆرەوی تا ئەژنۆ

زێبا: جوان، خشیك، ڕند، خشکۆك

زراڤ: باریك، شووش.

## ژ:

ژێوان: پەشیمان

ژارخەن: پێکەنینی ژەهراوی ، پێکەنینی تەوسامێز

ژارۆ: داماو، فەقیر، بەسەزمان

ژنەوتن: بیستن، ژنەفتن

## س:

سەرزەنشت: سەرکۆنە، لۆمە

سەڵت: ڕەبەن، بێ ژن و منداڵ، عازەب

سەندەڵ: قاپقاپ، تەقتەقیلە

سپڵە: پێنەزان، بێ ئەمەك، بێ وەفا، نمەك حەرام

سۆز: پەیمان، بەڵێن

ستران: گۆرانی، قام، لاوك

ستێران: ئەستێرە، ئەستێران

سپێدە: بەرەبەیان

سەوزەزار: مێرگ، مێرگوزار، چەمەنزار

سەمت: لا، ئالی، رەخ

سەربوردە: بەسەرهات، سەرگوزەشتە، سەربهورد

سەرگوروشتە: سەربوردە،

سخێف: جنێو

سەختگیر:توند و بەزەبت و رەبت

سیوات: خوێنەواری

سائەقڵ: شێتۆکە

سەربۆز: سەر ماش و برنج

سیاناو: قوڕاو

سێوی: هەتیوو، منداڵی بێ داك و باب

سیکتر: دەرکردن، تڕۆکردن

سونگی: قەمە

سەهەندە: بزۆز، نەسرەوت، زرینگ، ئاژاوەچی

سێبەندی: بێ شەرم و حەیا،

سابرێن: نێری، تەگە

سەرۆ: ئیلهام، سرووش

سازڤان: مۆزیکوان

سەرناڤ: ناونیشان

ستان: شار، پارێزگا

ستاندار: پارێزگار،متەسەڕیف

ساردخانە: مەیتخانە

سۆل:پێڵاوی سووکەڵەی بێ پانییە ،نەعل

سەردولکە: گۆرانی هەڵگوتن بە مردوودا

ساڤالۆك: منداڵی تازەزاوی جوانکیلە

سەلبەند: رێگەی بە بەرد فەرشکراو

سیسەم: تەختە خەو، تەختە بەن

سویَ: ئازار، ژان

سیخار: زوقم

ساقەتە: لاسکی گیا

سەرگەڤار:سەرۆکی خێزان، گەورەی خێزان

سۆر: سوور، رەنگی سوور

سەوقاتی: دیاری

سالول: ژووری ئینفیرادی زیندان

سایمەل: جۆرێ نەخۆشی ئاژەڵ و ماڵاتە

سوتلی: قەپاتمە، ژنی بێ مارەیی بۆ ڕابواردن

سەربهوورد: سەربردە، بەسەرهات

سیپاڵ: جلك، بەرگ و کول و پەڵ، کۆنە پەڕۆ

سۆزانی: جندە، قەحپە

سیقا نەگر: مشت و ماڵ نەگر

سوخەت: سیفەت

سڵۆك: سرك، رەوەك، سڵ، بەپارێز

سفتە: چەك، کومپیالە، پسوولەی حەواڵە

ساپیتە: ساپیتك، میچ

سۆزە: گۆرانی خەمبار، سۆز، گۆرانی بە دەنگی نزم

سرووش: سەرۆ، ئیلهام، وەحی

سەرەوگرد: سەروەسێت

سندم : پێوەندی ئاسن.

## ش:

شڕندە: ژنی دەمدرێژی شەڕانی بێحەیا

شڕپۆش: شڕۆڵە، بێ بەرگ و بار

شەیپور: بۆقی، کەڕەنا

شام: شیو، شیڤ، خواردنی ئێواران

شکەفت: ئەشکەوت

شکەستەنی: ناسك، شتێ زوو بشکێ

شتاقیان، هیچیان، کەسیان

شنگ: هێز، تاقەت، توانا

شەقاو: هەنگاو

شلینگ: پارەیەکە

شاپ: شەق

شەکەت: ماندوو، هیلاك

شوورە: دیوار

شەڕبار: پڕشەڕ، شەڕانی

شەنگوڵ: بە دەماخ، کەیف خۆش

شەبەیخوون: پەلامارو هێرشی شەوانە

شەلاق: شەلاخ، قامچی

شەم: مۆم، شەمالك

شەمدان: مۆمدان، شەمان، جێگەی مۆم

شۆڤار:زمان شڕ، نێوان تێکدەر، جاسووس

شوو: مێرد ، هاوسەری ژن

شەکەت: ماندوو. هیلاك

شاشك: مێزەر، پێچی مێزەر، شاشیك

شیرەت: راوێژ، ئامۆژگاری

شیرەتکار: راوێژکار

شادەتنامە: کارنامەی خوێندن

شۆخی : سوعبەت ، گاڵتە

شیڤ: شێو، شام، نانی شێوان، نانی ئێوارە

شێلەو بێلە: فێڵ و تەڵەکە

شەواك: گەمژە، گێلۆکە، دەبەنگ، سائەقڵ

شێلو: لێڵ

شلك: ناسك و تورت، سست و خاو

شەجەرە: سەجەرە، لیستیناوی باب و باپیران

شەلاق: شەلاخ، قامچی ، جەڵدە

شەوبێری: شەونشینی، شەوکۆڕو مەجلیسی دۆست و برادەران، شەڤرونك

شەقڵ: مۆرك

شەڤرونك: شەونشینی، شەوکۆڕ، مەجلیس و ئاهەنگی شەوانە

شەراشو: شەڕانی، جنگن، جینگن

شەپڵە: نەخۆشی ئیفلیجی

شکستۆك: نزیکە شکان، شکستەنی، شتی ناسکی نزیکە شکان.

شەهلەوەند: سوارچاك، لاوی شۆخ و شەنگ.

## ع:

عاسا: دار عاسا، داردەست

عەیار: زیتەڵ، زۆرزان

عەبەنووس: دارێکی رەش و رەق و بەنرخە

عەیان: دیار، ئاشکرا، لەبەرچاو

عەگید: ئازا، پاڵەوان، جامێر

عال: نایاب

## غ:

غاڕ: ئەشکەوت

غوڕابی خەو: شیرنە خەو، خەوی قورس

غەوارە: غەریبە، بێگانە، نامۆ، ئاوەکی

## ف:

فەرمایشت: فەرموودە، قسە

فەرخە: بێچوە مەل و جانەوەران

فشقیات: حەنەک، گاڵتەوگەپ، ئاخافتنی بێ تام

فراڤین: نیوەرۆژە، خواردنی نێوەرۆ

فەرسەخ: فەرسەق

فڕناخ: لووت بەرز، بە دەعیە، روحزل، بە فیز و ئیفادە

فاما: فامیدە، تێگەییشتوو، زیرەك

ڤالا: بەتاڵ، خاڵی، پووك، ئاواڵە، کراوە

فەڕەنگی: ئەوروپایی

فەسات: گاینی ژنی بێگانە بە زۆر

ڤیان: خۆشەویستی، ئەڤین، ئەوین، دڵداری

فەرتووس: زورهان، پیری پەککەوتە

فەزیحەت: نەنگ، ریسوایی، مایەی ریسوایی

فیزماڵك: خۆ دزینەوە

فیوداڵ موڵکدار، دەرەبەگ

فەڵە: دیان، مەسیحی

## ق:

قالیچە: مافووری بچووك

قرمز: سوور

قەڕاڵ: پاشا

قەڕاڵنشین: پاشانشین، ئیمپراتۆریەت

قورباقە: بۆق

قاوەڵتی: تاشتی، بەرقلیان، نانی بەیانی، تێشت، قاوەتوون

قووچانی: هەڵهات

قشتیلە: بچووکی جوانکیلە

قالۆر: قاوغ

قاپ: قاچ

قاوغ: قەپێلك، قاپۆرە

قوشقی: تووڕە، وەڕەز، سڵ ، رەوەك

قەرقەشە: تەشقەڵە، شەرو ناخۆشی

قۆپی: زەڵكاوی قامیشەڵان

قەڵەمرەو: سنوور و كەوشەنی ژێر دەسەڵاتی كەسێك یان دەوڵەتێك

قوو: باڵندەیەكە لە قاز سپی ترو زلترە

قەلآیی:كانزایەكی سپی نەرمە مسی پێ سپی دەكەنەوە

قژاوڵە: تاق تاقكەرە

قاوش: هۆڵ، شوێنی نووستنی بە كۆمەڵ

قەساس: سزا، تۆڵە

قەرەبەخت: بەخت رەش، بەدبەخت، نەگبەت

قامك: پەنجە، ئەنگوست، پل، كلك

قامبێژ: گۆرانی بێژ

قەساو: قەساب

قەلەزراو: ترسنۆك

قەتاندن: بەسەربردن

قاقڕ:زەوی رووتەن كە گیای لێ نەڕوێ

قومات:بابۆڵەی ساوا تێوە پێچان

قاشوانێ: گۆبازی، قاشوان

قەپاتمە: سۆیتەلی، ژنی بێ مارەیی بۆ رابواردن

قەموور: كووڕ، پشت كۆم، قەمبوور

قەستە سەر: دوژمنی زۆر سەرسەخت، خەتەر

قەبە : گەورە

قۆشەن: لەشكر

قرێر: بڕیار، قەرار

قەوماو: بویەر، رووداو

قاوەتوون: تاشت، تێشت، قاوەڵتی، نانی بەیانی

قیڕات: گەرماپێو

قڕێژە بەرد: خەنە تیلكە،وردە شینایی پێكەوە نووساوی سەر بەردان

قاپووت: پاڵتۆ، ساقۆ، باڵاپۆش

قەواڵە: سەنەد، بەڵگەنامە

قەوغا: زۆر قەرەباڵغ و ئاوەدان

قرێته: قرێده، قلادەی ملی سەگ، ئەڵقەی ملی تاژی

قۆشمه: حەنەکچی، گاڵتەچی

قوڕنه: گۆشه، سووچ، قوژبن، سیله

قەیچی: مقەست

قاودان: دەرکرن، جواوکردن.

قەبرغه: برك، قەبرخه، خالیگه

قووچاندن: راکردن، هەڵاتن. ڕەڤین.

قاقەز قوشی : کۆلاره.

## ك:

کوت ومت: ەقاودەق

کوانگه: کوانوو، ئاگردان

کارمامز: بەچکە ئاسك

کودەڵە: بێچووە بەراز

کوختە: کۆخ، خانووی چکۆلەو خراپ

کوڵکه: موو، توك

کولۆ: کولله

کەچڕەوی: لە ڕێ لادان، تەحریفیەت

کەوەیی: شینکی، شینباو، خۆڵەمێشی

کێوه: بۆ کوێ

کەپەك: سۆس

کۆمەك: یارمەتی، هاریکاری

کلۆر: ناوبەتاڵ

کوریژگه: کوڕی بچووك

کەپوو: لووت، دفن

کەونارا: زۆرکۆن، شوێنەوار

کەسك: سەوز

کۆمیدی: پێکەنیناوی

کامکردن: نەوس تکان

کەزی: پرچ، زڵف

کلاوخود: کلاوی ئاسنینی شەڕڤان

کەرب: رق و کینه

کان: مەعدەن

**کێوستان: کۆسار، کۆجاڕ**

**کۆڵۆنی: موهاجیرنشین، نشیمەن، موستەعمەرە**

**کەمدوو: کەم قسە**

**کۆسار: کۆجاڕ، کێوستان**

**کەوی: ماڵی، دەستەمۆ**

**کەڤر: بەرد**

**کەڤرۆك: بەردەلاٚن**

**کەندەکار: کەسێك کە لە دار نەخش دەکەنێ**

**کێشکچی: پاسەوان، نیگابان**

**کۆ : سڵ، سڵکردنەوە**

**کەپوو : لووت، دفن**

**کارگە : وەرشە**

**کەرپووچ : خشتی سوورەوەکراو**

**کوند: بوەکوێرە، کوندە پەپوو، بایەقوش**

**کەودەن: گەوج**

**کاژستان: بێشەی دارکاژان**

**کرێت: ناشیرین، کاری خراپ**

**کەتواری: ریالیستی، واقیعی**

**کەوشەن : مەرز، سنوور ، ئاقار، تخووب**

**کنوکۆ : چوونە بنج و بناوان ، تۆژینەوە**

**کسۆك: سەگ**

**کەستەك:سندە گڵ، کلۆ قوڕی وشکەوە بوو**

**کۆشیار: چالاك، پڕکۆشش**

**کینەکێش: ڕك هەڵگر، ڕکونی**

**کەت: تەختەخەو**

**کەرەمکە: بفەرموو**

**کەوە رۆژ: رۆژی بێ هەتاو، سپییە ڕۆژ**

**کۆما: کۆمەڵێك**

**کەترەخانە: خانەی پیران**

**کەشم و نەشم: جوانی و نازو عیشوە**

**کۆرفام: گێل، گەمژە، دەبەنگ، گەلحۆ، گەلۆر**

**کەپەنك: فەرەنجی، قاپووتی لباد**

**کلە سووتە: رووپامایی، کلکە لەقێ، ڕیایی و زمانلووسی**

کۆجاڕ: کێوسات، کۆسار

کارەکەر: قەرەواش، خزمەتچی مێوینە، جێری

کەڵگیت: کەرکیت، هەپك ، شانەی پۆ کوتانی تەون.

کەنیزەك: کارەکەر، کەنیز، قەرەواش.

کەوێڵ: کۆخ، کۆختە،خانووی چکۆلەی یەکچاوە. ئەشکەوت.

کوچەماڵ: کەناس

کەڵەموست: قامکی گەورە،کەڵە ئەنگوست، ئەنگوستە گەورە.

## گ:

گۆساخ: چاوقایم، رووقایم

گەدا: پارسەك، سواڵکەر، دەرۆزەکەر

گورزە: باقەی گەورە

گەرەکمە: دەمەوێ ، دەخوازم

گەمە: یاری، وازی، کایە

گەنج: زێرو زیو، ماڵی دنیا

گەردنبەند: ملوانکە

گازکردن: بانگکردن

گۆرین: یارۆ، ناڤبری

گوند: دێ، ئاوایی

گومناو: ناوبزر، نەناسراو

گۆزینگ : قولەپێ

گەلۆز: ناولینگ

گول: گەڕ و گول

گاگۆز: پۆڵکە

گارد: پاسەوانی تایبەت

گۆنگ : ئاڵۆز

گەنگەشە: موناقەشە

گووراو : مەخلووق

گووفەك: زبڵدان، سەرانگوێلك

گازی: بانگکردن

گڕۆز: وڕکن

گڵکۆ: گۆڕ، ئارامگە

گمێز: پێشاو

**گێچەڵ: گەڕ، تەشقەڵە**

**گەمشەك: گەمژە، گەوشەگ، گەمشۆ، شەواك، گێل، دێوانە**

**گاڵدان: هاندان بۆ کاری خراپ**

**گۆڵمەز: زەنا زەنا، هەراو زەنا، دەنگەدەنگ**

**گەوشەك: بڕوانە گەمشەك**

**گەمشۆ: گێل، دێوانە، کەمفام، کاڵفام**

**گەوڕ: پشتیر، ئاغەڵ، تەویلە**

**گۆڵ : سەگی نێر.**

## ل:

**لە کەیفان: لە خۆشیان**

**لە بیلادەوە: لە ئیجادەوە، لە بنەڕەتەوە**

**لیرەوار: دارستان، جەنگەڵ، بێشەڵان**

**لاپرەسەن: فزوڵ، فزوڵی**

**لۆسە: باری**

**لەزگ بوو: خەریك بوو، وەخت بوو، نزیك بوو**

**لێ: بەڵام**

**لێبڕا: بڕیاری دا**

**لۆسە: باریە**

**لاق: قاچ، لنگ**

**لەزکرن: خێراکردن، پەلەکردن**

**لایدە: بێگانە**

**لە هەنبەر: بەرانبەر**

**لێ : بەڵام**

**لەیستۆك : بووکەشووشە، بووکەڵە**

**لەگەز : مەتەڵ ، مەتەڵۆك**

**لەش بەبار: نەخۆش**

**لەگین:ڕەنگە، لەوەیە**

**لەوتاوە : پیس بووە**

**لەز : خێرا ،پەلە**

**لەبڕ : یەکسەری، بەقۆنتەرات**

**لاشەڕ : بێوەی، سەلامەت ، دوورە شەڕ**

**لاکەوە : لاچۆ ، برۆ کەنار**

**له نك: له كن، له جەم، له دەف، لەلا**

**لەگام: چەورە، زگ لەوەڕێن**

**لێژگە: لێژایی، نشێو**

**لێبۆك: لەودە، حەنەكچی، فێڵباز، موهەڕیج**

**لچ: لێوی خوارەوە**

**لوشكە: لوشك، جووتە**

**لاتریسكە: لادان له ڕێگە**

**لات: نەدارو فەقیر، بێنەوا، پەریشانحاڵ**

**لەلە: نۆكەری زارۆك بەخێوكەر**

**لاڤە: پاڕانەوە**

**له عەلەیی: له دژ**

**له یەكبینە: بەردەوام، پەیتاپەیتا، له پەستاو بیّ بڕانەوە**

**لەزێكە: پەله بكە، خێراكە، بلەزە**

**لوقمان: دكتۆر، حەكیم**

**لۆتكە: بەلەم**

## م:

**موغازە: فرۆشگە، دوكان**

**مێریڤان: دلۆڤان، میهرەبان**

**مشوور: تەگبیر، بەخەم كردن**

**مژوول: سەرقاڵ، سەرگەرم**

**ملّ وموش: ملۆمۆ، گەران و بۆنكردنی زەمین بۆ پەیداكردنی خواردن**

**مۆڵ: زۆر، فره، زەحف**

**مژمژە: مەساسە**

**میرغەزەب: جەلاد**

**مەزرا: كێڵگە**

**مقاش: ماشە**

**مەگیرانی: بێزوو**

**مەرزو بۆ: وڵات، نیشتمان**

**مقەوا: كارتۆن**

**مەنهۆڵ: زێراب**

**مەزڵ: قۆناغ، جێی مەبەست**

میرەبان : دلۆڤان ، میهرەبان

ماڵبات: خانەوادە ، بنەماڵە

مدارا :سەبرو حەوسەڵە ، دڵڕاگرتنی دۆست و ئەحباب

مووبەق : ئاشخانە

موغەیری: موغاری، بوغاری، کوانووی نێو دیوار

منجڕ :نەژنەو ،سوور لەسەر شتێك

مسکێن : رەعییەت، بەرحوکمی ئاغا

مەعلان : پسپۆڕ ، لێزان

مخابن: بە داخەوە

مراك : کەوچك ، کەچك

مینا، میناك: وەك، وەکو

مەخفەر: پۆلیسخانە، قەرەوڵخانە

مادونی: مۆڵەت، ئیجازە

مەرگی مفاجا: سەکتەی دڵ

مەحزەر: نووسینگەی مارەو تەڵاقان

مەژی : مێشك

مامۆژن: ئامۆژن، ژن مام

مافور: قالی

مەتەرێز: مەتەرێس، سەنگەر

مامێر: ڕەبەنیتەی بەتەمەن

ماسێر: رەبەنیتەی گەنج

متوو: هۆگر

مرداو: قۆپی

مالیجە: چارەسەر، عیلاج، معالەجە

مەدام: خا، خاتوون، خانم، خات، یا

مجێز: میزاج، مەجاز

مەحتەل: ماتەڵ، دێرکەوتن

ماخۆلیا: ئەسپەك، نەخۆشیەکی مێشکە، گێژوحۆل

مەکتەبلی: قوتابی

مەخسەرە: گەپجاڕ

مۆڕە: خێسە، روانین بە چاوی زەق و توڕەیی

مەچیر: داوەبەن، دەزوو، تاڵ

مێردەك: بۆرە پیاو

مێژەڵۆك: لقی بڕاوەی ڕەز

مەعاف: بەخشراو، ڕەوا

موزیڕ: زیانۆك، زەرەردەر

میانساڵ: ناڤساڵ

مۆزە مۆز: دەورو خولدان بە مەبەست و تەمایەك

مۆرانە: جانەوەری دارخۆر

مەردمازار: ئەزیەتدانی خەڵكی

مشە: زۆر، فرە

مامێز:مامزە.

مامز: ئاسك، كەژاڵ

مەهوەش: وەك مانگ، مانگ ئاسا.

## ن:

نەزاكەت: ئەدەب، سەلاری

نیگابان: پاسەوان

نەیجەزار: قامیشەلاّن

نسیبەت: بەلاّ، موسیبەت

نەترە: ورە

ناچیز: هیچ، زۆر كەم

نەژاد: رەگەز، رەچەڵەك، ئەسڵ

ناحەز: ناشیرین

نێچیرڤان : ڕاوچی

نشیمەن: بارەگا ، شوێنی دانیشتن

نەزاكەت : لوتف و ئەدەب

نك : كن ،لا، جەم ، دەف

ناڤبری : ناوبراو

نەژنەو :نەبیست، منجڕ

نمەد : لباد، نیوداشت: نە كۆن و نەتازە

نها : ئێستا، هەنووكە، نهوو

ناڤساڵ : میانساڵ

نووكە : هەنووكە ، نهو، نها، ئیستا

نەخاسما: بە تایبەتی

نەسرانی: فەڵە، مەسیحی، دیان

ناباب: ناباو، دژەباو، ناپەسند لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە

نۆبەرە: یەکەم منداڵ، یەکەم بەر

نەپەرژان: دەست نەگەییشتن، فریا نەکەوتن، پێڕانەگەییشتن

نێرەوەز: نێرینە، نێر ڕەگەز

نەپرینگانەوە: سڵ نەکردنەوە، کۆنەکردنەوە، سڵ نەکردن

نیونەخت: یەك دەم، یەك سات

نێش: چزوو

نەساغ: نخۆش

نمەك ناسی: ئەمەگداری، وەفاداری

نۆشگا: باڕ، شوێنی خواردنەوە

## و:

وەمێنیٚ:بمێنێتەوە

وەکرد: کردەوە

وەشێرت: شاردەوە

وێنا: تەسەور

وار: هەوار، شوێن، مەڵبەن

واز : کراوە، پێچەوانەی داخراو

وێدەدەم: دەدەمیٚ

وەقف کردن : تەرخان کردن

وەردەوەدان : لە جاریٚ پتر کێڵاٚن

وەردیان : زیندانەوان

وەشانخانە: بڵاوەخانە، دارالنشر

وەشانکار: بڵاوکەرەوە، ناشر

وڕاوە: وڕێنە

ودم:مومبارەکی، پیرزی

وشکەبار:میوەی وشکەوەکراو

وەکوژاندن : تەمراندن، کوژاندنەوە

وێمدە : بمدەیە

واز: ئیشتیاو ئارەزووی خواردن

وەزەن: ئازار

وشترالوك:حوشتر خۆرە، عاگول

وازوازی: دەمدەمی مجێز

وێڵ: ماریفەت

وانێك: یارۆ، هین

وڵە: نەمەییوی تەواو

## هـ:

هانکە هانك: هەناسە برکێ

هەژگ: لکەداری وشکەوە بوو، چڕوچیلکەی ئاوردوو

هەڕوگیڤ: هەرەشەو گورەشە

هەڵدێر: جێگەی زۆر بەرزو قیت لە شاخ و کێودا

هەزاربە هەزار: شاخی زۆر بەرزو عاسی

هەڵزنان: هەڵگەڕان بۆ سەرەوە

هایم: سەرگەردان، وێڵ

هەنبەر: بەرانبەر

هەترەش: زەندەق، زراو

هەنووکە: ئیستا، نها، نهوو

هۆشن: بەهۆش

هەتەر: مەودای حوکمی چاو

هۆڤی: کێوی، وەحشی

هۆدە: ژوور، ئۆتاغ، دیوو

هزرو هزرین : بیرو بیرکردنەوە

هەیڤ : مانگ

هەیڤەشەو: مانگە شەو

هەدا : سەبر ، حەوسەڵە

هەراوزەنا : هەراو هەنگامە

هەڕەمە : تێکەڵ و پێکەڵ، گەنم ودانەوێڵەی تێکەڵکراو، هەڕەت، جەنگە، تاف

هاپۆ : مام

هەڵەشە :لەسەر، بێ ئەقڵ

هەرەت : تاف

هەتوان : مەرهەم ، مەڵحەم

هەڤڕك : ملەکەر، ململانێ، ڕکبەڕکێ

هەڕوو : هەڕە ، بڕۆ

هەنگێ : هەینێ ، ئەوسا

هەشتاو : پەلە ، لەز، خێرا

هاوکوف:دوو کەسی لە یەك ئاستی کۆمەڵایەتی

هاودەستی:هاوبەش لە کەین و بەینان

هەیڤۆك: هەیڤك، مانگیلە، مانگی یەك شەوە

هێورین: حەوانەوە

هاماج: ئۆتمۆسفیر

هەڵاوێردن: جیاکرنەوە

هاتە وەشاندن ، بڵاوکرایەوە

هزرڤان: بیرمەند، زانا

هەنیە: تەوێڵ، ناوچەوان

هەلاکەت: گیانەڵڵا، ئاویلکە، ئاوزینگ، حاڵی مردن

هەڵژیان: ڕاکشان

هاژۆتن: لێخوڕین

هێم: بناخە، بناغە

هاوسونح: هاوساڵ، هاوتەمەن، هاوزا

هاو وازی: هاوگەمە، هاوکایە، هاوبازی

هەوسار: ڕێشمە، دەستە جڵەو

هاوقەتار: هاوکارو پیشە، هاوڕێ، دۆست

هەمێز: ئامێز، باوەش

هزرین: بیرکردنەوە

هەڵەت: زەردو ماهی زۆر سەخت.

هەراشتر: گەورەتر، پێگەییوتر

هەڕە: مشار.

هۆشی: گوڵەوەچنی.

## ی:

یاڵ: تووکی سەر ملی شێرو یەکسم

یەکهاوی: یەکجۆر، یەکدەست، بێگۆڕان

یارۆ : فلأن

یاتاخ : پێخەف ، نوێن

یەختە: خەسێنراو، گون دەرهێنراو

یونیفۆرم: جلکی فەرمی یەکچەشن

یاوەگۆیی: وڕاوە، وڕێنە

**یا: خا، خات، خاتوون، خانم، وشەی ڕێزە بۆ ژنی گەورە.**

**یەغدان: یەخدان، سەنوقی دارینی گەورە.**

**حەمە کەریم عارف**

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایک بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.

• یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) ڕۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.

- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک،نووسەری کوردستان، کەلتوور، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردو وەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە ڕۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.

- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان ڕزگار بوون. هەندێک لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆک، چاپی یەکەم ١٩٧٩

٢- کۆچی سوور، ڕۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧

٣- بەیداخ، چیرۆک، چاپی یەکەم ١٩٨٨

٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆک ،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆک،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان

٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆک، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ

٧- نینا، ڕۆمان، سابت ڕەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥

٨-	نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی
٩-	رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧
١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راە کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.
١١- هاومالەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گولان
١٢ – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦
١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤- دوورە ولات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گولان
١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨
١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەلە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦
١٩- جێ پێ (کۆمەلە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوک
٢٠- زندە خەون، کۆمەلە چیرۆک، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی
٢١- چیرۆکستان ،کۆمەلێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوک
٢٢-دیدارو دەق و رەخنە،چ٢٠٠٥،١
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوک
٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧- مێژووی رەگ و رەچەلەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١
٣١ –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢- چینی کۆن، چ١(      )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر

٣٦- به دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)

٣٧- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.

٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ

٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.

٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)

٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی

٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵائەلبوسێری..

---

٤٣- مندالە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ مندالان.

٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ مندالان، یەلماز گونای

٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ مندالان

٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ منالان)

٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨

٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر

٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەنــد و زنــار (فەرهـــەنگی فارســـی – کـــوردی) حەمـــە کـــەریم عـــارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی

٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.

٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی

٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست

٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان

٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٦- ریالیزم ودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز
٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی
٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦
٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی
٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فوئاد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦
٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦
٧٤- شیعر کوژی..حەمە کەریم عارف، چ١/ ٢٠١٠/کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك، ژمارە(٧٠)
٧٥- دەربارەی رۆمان و چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨
٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك
٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩
٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()
٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤
٨٠- خیانەتی حەلاڵ، حەمە کەریم عارف
٨١-بووکی هەزار زاوا،(جانتا) کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی
٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی
٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی
٨٤-وقفات فی رحاب الپقافە الکوردیە، حەمە کەریم عارف
٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی
٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز
٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس
٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمە جلال زنگابادی
٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین
٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی
٩١-سفرەی فەقیران   حەمە کەریم عارف
٩٢-باڵندەکەی من   رۆمان، فریبا وفی

٩٣- نامەکانی تولستۆی

٩٤- جەمیلە، رۆمان    جەنگیز ئایتماتۆف

٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منالآنی کورد

٩٦- الرحيل الدامي....تقديم وترجمە: جلال زنگابادی

٩٧- کۆڵوانە سوور... کۆچیرۆك بۆ مندالآن

٩٨- ئەو پیاوەی کە سێبەری خۆی فرۆشت ..رۆمان..شامیسۆ

٩٩- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ

١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی

١٠١- دۆزەخی پیرۆز، رۆمان ،برهان شاوی

١٠٢- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / رۆمان / نودار دومبادزە

١٠٣- یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دۆستویفسکی

١٠٤-مێژووی رۆمانی تورکی

١٠٥- دیوار...کۆچیرۆك...............کۆمەڵێك نووسەر

١٠٦- کۆکۆرۆ................ڕومان.........ناتسومی سوسکی

١٠٧- کانییە قارەمان....کۆچیرۆك بۆ مێرمندالآن /حەمەکەریم عارف

١٠٨- ئەودیوی مەرگ............حەمەکەریم عارف/چ١/٢٠٠١/ موکریانی

١٠٩- قاوشی ژمارە شەش/ چیخۆف/ پێشەکی و پاچڤەی: حەمەکەریم عارف

١١٠- گەمژە، ڕۆمان، دوو بەرگ، دۆستۆیفسکی

١١١- دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی...

١١٢- ساڵنمای ژیان و بەرهەمی...

١١٣- تاراس بوڵبا/ ڕۆمان/ گۆگۆل

١١٤- لە زمانی چیرۆکنووسانەوە

١١٥- جیهانی چیرۆك ( کۆمەڵێك دەق ورەخنە)

١١٦- رۆبینسۆن کرۆزۆ/ ڕۆمان/ دانیل دیفۆ

١١٧- هەزار پیشە...........حەمەکەریم عارف

* لە راپەرینەوە تا نهوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی دەکات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بڵاودەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بلاو کردنەوەی هەبن، دەبێ پرس بە نووسەر بکات...